رۆمان

# کەژاوەی بووکێنی شاپەری

رۆمانە ئێرانیەکان

ژیانی چەندین ڕەنگی هەیە، ئەوەی من دیم هەمووی خەم بوو
پشکی من لەناو ئەم ژینە، جودایی دەردو کەسەر بوو
تەنها ڕۆژێك بەهارم دی، بەڵام ئەفسووس تا شەو نەبوو
لەناو کەژاوەی بەختما، هەرچییەکم دی هەموو تەم بوو

ناوی کتێب: کەژاوەی بووکێنی شاپەری

بابەت: ڕۆمان

نووسینی، رویا سینا پور

وەرگێڕانی کامیل محمد قادر

چاپخانە: چوارچرا

ژمارەی دانە: ١٠٠٠ دانە

ساڵی چاپ: ٢٠١٦

نۆبەتی چاپ:چاپی یەکەم

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە (     ) ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

چاك لەيادمە شەوێكی ساردی زستان بوو، سەيری كاتژمێرم نەدەكرد،
چونكە دەمزانی زۆری نەماوە بۆدەمەو بەيان، لورەی گورگی برسی دەهاتە
بەرگوێ، بەئەستەم دەرگاكەم كردەوە هاوارێكی ترسناكم بەر گوێكەوت،
بەپەلە دامخستەوە، هەڵمی پەنجەرە بچوكەكەم بەسەرقۆڵەكەم سڕی بەلام،
لەتاريكيدا هيچم نەدەبينی جگە لەتروسكاييەك نەبێ لەدورەوە
دەبريسكايەوە.

هەناسەی باوكە پيرەكەم سيخەسيخی سەرسينگی هێندەيتر نيگەرانی
دەكردم، دامپۆشی، خۆڵەمێشی مەقەڵييەكم تەكاندو كەمێكيتر خەڵوزم
تێكرد تازياتر گەرمی بێتەوە، نارەتەی بەرازەكان لە بێدەنگی نيوە شەودا
ترسو بيمێكی ئێكجار گەورەيان دەخستە دڵی مرۆڤەوە، جيز..جيز..چەن
ساتێك دواتر جيز..ئەمەش دەنگی دڵۆپەی ئەو جلە تەڕانە بوو بەدەوری
سەماوەرەكەدا هەرجارەو ڕايدەچڵەكاندم و لەئەندێشەيەكی دەردێنام.
باوكم دەينالاند ڕەنگی تێك چوبوو، چومە نزيكی دانيشتم هەركات ئەم
حاڵەتەی بەسەردەهات سەرم لێدەشێوا، يارمەتيمدا تادانيشێت پشتيم بۆ
شێلا.

شاپەری شاپەری... ! شا...پەری.
دەستەكانی زۆر بەتين دەلەرزين، بەدەم لەرزينەوە ئەو ئەنگوستيلە
ئاقيقەی كە تەنها يادگاری دايكم بوو لەپەنجەی دەركێشا. وتی:
-منيش، وەك دايكت لەدەست دەچم، بيگرە، ئەنگوستيلەكەی خستە
نێودەستم، چاوەڕەشە قەترانيەكانی لەژێر ئەبرۆ پڕە پەيوەستەكانييەو

دواین نیگای خۆشەویستی کرد.

پیرەمێرد بۆ هەناسەدان تەقالای بوو دەستی گوشیم ئامۆژگاری کردم.

وردە وردە دڵم پڕ بوو، فرمێسک زایە چاوەکانم: "وا مەڵێ باوکە گیان من لەم دنیایەدا جگە لەتۆ کەس شك نابەم.

لەحاڵێکدا کۆکین‌و هەناسەکانی توندتر دەبون، ڕیش‌و سمێڵە سپییەکەی دەشەکاندەوە:

-ئەرێ بابە.شك دەبەیت بۆ شك نابەیت، خاڵێکی بێ غیرەت کەدایکت بەداخی ئەو سەری نایەوە، پاشان دەستێکی لاواندنەوەی بەسەرمدا هێناو نیشانیدا زیاتر سەرم بەرمە پێش.

سەرمنا بەسینەیەوە گوێم لەترپەی دڵی بوو، چاوم بڕییە دەمارە هەڵاوساوەکانی ئەودەستانەی بەمووی ڕەش داپۆشرابون هەمان ئەو دەستانەی چەندین ساڵ بەگەرماو سەرما باخەوانییان پێکرا بوو بەئاواتی تیکە نانێك بۆ ماڵ‌و منداڵ، دەستانێکی ستەمدیدەو زەحمەتکێش بۆئەرباب چەندین دارو درەخت‌و میوەو گیاو گوڵی پەروەردە کردبوو، بۆنی خاك بۆنی پەڕەی گوڵی وشك بوو وبۆنی زەحمەت‌و نانی حەڵاڵی لێدەهات.

شاپەری گیان، کەوچکێکی تر لەودەرمانەی کە پزیشکە بالابەرزەکە بۆی نوسیم بکە بەدەممەوە تەنها ئەوە دەرمانی دەردمە، دەرمانەکانی دکتۆرە هیندییەکە هیچ سودێکی نەبوو خودا دایك‌و باوکی ئەو دکتۆرە بالا بەرزە.... ناوی چی بوو؟

دکتۆر رامش، باوکە، شەهرامی رامش.

دەك خێری بنوسێت. گەر ئەو نەبوایە خەڵکی ئەم ئاواییە بێچارە دەبون.

ڕاستی دەکرد خەڵکی ناوچەکە تەنها ئومێدیان دکتۆر رامش بوو، ئەو شەوە دووبارە حاڵی باوکم خراپ بوویەوە.

باوکم پێداگری دەکرد بیگەیەنە دەرمانگا، ئێمە لەیەکێك لەئاواییەکانی

"گچسر"دا دەژیاین، دەرمانگا نزیکەی پێنج کیلۆ مەترێك لێمانەوە دووربوو، دڵنیابووم زۆر بەزەحمەت ئەتوانم بیگەیەنمە ئەوێ، بەڵام، بێ دڵییم نەکرد چاکەتێکی ئەستورم کردە بەرێو کڵاوەکەیم کردە سەری و جوتێ گۆرەوی خوریم بۆ هەڵکێشا، خۆیشم پاڵتۆیەکی کۆنەی تەسکم لەبەر کرد، شاڵێکی درێژی دایکم لەسەرو ملم پێچاو چومەژێر باڵی باوکم، لەماڵ هاتینە دەر، بەفر کرێوەی دەکرد، بایەکی هێند بەتینی هەبوو جارجار ڕێگەکەمان لێدەگۆڕا، زریان بوو زریانێکی بەتین زۆربەسەختی دەمانتوانی ڕوبەڕوی ببینەوە، هیچ شوێن پێیەك جگە لەشوێن پێی منو باوکم لەو بەفرەدا دەرنەدەکەوت، بەتولە ڕێی تەنگو تاریکدا هەرچۆنێك بوو خۆمان گەیاندە سەر شەقامەکە، تەنها تیشکی گڵۆپەکانی ئوتێل "گچسر"دەبینران، کەمێك لەترسەکەم ڕەوییەوە، لەدووری چەندسەد مەترێکەوە چاوم بەجادەیەك کەوت بەڵام، تروسکایی هیچ ئۆتۆمبیلێکم نەبینی، باوکم زۆر دەلەرزی، دەستێکی بەگۆچانەکەیی و دەستەکەی تری ئاڵاندبوویە ملی من، چەند خولەکێکی پێچوو، گوێم لەدەنگی تایەی ئۆتۆمبیلێك بوو، کەمێك خۆم لەژێر باڵی باوکم دەرکرد خۆم ئامادەی سوار بون کرد، دەنگەکە تادەهات نزیکتر دەبوو، تا پێمان گەشت، بارهەڵگرێك بەتەکماندا تێپەڕیو هەرچی قوڕو لیتەی سەر جادەکە بوو کردی بەسەرو چاوماندا، هاوارم کرد:

ڕاوەستە... تکایە بمانگەیەنە تا "نسا" هێواشی کردەوە، ویستم بەدوو هەنگاو خۆمی پێبگەیەنم بەڵام، نامەردە دیسان پێی لەگاز توند کردەوە پاشەو پاش گەڕامەوە.

تەنیا هەڵمی دەممان هۆی گەرمکردنەوەی دەستو پەنجەمان بوو، دووبارە دەنگی ئۆتۆمبیلێکی دیکە هاتەوە، ئاراستەکەی پێچەوانەی ئاراستەی ڕێگەی "نسا" بوو، ئوتوبووسێك بوو بەرەو "گردنە" دەچو گڵۆپەکانی ناوی ڕۆشن بون، بۆ ساتێك تێڕامان لەکەژاوە ڕەنگاو ڕەنگەکانی چێژێکم بینیو هەستم بەگەرماکەی ناوی کرد، بریا بەرەو ئەوێ دەچوین

کابرا بەزۆریش هیچی وەرنەگرت، داوای دوعای خێری کرد، هەرکە دەسکی دەرگاکەم گرت بیکەمەوە شوفێرەکە وتی:

— خوشکم ئەم ڕێگەیە مەترسیدارە بەتایبەت ئەمشەویش وریای خۆتان بن.

سات لەدوای سات بەفر قایمتر دەباری، کرێوەی دەکرد، گڵۆپەکانی دەرمانگا ڕۆشن بون، بەرەو ئەوێ ملی ڕێمان گرت، دەنگی سەگی پاسەوانەکان نزیکتر دەبوویەوە، گەیشتین، بەهێواشی دەرگام کردەوە، هاڵاوێکی گەرم بەڕومدا هات دووبارە خەوم دەهات، باوکم چەن جارێك گۆچانو پێڵاوەکانی کێشا بەپلیکانەکاندا تا بەفرەکەی لێبێتەوە، تەنها دەنگی پێی ئێمە لەو هۆڵەدا دەهات، باوکم دەنگی هەڵبڕی:

— چییە ئەڵێی بەخێرێ کەس لێرە نییە؟

هیچ وەڵامێك نەبوو، ئەمجارەیان من دەنگم هەڵبڕی:

— خانم رامش..! خانم رامش..! ئاغای رامش! ئەوم بەچاکی دەناسی مێردەکەی بەڕێوەبەری دەرمانگاو دکتۆر رامش برای خانم رامش بوو.

— باوکت چیەتی شاپەری گیان، چۆن بەم سەرمایە گەشتونەتە ئێرە؟!

لەجێی خۆم هەستام کەمێك چومە پێش، خانم لەودیو مێزەکەوە دانیشتبوو، دەفتەرەکەی کردەوە، دەستم بەجۆرێك دەلەرزی بەئاسانی دەبینرا.

—ببوورن بێدارم کردنەوە، باوکم نەیدەتوانی تابەیانی خۆی بگرێت، قسەکانی پێبڕیم....

— ئەم دەرمانگایە شەوانەڕۆژییە چاوەکەم پێویست بەپۆزش هێنانەوە ناکات، دوێنێ شەویش شەهرام هەواڵی باوکتی لە من پرسی...!

سەرم داخست ئەمزانی مەبەستی لەم قسەیە چییە.

—سەر هەڵبڕە بزانم قسەکەم خراپ بوو؟

پاشان دەنگی نزم کردەوە، بەئەستەم گوێم لەقسەکانی بوو، بەردەوام

بوو:

-دکتور شەهرام هەمیشە هەواڵی خۆت و باوکت ئەپرسێت، تۆ دەبێت ئەمە لەمن باشتر بزانیت...!

تەماشایەکی خانم رامشم کردو وتم:

- توخوا کەمێك هێواشتر بدوێ، حەزناکەم........ئاوڕێکم دایەوە تەماشایەکی باوکمم کرد، پاشان خاترجەم بووم باوکم گوێی لەهیچ نەبووە.

خانم رامش عادەتی وابوو کاتی سەرسوڕمان بڕۆیەکی زیاتر هەڵدەبڕی لێوی گرژ دەکرد.

- نا..نا.. گوێی لەهیچ نەبوو، بۆچی تۆ لە دکتۆر باشترت دەست دەکەوێ...؟ هەڵبەت گومانی تیا نیە تۆ کچێکی لەهیچ جوانییەك کەمت نیە، بەڵام، براکەی منیش هیچی لەتۆ کەمتر نییە.

زۆر گوێم بەقسەکانی نەدا وتم:

- کەی دکتۆر دێتەوە..؟

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم وتی:

- تۆ چی ئەکەیت وا ڕۆژ بەڕۆژ جوانتر ئەبیت..؟

دووبارە سەرم داخستەوە... ئیتر دەقم گرتبوو بەوقسانەوە، بەسەر مێزەکەدا خۆی چەماندەوە، دەستێکی خستە ژێر چەناگەم و دەیویست سەرم هەڵبڕێت و وتی:

- چاوەکانت وەکو چاوی ئاسکن، لێوەکانت شەرابی، خەرمانی قژە زێڕینەکەت هەموو کەسێك ئەخاتە بیری ئاوریشم، من نازانم تۆ چۆن ئەم قژەت درێژ دەکەیت. شاپەری.. هەستە با قژت بپێوم بزانم چەندی تر درێژ بووە، خەندەیەکی کاڵم بۆکردو بەوەڕس بونێکەوە وتم:

- توخوا دەرزییەکەی مەکەرەوە تاقەتی بەستنەوەیم نییە.

-من هەمیشە حەزم لەمجۆرە هۆندنەوەی قژی تۆیە، پاشان لەودیو مێزەکەوە هاتە ئەمدیو دەستی خستە سەرشانم، وتی وەرگەڕێ،

وەرگەڕام بەودیودا، لەژێر لەچکەکەمەوە دەستی برد دەرزیەکەی کردەوەو قژی بەردامەوە لەسەر کڵاوەی ئەژنۆمەوە هەستم بەدەستی خانم کرد، ڕێك ئەو شوێنە کۆتایی قژم بوو، وەی.. وەی، خوایە گیان دو سانتیم درێژتر بووە، شاپەڕی ڕاست بڕۆ قژت نەبڕیوە؟

پێکەنیم وتم:

– نا.. بابە، بۆ لەترسی باوکم ئەوێرم؟

قاقا پێکەنی وتی:

– یان لەترسی من... یان لەبەر خاتری......دەمزانی کۆتایی پستەکەی چی دەبیستم، بەناڕەزاییەوە پەڕیمە نێو قسەکانی وتم:

– خانم رامش؟

هەردو دەستی کردە ژێر قژم زیاتر پەخشی کردەوە پاشان وتی:

– گیانەکەم، هەڵگەڕامەوە قژم لەمل و گەردنمەوە ئاڵاندەوە، کاتێ هەڵگەڕانەوەکەم لەپڕ چاوم بەدکتۆر شەهرام کەوت و لەجێی خۆم وشك بووم، بەپەلە قژە ئاڵۆزکاوەکەمم کۆکردەوە، بەڵام، نیوەی هێشتا هەر بەدەرەوە بوو، تەنانەت دەنگی کۆکینەکەی باوکم نەیتوانی ئاڕاستە سەیرکردنەکەی پێ بگۆڕێ، بۆ ساتێك چاومان لەچاوی یەکتر بڕی، دڵم زۆر بەپەلە لێیدەدا، بریا توانیبام سینەم دوتوێ کردباو ئەو دڵە نەفریناویەی کەخۆی دۆڕاندبوو دەرکردبایەو لەژێر پێم بنایە، هەرچیم کرد نەمتوانی ئەوچاوە تێڕاماوە بگوێزمەوە، نەمتوانی بەسەر لەرزینی ئەژنۆکانمدا زاڵبم، نەمتوانی ڕەنگی ڕوخسارم وەك یەکەمجار لێبکەمەوە، سوور هەڵگەڕام نەك لەشەرمەزاری ئەوەی ئەوم دیتوە بەڵکو لەوەی خۆمم لەدەستداوە، دەمێ دەلەرزیم دەمێ سست دەبووم، ئەمەش تەنیا دەردی بێدەرمانی عاشق بونی عەشقی شەهرام بوو، عاشقتری دەکردم، عەشقی ئەو بوو منی کێش کردبوویە ئەو شوێنە، عەشقی ئەوبوو سات و چرکەکانی بۆ من بێ مانا کرد بوو، پەیوەندی دڵی ئەو بە دڵە بێچارەکەی من هەستەکانی لەژێر ڕکێفی

گەڕانەوەی بوکێنی شاپەری

مێشکم دەرکردبوو، شەهرام لەمن زیاتر عاشقترو شەیدا تر بوو، ئەمەش هەموو دەیانزانی جگە لە باوکم هەرکات پێم دەنایە ئەو دەرمانگەیە خوشکەکەی نامەیەکی ئەدامێ، هەرجارەو دیارییەکم پێدەگەیشت، هەرجارەو خوشکەکەی‌و مێردی خوشکەکەی داوایان دەکرد بێنە خوازبێنیم، بەڵام، مەگەر شەهرام، خوشکەکەی‌و تەنانەت مێردی خوشکەکەی ئاگایان لەدڵی من بوو؟

چۆن دەمتوانی ناونیشانی کەلاوەیەکی بێ ڕۆزەن‌و بێدەرو وێران بدەمە دکتۆرو بنەماڵەکەی؟ چۆن بتوانم غروری خۆم وردو خاش بکەم؟ ئەو وێنە خێزانیانەی خانم رامش نیشانی دابووم، ئەو ماڵو حاڵو کۆشکو تەلارە لەکوێ؟ کەلاوە کۆنەکەی ئێمە لەکوێ...؟!

دکتۆر شەهرام بەلامدا تێپەڕی چوە ژوورەکەی خۆی، کەبەلامدا تێپەڕی بۆنێکی هێندە خۆشی لێدەهات مردوی بەهۆش دەهێنایەوە، جۆرێك نیگای کردم، گرێکی بەتینی بەردایە هەموو گیانم، تیری نیگای عەشقی ڕێك‌و ڕاست ئامانجی خۆی پێکا...!

منیش بەنیگایەك وەڵامێکم دایەوە. نەمدەتوانی خۆم بەپێوە بگرم، وەك بڵێی هیچ ئێسکێك لەجەستەمدا نییە، خۆمم وەك باڵندەیەکی تیژباڵ دەهاتە بەرچاو، ڕۆح لەجەستەمدا جێی نەدەبوویەوە، بەهێواشی چومە ژێر باڵی باوکمەوە، تازە بێدار بووبووەوە وتی:

– شاپەری، ڕۆژ بۆتەوە؟

تەماشایەکی پەنجەرەکەم کرد، تازە سپێدەی دابوو، خانم بەخزمەتگوزارەکەی وت:

– برۆ نانی گەرم‌و هەنگوین‌و شیر بکڕە، بۆ نیوەڕۆش تاس کەبابی سازبکە.

لەدەرگامدا، فەرمووی لێکردین لەبەرمان هەستاو دەستی باوکمی گرت، بەخێرهاتنێکی گەرم‌و گوڕ، پیرەمێرد نەیدەزانی ئەم هەواڵپرسینە گەرمە

لەبەر چییە؟

چاودێری‌و پشکنینکردنی باوکم نیوکاتژمێری خایاند، پاشان ئۆکسجینی بۆ داناو خۆیشی چوو دەرمانەکانی بۆ هێنا، کەمێك پارەم لەکیفەکەم دەرهێناو لەسەر مێزەکە بۆم دانا، کاتێ دەرمانەکانی دایە دەستم، وتی من دەرمانم بۆ باوکی خۆم هێناوە شاپەری خان هیچ منەتێکی نییە، بەڵکو بەئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم، دووبارە شەهرام دەستی کردەوە بەقسەکردن‌و خێرایی‌و تەپەتەپی دڵی منیش دەستی پێکردەوە، ئەو پارەیەی لەسەر مێزەکە دامنابوو گەڕاندیە دواوە وتی:

—تۆیش پێویستت بەپشکنین هەیە، کاتێ لەتەماشاکردنەکەی وردبوومەوە، سەرنجی لەرزینی دەستەکانی خۆممدا، بەخۆمم وت منیش پێویستم بەپشکنینە بەڵام، نەك پشکنینی جەستەیی تا ڕۆحم ئۆقرە بگرێت، ڕۆحێکی سەرگەردان هەرچی هەوڵمدەدا نەمدەتوانی لەجەستەمدا دایسرەوێنم‌و لەهەرکوێ دەبووم دەفڕی‌و خۆی دەگەیاندەوە شەهرام، لەڕوئیاکانمدا لەگەڵیدا بووم، لەخەونەکانمدا هەروەها، لەبیرو زەینمدا هەروەها، بەکورتی چرکەساتەکانیشم بەیادی ئەو بەسەردەبرد. پاشان ئۆکسجینیان هێناو بۆ باوکمیان دانا، چەند دەرزییەکی هێورکەرەوەیان بۆ کرد، سات لەدوای سات حاڵی باشتر دەبوو.

کاتژمێر نۆی بەیانی باوکم هەستایە سەرپێ‌و یارمەتیمدا خۆی کۆبکاتەوە، پێڵاوەکانم کردە پێی‌و شەهرام لەدواوە بانگی کردم: "شاپەری؟"

هەرچۆن کەدانیشتبووم لایەکم کرد بەلایەوە:

"بەڵێ جەنابی دکتۆر!"

—دەکرێت ساتێك بێیتە ژوورەکەم؟

باوکم لەبەردەرگای ژووری دەرزی لێدانەکە بەجێ هێشت بەدوای شەهرامدا چووم.

نەبێ چ کارێکی پێم بێت! ئاخۆ بڵێت چی؟ دڵم خەریک بوو دەرئەهات.

شەهرام دەرگاکەی داخستو لەسەر کورسیەکەی دانیشتو پێنوسەکەی گرتە دەست، نەمدەزانی چی دەنوسێت، دوورنییە نامەیەک بێت بۆ من. بەڵام، نا... کاغەزەکەی واژۆ کردو بۆی ڕاگرتم.

–مەخابن ئەم هەواڵەت ئەدەمێ بەڵام،....... نیگەرانی سەراپای تەنیم

چاوەکانم زەق بون وتم:

– بەڵام، چی جەنابی دکتۆر...؟

سەرێکی ڕاوەشاندو وتی:

– دەبێت باوکت بەریتە تاران، ئەدرەسی ئەو نەخۆشخانەیەم لەو کاغەزەدا بۆ نوسیویت.

– تاران؟

هێشتا هەردەستی ڕاگرتبوو، کاغەزەکەم وەرگرتو خوێندمەوە، بەخەتێکی ئینگلیزی نوسیبووی نەمدەتوانی بیخوێنمەوە بەڵام، کە مۆرو واژۆکەیم بینی لەخواری کاغەزەکەوە دەمزانی نامەی کەسێکی ناودارم پێیە.

– دەبێت باوکت لەنەخۆشخانە بخرێتە ژێر چاودێری، شاپەری.

کاتێ وتی شاپەری، نەمتوانی بەسەرخۆمدا زاڵبم، هێندە ئاوازەکەی نەرمو نیان بوو حەزمنەدەکرد کۆتایی بەڕستەکەی بێنێت. وتی:

– باوکت پێویستی بەنەشتەرگەری دڵ هەیە، ئەم دەرمانانە تەنها بۆماوەیەک تەسکینی ئەدات، زۆریش بەداخەوەم شاپەری، چیتر هیچم لەدەست نایەت بۆی بکەم، هەڵبەت با ئەوە لەباوکت شاراوە بێت تا کاتێ کە.... بەسەرسوڕمانەوە وتم:

– تاکو کەی جەنابی دکتۆر.؟ وەک بڵێی لەقسەکەی پەشیمان بوو بێتەوە سەری داخستو خۆی خەریککرد بەنوسینەکەیەوە، لەحاڵێکدا یاری بەپیتەکانی نووسینەکە دەکردو وتی:

کەزاوی بۆنیی تایەری

– لەتاران ئاشنایەك یا خزمێك..... دووبارە قسەکانی بەوەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکە، کە دەمێك بوو لێی دەدا بڕیو سەرگەرمی قسەکردن بوو.

ویستم بێمەدەر وتی:

– ڕاوەستە شاپەری..... ببوورە لێت بچڕام، قسەکانی وەك تیرێك بون لەدڵم ئەچەقی، وەستام نەمتوانی تەماشای بکەم.. وتم:

– بەسەرچاو جەنابی دکتۆر. چاوەڕێم کرد تا تەلەفۆنەکەی داخست، هەرکە گوێم لەداخستنەوەی تەلەفونەکە بوو گەڕامەوە وتم:

– دوای نەشتەرگەرییەکە باوکم حاڵی باش دەبێت؟

– هیوادارم، بەڕاستی هیوادارم باوکت بەرەو چاکبونەوە بچێت، هەستم کردوە چەندە باوکت خۆشدەوێت، شاپەری، هەر بۆیە پێم خۆشە ڕوگری وەلا بنێیتو هەرگرفتێك کە.......

– هیچ گرفتێکم نییە جەنابی دکتۆر، ئەمەم وتو بەڕێکەوتم.

– بووەستە شاپەری، بووەستە...؟

حەزمدەکرد دەسبەجێ بووەستم بەڵام، لەتاو قوڵپی گەروم نەمتوانی، حەزمنەدەکرد فرمێسك لە چاومدا ببینێت، دووبارەو چەندبارە بانگی کردمەوە، بەرەو هۆڵەکە ڕۆشتم دوور لەباوکم تەنانەت شەهرامیش، دانیشتمو چەند تنۆکە فرمێسکێکم بەبێدەنگی تکاند، ئەوەندە دڵم پڕ لەدەردی ڕۆژگار بوو، ئەگەر کەس چاوی لێم نەبووایە هاوارم دەکردو چەندین سات بەدەنگی بەرز دەگریام، باوکم دەبوو بەزوترین کات بچێتە ژوری نەشتەرگەری هیچ پولو پارەیەکم نییە، ئەوەی لەهەگبەکەمدا بوو تەنها هەر غرور و غرور.

لەپڕ هەستم بەدەستێك کرد لەسەر شانم، دەستی خانم رامش بوو، خێرا فرمێسکەکانم سڕیو سەرێکم هەڵبڕی، زەردەخەنەیەکی میهرەبانیو چاوەگەشەکانی کە هەرجارێك دەمبینی دەیخستمەوە بیری شەهرام، دووباره برۆیەکی هەڵبڕییەوە وتی:

– حەیف بۆ ئەو چاوانەت فرمێسکیان پێدەڕێژێت، نازانم دکتۆر چی وت بەوجۆرە پەرێشانی کردویت؟ هەرچەند دڵنیام لەوەی شەهرام دڵی نایەت فرمێسک لەم چاوانە بێنێتە دەر، ئەو شەیدای ئەم چاوانەی تۆیە، هەزاران جارم لێم بیستوە وتویەتی ئاواتەخوازم بەیانییەك لەخەو هەستم و ئەم چاوانە بەنوقاوی ببینم، پاشان خاوەنەکەی هەستێنم کاتێ چاوەکان کرانەوە تەنها لەچاوی من بڕوانێت.

دەنگی پێکەنینی خانم بەدیتنی ئەو نەخۆشەی هاتە ژوورەوە نەرمتر و پاشان بوو بە خەندەیەك کە خۆی بەخۆی لێوەکانی منیشی هێنایە گۆ...

–بەڵێ، بەمشێوەیە جوانترە ئەزیزم ئەم لێوانە هەمیشە دەبێت پێبکەنن، خوا ئەم هەموو جوانیو قەشەنگییەی پێ بەخشیویت ئەم فرمێسکانە ئەوە دەگەیەنن کفری نیعمەت ئەکەیت، نەك وابزانی لەبەر ئەوەی ئەبیتە بووکمان ئەم قسانە ئەکەم، نا... وەکو هاوڕێیەك ئەم قسەیەم لێوەرگرە، قەدری ئەم هەموو جوانییەت بزانە.

بەزۆری خانم دەستو دەموچاوم شۆرد، هەرکە لەدەست شۆرەکە گەڕامەوە شەهرامم بینی لای باوکمدا وستابوو، سەرگەرمی گفتوگۆکردن بوو لەدەست ڕاوەشاندنەکەی باوکم تێگەیشتم لەم ساتەدا باوکم چ وەڵامێك ئەداتەوە، وەڵامی چ پرسیارێك..؟

زۆر لێکردنی خانم بۆ بەرچایی کردن زیاتر هەستی بریندار کردم بەڵام، قبوڵم کرد، تەنها لەبەر ئەوەی ساتێ زیاتر شەهرام ببینم، چوینە نهۆمی دووەم، ڕێڕەوێكو دوو هۆدەی بچوك، بەرچایی ئامادەکرا بوو، شەرمم دەکرد، پێڵاوەکانم داکەنم سەرپێی گۆرەوییەکانم پینەکردبوو، بەهیچ جۆرێك حەزمنەدەکرد شەهرام بەم حاڵەوە بمبینێت، دووبارەپێداگریم لەسەر ڕۆیشتن کردەوە بەڵام، بێسود بوو لەبەرامبەر خولکی گەرمی خانمدا ملکەچ بووم.

هەرچۆنێك بوو خۆمم ڕازیکرد پێڵاوەکانم داکەنم، هەرکە شەهرام چاوی

لەبەر ئەوە بێت ماوەیەك دەسگیرانی شەهرام بووە، تا ئەو ساتە هەرگیز
لەخانم رامشم نەپرسیبوو بۆچی دەسگیرانییەکەیان شکستی هێناوە، بەڵام،
ئەو ڕۆژە کەدەمێك بوو مێشکی ئازار دەدام پرسیم:
– بۆچی دەسگیرانی شەهرامو سوزان شکستی خوارد؟ لەکاتێکدا گوێم
هەڵخستبوو بۆ بیستنی وەڵام بەدیقەتەوە چاووم بڕیبوویە ڕوخساری
سوزان، قژێکی ڕەشی کورت، جوتێ چاوی مەست، لێوەکانی قەیتانی،
لوتێکی نەقاشی، هیچ لەکەیەك بەڕوخسارییەوە دیار نەبوو، گرێکوێرەیەك
لەزەینمدا سەری هەڵدا، کچێکی قەشەنگ، خوێندکاری کولێژی پزیشکیو
خاوەنی بنەماڵەیەکی ناودارو بەدەسەڵات کە.........
– شاپەری گیان، ئەزانی تا ئەمڕۆ خۆت نەتویستووە ڕاستیەکەی
بزانیت، سۆزان لەهیچی کەم نەبوو تەنها....... وچانێکی گرتو چاوی
بڕیبوویە پنتێکی مێزەکەی بەردەمیو وتی:
– بەر لەشەهرام، سۆزان مارەبڕی ئامۆزایەکی خۆی بوو.
– باشە خۆ ئەوە شتێکی ئەوتۆ نییە.
– ئامۆزاکەی بەردەوام کێشەی دروست ئەکرد، تاوای لێهات شەهرام لەو
کارە سارد بوویەوە. بەهاتنە ژوورەوەی شەهرام خانم سرتەی لەخۆی بڕی،
بەپەلە وێنەکانی کۆکردەوە. شەهرام بەرامبەرم دانیشتو وتی:
– تەماشای وێنەکانی سوزانت کرد؟ حەتمەن گەلێك پرسیار لەمێشکتدا
کەڵەکە بون یەکێك لەو پرسیارانەش ئەبێ ئەمە بێت، بۆچی شەهرام
زەماوەندی لەگەڵ سوزاندا نەکرد؟
پاشان ڕویکردە خوشکەکەی وتی:
– حەتمەن تۆ وتوتە لەبەر هامشۆ کردنی ئامۆزاکەی بووە؟ نا..
شاپەری خان، ڕاستیەکەی ئەمە بوو من نەمدەتوانی لەگەڵ کچێکدا
هەڵبکەم کەدڵی پێشتر لەجێیەکی تر بوو، من دەمویست هاوسەری ئایندەم
تەنها بیر لەمن بکاتەوە، دەمویست چاوی لەئاست چاوی مندا هەڵبێنێ.

بەڵام ئەم بیرۆکەیە بەلای منەوە بیرۆکەیەکی سەیر نییە، هەندێجار مرۆڤ لەهەلو مەرجێکی تایبەتیدا ناچار بەهاوسەرگیری دەبێت، هەندێجار گێل دەبێتو هەندێجاری تریش دەکەوێتە هەڵەوە دوایی بەهەڵەکانی خۆی دەزانێ، گەر بڕیار بێت هەموو تەرزی بیرکردنەوەکان وەك بیرکردنەوەی تۆ بن، دەبوو ئەو کەسانەی دەبنە دەسگیران یان هاوسەرگیری دەکەن خۆیان بۆ فەنا بون ئامادە بکەن، شەهرام پیاڵەیەك چای لەسەر سینیەکە هەڵگرتو وتی:

– لەوانەشە تۆ لەسەر هەق بیت بەڵام، من دیدی تایبەتی خۆمم هەیە بیرو بڕوای خۆم بەلامەوە پیرۆزە. هەڵبەت دیدی تۆیش بەلای هەموومانەوە شایستەی ڕێزە. دەنگی کۆکینی باوکم کۆتایی بەمشتو مڕەکەی نێوانمان هێنا، هەردوکمان پێکەوە هەستاینو چوینە ژوور سەری، شەهرام لێدانی دڵی بۆ گرتو سەرێکی بەهێمای داخ ڕاوەشاندو:

– دەبێت بەزوترین کات ببرێتە تاران، باوکم دەستێکی بەرەو من ڕاکێشاو وتی:

– شاپەری، دەستم بگرە، باهەستم دەبێت بگەڕێینەوەبۆ "گچسر" خانم رامش لەدوامەوە وەستا بوو، دەستی خستە سەر شانمو وتی:

– ئەمڕۆ میوانی ئێمە دەبن، دوای نێوەڕۆ شەهرام خۆی دەتانباتەوە بۆ "گچسر" نازانم چی بوو لەپڕ وتم:

– نا... خوشكو برا پێکەوە تەماشایان کردم، شەهرام بەسەرسوڕمانێکەوە وتی:

– بۆچی؟ نەمدەزانی چ وەڵامێك بدەمەوە بڵێم چی؟ بموتایە نامەوێ کەلاوە کۆنەکەمان ببینیت؟ یان بموتایە هیچ کەلوپەلێکی پێشوازییمان نییە؟ شەرمەزاری چی دەیگرتم پێخەفو کورسی، یان لەو بەرەکۆنە، یان لەو تەنافەی لەقوژبنێکدا ڕایەڵم کردبوو؟ بەپێداگری هەردووکیان هەرچەن نابەدڵ بووم بەڵام سەرەنجام ملکەچ بووم، هەرساتێك لەبیری پلانێکدا

بووم، بیرم لەوە کردەوە لەبەردەم دەرگای ئوتێل "گچسر"دادەبەزین و پاشان دەڵێم ماڵی ئێمە ڕێگەی ئۆتۆمبیلی نییە، جارێکی تر بازاڕی "نسا"م دەکردە بیانوو دموت پێویستمان بەهەندێ کەلوپەلە دەبێت ئەوانە بکڕم ئەوسا بڕۆینەوە.

بانگی نیوەڕۆیدا، کاتی نانخواردن هات، سفرەو خوانێك ڕازا بوویەوە دەتوت خوانی بەهەشتە، خانم قاپێکی بۆ تێکردم، بەڵام باوکم بەقاپەکەیەوە لەسەر کورسیەکە هەستاو بەکۆکینێکی بەتینەوە وتی:

– من لەسەر زەوی نەبێ تێر ناخۆم، پاشان بزەیەکی کردو وتی:

– چیبکەم فێری نانخواردنی سەر مێز نەبووم...!

لەشەرمەزاریدا بووم بەتنۆکێ ئاو، چووم بەناخی زەویدا بەڵام بۆگیانم دەرنەچوو، دیارە لەبەدبەختی خۆم بوو، ڕەنگێکم هێناو ڕەنگێکم برد، سور هەڵگەڕام، زەردبووم، سەیرێکی شەهرام و خوشکەکەیم کرد، بێدەنگییەك باڵی کێشا، هۆکارەکەی سەرسوڕمان بوو، بەڵام باوکم سەیری هیچ لایەکی نەکرد لەگۆشەیك دانیشت و خەریکی نانخواردن بوو، شەهرام کەسەرنجی لای ئەو حاڵەتەی من بوو بێدەنگیەکەی شکاند بەخەندەیەکی دەسکردو وتی:

– خواردنەکە سارد بوویەوە شاپەری خان بفەرمون. کەوچکی یەکەمم بەزۆر برد بۆ دەمم لەژێرەوە سەیرێکی باوکم کرد، نەکەوچك، نەچنگاڵی پێ بوو پارووەکانی بەدەست دەکردو دەیبرد بۆ دەمی، مڵچەی دەمی، هەڵقوڕاندنی دۆکەی.... ئەمانە هەموویان ئازاریان ئەدام، تێکشکام دەنگی تێکشکانم تەنها هەرخۆم دەمبیست. ساتێك باوکی شەهرامم بەباوکی خۆم بەراورد کرد، ئەو چاکەت و پانتۆڵ و بۆینباخ و پسپۆڕی زانکۆیەك بوو، باوکی منیش شەقارەکانی دەستی هەر شەقارێکی ناڵەی زەحمەتێکی دەکرد، سەیرمکرد چەن بەکەساسی پاروەکانی دەکرد، ڕوخسارە داماوەکەی گەرو پڕکردم لە گریان، لە دوڕییانەیەکدا تیا مابووم، لەلایەك

غروورم ناچاری دەکردم لەشەرمەزاریدا نوکی پەنجەکانی قاچم لەزەوی بچەقێنم لەلایەکی تریش دڵم بۆ ئەو پیرەمێردە ئەسوتا کە هەژدەساڵی پەروەردەو گەورە بونم خۆی بەقەرزاری زەحمەتکێشانی ئەو دەزانی.

— بۆ ناخۆیت شاپەری، بۆ واقت وڕماوە، دۆ ئەخۆیت بۆت تێکەم؟

تەنانەت نەمدەتوانی سەر هەڵبڕم دەترسام فرمێسکەکانم بتکێت، لێوی خۆم کرۆشت زاڵبووم بەسەر خۆمدا:

— ئەخۆم شەرم ناکەم، نەمدەزانی لەوە زیاتر چی بڵێم، تەواوی هەستو نەستم لای باوکم بوو، ئاگری تێبەردابووم، لەتاوا نەفرەتم لەناخی خۆم دەکرد، بەڵام چی بکەم عاشقی شەهرام بووم حەزمدەکرد هەر لەگەڵ ئەم خێزانەدابم.

نەمزانی چیم خواردووە؛ چێشتەکە سارد بوویەوە، سفرەکە کۆکرایەوە، شەهرام ڕۆشتە دەرمانگەکەو باوکم لێی ڕاکشاو چووە خەونێکی قووڵەوە.

شەرمەزارم، خانم گیان ببوورە بەڕاستی زەحمەتت کێشا، خۆزگە ئەمتوانی پاداشتم ئەدانەوە، ماچی کردمو قوتویەك شیرینی بۆ ڕاگرتم وتی:

— ئەزیزم گەر وەڵامێکی ڕازیبونمان بدەیتەوە بەڕاستی مایەی شانازی بنەماڵەکەمان دەبێت.

پاشان دەنگی نزمتر کردەوە، دووبارە وتی:

—هەموو بنەماڵەکە چاوەڕوانی شەهرام دەکەن بزانن ئەمجارەیان دەچێتە کەژاوەی کام کچەوە، بەخوا گەر تۆ بەجلی بووکێنیەوە ببینن هەموویان واق وڕماو دەبن، دەتوانم ئێستا تۆ لەخەیاڵمدا بەو جلانەوە وێنا بکەم، وەك فریشتەت لێدێت، ئەم بەژنو باڵا هەڵکەوتوە ئەم هەموو جوانیو قەشەنگییە هەر بەخۆت ئەکەوێت ئاهەنگەکەش لەماڵی باوەگەورەم لەو کۆشکە مەزنەدا جێگەی حەوتسەد کەس دەبێتەوە، بەڵام تۆ قسەت نەکرد ئێوە چەن کەس بانگهێشت دەکەن؟ لاڵ بووم زمانم گۆی نەدەکرد:

—...من..ئێمە..بانگهێشت..؟ خەندەیەکی کاڵوکرچ بۆئەوەی هەستم

پێ نەکات:
- هێشتا نازانم. ! لەناخەوە قوڵپم دەدا، تەنها کەسی من هەر باوکمە.
ئایا ئەو بەسە؟
دەریای چاوەکانم شەپۆلی دەدا، گێژەڵوکەی بیابانی دڵم هەڵی کرد، لەوگێژاوەدا سەرگەردان بووم ململانێی زەینی خۆمم دەکرد، بیری ئەوەم نەکردبوویەوە شەوی بووکێنیم کام خێزانە بانگهێشت بکەم، بەمامم بڵێم بێت، یان بەخاڵە میهرەبانەکەم کەکەس نەیدەزانی لەکونجی کام زینداندا سەری بەئەژنۆکانیەوە ناوە!
- شاپەری گیان نەتوت کەی ئێمە بێینە خوازبێنیت؟ دایکم بەنیازە یەکدومانگێکی تر بچێت بۆ ئەمریکا، براکەم دەعوەتنامەی بۆ ناردوە، بەردەوام لەمن دەپرسێت چ وەڵامێکم لەتۆ وەرگرتوە، پەلەیەتی، باوەگەورەم هێندەی بەبەردڵیەوە نەماوە دەبێت هەرچی زوترە زەماوەندی شەهرام ساز بکەین.
- خواگیان، چ وەڵامێك بدەمەوە، چۆن بتوانم باوك‌و دایکی شەهرام بێنمە ئەو ماڵە پەرپوتەی خۆمان، چۆن بتوانم ئەوبنەماڵەیە بێنمە سەر بەرە شڕەکەمان، بەچەن پیاڵیەکی دەم‌و لێو پەڕیوو شەکردانێکی دارینی دەستاشی باوکم پێشوازییان لێبکەم؟ دەمەو عەسر بوو، خەمێکی قورس سەراپای تەنیم، بەردەوام پێی دەوتم بەدکتۆر شەهرام بڵێم لەگەڵمان نەیەت، لای پەنجەرەکەدا وەستا بووم، تەماشای دەرەوەم ئەکرد، نا.... ئەڵێی ئاسمانیش وەك من دڵی پڕە لەداخ‌و مەیلی زەوی ناکات!
چاوم بڕیبووە کلوە بەفرەکان، تا دەهات گەواڵە هەورەکان چڕتر دەبونەوەو ڕەشتر دەبون، ئاه.. ئەمشەوم چۆن لێبڕوات؟ دڵنیابووم خەڵوزمان نەماوە ئێستا ژوورەکەمان بۆتە بەستەرە، بەباوکم وت خۆی باش بپێچێتەوە تا زوتر بڕۆینەوە، بەڵام خوا خۆی چاك دەیزانی لەناخەوە حەزمدەکرد خانم رامش ئەمشەویش خولکمان بکات لەو ژوورە گەرمەدا

بخەوین، ئەم ماڵە گەرمە لەکوێ، ماڵە ساردو سڕەکەی ئێمە لەکوێ؟
چووم بۆلای مێزی ڕاڕەوەکە جانتاکەم بێنم، ویستم هەڵیگرم دەسکەکەی لەسوچی مێزەکە گیر بوو دڕاو هەرچیەکی تیا بوو ڕژا، کە تەماشامکرد واقم ورما، ئەگەر پەرجویش بووایە هێندە سەرسامی نەدەکردم، سەفتە پارەکانم کۆکردەوە، دەستەکانم دەلەرزین، دەمم بوو بوو بەتەڵەی تەقیو، هەموو شتێك ڕون و ئاشکرا بوو، کاری شەهرام بوو، بێنەوەی من ئاگاداربم ئەو پارەیەی کردبوویە جانتاکەم، دەیزانی پارەی نۆژداری باوکم پێ نییە، یا...یا لەوانەیە...نەك خانم ڕامش؟!

نوقمی بیرکردنەوە بووم، لەپڕ یەکێ وتی:

– شاپەری گیان، نۆغر، بەسەلامەتی !

ئاوڕێکم دایەوە خانم ڕامش بەسینیەك قاوەوە دەمێ سەیری من، دەمێ سەیری پارەکەی دەکرد، هێندە دەستم دەلەرزی نەمدەتوانی هەموو سەفتەکان بگرم بەدەستمەوە، چەند سەفتەیەك کەوتە سەر مێزەکە، لەجێی خۆم وشك بوو بووم، خانم بەپەلە سینیەکەی داناو چەمایەوە، سەفتەکانی کۆکردەوە کردیەوە جانتاکەم و وتی:

– شاپەری گیان بۆ هێندە نیگەرانیت؟ شتێك ڕویداوە؟ شاپەری گیان من وەك خوشکی خۆتم لە هەرچیەك کەم و کوڕییت هەیە تکایە بەمن......

دەنگی شەهرامم لەپلیکانەکانەوە هاتە بەرگوێ، ڕەنگم پەڕی، وەکو کەسێك ئەو پارانەی دزیبێت و پێوەی گیرا بێت، شەهرام لە ڕاڕەوەکەوە هات، هەرکە من و خوشکەکەی بەوجۆرە بینی پێکەنی وتی:

– ببوورن لێم تێکدان!

ئەتوت زمانم درکی لەبەردایە نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، بەڵام خوشکەکەی وتی:

– شەهرام، خوڵکی من هیچ سودێکی نییە، بەڵکو تۆ پێی بڵێیت ئەمشەو نەڕۆنەوە، ئەمشەو شەوی پشوە ئێمەش بەتەنیاین، دکتۆر ڕامش بەنیازە

سەرێك لەتاران بدات، باشترە شاپەڕی و باوکی لامان بمێننەوە، خەمی باوکت نەبێ شاپەڕی گیان، شۆربای بۆ لێدەنێم، بۆ خۆشمان هەرچییەك تۆ حەزی لێبکەیت.

نەمدەزانی خۆشەویستی بوو یا بەزەیی؟ بەڵام هەرچی بوو بەبەشی خوا ڕازی بووم، هێشتا چاوی شەهرام لەسەر سەفتەکان بووکە بە دەستمەوە دەلەرزی.

— شاپەری؟ سەرێکم هەڵبڕی، زۆرم لەخۆمکرد بەو حاڵەتەوە تەماشایەکی بکەم، چاوە تەلیسماویەکانی هەر جارەو بەجۆرێك ئەندامەکانمی دەهەژاند شاڵاوێکی تری عەشقی بۆ زیندانی دڵم دەهێنا.

— ئەم هەموو پارەوپولە لەو ڕێگە پڕ مەترسیەدا چۆن لەگەڵ خۆت دەبەیت؟

دەمزانی مەبەستی لە وتنی ئەو ڕستەیە چی بوو، هێندە پڕ مانا بوو تەنانەت نەیدەویست خۆشم بڕوا بەوە بکەم کە خۆی پارەکەی کردۆتە ناو جانتاکەم!

خانم بەئاماژەیەکی شەهرام بەرەو چێشتخانەکە ڕۆشت، هەردووکمان بەتەنیا بووین، پارەکانم لەسەر مێزەکە دانایەوە بەئەسپایی وتم:

— من پێویستم بەم پارانە نییە.

هێواشتر لەمن وتی:

— حەز دەکەم بێ چەن و چون لێم وەرگریت، ئیتر باسی مەکە، نامەوێ هیچ کەس تەنانەت باوکیشت بزانێ، دەستی ڕاکێشاو جانتاکەی لەشانم داگرت، بەهێواشی زنجیرەکەی کردەوە بەپەلە پارەکەی تێکردو جانتاکەی لەسەر مێزەکە دانایەوەو فنجانێك قاوەی بۆ ڕاگرتم:

— بگرە شاپەری، بگرە ئێمەش بەخۆت بزانە، منیش خۆم بەکوڕی ئەو پیرەمێردە ئەزانم، هەڵبەت ئەگەر تۆ بووار بدەیت!

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتم:

– دکتۆر؟ دکتۆر وتی:

– پێم بڵێ شەهرام.

هەرچیم کرد نەمتوانی، وتم:

– زۆر سوپاس، لەبەر....هەموو شتێ. وتی:

– گەر بەشایانی ئەوەم بزانیت، هەرچیم هەیە ئەیکەم بەقوربانی تاڵە برژانگێکی چاوەکانت. گەر قبوولم بکەیت بەتۆوە ئەژیم، گەرشایانت بم، گیانم ئەخەمە بەر پێت، هیچ سەرەوت و سامانێکم بەلاوە گرنگ نییە جگە لەتۆ نەبێت، شا...پەری!

سەیرێکم کرد، لە قوڵایی چاوەکانیدا تریفەی هیوام بەدیکرد، تریفەی عەشق، وتی:

– ڕازیبە، باکۆتایی بەم شەوەزەنگی تارکیو بێدەنگییەی شەو بێنین، دڵەکانمان بۆ عەشقی یەکتری دەفرێت، مەبە بایسی ئەم دڵە بێ گوناهانە.

لەدڵی خۆمدا وتم هەرچی تاوانە لەئەستۆی دڵدایە.

– شاپەری؟ هێشتا چاووم لەچاوەکانی نەبڕیبوو وتم:

– گوێم لێیە. تەنها تەماشای لێوەکانیم دەکردوتی:

– بڵێ، بەڵێ!

هەرچیم کرد نەمتوانی سەیری نەکەم، ڕێگەی دڵ بوو کەکۆتا ڕێگەی دڵەکانمانی دیاریدەکرد.

– شاپەری وەرە، باوکت حاڵی باش نییە بەردەوام بانگی تۆ دەکات، خانم رامش بوو بەدەسەپاچەیی بانگی دەکردم، بەپرتاو بەرەو ئەو ژوورە ڕۆشتم کە باوکمی لێبوو، هەستم بەتاسان دەکرد، هەرچەن ساتەو جارێك هەناسەیەکی ئەداو چنگی لەزەوی گیردەکرد، شەهرام شڵەژا خێرا پشکنینی بۆ کرد، ئۆکسجینی بۆ هێنا، پەستانی خوێنی بەرز بوو.

دنیا بەرەو تاریك بون دەچو، جێگەکەی باوکم لای سۆپاکەوە بۆ ڕاخست، خۆزگە لەماڵی خۆشمان لەم نازو نیعمەتەدا دەبووین، شیری

گەرمو کێك‌و توفەرەنگی لای گەرمی سۆپاکەدا بۆنێکی تایبەتیان دەهات،
وردە وردە خەریك بوو بڕوامدەکرد دەچمە چ ماڵو حاڵێکەوە.

– شاپەری گیان، کوپێك شیری گەرم بۆ باوکت تێکە.

ئاغای رامش خەریکی تاوتوێ کردنی شتەکانی بوو، چاوم بە سندوقێکی تەختەیی کەوت پڕ بوو لە خشڵو گەوهەر، ئەبلەق بووم، سەفتە پارەو دۆلار لەسەر یەك دانرا بون کە لەخەونیشدا نەمدیتبون، ئەو شەوە لەقسەکانی دکتۆر رامش‌و براکەی شەهرام تێگەشتم بڕیارە لەتاران دەرمانگایەکی گەورەتری ڕەسمی بکەنەوە، یارمەتیمدا تاکو سفرەو خوان ڕازایەوە، بۆنی خواردەمەنی کاسنی کردبووم، من تەنها ئارەقی شەرمەندەییم دەردەدا، شەهرام لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو وتی:

– نێرە ماڵی خۆتە، بەمزوانە تۆیش دەبیتە بەشێکی ئەم خێزانە، تکایە واز لەشەرمکردن بێنە!

ئاغای رامش دەستێکی بەسمێڵیدا هێناو وتی:

– بەڕاستی شەهرام کورێکی بەسەلیقەیە، هاوسەرێکی ئاوا قەشەنگی هەڵبژاردوە، بەڕاستی دەبێت سوپاسگوزار بێت بەوپەڕی توناوە هەوڵی بەختەوەریت بدات.

باوکم تازە لەنوێژکردن تەواو بووبوو، هاتە ژوورەوە، هەموویان لەبەری هەستان‌و ڕێزیان لێگرت، شەهرام دوقاپ چێشتی بۆ تێکردو خستییە سەر سینیەك وتی:

– لەهەرکوێ پێت خۆشە لەوێ دانیشە.

هەناسەم گیرا لەژێر لێوەوە خواخوم بوو باوکم بیت لەسەر مێزەکە نانەکەی بخوات، بەڵام دۆعاکەم گیرا نەبوو، لەتەنیشت سۆپاکە دانیشت‌و وتی:

– کوڕی خۆم پیری‌و هەزار دەرد، مەمنون، هەمووشوێنك باشە خوا نەیبڕێت.

دوای نانخواردن دکتور ڕامش خواحافیزی لەخێزانەکە کردو ڕۆشت، کاتژمێرەکە نۆ جار لێیدا، باشترین کات بوو بگەڕێینەوە بۆ"گچسر" بەلام نەیان هێشت، خانم ڕامش لەسەر تەپڵەکی نێوان قەنەفەکان قەنادیو جۆرەها شیرینی دانابوو کەمن تەنها لەسەردەمی منالیدا لەمالە بەگەکانی خزمی باوکمدا بینیبووم، ڕاست دەلێن ئەوەی بەهەزاری گەورەبوو بێت عیزەتی نەفسی دەبێت ڕێك وەکو خۆیان ڕەفتارم دەکرد، وەك شەهرام ئەتوت لەکۆشکی سپیدا دانیشتوە، وەك خانم جارجارێك بۆ سەرگەرمی دەنکە بادامێکی ئەخستە دەمی، باوکم تەماشای تەلەفزیۆنی ئەکرد، بەلام کەمتازۆرێك ئاگای لای ئێمە بوو، لەوانەیە بێدەنگیەکی جارجارەی شەهرامو خوشکەکەی لەبەر گوێ سوکی باوکم بوو، شەهرام سەیرێکی ئەملاولای خۆی کردو پاشان مۆزێکی هەلگرتو تانیوەی پاك کردو بۆی ڕاگرتم، سەیرێکم کرد، کورتەنیو نیگایەك کەتەنها هەرخۆم دەمزانی یانی چی لەسەر لێوی بوو، نیو نیگایەکم کردەوە مۆزەکەم لێوەرگرت، بۆنی مۆزەکە دای لەمێشکم،خوا بۆخۆی ئەیزانی چەنێك بوو تامی مۆزم نەکردبوو، خانم دەستێکی هێنا گرێکەی سەرم بکاتەوە، باوکم ناوچاوی لێ گرژ کردم برۆکانی لێهێنامەوەیەك، دەستی خانمم بەئەسپایی کێشایەوە دوا گرێکەم قایم کردەوە، شەهرام سەرێکی داخستو لەژێر لێوەوەوتی:

— تۆ هەر ئەوەی کەمن دەمەوێت شاپەری گیان.

ئەو شەوە شەوێك بوو هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، تادەمەو بەیان بێدار بووین، باوکم لەقولایی خەونێکی شیریندا بوو، مەیدان بۆ قسەکانمان تەختبوو، باسی شەوی ئاهەنگەکەمان کرد، بیروڕای خۆمان گۆڕییەوە، قسەمان لەسەر مانگی هەنگوینیمان کرد، بڕیارە بەرەو کام ولات بچین، شەهرام پاریسی هەلبژارد، ئەیوت حەزدەکەم ئەو زانکۆیە ببینی کە بڕوانامەکەمم تێدا وەرگرتوە، باسی بوورجی ئیڤلی دەکرد، وێنەکانی نیشان دەدام، بەلام من لەسەر چی بدوامایە، وەك ئەو باسی خوێندن یان گەڕانی

شارو وڵاتەکان؟!یا...

– تـەنها وشـەیەك بڵـێ، شـاپەری؟ بـەردەوام هـەر ئێمـە قسە دەکەین!تۆیش باسێکی ڕابردوی خۆت بکە، ئارەزووەکانت، ڕوئیاکانت، هـەموو کـچێك خولیـای شـتێکەو سـەرەنجام کاتێـك بـۆ دەربڕینەکانـە دەسنیشان دەکات.

بانگی بەیانی دابوو، باوکم هەستا بۆ نوێژ وتی:

– هێشتا نەنوستون؟ گەنجیش سەردەمێکی خۆشە، قەدری ئەم ڕۆژو شەوانە بزانن کە دواییەکانی تەنها حەسرەت بەجێ دێڵن، ئێمە لە خاڵی کۆتایی ژیاندایین، ئێوەش لەسەرەتا، ئێمە سەرەتامان بینی بەڵام ئێوە دێن کۆتایی ببینن، بەڵام گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانی ئێمە بگرن کەسەرەتاو کۆتایشمان دیتوە.

ڕۆژ بوویەوە، چاوومکردەوە شەهرام لای پەنجەرەکەدا وەستابوو، سڵاوێکم لێکرد، چەند هەنگاوێك هاتەلامەوەوتی:

– نامەوێ بەبێ بیرکردنەوە وەڵامێکم بدەیتەوە، بەڕادەی پێویست ئەو بووارەت هەبوو کەزیاتر بمناسیت، جێگەکەی باوکم چۆڵ بوو، شەهرام بەرەو جێگەکەی باوکم سەرنجی کێشکردمو وتی:

– دڵگران مەبە ڕۆشتوە دەمو چاوی بشوات، باش گوێبگرە شاپەری!کۆتا وەڵامم هەر ئەمڕۆ لێت ئەوێ هەرئێستا، پرسیارەکەم ئەمەیە، کەی ئێمە ئەتوانین بێین بۆ ماڵی ئێوە بۆ خوازبێنی تۆ؟

هەرچەند تاڕادەیەك لەحاڵی دەسەڵاتی ئێمەی دەزانی کە من لەخێزانێکی چینی سێهەمم بەڵام دوورنییە دەرکی بەوە نەکردبێت، لەوماڵە بچوکەو لەو هەژارییەدا ئەژین، دووبارە پرسیاری کردەوە، بەنیگاکردن ناچاری کردم وەڵامی بدەمەوە، کەمێك چاووم بڕیە چاوی پاشان وتم:

– گەر ئەتەوێ بۆ یەکبین ئەوا ئەبێت واز لە ڕەسمیات بێنیت.

– لێت تێناگەم ڕونتر قسەبکە.

– مەبەستم ئاشکرایە بەڵام....

– بەڵام، چی؟

– ئێمە هیچ شتکمان نیە بۆ پێشوازیکردنی بنەماڵەی ئێوە، من دایکم نییە، مەراسیمی خوازبێنی کردنیش نازانم، باوکیشم ئەوەیە کە خۆت بینیوتە، کابرایەکی سادەیە لەوانەیە نەتوانێ چەند قسەیەکیش لەگەڵ باوکتدا بکات، بە هاتنی ئێوە لەشەرمەزاریدا وێران ئەبم، ئاگات لێمە؟

بێدەنگی باڵی بەسەر هەردووکماندا کێشا، باری قورسی سەرشانمم داناو کەمێك سوك بووم، چاوەڕێ بووم قسەیەك بکات، لەقوڵایی بیرکردنەوەیدا چاوی تێبڕیبووم، حەزمدەکرد لایەنگریم بکات، پڕاو پڕ وەڵامی نیگا پڕ لەپرسیارەکانیم دابوویەوە.

– شاپەری، تۆمەرجێکی گەورەت لەبەرپێمدا دانا! بیرت لەوە کردۆتەوە من چ وەڵامێکی بنەماڵەکەم بدەمەوە؟

– ئەتوانی مەرجەکەم قبوول نەکەیت، وەڵامی هیچ پرسیارێکیش نەدەیتەوە.

– تەنها هەر ئەمەندە؟

– من، بیرم لەهەمو لایەنێك کردۆتەوە، بیری تۆ، وەڵامی بنەماڵەکەت تەنانەت تانەو تەشەری ئایندەش، بەڵام، چیبکەم سەرباری ئەمانەش تۆم تاکو ئاستی پەرستن خۆشدەوێت.

بەجارێ ڕەنگی گۆڕا، هەوڵیدا بەسەر خۆی نەهێنێت بەڵام نەیتوانی، وتی:

– بەڵام، لەگەڵمدا وەرە بۆ تاران تاکو بە بنەماڵەکەمت بناسێنم، بۆ ئەوەی هەموویان بتناسن، وەك خۆت وتت ماڵی ئێوە لەبار نییە، بەڵام ماڵی ئێمە زۆر گونجاوە، ئەمەت بەدڵە؟

– دەبێت لەگەڵ باوکم قسە بکەم، گەر ئەو پەسەندی کرد منیش هیچ قسەیەکم نییە.

کەژاوەی
و کنوی
پەری

– هەر لەگەڵ باوکت وەرە، مەگەر نابێت باوکت بەریتە تاران بۆ چارەسەر، ئەمەش باشترین فرسەتە بۆ ئاشنابونت بەبنەماڵەکەم.

خەندەیەکم کردو وتم:

– ئەگەر بنەماڵەکەتان منی بەدڵ نەبوویان پەسەندی نەکردم ئەو کاتە چی؟ ئەو کاتە دەزانی چ یارییەکی مەترسیدارت بەدەرونم کردووە؟!

– ئەڵبەت چاك دەزانم، چونکە ئەوکاتە گرنگی بەژیانو زیندوبونی خۆم نادەم، من ئەم هەموو ڕەنگو جوانیو ڕازاوەییەی دنیا بەتۆوە ئەبینم، تۆ شاپەری کەژاوەی منی، نەك تەنها کەژاوەی بووك و زاوایی بەڵکو کەژاوەی تەمەنو ژیانم!

کەژاوەی ژیان، کەژاوەی تەمەن، کەژاوەی زاوایی، شاپەری کەژاوە، شاپەری من، ئەم ڕستانەی لەبەرخۆیەوە دەوتەوە، بەئەسپایی بەرەو پەنجەرەکە چوو، کەمێك پەنجەرەکەی کردەوە، کلوی بەفر هاتە ژوور، سەرمایەکی بەتین دەمو چاوی تەزانم، شەهرام سەرێکی کێشایە دەرەوە هاواری کرد:

– شاپەری، کەژاوەی من! لەژێر لێوەوە وتم:

– بەڵێ.. لەوانە بوودەنگی نەگەیشتبێتە کێوەکان، بەڵام دڵنیابووم لەباخی پشت دەرمانگاکەوە دەنگەکەی دەزرینگایەوە!

چێژم بینی، لەعەشقی شەهرام لەو هەموو خۆشەویستیە، خۆزگە بەخۆم چەند بەختەوەر بووم، بڕوام نەدەکرد، ئەتوت هەموو گرێکوێرەکانی ژیانم کراونەتەوە!

هەمان ڕۆژ لەگەڵ باوکمدا کەوتینە ڕێ، بڕیاماندا ڕۆژی دوشەممە لەنەخۆشخانەی دڵ لەتاران کاتژمێر دوی نیوەڕۆ یەکتر ببینین، وتی لەگەڵ دایکوباوکمدا دێین بۆ ئەوەی بەتیرێك دونیشانە بپێکین، سەردانی باوکیشت دەکینو ماڵەوەش ئەتوانن لەنزیکەوەتۆ ببینن.

کاتژمێر هەشتی ئێوارە گەشتینە تاران، یەکراست چوینە ئەو ئوتێلەی

شەهرام ئادرێسەکەی بۆ نوسیبووم، خاوەنەکەی یەکێك لەهاوڕێ خۆشەویستەکانی شەهرام بوو، ژورێکی دوو نەفەریمان گرت، پشویەکمان داو، داوای نانخواردنێکی چاکمکرد، شەهرام چەندینجار پێی وتبووم هەرچیەکم ویست درێغی نەکەمو بیر لەپارە نەکەمەوە، بۆ بەیانی لەگەڵ باوکم چوینە نەخۆشخانەی دڵ، بەو نامەیە شەهرام پێی دابووم دەسبەجێ باوکمیان خستە ژێر چاودێرییەکی باشەوە.

باوکمیان بردە ژوری ژمارە شانزەی نهۆمی سێیەم، بڕیاربوودوای ئەنجامی پشکنینەکان ببرێت بۆ هۆڵی نەشتەرگەری، دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ تاکسیەکم گرتو چوم هەندێك پۆشاکو پێویستیەکانی نەخۆشخانەم کڕی، هەرچەند بەفر دەباری بەڵام حەزمدەکرد لەجەنجاڵی ئەو بازاڕەدا بەپێ بڕۆم، تەواو هەستم پێدەکرا من کچە گوندییەکم و تازە هاتوومەتە شار. مامەڵەی فرۆشیارەکان جیاوازتر بوو، هێندە فامم هەبوو دەرك بەوەبکەم، چومە فرۆشگایەك و سڵاوم کرد، فرۆشیارەکە تەماشایەکی کردم و وتی:

– شتێکت ئەوێ، کچەکەگیان! لەژێر لێوەوە دووبارە وتی ماشاالله لەگەورەیی خوا، ئەم هەموو جوانیەت لە کوێبوو؟

– ببوورە کاکە ئەو پاڵتۆیە نرخی چەندە؟

– هەر ئەوەی لە جامخانەکەدا نوسراوە.

فرۆشیارەکە ڕیشێکی خوراندو بزەیەکی بۆکردو وتی:

– نرخەکەی لەسەر نوسراوە کچی جوان.

– هیچ کەمی نیە؟

– ئاخر، بۆتۆ نابێت.

ئەمزانی لەدڵی خۆیدا چی دەڵێت، من کڕیار نیم و تەنها مەبەستم ماندو کردنیەتی، بەڵام نەیدەزانی چەندین هەزار تمەن لە جانتاکەمدا چاوەڕوانی بژاردنن... کەمێکی تر چومە پێش وتم:

- بۆم داگرە باتاقیبکەمەوە.

- هەر ئەو یەکدانەیەم هەیە ناتوانم دایگرم، گەر هەفتەیەکی تر سەرێك بدەیتەوە مۆدێلی تازەترم دەبێت.

- کاکە، من هەر ئەوەم دەوێت.

- منیش پێم وتیت.

کەمێك وەستاو پاشان وتی:

- هەر بۆ فرۆشتن نیە!

- ببوورە، منیش کڕیارم، تەنها دەمەوێ بزانم پڕ بەبەرمە؟ ئەگینا هەر ئێستا پارەکە دەدەم گەر بڕواش ناکەیت ئەتوانم نیشانت بدەم، پاشان دەستم برد بۆ زنجیری جانتاکەم ویستم بیترازێنم، فرۆشیارەکە هاتە ئەمدیو مێزەکە وتی:

- بڕوامکرد، هێندە بەهەستیت توانیت لە گومانەکەم تێبگەیت. ئێستا بۆت دادەگرم.

دایگرتو لەسەر مێزەکە بۆی دانام و وتی:

- برۆ لەو ژوورە لەبەریبکە، انشا الله پڕ بەبەرت دەبێت، دڵنیابە، دە لەسەد نرخەکەی دادەشکێنم.

پێکەنیم وسوپاسیم کرد، لەخۆشیا خەریکبوو شاگەشکە بم، چومە ژوورەکە پەراوەیەکم پێکردو پاڵتۆ کۆنەکەم لابردو تازەکەم لەبەرکرد، هەرچەند سەرپۆش وپێڵاوەکانم کۆن بون بەلام خۆیشم خۆم نەدەناسیەوە، لەکچە دەوڵەمەند دەچوم. لەژوورەکە هاتمە دەر وتم:

- ئێستابەداشکاندنەکەوە دەکاتە چەند؟ پاشان فاکتۆری پاڵتۆکەی بۆنوسیم و دایە دەستم، زنجیری جانتاکەمم ترازاند، دەستم کردە ناوی تا سەفتەیەك پارە دەربکەم، بەلام هەرچەند دەستم دەگێڕا زیاتر ڕەنگم تێکدەچو.کاس بووم تا هێندەی دەکرایەوە دەمی جانتاکەمم والاکرد هیچ پارەیەکی تێدا نەبوو. لەشوێنی خۆمدا چەقیم. خوێن لەدەمارەکانمدا وشك

بوو، چەن ساتێك چاووم بڕییە فرۆشیارەکە دڵم بەپەلە لێی دەدا، مێشکم خەریك بوو ئەتەقی، خوایە گیان پارەکان چییان لێهاتبوو، لەشەرمەزاریدا نەمدەتوانی سەر هەڵبڕم، بەمێواشی وتم:

– بەخوا پارەیەکی زۆرم پێبوو، لەوە ئەچێت لەو قەرەباڵغیەدا لێم کەوتبێت، فرۆشیارەکە سەیرێکی سەراپای کردم وتی:

– بڕۆ، کچەکەگیان، بڕۆ خوا لەشوێنێکی ترەوە ڕسقت بدات، چویتە هەرشوێنێکی تر هێندە ئەزیەتی مەدە، بێ ڕوو دەربایستی داوا بکە، خوا هەڵناگرێت هێندە ئەزیەتی خەڵکی بدەیت!

– بەڵام، کاکە.....

– بڕۆ خوشکم بڕۆ بەرۆکمان بەردە.پاشان جۆرێك تەماشای کردم لەسەد جنێو خراپتر بوو، بەو تەماشاکردنە ناچاری کردم بێمە دەرەوە، ئامادەبووم گیانم دەرچێت بەڵام بەو حاڵەوە نەیەمە دەرەوە، بەو ساردو سەرمایە دەڕۆیشتمو دەگریام، جارجارێك خوێڕییەك پلارێکی تێدەگرتمو بەتەنیشتمدا ڕەت دەبوو، من هەر فرمێسکم دەڕشت، مەرگی خۆمم بەئاوات ئەخواست، لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی دوشەممە بەرۆکی بەرنەدەدام، چ وەڵامێکی شەهرام بدەمەوە، پارەی نەخۆشخانەکە لەکوێ بێنم، چۆن بەم حاڵەوە بچمە بەردەمی باوكودایکی شەهرام.

خۆرئاوابوو، گەڕامەوە بۆ نەخۆشخانە، نائومێد بەچاوی پڕ لە ئەشکەوە، باوکم نوستبوو، لەسەر کورسیەکەی تەنیشتی دانیشتم دەستم خستە ژێر چەنەمو چاو لەڕێ! یەك شەممە ڕۆشتو دوشەممە هات، دڵم وەك بەردی لێهاتبووسەیری حەوشەی نەخۆشخانەکەم ئەکرد، کاتژمێر دوی نیوەڕۆ بوو قەرەباڵغی سەردان کەرەکان پەیدا بوو، شەهرامم بەدیکرد، دوئافرەتو پیاوێکی لەگەڵدا بوو، سەبەتەیەك گوڵو پاکەتێك شیرینیان پێ بوو، هێندە پەرێشان بووم خۆمم لەدەستدا بوو، نەمدەزانی چۆن ڕووبەڕوی ئەو خێزانە ببمەوە، ترپە ترپی هەر پێیەك ئازری دەدام دەمێ بیرم لەڕاکردن

دەکردەوە دەمێکیش تامەزرۆی دیتنی شەهرام بووم، بەزۆر خۆم قایلکرد بمێنمەوە، چرکە ساتەکان ئەتوت پێشبڕکێ دەکەن، بەخێرایی تێدەپەڕین، هەستامە سەرپێ، وەکو شێتێك کەبەسەرخۆیدا زاڵ نییە، هاتمە دەر، گوێم لەدەنگی باوکم بوو دەیوت:

- بۆکوێ، دەچیت، شاپەری؟

ورتەم لەخۆم بڕی هیچ وەڵامێکم نەدایەوە بەرەو ڕاڕەوەکە ڕۆشتم، لەکێ هەڵدەهاتم، لەخۆم، خۆمکرد بەیەکێ لەژووری نەخۆشەکاندا، سڵاووم لێکردن ومۆڵەتم لێخواستن وتم:

چەندساتێك لێرە دەمێنمەوە، پاشان هەواڵپرسیم لەنەخۆشێکی بەساڵاچوکرد، وتی:

- کاتێ هاتیتە ژوورەوە وامزانی کچەکەم بۆسەردانم هاتووە، چاوم ئەبلەق بوو هێندە چاوەڕوانم کرد پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشاو چاوی لێکنا، بەوریایی سەیری دەرەوم دەکرد، شەهرام لەپێش هەموویانەوە دەڕۆشت وەك بەدوای ژوورەکەی باوکمدا بگەڕێت، کاتێ سەیری بەژنوباڵاییم دەکرد دڵم خاو دەبوویەوەبەڵام چیبکەم ڕۆژگار لەگەڵ مندا ناجۆرە!

پیاوە نەخۆشەکە دووبارە چاوی کردەوە وتی:

- کەس نەهاتووە بۆ سەردانم؟

- نا.. بابە گیان، کچەکەت ئەزانێ تۆ لەنەخۆشخانە کەوتویت؟

- چەند جار هەواڵم بۆناردوە. بەڵام ئەو مێردە نارەسەنەی.....

لەهەمان کاتدا چەند جارێك لەدەرگاکە دراو کرایەوە، کچێکی جوان دەستی منداڵێکی گرتبوو هاتە ژوورەوە، خۆی چەماندەوە بەسەر پیاوەکەدا و بەگریانەوە:

- یاخوا بمرم بۆت باوکە گیان، چەن بێکەسو داماو کەوتویت! پاشان سەری نا بەسینەی باوکیەوە.

ئاگرم تێبەر بوو، چونکە تێگەشتم، هەستام بڕۆمو باوك‌وکچ بەجێبێڵم، ەڵام پیاوەکە چاوێکی لەسەر منالەکەو چاوەکەیتری لەسەر من بوو وتی:

– ئەوە کچەکەم هات بۆلام، پەلەت چییە ڕۆڵەگیان؟ پاشان ڕویکردە کچەکەی وتی:

–ئەم کچەش باوکی هێناوە بۆ نەشتەرگەری، هاوتەمەنی خۆتە، زۆر حەزیدەکرد تۆ ببینێت.

کچەکە ئاورێکی لێدامەوە، ڕوخسارێکی زەردو لاواز لێوە باریك‌و برۆکانی لەباوکی دەچون بەرەو ڕووم هاتو خۆی پێناساندم وتی:

– ناوم پەروانەیە...وتم:

– چۆن تا ئەمڕۆ سەردانی باوکت نەکردوە؟

وتی:

– باوکم لەکێشەو گرفتەکانی من ئاگادارە.

پاشان سەیرێکی منالەکەی کردو وتی:

– حەزناکەم لەبەرچاوی ئەم منالە باسی خراپیەکانی باوکی بکەم، بەلام باوکم دەبێ بزانێ، هەرچەند قسەی مێردەکەم لەسەر خراپی و زیانیشم بێت دەبێ هەر گوێڕایەڵی بم!

– چۆن؟

– شوت نەکردووە؟

– نا...

ئامێکی کێشاو وتی:

– خۆزگەم بەخۆت.

– بەلام ئەمەوێ شوو بکەم.

– بەقسەی ئەم خوشکەی خۆت بکە، شوو بەکەسێك بکە خۆشی بووێت، بەدڵو گیان تۆی بووێت، کەسێك بەوجۆرە هاوسەرەکەی بووێت بەختەوەری دەکات.

ئەوێت؟

- ئەگەر، پیاو هەیە ژنی خۆی خۆش ئەوێت، بەکورتی بزەیەکی کرد وتی:

- زۆربیان، ژنیان بۆ ژیان دەوێ، بۆ ماڵداری، وەچە خستنەوە، بەکورتی ژیان....بەڵام، مانای عەشق و خۆشەویستی جیاوازی هەیە، عەشق لێکگەیشتن دێنێتە کایە، خۆشەویستیش فیداکاری وەبەر دێنێ، کاتێ عاشقی هاوسەرت دەبیت فیداکاریش دەبیت، لەخۆ بووردو دەبیت، قسەکانی پەسەند دەکەیت، دیارە لێکگەیشتنیش دێتە گۆڕێ.

- مێردەکەی تۆ چۆنە، خۆشی دەوێیت؟

وتی:

- لەو کەسانەیە کەمنی فیدای خۆی، کارو پیشەکەی، ماڵو بنەماڵەکەی دەکات، کردومی بەکارەکەری دایکوباوکو خوشکەکەی، زۆرم لێدەکات تەنانەت جلو بەرگی برا سەربازەکەشی دەبێ بشۆم، دەڵێت ئەرکی سەرشانتە بووکیت دەبێت خزمەتکاریمان بکەیت، دەبێ دومناڵەکەی خوشکەکەشی بەخێو بکەم، دەزانی بۆچی؟ بۆئەوەی خوشکەزای مێردەکەمەو دەبێ خزمەتیان بکەم، هەفتەی جارێك دەبێ دایکی بەرمە حەمامو بیشۆم، چونکە خەسوومە، بەڵام مافی ئەوەم نیە مانگی جارێك سەردانی باوکە داماوەکەی خۆم بکەم، ئەبێ لەدەمی خۆمو مناڵەکەی بگرمەوە بۆدایکی ئەوی خەرج بکەم، بەڵام ئەو مافەم نییە تەنها جارێك باوکم بەرمەوە بۆ ماڵەوە تیکە نانێکی بدەمێ، ئەی تۆ ئەڵێی چی بووکی ئایندە؟ بەڕای تۆ ئەم مێردە ژنەکەی خۆی خۆش دەوێت؟

- سەرێکم بۆ لەقاندو وتم، تۆ ڕاست ئەکەیت.

دەستێکی خستە سەر شانم وتی:

- کاتێکیش نەخۆش دەبم لەجێدا دەکەوم، چیتر ئەو بووکە چاکە نیم تەنانەت کەسیش پێم ناڵێت کەرت بەچەند! کەس نیە قومێك ئاو بکاتە دەمم، خەسوومو خوشکی مێردەکەم کەوچکە شۆربایەکم بۆ لێنانێن،

تەنانەت مێردەکەشم گوێی خۆیم لێکەڕدەکاتو دەستی منداڵەکە دەگرێتو دەچێتە لای دایکی منیش تەنیاو بێکەس تاکو چاك دەبمەوە دووبارە هەمان مەینەتی دەست پێدەکاتەوە.

هێندە چوبوومە قوڵایی قسەکانی پەروانەوەکە هەموو کاتو وەختەکەم لەبیر چوبوویەوە، خزمەتگوزارەکە لەدەرگاکەیداو وتی:

– کاتی سەردان تەواو بوو، تکایە چۆڵی بکەن. پەروانە منداڵەکەی پێچایەوە باوکی ماچکردو چەند تنۆکێك فرمێسکی ڕشتو چیتر پێویستی بەخواحافیزی نەبوو، پەروانە دەردی دڵی خۆی بەزمان هەڵڕشت و گەیاندیە گوێی باوکی، گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی باوکم گوڵەکەو قوتوە شیرینیەکە لەژوور سەری باوکم دانرابون، لەپەنجەرەکەوە سەیرمکرد، شەهرامو ئەوانەی لەگەڵیدا بون وەك سوپای شکست خواردو ملی ڕێیان گرتبوو، باوکم بەسەر قۆڵەکانی ئارەقەکەی نێوچەوانی سڕیو بەتوڕەیی وتی:

– تۆ بوویتە مایەی شەرمەزاری من شاپەری! تۆ کە دەتزانی ئەمڕۆ دکتۆر رامش دێت بۆ سەردانم بۆچی ئەم ژوورەت بەجێ هێشت، بۆ ئابڕوی منی پیرەمێردت لەبەردەم ئەو بنەماڵەیەدا تکاند؟

– ئاخ.. باشە باوکە گیان، ببوورە، دکتۆر رامش، من چیبکەم باوکە؟ ئابڕوی من چی؟ کێ لەمن تێدەگات، من چۆن بتوانم بەم جلانەوە لەبەردەم بنەماڵەکەی ئەواندا بووەستم بەچ ڕویەکەوە؟

– مەگەر جلەکانت چ عەیبێکیان هەیە؟

– تۆ بەوجۆرە بیر دەکەیتەوە، بەڵام نە من نەشەهرام نەبنەماڵەکەشیان بەوجۆرە بیرناکەینەوە هەر بۆیە ڕاکردنم پێ باشتربوو.

– تۆ ئەزانی کاتێ دکتۆر تێگەیشت تۆ بۆچی ڕۆشتویت چ حاڵێکی هەبوو، چەند بەدواتدا گەڕا، ئەزانی لەبەردەم ماڵەوەیاندا چەند شەرمەزار بوو؟ تۆ ئەزانی ئەو بنەماڵە بەڕێزە بەچ مەبەستێك هاتبونە ئێرە، نا کچی خۆم شەهرام خوازبێنی تۆی لێکردم لەبەردەم دایكو بەکیدا.

چەندین هەزار تمەن
- ئەی باوکە گیان تۆ دەزانی، من ڕۆژی شەممە چەندین هەزار تمەن، پارەی شەمرامم ونکرد، ئەو هەموو پارەی بەچ مەبەستێك دابوو بەمن، دڵنیام کەنازانیت، دەزانی ئەو خۆی داوای لێکردم بەم حاڵو جلو بەرگەوە نەیەمە بەردەم بنەماڵەکەی، دەزانی ئەمڕۆ من چ حاڵێکم هەبوو؟
بێدەنگیەکی خەمبار باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا، چاری ئەو گریانە نەفرەتییەم پێنەدەکرا، هەر ئەمسەرەو سەری ژوورەکەم دەکرد، تەنها دەنگی پاژنەی پێی ئەو پێڵاوە کۆنانەم بوو بێدەنگیەکەی ئەشکاند، نیو کاتژمێری پێنەچو بوو کە سێ جار لەدەرگاکە درا، تەق تەق تەق، وامزانی پەرستارەکەیە وتم:
-فەرموو.
دەرگاکەکرایەوە شەمرام دەرکەوت، دڵم دەستی کردەوە بەپەلەپەل. "شەمرام" تەنها سەیری دەکردم دەستی نابوو بەملاولای دەرگاکەوە چاوی تێبڕیبووم!
سڵاوێکم لێکرد..بێدەنگی چاوی گوێزایەوە بۆ سەر جلەکانم.
-من...من...من...شەرمەزارم بەڕاستی شەرمەزارم.. تۆ دەبوو...هەنگاوێك هاتە ژوور هەر بەو تێڕاماویەوە برۆکانی هەڵبڕین وتی:
- هەمیشە تۆ بەمجۆرە گوێ بۆ قسە دەگریت؟
- شەمرام، گوێبگرە.
- گوێ لەچی بگرم، دیارە قسەی زۆرت بۆ وتن پێیە، حەتمەن کاتی چونە بازاڕت نەبووە دەستێ جل بۆ خۆت بکڕیت، یان ئەمڕۆ کارێکی گرنگت هەبوو نەتوانی بڕۆیت؟
- نا... بەجۆرە نیە، تۆ دەبێ لەڕاستی تێبگەیت.. دەنگی بەرزتر کردەوە بەسەر دەنگی مندا وتی:
- ئەگەر نەمەوێ بزانم.
باوکم بەپرستەی بێدەنگ بن منالەکان، بێدەنگی بەسەر لێوەکانی

بۆ کتێب
تایبەت

شەهرامەوە خۆیان مەڵاسدا! لەتەنیشت باوکمدا ڕاوەستام وتی:

– یارمەتیم بدە باهەستمەوە. شەهرام پێشدەستی کردو یارمەتیدا هەستایەوە، باوکم دەستێکی بەسەری شەهرامدا هێناو دەستی منی گرتو وتی:

– گوێم لێبگرن بەهەردووکتان دەڵێم، گوێڕایەڵی یەکتر بن، متمانەتان بەیەکتر هەبێت، دکتۆر، تکا لەتۆ دەکەم گوێی لێبگرە بڕوا بەقسەکانی بکە، " من وەك هەتاوی بن پاسارم" هەردوکمان وتمان:

– خوانەکات باوکە گیان.

– نا..نا.. هەروایە ڕێبوار دەبێت لە بیری ڕۆشتندا بێت، ئەم ڕاسپاردەیەی من هەمیشە وەك ئەڵقە لەگوێی بکەن، گەر بەدڵی خۆتاندا چونەتەوە دەزانن دڵتان یەکتری دەخوازێت ئەوکات ببنە دەسگیرانی یەکتر " هیچ شتێك لەژیاندا جێی عەشقو خۆشەویستی ناگرێتەوە".

قسەکانی باوکم بۆنی دەردە دڵەکانی پەروانەیان لێدەهات، شەهرام بەتەواوی کەوتبوویە ژێرکاریگەری قسەکانی باوکمەوە بەرەو ڕووم هاتو دەستی بۆ درێژکردم وتی کەواتە:

– ناوی خوای لێبێنە.

بۆ ساتێك منو باوکم چاومان لەیەکتر بڕی، ئەشك تولە ڕێیەکی لەسەر ڕیشە سپییەکەی دروست کردبوو باوکم وتی:

– یاخوا، بەختەوەر بیت کچەکەم "بڵی بەناوی خوا" نێوان منو شەهرام بیست تا سی سانتیمێك دەبوو بەڵام، دڵمان بێ هیچ بەربەستێك چەسپی یەکترو لەیەك کاتدا لێیان دەدا، هەناسەم لەگەرومدا پەنگی خواردبوویەوە وتم:

– بەناوی خوا.

دەستی خستمە نێو دەستیو ڕویکردە باوکم وتی:

– تەنها هەر هێندەم پێدەوترێت بڵێم مەمنونم باوکە گیان تکادەکەم

دوعای خێرمان بۆ بکە.

خۆزگە زەمەن ڕادەوەستا، میلەکانی کاتژمێر نەدەجولا، خۆر لە دەمکەلی ئاسۆ دەر نەدەچو، ژیان واتە هەر ئەو چەند ساتە، چیتر مۆسیقای خەم نەدەبیسترا، چیتر بێدەنگی لەبەین چوو، من هاودەمو هاوڕازێکم هەبوو، عەشق عەشقێك دڵی لەنێو دڵمدا لێیدەدا، نیگای ئاوێتەی نیگاکانم بوو، لەگەڵ ئەودا چومەوە مەیدانی وەلیعەسر، هەمان فرۆشگاو هەمان فرۆشیار، هەمان پاڵتۆیشم کڕی، فرۆشیارەکە کاتێ چاوی بە شەهرام کەوت بەرزە پێ لەبەرمان هەستاو داوای لێبووردنی کرد، لەمانای ئەو ڕیزو ڕەفتارەی چاك تێدەگەشتم، چونکە فرۆشگای گەورەی قودس سەرتاپا پۆشاك‌و جلی ژێرەوەو ئارایشتم کڕی، بەسەرپلیکانەکاندا دەڕۆشتم قاقا پێدەکەنیم، پەژارەکان هەرساتێ زیاتر لێم دوور دەکەوتنەوە هێدی هێدی لەبیرم دەکردن، ئەڵقەیەکی نقێمی ئەڵماسی و زنجیرێکی ئاڵتون لەمسەر تا ئەوسەری لیرەی پیا هەڵواسرابوو، لەسەرسامیدا دەمم بووبوو بەتەڵەی تەقیو، ئەوکاتژمێرەی شەهرام بۆی هەڵبژاردم مار بوو دوچاوی ئاقیقی هەبوو زۆر جوان‌و گرانبەها بوو.

–ئیتر نۆبەی جلی بووکە ئەزیزم،حەزدەکەم بەدڵی خۆت بێت تەنها ئەرکی من ئەمەیە بتبەمە باشترین فرۆشگا، ڕۆشتین هەڵمانگرت، جوانترین‌و ناسکترین جلە بووك، گوێ بەنرخەکەی مەدە ئەزیزم، پارە خەرجکردن بۆ عەشق تام‌و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، کراسێك دامێنەکەی چەندین مەتر لەزەوی دەخشا، بەڵام کەمەری تەنها شەست سانتیمێك دەبوو، تاجێك بەبڵندی دەسانتیمێك بەیاقوتو نقێمی گرانبەها دەوری گیرا بوو، کاتێ چەکی پارەکەی دەنوسی دەیوت ئەم جلانە تەنهاو تەنها شایانی شاپەری خۆمە، ئەو پێڵاوە پاژنە بڵندانەی بۆی هەڵبژاردبووم بالآی لەگەڵ بالآی شەهرامدا ڕێك دەکردمەوە بەکورتی هەرچییەك دڵ ئارەزوی بکردایە بۆی هەلگرتم، دەیوت لەوەی کە هاوسەرێکی بەسەلیقەم هەیەو باشترینیان

شەهرامی دڵ و گیان چۆن بەرزییەوە چەن جوان دەدرەوشانەوە، ئاه.. کچێك هەموو تەمەنی لەچوارچێوەی ماڵێکی بەرپوتی لادێدا بەسەر بردبێت چۆن دەتوانێ.....نەدەبوو کات بەهەدەر بدەم، جلەکانم لەبەرکرد، پێڵاو و پاڵتۆ، جانتاکەم کردە شانم، لەئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆمم کرد، نا..نا.. ئەمە من نیم، چەن گۆڕا بووم، هێندەش پەرێشانی شەهرام بووم نەمدەپەرژا چەند ساتێك سەیری خۆم بکەم یان جلەکۆنەکانم کۆ بکەمەوە، بەپەلە دەرگاکەم داخست بەڵام، چۆن بچمە خوارەوە، من هیچم لەئاسانسوارەکە نەدەزانی وا باشترە بەپێ بچمە خوارەوە، بەڵام کاتژمێرێکم پێنەچو تاکو پلیکانەکانم ئەبڕی، بۆیە لەبەر دەرگای ئاسانسوارەکەدا وەستام تا یەکێك پەیدا بێت و لەگەڵیدا سواربم.

نزیکەی پێنج خولەکێك وەستام تا سەرەنجام پیرەژنێك بەخۆیی گزچانێکەوە لەژوورەکەی هاتە دەر، لەگەڵیدا سوار بووم، لە ژێر چاویلکەکانیەوە دیقەتی ئەدام بەڵام لەچاو مندا هێندە کورتە باڵا بوو داماوە ئەبووایە بۆسەیرکردنم تەواو سەری هەڵبڕییایە، پێکەنینم دەهات! کاتێ دابەزیم کۆمەڵێك چاو تەماشایان ئەکردم لەنێوانیاندا شەهرام، هەرکە نزیکتر بوومەوە لەژێر لێوەوە چپە چپێکی کردو وتی:

– ماشاالله، خواگیان لەگەورەییت، سوپاس بۆتۆ پەروەردگار. توامەوە! بەوەی بەچاوی هاوسەرییەوە شانازییم پێوە دەکات.

– حەز لەچ خواردنێك ئەکەیت ئەزیزم؟ بەڕاستی شای پەرییەکانیت! عەشقت لە ناخمدا ڕیشەی داکوتاوە، سۆزت لەدڵمدا لانەی کردووە، تۆ شەو و ئاسۆی بەیانمیت شاپەری!

لە چێشتخانەی ئوتێلەکەدا دانیشتین و داوای چەند جۆرێك خواردنی نایابی کرد، بەڕیتمی مۆسیقایەکی ئارامبەخشەوە نانەکەمان خوارد، هێشتا ئۆتۆمبیلەکەی لەپارکینی نەخۆشخانەکە بوو، پێی وتم هەر لێرە چاوەڕوانبم تا ئەچێت ئۆتۆمبیلەکەی دێنێت، دووبارە بەفر دەستی کردەوە بەبارین،

سەیرکردنی ئەو دیمەنە لەمدیوی پەنجەرەکەوە وەکو وێنەی فۆتۆگرافی نێو گۆڤارەکان بوو لەپڕ دەنگێك وتی:

– خانم؟

ئاوڕێکم دایەوە هەمان پیرەژنەکە بوو، کیفێکی بچوك لەمەچەکیداو هەردوو دەستی لێك ئالاند بوو، تەواو سەری هەڵبڕیبوو تابتوانێ سەیرك بکات وتی:

– ئێوە نیشتەجێی ئەم ئوتێلەن؟ بزەیەکم کردو وتم:

– بەڵێ.

– تازە مێردت کردووە؟

– بەڵێ.

بێدەنگ بووچەند ساتێك دواتر بەرەو دواوە ویستی بڕوات، وتم:

– خانم، دایە؟

گەڕایەوە،پێکەنیو وتم:

– ئەتوانم بڵێم ئەو پرسیارەت بۆ کرد؟

ئاماژەیەکی بۆ چێشتخانەکە کرد، خێرا چاوم چویە ئاراستەی ئاماژەکەی، پیاوێکی سمێڵو ڕیش خورمایی کەمێ سەر ڕوتاوە سەیری ئەکردم.

پیرەژن بەدەنگێکی لەرزۆککە بۆنی نائومێدی لێدەهات وتی:

– ئەوە کوڕمە، ئەمساڵ کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کردوە هاتینە تاران نوسینگەیەك بکاتەوە، بەلام.... وەك بڵێی بەنسیب نەبوو بێت تۆ ببیتە بووکی من!

پێکەنیم: بووکی تۆ؟!

– هاتبووم، بەڕاستی تۆ داوا بکەم بۆ کوڕەکەم، کاتێ لەئاسانسوارەکەدا بوویت لەدڵی خۆمدا وتم: گەر ببیتە بووکم، کوڕەکەم بەختەوەرترین پیاوی دنیا دەبێت!

لەدلی خۆمدا وتم گەر ئەم پیرەژنە بزانێ من کاتژمێرێك پێشتر لەکوێ بوومو لەکوێ دەژیم ئایا هەر بۆ کوڕەکەی خۆی داوا دەکردم؟ بەخوا خەلکی ئەقلیان لەچاویاندایە، مەحاڵە بزانێ من کێم و باوکم چکارەیە، ئەو کاتە بیەوێ ببمە هاوسەری کوڕە ئەندازیارەکەی، بەلام تاکە کەس هەر شەمرام بوو بەهەموو هەل و مەرجەکانمەوە، هەمان ئەوەی کە هەم پەسەندم بکاتو هەڵمبژێرێت.

پیرەژن پشت پێی هەڵکردو ڕۆشت، سەیری هیچ کامێکیانم نەکرد نەکوڕە ئەندازیارەکەی نە خۆیشی، پشتم تێکردنو لەپەنجەرەکەوە دیسان سەیری دەرەوەم دەکردو نوقمی ڕوناکیاکانی شەمرام بوومەوە.

نازانم چەندی پێچو، هەرچەن بوو خەریك بوو بۆ شەمرام دلم دەردەمات، لەپڕ دەرکەوت لەحەوشەی ئوتێلەکەوە دەستێکی بۆ هەڵبڕیم بانگی کردم.

- ئەزیزم زۆر چاوەڕوانم کردیت، دلم هەزار خەیالی کرد.

داوای لێبووردنی کردو دەستی گرتم سەیرێکی پیرەژنو کوڕەکەیم کرد چاویان بڕیبوویە شەمرام، لەکاتێکدا شانبەشانی شەمرام دەڕۆشتم ئەتوت پێ بەزەویدا نانێم و لەحالەتی فڕیندام، هەروەك "شا"یەك دەست لەنێو دەستی شەمرام لە ئوتێلەکە هاتمە دەر، دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی بۆ کردمەوە وتی:

- ئەمشەو سەر لەبەری هیواکانم دێنە دی.

سوار بووم، دەنگی مۆسیقا، هەڵمی گەرمی ناو ئۆتۆمبیلەکە بۆنی عەتری شەمرام سەراپای ئەو فەزایەی تەنیبوو، ئەو بوو کەشوشە هەڵواسراوەی ئاوێنەکە بەردەوام دەشەکایەوە، یەکبەیەکی شەقامەکانی دەبڕی و جارجارە سەیرێکی دەکردم، کاتێ هێمای ترافیکەکە سور بوو وەستاین منالێکی گولفرۆش بەسەبەتەیەك گولەوە چەترێکی هەڵدابوو هاتە بەردەممان وتی:

- کاکە گوڵ ناکڕن؟

شەهرام لەکاتێکدا جامی ئۆتۆمبیلەکەی دادایەوە وتی:

– بەسەر چاو ئەمشەو هێنـدە خۆشـحالم هـەموو ئـەم گولانـە دەکـرم!

چەند لقێکی لێوەرگرت، مشتێ پـارەی پێـداو، بڕۆ هەرچـەنێکی تریـشت پێماوە بیدە بەخـەڵکی تـریش، بـەژنو مێـردی جـوان، بڵـی ئەمـشەو شـای پەرییان دەچێتە کەژاوە!

بڵێ ئەمشەو شەهرام بەهەموو ئاواتو ئارەزووەکانی دەگات!

لقە گوڵەکانم لێوەرگرتو لەژێر لێوەوە وتم:

– ئەمشەو، نا.. هەفتەیەکی تر دەچینە کەژاوەوە!

– بۆمن هیچ جیاوازییەکی نییە، ئەمشەو تۆ کۆتا وەڵامت دامـەوە، بۆیـە هەر ئەمشەو یەکەم هەنگاوت نایە کەژاوەی دڵمەوە.

ڕۆشتین، ماڵی بـاوکی شـەهرام لەشـەقامی "نیـاوران" بـوو ماڵێـك، نـازانم چۆن بڵـێم، چـوینە کۆشـکێکەوە، کۆشـێك سـەراپای شوشـەبەند، ئەڵقـەی دەوری کۆشـکەکە بـەدرەختی کـاج تـەنرا بـوو، بـەباخێکی دارو درەخـتو بـاخێکی گـوڵ و گـوڵزاردا چـوینە ئاپارتمانەکـەوە، هـۆڵێکی گـەورەو ڕازاوە لەناوەڕاستدا پلیکانەیەکی مارپێچی بـۆ نهـۆمی سـەرەوە کۆتـایی دەهـات، هۆڵەکە دووبەش بوو، بەشێکی تاقمێك مۆبیلیاتی سەڵتەنەتی تێدا دانرابوو، بەشەکەی تریش مێزێکی بیستو چوارکەسی کەتـەواوی تەختـەو دارەکـانی بەسەدەفـو مرواری گرانبـەها تـەنرابوو، زەویەکـە بەچـەندین جـۆر فەرشـی ئەنتیکەو نەخشو نیگار داخرا بوو، چەندین مۆمدانی زیوینو قاپو قاچاخی گرانبـەها دانرابـوو، چـەندین پەیکـەری چـینی کـە هەریەکـەیان لـەجۆرە مادەیەکی گرانبـەها دروستکرابوو، ئوتـۆمبێلێکی بـچوك لـەولای هۆڵەکـەوە وەستا بوو پڕ بـوو لـە قـاپو قاچـاخی ئەنتیکـە، پێـچکەکانی ئـاوی ئـاڵتون درابونو دەبریسکانەوە، شەهرام بنباڵی گرتم وتی:

– باوکمو دایکم لەنهۆمی سەرەوەن بابچین بۆلایان.

بەهێواشی بەپلیکانەکاندا سەرکەوتین، لەسـەرەوە دەنگـێکم هاتـە گـوێ

وتی:

– خانم، ئاغا، شەهرام تەشریفیان هێنا!

تێگەشتم دەنگی خزمەتکارەکە بوو، پێم نایە کۆتا پلەو جوانیو نایابی ئاپارتمانەکە چەند بەرامبەری تری نواند، کتێبخانەیەکی گەورەم لەوسەری هۆڵەکە بینی، چەندین قەنەفەو مێز بەخڕی دانرابون، پیانۆیەك لەبەردەم کتێبخانەکەدا بوو، پێنج شەش ژوری نوستن دەرگاکانیان لەسەر ڕێڕەوەکی بوو.

پیرەمێردێك سەرگەرمی پیانۆ لێدان بوو، ناسیمەوە، پێشتر وێنەکەیم دیتبوو، هەرکە چاوی پێمکەوت بەرزە پێ هەستاو بەرەو ڕووم هات، لەلایەکی تریشەوە ئافرەتێکی بالآبەرز کە قژێکی کورتی زەیتونی هەبوو ئالتونو جەواهێرێکی زۆری پێوەبوو، دەرکەوت ئەمە دایکی شەهرامە چونکە پێشتر وێنەکەییم دیتبوو، سلآوێکم کرد.

دایکی شەهرام وەك مشتەرییەك بەچاوێکی کڕیارانەوە لەنوکی پێمەوە تا تەوقی سەرم لێم وردبوویەوەو وەلآمی سلآوەکەی دامەوە:

– دەك هەزار ماشەلآ لەم حۆری بەهەشتەی خوا، ئافەرین شەهرام.. ئافەرین شەهرام... بۆخۆتو سەلیقەت، ئەلهەق چویتەوە سەرباوکت.

پێکەنینم دەهات بەلآم دانم بەخۆمدا گرت، باوکی وتی:

– ناوی ئەم بووکە تازەی بنەماڵەکەی رامشت پێنەوتم.

شەهرام هەستی بەو ڕەزامەندییەی باوكو دایکی کردبوو لەخۆشیدا خەریك بوو لەشەقەی باڵی دەدا، وتی:

– هەمان ئەو ناوەناسکانەی کەتۆ حەزیان لێدەکەیت باوکە گیان "شاپەری"

– بەه..بەه..ناوی ئەفسانەو داستانەکانە، چەن ناوێکی خۆشە، مرۆڤ دەکاتە خەو!

دایکی شەهرام سەیرێکی جلەکانی کردم هاوشانی قسەکانی مێردەکەی

وتی:

– دیارە بووکەکەمان بەسەلیقەیە، ئەمشەو بۆ یەکەم دیداری چۆن جلێکی لەبەرکردووە!

پاشان ڕویکردە شەهرام و وتی:

– گەر پێت خۆش بێت تەلەفۆن ئەکەم بۆ پورت و خاڵت با ئەوانیش بێن بۆ ئێرە، پاشان بەرەو تەلەفۆنە ئالتونییەکە چوو وتی:

– لەوەی کە بووکەکەمان هاوزمانی خۆمانە گەلێك خۆشحاڵم، هاوکات چاووم چویە سەر ئەو تابلۆیەی بەدیواری هۆڵەکەوە هەڵواسرابوو، وێنەی بووك و زاوایەکی لەتابلۆیەکی دەمەو ئێوارەی کەنار دەریایەکدا تێدا کێشرابوو، وێنە براکەی شەهرام و هاوسەرە ئەمریکاییەکەی بوو کە لە نیویۆرك دەژیان، باوکی الیزابیس، سەرمایەدارێکی ملێۆنلێر گەورەی ئەمریکی بووکە پێشتر شەهرام بۆی باسکردبووم، باوکی منیش.....

بەڵام شەهرام زۆرجار دەیوت تاڵێك لەقژی من ناگۆڕێتەوە بەهیچ کچە دەوڵەمەنێکی ئەمریکی، چونکە براکەی ئەوەندە بەختەوەر نییە، باوك سەرگەرمی کاری خۆی، واتە لێدانی پیانۆ، دایکیش سەرگەرمی قسەکردن لەگەڵ خوشکەکەی.

شاپەری، حەز ئەکەی ژورەکەم بینیت؟

– هەمیشە ئارەزوو دەکەم لەگەڵ دەرگاو دیواری ژوورەکەی تۆدا بدوێم، بۆنی تۆ لەفەزاکەیدا بکەم، لەئاوێنەکەیدا بەدوای نیگایەکدا وێڵ بم. بە دویدا چووم، کاتێ پرسیم دەبێت چی ببینم؟ هیچ وەڵامێکی نەدامەوە ئاماژەیەکی کرد دوای کەوم، دەرگای ژوورەکەی داخرابوو، کلیلکەی لە گیرفانی دەرکردو لەکاتێکدا بزە لەسەر لێوەکانی بوو نیگایەکی کردم دەرگاکەی کردەوەو دەستێکی درێژ کرد:

– بفەرموو خانم، زۆر بەخێربێیت.

بەرلەچونە ژوورەوەم چاووم کەوت بەهەمان ئەوەی ئەو دەیویست

بیبینم، تابلۆیەکی نایاب ڕوخسارێکی ئاشنای وەك خۆم، خودی خۆم بووم، بەخەتێکی ورد لەحاشیەکەی نوسرابوو"شاپەری"، سەیرێکی شەهرامم کرد نەمتوانی بەر بگرم بەلێشاوی فرمێسکەکانم، واقم وڕمابوو، نەمدەزانی فرمێسکی شادییە، فرمێسکی ناباوەڕی بوو، فرمێسکی خەیاڵ نەبوو، فرمێسکی ڕوئیاکان نەبوو، بەڵکو عەشقێك ئەو فرمێسکانەی بانگهێشت کردبوو.

– ئەوە دەگریت، ئەزیزم؟ شاپەرییەکەم، ئەمشەو شەوی پێکگەیشتنمانە، کەچی لەم شەوەدا خەم دەکەیتە دڵە بچوکەکەت؟

چومە ژوورەوە ستۆدیۆیەك، تەلەفزیۆنێکی مودێل بەرز، تەلەفونێك کۆمپیوتەرێك، کۆمەڵێك تابلۆی نایابو وێنەکانی خۆیو باوكو براکانی، خوشکە بچوکەکەی کە لەزانکۆی ئەمریکا بوو بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو لەگەڵ وێنەکەی خۆمدا کەخانم رامش هەڵیواسیبوو، کتێبخانەکەی پڕ لە کتێب بوو لەوانە ڕۆمانی"عەشق یانی چی؟" کەئارەزومدەکرد لەداهاتودا بیخوێنمەوە، ڕوخسارێکی خەندانی هەبوو، بەڵام برۆکانی هاتبونەوە یەك هەر بۆیە ڕوخساری شەقڵێکی تایبەتی بەخۆیەوە گرتبوو:

– گەر خوێندنەوە نەبووایە چۆن تۆم دەناسی شاپەری من، تۆ دەزانی کەپەری دەریای دڵی منیت؟ پەری چیرۆکەکەی منیت؟ دەزانیت هەر ئەمشەو پێت نایە کتێبی چیرۆکەکەمەوە ڕەونەقێکت بە نوسینەکانم بەخشی، دەزانیت بەو ناوە جوانەت بەهەر وشەیەك ڕەنگێکی تازەی عەشق دەبەخشیت؟

دەنگی دایکی شەهرام لەنێو مۆسیقادا نووقم دەبوو:

– منالەکان! وەرنە خوار هەر ئێستا میوانەکان دەگەنە جێ.

کاتژمێرێك ڕابووردی، لە هۆڵەکەی خوارەوە دانیشتبووین قورئانێکمان لەبەر دەستدا بوو لەژێر لێوەوە دەمانخوێند، دەرگای هۆڵەکە کرایەوەو میوانەکان هاتنە ژوورەوە، شەهرام بەئەسپایی قورئانەکەی ماچکردو لەسەر

مێزەکە داینا، لەنێوان میوانەکاندا چاووم کەوت بە سۆزان، ڕکەبەری مـن زۆر جوان بوو، بەڵام من هەستێکی سەیرم بەرامبەری هەبوو، هەستامە سەر پێ دایکی، یەك یەکی پێناساندم:

– بووکی خۆم، شاپەری..... خوشکم سەیری بکە بزانە شەڕ لەگەڵ مانگ دەکات، هەر ئەڵێی فریشتەیە، حاجی تەماشاکە، بزانە دادەت چ بووکێکی هەیە، ئەلهەق پەرییە بەڕاستی ئەجابەت لەڕوخساری ئەبارێت، تەنا تاریفی جوانییەکەی ئەکردم، بەژن‌و باڵام، ئەجابەتم، بەڵام ئەیدەوت کچی فلان الدولەم، باوکم سەرتیپە یا سەر لەشکر، کارخانەمان هەیە یا کۆمپانیا ئەیدەوت دایکم کچی فلان خانە... هیچ دەنگۆیەکی ئەمانەی ئەبوو، نە لە براکەم کە دکتۆر یا ئەندازیارە نە لەخوشکەکەم کە.... تەنها هەر خۆم‌و خۆم، ئەموت باوکە باخەوانەکەم تاق‌و تەنها لەئەخۆشخانە کەوتوە، ئەیانوت جلەکانی بۆنی گیاو گوڵی لێدێت، ئەموت ماڵمان لەکام شارو کام شەقامە، کەسیش ئەیپرسی سەردانی چ وڵاتێکم کردووە.

خانم ڕامش بەرلە هەمووی ماچی کردم‌و ڕویکردە مێردەکەی‌و وتی:

– ئەزیزم، لەم دەسکەوتەیدا قەرزاری میهرەبانی تۆیە.

خانم ڕاستی دەکرد، گەر دەرمانگاکەی دکتۆر ڕامش‌و پێشوازی دڵسۆزانەو بەسۆزانەکەی ئەو ئەبوایە، من لەکوێ شەهرام دەناسی، شەهرام چۆن دەیتوانی خواستەکانیم پێ بڵێت، ئەمەش هەر دکتۆر ڕامش بوو ماڵ‌و ژیان‌و دەرمانگاکەی لەبەردەممانـدا واڵا کردبوو. ئاغای ڕامش کێکێکی گەورەی بەدەستەوە گرتبوو، لەسەر مێزەکەی بەر دەممان داینا‌و دەستی کرد بە قاژ کردنی، وردە وردە دەنگی پیرۆز بێت‌و پیرو خەڕۆ بن ئینشەڵا بەختەوەر دەبن بەگوێمدا دەهات‌و دەچون، بەو هەموو شادی و خۆشییە خەمە گەورەکانی دڵم دەڕەوینەوە، پێویستم بەدایکم بوو وەك دایکی شەهرام نوقڵ‌و پارەم بەسەردا بکات، باوکمم دەویست هەروەك باوکی ئەو بەخێرهاتنی میوانەکان بکات، خوشك‌و برایەکم دەویست وەك

ئەوان ئەشکی شادییان پەنهان بکەن و لەناخیانەوە هیوای بەختەوەریم بۆ بخوازن.

– شاپەری، ئەزیزم، ئەو چەقۆیە بگرەو کێکەکە قاژ بکە. دەنگی هەلهەلە فلاشی فۆتۆگراف کاسیان کردم، پەنجەم لەژێر نقێمی ئەلماسی ئەلقەکەدا هاواری سوپاسێکی دەکرد کە تەنها هەر خۆم دەمبیست، ئەمە شەهرام بوو خۆشبەختی خەڵات دەکردم، تەنها هەر ئەو بوو بەدزی دایک و باوکیەوە ئەلقەی گرانبەهای بۆخۆی کڕیبوو، هەر ئەو بوو منی کردبوویە شاپەری، من چۆن و بە چ زمانێك بتوانم سوپاسی بکەم، جگە لەوەی بەهەموو توانایەکەوە قەدری بزانم و بێخەوشی و وەفاداری لەبەر پێیدا هەڵڕێژم.

ئەوشەوە بەتەواوی باس لە پلان و بەرنامەکانی شەوی بووك و زاواییمان کرا، دایکی حەزیدەکرد لە پالاسە گرانبەهاکاندا بێت، باوکیشی دەیویست لەماڵی بابە گەورەی شەهرامدا ساز بکرێت ئابڕومەندانە ترە، لیستی میوانەکان ڕێکخرا، ئەوەی لێی دەترسام بەرۆکی پێگرتم. دایکی شەهرام بانگی کردم:

– شاپەری گیان، ئێوە چەن کەس دەنگ دەکەن؟

ئەمدەتوانی بەر بەتەنگە نەفەسیەکەم بگرم، هەموو سەیری دەمی منیان ئەکرد، چاوەڕێی وەڵامێك بون، سەرەنجام درۆیەکی گەورە هاتە سەرزمانم وتم:

– زۆربەی کەسە نزیکەکانم لەئێراندا نین، کەسە دوورەکانم نەبێت لەوەش ناچێت بەم وەرزی ساردو سەرمایە تاقەتی زەماوەندیان هەبێت.

سوزان لەهەموویان زیاتر چاوی تێبڕیبووم، زرقو برقی جلەکانم لەژێر تیشکی گڵۆپەکاندا ئالو والا ئەدرەوشانەوە، زیاتر ئەمتوانی دەموچاویان بخوێنمەوە.

پوری شەهرام بەدەنگێکی فەرماندانە بە شەهرامی وت:

– شەهرام گیان هەستە وێنەیەك بۆ یادگاری لەگەڵ سۆزاندا بگرە.

شـەهرام سـەیرێکی کـردمو هەسـتا، غیرەیـەك گرتمـی، حـەزم نـەدەکرد هەستێت، بەتایبـەت وێنـەش لەگـەڵ سـۆزاندا بگرێـت، پێکـەوە وەسـتان، خەریکبوو لەپێستی خۆم دردەچووم، بەسەر خۆمم نەهێنا، بەدەست خـۆم نەبوو، چونکە دەسگیرانی پێشووی بوو، من زۆر پێـی بێـزار بـووم، برۆکـانم هاتنـە یـەكو سـەیرم نـەکردن، چـەقۆت لێبدامایـە خـوێنم لێنـەدەهات، زۆر پەستو بێتاقـەت بـووم، کـاتێ گـوێم لـەقاقای پێکەنینـەکانی سـۆزان بـوو، ئەتوت چەقۆ ئەکەن بە ئێسكو پروسكمدا!

بەپێکەنینـە بزوێنەرەکـەی هـەموویانی هێنابوویـە پێکـەنین جگـە لـەمن، هەناسە لەسینەمدا پەنگی خواردبوو، شەهرام هاتە تەنیشتم پێکەنی وتی:

– ئەزیزەکەم بۆ بەتەنها دانیشتویت، وەرە ئەم قەرەباڵغیە، تۆ ئەمشەو بوویتە بەشێکی سەرەکی ئەم خێزانە. بەڕاست بیرم چوو پێـت بڵـێم، حـەز ئەکەیت لەبەردەم تابلۆکەی خۆتدا وێنەیك بگریت؟

بۆ ئەوەی چەند ساتێك لای ئەودا بم وتم:

– خراپ نییە.

کامێراکەی هەڵگرتو چوینە نهۆمەکەی سەرەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، لای تابلۆکەدا وەستام و شەهرام وێنەکی گرت.

– شاپەری، ئەمشەو شتێك بێزاری کردیت؟

زۆرم حەزدەکرد مەسەلەی سۆزان بێنمـە گـۆڕێ، بـەڵام هەرچـەندم کـرد پرکێشیم نـەکرد، ترسـی ئـەوەم هـەبوو شـەهرام دڵـی شتێك بکـاتو بێتـە یادگارییەکی تاڵی شەوی دەسگیرانی.

*** *** ***

من لەناخەوە ئازارم ئەچەشت، کەمو کورتییەکانی ژیان بووبونە گرێکوێرەیەك، شەهرام تاوانێکی نەبوو، تەنها تاوانی ئەو ئەوە بوو، کچە باخەوانێکی عاشقی خۆی کردبوو، من دیلی هەناسەکانی ئەو بووم، ئەو بەتەواوی دڵنیای کردبووم بەڵام، بۆچی چارەی خێزانەکەییم نەدەویست؟

بۆ حەزمنەدەکرد نوقمی شادییەکانی ئەوانبم، وەك ئەوان ڕەفتار بکەم، تاوانی سوزان چی بوو، دەیویست لەگەڵ کورە پورەکەیدا وێنەك بۆ یادگاری بگرێت، مەگەر من دەمتوانی لەبەر خاتری خۆم خەندەی لێوەکانیان بتارێنم.

- شاپەری گیان؟

- بەڵێ، شەهرام.

-کاتێ بەوشەی گیان بانگت ئەکەم، واتە تۆ گیانی منیت، تۆیش بەگیان بانگم بکە بزانم منیش گیانی تۆم؟

هەردوکمان پێکەنین:

- بەسەر چاو شەهرام گیان.

- وابزانم درەنگی کرد، باشترە بتبەمەوە بۆ ئوتێلەکە، بەیانی زوو ئەبێ دەستبەکاربین بۆڕێژی ئاهەنگەکەمان، وێنەگرو دابەشکردنی کارت، پشکنینی خوێنو ئامادەکردنی کێك، میوەو خواردن ئامادەکردن کاری باوکمە، پاشان لەگەڵ خوشکەکەمدا بچیت بۆ ئارایشگایەك سەرە بگریت، ئەمەوێ جوانترین بووکی دنیا بیت، پاشان مەسەلەیەکی تریش هەیە کە حەتمەن ئەبێت.... قسەکەی قوت دایەوەو بێدەنگ بوو.

کەزادی
بۆکسینی
تایە

– بڵێ، شەهرام... شەهرام گیان بڵێ.

نەیتوانی خەندەکەی بشارێتەوە وتی:

– بەڵێن ئەدەیت بێتاقەت نەبیت؟

– هەرگیز بێتاقەت نابم، ئەزانی بۆ؟ چونکە دڵسۆزی منیتو هەموو شتێك لەبەر خاتری من ئەکەیت، لەهەموو ڕابردووم ئاگاداریت تەنانەت لەو درۆیانەی لەگەڵ خێزانەکەتدا کردومە، تۆ تاکە ڕازێکی منیت.

– باوکت، شاپەری، بەخوا مەبەستی خراپم نییە، چەندین جار وتومە ئەو وەکو باوکم وایە، حەزناکەم دڵت بچوکترین شت بکات، حەز ئەکەم لەڕۆژی ئاهەنگەکەدا زۆر ڕێكو پێك....

نەمهێشت قسەکانی تەواو بکات وتم:

– قسەی تۆیە، من لەتۆ تێدەگەمو تۆیش لەباوکم.... هەناسەیەکم هەڵکێشاو هەستام:

– درەنگە، با بگەڕێینەوە بۆ ئوتێلەکە.

***

تاکو دەرگای دەرەوە بە ڕێیانکردم، بەفر هەموو جێیەکی تەنیبوو، سەیرکردنی بەفرو بەستەڵەك چ لەزەتێکی ئەبەخشی، زستانم لێ بوو بوویە بەهارێك.

– شاپەری؟

– گیان.

– چیتر دڵم ئاشنای شکست نییە، وەرزی نەهامەتیەکانم بەسەرچونو گەشتمە وەرزی گەرمی عەشق، دەمویست ئەمشەو پڕبەدڵ ئەشکی شادی بڕێژم، بەڵام دەترسم شانەکانت ماندوو بن.

من عاشقی شەوی بلورینم شاپەری گیان.

عاشقی شەوی ماتو بێدەنگم شاپەری گیان.

خەمی عەشقت چەن شیرینە شاپەری گیان.
ئەمشەو خونچەی تریفەی مانگەشەو پشکوت شاپەری گیان.
دەیوت و من لەزەتم دەبینی، نیگام دەکردو لەناخەوە هەزارانجار خۆم دەکردە قوربانی، هەموو ئەندامەکانی جەستەم دەرکیان بەو عەشقە دەکرد، ئەشك هەر وەك شەونمێك کەدەتکێتە سەر گەڵاکان بەسەر گۆناکانمدا قەتارەیان بەست، دەنگی ئەو عەشقە لەناخمدا دەزرینگایەوە.
گەشتینە بەردەمی ئوتێلەکە، کاتی خوا حافیزی هاتبوو. دووبارە دڵم گیرا. خەریك بوو دەپچڕا، نا... نەمدەویست بپچڕێت:
– چیت وت خۆشەویستەکەم؟
هیچم نەوت، دابەزیم، هەمان سات شەهرامیش دابەزیو چەترەکەی بەسەرمەوە گرت، بڕیارماندا سبەینێ چاوەڕوانی بکەم.
– بریا توانیبام تا بەیانی لەلات دەبووم، چەن زوو ڕابرد، ڕێگە چەن زوو بڕایەوە.
شەهرام، پێکەنی وتی:
– ڕێگەی عەشق هەمیشە هەروا کورتە ئازیزەکەم.
– شاپەری؟
– گیان و دڵ!
وتی:
– بێ تۆ چرکەکانیش بەپەنجە ئەژمێرم تاکو پێت دەگەمەوە!
وتم:
– تا ڕۆژ دەبێتەوە گوێ بۆ پەیامی با شل دەکەم، لەبەفرەکەدا سەیری شوێن پێکانت دەکەم، کلوی بەفرەکان دەژمێرم بزانم تا بەیانی چەن شازادەی بچوکی سپیپۆش شوێن پێکانت ماچ دەکەن هەرچەن بەخەیاڵیان پێدەبەم، بەڵام فرسەتیش بۆمن زۆرە، پاشان لەجێ تیری نیگایەوە کەڵە

قووڵایی دڵم چەقیبوو خوێن قوڵپی دەدا، لەژێر لێوەوە بەدەم هاوارێکی تاساوە خواحافیزییم لێکرد، جەستەم چویە ژوورەوە، بەڵام ڕۆحی سەرگەردانم بەدوای شەهرامەوە بوو، دەستم بۆ خواحافیزی درێژکرد.

ئەو شەوە هاودەمی هەموو ساتەکانی تەنیاییم زرینگانەوەی دەنگی شەهرام بوو، بەردەوام لەگوێمدا ئاهەنگیان دەگێڕا، وێنەی شەهرام لەسینەمدا توند گوشیبوو دەردی دڵم بۆ چاوەکانی دەکرد، دەمێ تنۆکە ئەشکێ دەتکایە سەر وێنەکەو بەگۆناکانم پاکم دەکردەوە پاشان بەنا باوەڕییەوە دەمسڕی، گڵۆپەکانی شار تاکوتەرا دەبریسکانەوە، خۆزگەم بەو کەسانەی بەخاترجەمییەوە نوستبوون، خۆزگەم بەو کەسانەی بێدارن‌و وەك من لەچاوەڕوانیدان لەنێو ئەم جەنجاڵییەدا کەهەر یەکەوگرفتاری دەردێکە ئاخۆ کێ بێت ئاگای لەدەردی دڵی من بێت،؟ کێ ئاگای لەمن بێت، تاقە کچێك چاوی لە ئایندە بڕیوەو لەگوماندایە ئایا ڕۆژگار نیەتی گاڵتەپێکردنە یان چەرخی گەردون دەیەوێ پێم ڕابوێرێت، ناشێ گاڵتەبازی دەستی چارەنوس بم.

"خوای بێ خوا" تۆکە لەم دڵە خوێنینەی من بەئاگایت دەزانی منێکی بێ دایك‌و بەدبەخت چەندین شەوی بێشێو سەرمناوەتەوە، تنۆکی ئەشکی حەسرەتم لەباوکە پیرەکەم شاردۆتەوە، خوایەگیان گاڵتەم لەگەڵ نەکەیت، خواگیان توانای ئەو بارە گرانەم نییە، بەچەرخی گەردونت بڵێ نەمکاتە گاڵتەبازی دەستی خۆی، گەر ئەو نیازەی هەیە ساڵانێکە لەناڵەو ئاهم لەزەتی بردووە، خواگیان هەر ئەمشەو گیانم بکێشەو، بەڵام شادیم لێ نەکەیتە ژەهری مار.

چاوم بڕیبوویە میلی کاتژمێرەکە، دوژمنم نەبوو، بەڵام نەیدەویست بڕوات، کەواڵە هەورە تازیەبارەکان نەیاندەویست بەرگی ڕەشیان داکەنن‌و مۆڵەتی دەرکەوتنی هەتاو بدەن، هەروەك سوڵتانی زاڵم لەشکر کێشیان

دەکرد.

سەرێکم بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و ناڵاندم:

"لەگەڵ خۆردا وەرە! من نیازمەندی ئەو ئاسۆیەم. دەنگ لەگەروما بەئاساوی دەردەهات، سودێکی نەبوو، ئاسمان گوێی بەم هاوارو ناڵەی من نەدا، کەژاوەکەم بەتوندی و بەتوڕییەوە دادایەوە، سەرمام بوو، هەستی بەتاڵ بونەوەم دەکرد، کەسێکم لەلا نەبوو گەرمم بکاتەوە، دەستیك نەبوو بملاوێنێتەوە، بۆنی شەهرام هێشتا لەلوتمدا بوو هەرچەن سات جارێك هەستەکانی دەگۆڕیم: بەسەرچون شەوانی تەنیایی، بێدەنگی دڵ، گەیشتنە کۆتایی، ناڵەی شەوان، هەفتەیەکی تر مێردم هەیە، سەر بەسەری مێردەکەمەوە دەنێم، هەست بەسەری هاوسەرەکەم دەکەم لەسەر شانم، هەناسەی شەهرام لەهەناسەمدا ون دەبون دەستم لەملی دەئاڵێنم، دەستەکانی ئەویش تنۆکەی فرمێسکەکانم دەسڕن، هەفتەیەکی تر دەردی دڵم هەڵدەڕێژم، دڵنەواییم دەکات، تەسکینی دڵم دەداتەوە.

شەو ڕاشکا، بەیانی چاوەڕوانی گەشت، تازە چاوەکانم دەچونە خەو، ڕاچەنیم، ئەتوت فیشەکە شێتە لەژێرپێم نراوە، چومە بەر ئاوێنەکەخۆم گۆڕی، پاڵتۆم لەبەرکردو دەسکێشەکانم کردە دەستم، پوتەکانم هەڵکێشا، گرێی لەچکەکەم توند کردەوە، پارەو دەفتەری یادەوەریەکانم کردە جانتاکەم و دەرگام داخست و هێندەی چاو قوچانێك خۆمم لەبەردەمی ئاوێنەی ئاسانسوارەکەدا بینیەوە، کەمێك لەقژم بەئالۆسکاوی هاتبونە دەر بەپەلە کردمەوە ژێر لەچکەکەم، ڕەنگم لە بێخەویدا بزرکا بوو، لەگوماندا بووم نەك شەهرام نەیەت، درەنگ بێت، پەشیمان بووبێتەوە، ڕای گۆڕیبێت......یان... سۆزان، هەزاران بیرو ئەندێشە سات بەسات لەمێشکمدا پێشبڕکێیان بوو خۆیان لەپشت پرسیارێکی ترەوە دردەخست!

بەرچاییەکی ڕێکوپێك لەسەر مێزی ڕیستورانەکە دانرابوو، ئاوی پرتەقاڵ،

شیرمۆز، کێك، سێو، هەنگوین، قۆرییەك چای بۆندار...هتد

که کورسیەکەی شەهرامم بەچۆڵی دەبینی ئیشتیهام دەبەسرا، بەردەوام چاوم بڕیبووە دەرگای هاتنە ژوورەوەکە، لەخەیاڵی خۆمدا دەمبینی بەپلیکانەکاندا سەردەکەوت، کاتژمێرێك بەمجۆرە ڕابردو گارسۆنەکە قۆرییەك چای تازەی هێنا، هێشتا شەهرام دیار نەبوو، چاوێکم لەسەر پەنجەرەی پارکینەکەو چاوەکەی ترم لەسەر ....

خۆی بوو، هات، کاتێ لە پلیکانەکان سەرکەوت، کاتێ هەنگاوەکانی بەتوندی بەرەو لای من هەڵدەگرت، کاتێ چەپکێك گوڵی مێخەکی بۆڕاگرتم، بڕوامکرد ئەمە خەون نییە، خەیاڵ نییە، بۆنی خودی خۆی بوو، دکتۆر شەهرامی ڕامش، هاوسەری من، هەر ئەوەی لەبەر ئەو ئەتوانم هەناسە بدەم!

بەرامبەرم دانیشت، چاومان بڕیبووە چاوی یەکترو سڵاومان لەیەکترکرد، دەنگەکان دەلەرینەوە!

— جوان بوویت، شاپەری گیان جوانتر لەجاران!

گوێم لەبیستنی وشەی جوان بون ئاخنرا بوو، لەقوتابخانەو ماڵو دراوسێ، بەڵام تۆنی دەبڕینەکەی شەهرام لە هەموویان جیاوازتر بوو، جوانیم تەنهاو تەنها حەزمدەکرد لەزاری خودی خۆیەوە ببیستم، ئەتوت تەنها لەبەر ئەو جوان بووم!

ئۆتۆمبیلەکەی بەرامبەر دەرگای هوتێلەکە پارك کردبوو، چەترەکەی بەسەرمدا هەڵداو جۆرێك دەڕۆشت بۆ ئەوەی لەبەفرەکەدا هەڵنەخزێم، هێشتا ناو ئۆتۆمبیلەکە گەرم بوو بۆنی خۆی لێدەهات، مەستو خوماری کردم، گەر خەوتبام بێداری دەکردمەوە، دنیام لەچاوێکی ترەوە دەبینی، زۆر جوانو قەشەنگ بوو سپێتی بەفر لەبری ئازارەکانی ناخم شادییان دەناشت، گلەییەکم لەئاسمان نەبوو"تاهەرچەندەی دەویست بیبارێنێت"

– چیت وت ئازیزەکەم؟
ئۆتۆمبیلەکەی لێخوڕی.
مێندە لەبیستنی دەنگی چێژم بینی، وەڵامم نەدایەوە بۆئەوەی دووبارەی بکاتەوە، خۆیشی دەیزانی بێدەنگ دەبم بۆ ئەوەی دووبارە گوێم لێبێتەوەن بەتایبەت وشەی "ئازیز" کەهەر ژنێک تامەزرۆی بیستنێتی، بەڵام لەدڵێکی بێگەردەوە، لەزارێکی ڕاستگۆوە، نەک بۆ درۆو ڕیا، دڵی منیش وەک دڵی هەرکچە لاوێک خاوەنی خشتەیەک بوو خانەکانی تەنها بەبیستنی ئەو وشانە پڕ دەبونەوە.
– شاپەری، تۆ ڕازیت پانزە ڕۆژێکی تر زەماوەندەکەمان تەواو بکەین؟ لەبەر باوکت ئەمە ئەڵێم بەبێ ئامادە بونی ئەو ناتوانین زەماوەندەکەمان بکەین، ئەمڕۆ بەرلەهاتنم بۆ میوانخانەکە سەردانی نەخۆشخانەم کرد، باوکت نوستبوو دڵم نەهات بێداری بکەمەوە، دیمانەیەکم لەگەڵ سەرۆکی نەخۆشخانەکەدا هەبوو، هەڵبەت پێشتر پێم وتی سەروکی نەخۆشخانە یەکێکە لەهاوڕێ دێرینەکانی باوکم، وەڵامی پشکنینەکانو نەشتەرگەری باوکتی داوەتە پزیشکەکان، ئەمڕۆ نەشتەرگەری بۆئەنجام دەدرێ، دڵگران نەبیت کارێکی ئاسانە، تەنها دەبێ دوای چاکبونەوەی وریای بین. وتم:
– وریای بین؟
پێکەنی وتی:
– دیارە بڕیارمداوە باوکت بێنمە تارانو لەگەڵ خۆماندا بژی، پێویستی بەچاودێرییە، ناتوانین پیرەمێردێکی ئاوا لە لادێیەکی دوورە دەستدا بەتەنیا جێ بێڵین، حەزناکەم هیچ نیگەرانییەک لەژیانی هاوسەریماندا بتوانێ دزە بکاتە نێوانمان، هەردوکمان تەواوکەری یەکترین و دەبێ پەیمانی ئەوە بدەین لەخراپترین بارودۆخدا ئاگامان لەئەمانەتە بنەڕتیەکە بێت.
– وتم:

– ئەمانەتی بنەڕتی؟

وتی:

– عەشـقم لەزینـدانی دڵتـدا بەئەمانـەت ئەسـپێرمو ئەمانـەتی تـۆیش بەگیان‌ودڵ وەردەگرمەوە.

مانگی ئیسفەند بوو، دواین مانگی ساڵ کە نیەتی ماڵاوایی نەبوو بـەخیلی بەبەهار دەبرد، تەنها پانزە ڕۆژێکی مابوو بۆ جەژنی نەورۆز، شەوی جەژن، شـەوی بووکـوزاوایی مـن‌و شـەهرام، شـەوی بەیـەك گەیـشتن، هـەمان ئەوشەوەی من‌و شەهرام دەچوینە کەژاوەوە، شەوی ئارەزوەکـان، شـەوی پێنانە بەختەوەرییەوە، شەهرام لەبەردەرگای تاقیگەیەکدا وەستاو دابەزین پێکـەوە چـوینە ژورەوە، سـەرۆکی تاقیگەکـە لەوکەسـە ناسـراوو هـاوڕێو هاوکاری شـەهرام بـوو زۆر بـەڕێزو هەواڵپرسـینەوە کارەکـانی بـۆ جێبـەجێ کردین، هاوشان ئەو کەسە بوو لەگـەڵ شـەهرامدا دەرچـووی یەکساڵ بـون لەفەرنسا، شەهرام دانیشت‌و قۆڵی هەڵماڵی، کاتێ سرنجەکەی کـرد بـەقۆڵی شەهرامدا ئەتوت ئەیکات بەدڵی مندا، نەمدەویست بچوکترین ئازار بـچێژێت، چیبکەم عەشق ئەمە ماناکەیەتی.

دوای ئـەوەی پـشکنینی خوێنمـان تـەواو کـرد، دکتـۆر بردینیـە شـوێنی حەوانەوەکەی، کچە هاوتەمەنەکانی من لەوانەیە بزانن من تـا چ ئەندازەیـەك هەست بەخۆشی دەکەم، لەوانەیە بزانن لەگەڵ مرفێکی کامڵدا دەمێك لـەو گرمانەدا بووم فریشتەیەك بێت لەلای خواوە هاتبێت، هەستم بەچ خۆشی و لافـو گـەزافێك دەکـرد چـیتر پـێم لەسـەر زەوی خـودا نـەمابوو، بـەڵکو لەحاڵەتی فڕیندا خۆمم دەدیتەوە هەرساتەو غرورم زیاتری دەکرد.

بریا توانیبام بەهەمان ئەو خێراییە خۆم ون دەکرد، وردە وردە لـەڕابردو تەنانـەت لەشـاپەرییە بنەڕەتیەکـەی خۆیـشم دور دەکەوتمـەوە، لەبـەرگی شـاپەرییەکی نوێـدا خـۆمم دەدیتـەوە، کـەمتر پێدەکـەنیم‌و زیـاتر

بیرمدەکردەوە، هەولمدەدا لەقسەکردندا زیادە ڕۆیی نەکەم زیاتر گوێگر بم، زیاتر بیرم لەکەلوپەلی بووکێنیەکانم دەکردەوە، چی بکرم زۆر مایەی نێرامان بێت، چی هەڵبژێرم هەموو کەس دەسخۆشی لەخۆم و سەلیقەم بکات بەتایبەت لەبەر سۆزان، جوانترین شتم هەڵدەبژارد، خوانی گرێبەستەکەم هەڵبژاردو داوای کێکی حەوت نهۆمیم کرد، پەری دەریایی کەلەسەری نوسرابوو " شاپەری کەژاوە ".

دوای نیوەڕۆ بوو، لەهۆڵی ئەخۆشخانەکەدا ئەمسەرو ئەو سەرم بوو، شەمرام لەگەل سەرۆکی ئەخۆشخانەکەدا لەهۆڵی ئەشتەرگەری بوو، بارکمیان ئامادە کرد، لەوانە بوو گەر شاپەرییەکەی پێشوو بوومایە هیچ نەبێ چەن تنۆکە فرمێسکێکم بڕشتبایە، بەلام هێندە ئەو ڕۆژە خۆش بوو بەلامەوە تەنانەت چاوم ئاویشی نەدەکرد، ڕەفتارم گۆڕا بوو، دورنییە لەبەر جلەکانم بێت، یا بریسکەی خشلەکانی دەستم یا.... نازانم.

بەئەسپایی ماچێکی باوکم کرد، فرمێسک بەملاولای ڕیشە سپییەکەیدا قەتارەیان بەست:

- شاپەری، گەر ئەمە دواین دیدار بوو ئاگات لەخۆت بێت، شاپەری هیوادارم دووبارە چاوە جوانەکانت ببینمەوە، ئاسودەم سەرەنجام بەختەوەری تۆم بینی، خۆشحالم شاپەرییەکەی بابە !

بەلام لەوانەیە بەهەلەدا چوو بێت، ئەو لەگەل کێدا دەدوا؟ شاپەرییەکەی خۆی، یا ئەو شاپەرییەی کەنوقمی پارەو پولو خشلو زێڕو تەنیا لە بیری شەوی کەژاوەی بوکێنیدا بوو، جارێکی تریش ماچم کردەوە، پەرستارەکە بەرەو هۆلی ئەشتەرگەرییەکەی برد، دواین نیگای لەنێوان ئەلقەی فرمێسکدا لێ ئەتاراندمو ڕۆشت، دەرگای هۆلی ئەشتەرگەری داخرا، من باشترین جیازیت بۆ دەکڕم تا لە نێوان خزمو کەسەکانیدا تانەم لێنەدرێ

پێم نەوترێ جیازییەکی نییە.

دەمێ بیرم لای هۆڵی نەشتەرگەرییەکە بوو، دەمێکیش لای بازاڕ، بەڕابردنی پەرستار یان پزیشکێك بەخۆمدا دەهاتمەوە، من لەکوێم؟ بۆ لەم هۆڵەدا هاتوچۆ دەکەم؟ ئاه... باوکم لەژێر نەشتەرگەریدایە، یانی بەرگەی ئەو حاڵە دەگرێت؟ شەهرام لەلایەتی، دووبارە خاترجەم دەبوومەوە بەخۆمدا ڕۆدەچوم، بەیانی بچم بۆ کوێ؟ چی بکڕم؟ جوانترین شت هەڵدەبژێرم تا شەهرام دەسخۆشی لەسەلیقەم بکاتو چێژێك وەرگرێت!

باش نایەتەوە بیرم چەندێ خایاند، بەڵام هەرچەن بوو شەو باڵی تاریکی کێشا، هەر ساتەو ئاسمان ڕەنگێکی دیکەی هەبوو، بەفر نەدەباری، لەنێوان هەورەکاندا تاکو تەرا ئەستێرە دەبینرا.

شەهرام نووقمی بیرکردنەوەبوو، لەکاتێکدا دەستەکانی وشك دەکردنەوە هاتە دەر، نێوچەوانی لەئارەقدا دەبریسکایەوە، نێوانمان تەنیا چەن هەنگاوێك بوو، بەپەلە بەرەو ڕووی چووم:

- ماندو نەبیت، باوکم چۆنە، نەشتەرگرییەکەی سەرکەوتو بوو؟

هەڵوێستەیەکی کرد، پاشان بەسەر پەنجەی تنۆکە فرمێسکی سەر ڕومەتمی سڕی:

- تەواوی ئەو ماوەیەی لەژووری نەشتەرگەری بووم، تۆ لەبەرچاوم بوویت کە لەمدیوەوە لەچ حاڵێکدایت بەچاوی چاوەڕوانیتەوە ئەتەوێ چی لەدەمی من ببیستیت؟

- لە بەزەیی خوداو پاشان هەوڵی پزیشکەکانەوە..........

- دکتۆر ڕامش، تکایە بەزوترین کات بۆ هۆڵی نەشتەرگەری!

شەهرام قسەکە بەنیوە ناچڵ بەجێ هێشتو وتی:

- ببوورە ئازیزەکەم! بانگم دەکەن، نیگەران مەبە، گرفتێك نییە، تەنها ویستم هەواڵی تەندروستی باوکت لەدەمی منەوە ببیستیت، بۆیە بەرلە

هاتنەوە هۆشی باوکت ئەویم بەجێ هێشت.

ئەمەی وت و ڕۆشت، لەمدیو شوشە تەڵخەکانێ هۆڵی نەشتەرگەرییەکەوە سەیرمدەکرد، ئەتوت نیگاکانم تیری عاشقانە بەپشتیدا هەڵدەچەقێنن، دەیزانی لە چ حاڵێکدام، ئاوڕێکی دایەوەو سەیرێکی کردم دەستێکی هەڵتەکاندو چویە ژوورێکی تر، بەتەنیا بووم، لەگەڵ خۆم نەبووم، لەبیری شەهرام لەگەڵ قسەکانی، کاتێ خۆی نەبوو، دەنگی هەبوو، شاپەری گیان، لەژێر لێوەوە وەڵامم ئەدایەوە:

– گیانەکەم، گیانەکەم!

کاتژمێرێکی تریش ڕابرد، باوکم کەمێك بەهۆشدا هاتبوویەوە، لەژووری چاودێریدا بوو، بەهۆی شەهرام و هاوڕێکانیەوە مۆڵەتیاندام بچمە ژوورەوە، بەرامبەر باوکم دانیشتم کەوتمە بیری منالی خۆم، یەکەمین ڕۆژی چونە قوتابخانەم، چۆن دەستم بەدەستی باوکمەوە پێنج کیلۆمەتر ڕێگەم دەبڕی تا بگەمە قوتابخانە، بیرم لەڕۆژی مردنەکەی دایکم دەکردەوە، کاتێ لەدواین هەناسەکانی ماڵاوایدا بوو من منالێکی حەوت ساڵان بووم، لە تژە ئالۆسکاوەکەی بووکە شوشەکەم کەدەموچاوێکی ڕەشو چلکنی هەبوو، لە دەستەکانی دایکم بەردەوام لەقژمدا بوو نەیدەویست هەرگیز لێ دووربکەوێتەوە، لەو لێوە وشکانەی ئەو چەن ڕۆژەی دوایی هیچ جۆرە تامێکی نەکردبوو، دواین نیگای حەسرەتباری، لە ئەژنۆ لەرزۆکەکانی کە هەمیشە تەکیەگای سەری من بوو، چەن بە ئاسانی گیانی دەرچوو، چاوی لەچاوی من بڕیبوو، دەستێکی لەنێو دەستی باوکم و دەستەکەی تری لەنێو دەستی مندا سارد بوویەوە، سەدای نالەی باوکم، هاواری من و قریشکەی منالێك دایکی دەویست، لەچوار چێوەی ئەو ماڵەدا دەردەچوو، لەخۆم دەداو دەمقیژان و ئەشکم دەڕشت، دەموت وەك ئەو منالانەی دایکیان هەیە منیش دایکم دەوێ، بەڵام چیتر دایك لەگۆڕێ نەبوو، بۆ هەمیشە منا

ماڵو باوکی داماوی بەجێ هێشت. من چۆن ساڵانێك خۆم بۆ خۆم دایكو بۆ خۆم....

سەردەمێك تەمەنم دوانزە یاسیانزە ساڵان بوو وەك هەر كچێك پێویستم بەدایكێكی میهرەبان هەبوو، ئەو دەمەی هەر ڕازو نیازێكم هەبووایە دەبوو بەكەسێكی ترم بوتایە، ئێستاش كەبوومەتە دەستە كچ زیاتر لەوكاتە پێویستیم بەدایكمە، پێویستم بەڕاسپاردەو ئامۆژگارییەكانیەتی، بەڵام من دایكم لەكوێیە؟

ئاه... دایەگیان، دەزانی لەچ حاڵێكدام؟ دەزانی تاچەن پێویستیم بەتۆیە؟

دەزانی چەن شەوێكم ماوە بۆ زەماوەند، بەڵام دایكێكم نییە لەشەوی خەنەبەندانەكەمدا بەشداری بكات، من لەوكاتەوەی لەتۆ دابڕاوم نازانم ڕەنگی ڕاستەقینەی دنیا چۆنە!

ژیان بەبێ تۆ تامێكی نییە! وەرەو لەچاوی دڵم بپرسە بزانە دوای تۆ چی بینیوە، لەگوێی دڵم بپرسە بزانە چی بیستوە؟

دەنگی هەناسە قووڵەكانی باوكم لەدەنگی شەهرامدا ونبوو كە بانگی كردم:

– شاپەری گیان، بیر لەچی دەكەیتەوە؟ بۆ دەگریت، مەگەر نەموت نامەوێ فرمێسك لەو چاوانەدا ببینم؟ مەگەر نەموت گەر ڕۆژێك فرمێسك لەوچاوانە بێنە خوار دەبێت بەسەر شانەكانی مندا بتكێتە خوار، مەگەر تۆ بەڵێنت نەدا هەركاتێ دەردە دڵت هەبوو دەبێ بەگوێی مندا بچرپێنی؟ مەگەر بەڵێنی ئەوەت نەدا لەخۆشی ناخۆشیدا هاوبەش بین، مەگەر نەتوت تیری خەمی ڕابردوت نەنێیت بەساتە خۆشەكانی منەوە؟

– شەهرام!

چیتر نەمتوانی بەسەر خۆمدا زاڵبم، دامە پڕمەی گریان، دەستی گرتم و

ژووری چاودێریمان بەجێهێشت، چوینە ژوورەکەی باوکم، ناچار بووم بەدەم خەندەکانی ئەوەوە منیش پێبکەنم:

- ئەگەر برسیتە با بڕۆم نانخواردنت بۆ بێنێم.

وتم:

- تۆ خۆت هیچت نەخواردوە، من چۆن پاداشتی ئەم چاکانەی تۆ بدەمەوە!

پێکەنیو دەستی گرتم وتی:

- پاداشت لە چاوەکانتا دەبینمەوە هەر هێندەم بەسە تەنها بزەی لێوەکانت هەموو شتێکم بۆ دێنێتە دی.

پێکەوە چوینە چێشتخانەکە. ئیشیهای هیچ شتێکم نەبوو. ئەو خواردنەم داوا کرد کە دایکم حەزی لێدەکرد بەیادی برسێتیەکانی دایکمەوە ناچاریش بووم جۆرێك خۆم دەرخەم کە شەهرام هەستم پێنەکات.

- ئازیزەکەم! شاپەری گیان! بۆ هیچ ناخۆیت؟ گەر حەز لەمانە ناکەیت با شتی ترت بۆ داواکەم، دەست بەجێ گارسۆنەکەی بانگ کردو پێی وت:

- بزانە خانم داوای چیدەکات.

لەولامانەوە ژنو مێردێکی لاو بەدیقەتەوە تەماشایی منو شەهرامیان دەکرد گوێم لێبوو ژنەکە بە پیاوەکەی دەوت:

- بەچاوی خۆت بەختەوەری ببینەو بڕوا بکە.

هەستم کرد شەهرام هەست ناکات خەیاڵم بەهیچ لایەکی تردا بڕوات بۆیە وتی:

- سبەینێ کاتژمێر چەند ئامادە دەبیت.

وتم:

- حەوتی بەیانی.

پێکەنیو وتی:

کەنزادەی
بوکێ
تان

- بەو بەیانییە زووە دوکانو بازاڕ کراوە نییە.

بەبێ ئارامییەکەوە وتم:

- دڵی منو تۆ هەمیشە کراوەیە.

ئەو شەوە بەزۆری خۆم لای باوکم لە نەخۆشخانە مامەوە تا نیوەی شەو باوکم ئۆقرەی نەبوو، تا نزیکەی دەمەو بەیان دانم بەخۆمدا گرت ئیتر نەمدەتوانی بەسەر خۆمدا زاڵبم لەبەرامبەر بێخەویدا وەنەوزم دەدا، نازانم چۆن بوو چومە خەوێکی قوڵەوە خەوم بەشەهرامەوە بینیی، وەك هەمیشە دەستمان لەناو دەستی یەکداو بەرەو هەوراژێك دەڕۆیشتین، بەرەو دەریا، بەرەو بیابان یەکتریمان بانگ دەکرد، جلی بووکێنیم لەبەردا بوو.

کەژاوەم دەبینی زۆر لێمەوە دوور بوو شەهرام دەستی ڕادەکێشام تا بگەینە کەژاوەکە. قاقا پێدەکەنین ڕامان دەکرد. بەنێو گوڵو لەسەر زەوی تلمان دەدا بەهەوارازو نشێودا دەهاتینو دەچووین شەهرام زۆر شەکەت بوو، توشی دەریایەك بووم، زەندەقم چوو هاوارم کرد، شەهرام.. شەهرام. دەنگم لەگوێی خۆمدا دەزرنگایەوە بەجۆرێك کاسی دەکردم هێشتا ئەو دەنگو هاوارە لەگوێمدا بوو لەپڕ ڕاچەنیم، هێشتا ئاسمان بەرگی ڕەشی نەگۆڕیبوو دووبارە خەوم لێکەوتەوە دووبارە خەونم بەشەهرامەوە بینیەوە.

تابەیانی بەم حاڵەوە چەندین جاری تر دەخەوتمو ڕادەچەنیم تا سەرئەنجام دەنگی شەهرام سەراپامی تەنی دووبارە سڵاوی لێکردمو وتی:

- منو تۆ لە بێخەویدا شێت دەبین.

وتم:

- بۆچی تۆیش ئەمشەو نەخەوتویت؟ وتی:

- تاکاتێ بۆنی هەناسەت نەکەم هەرگیز خەوی ئاسودەیی ناچنە چاوەکانم.

ڕۆژ بوویەوە باوکم کەمێك حاڵی باشتر بوو لەبەرخۆیەوە دەیوت:

- لەدنیادا هەر ئەو کچە شك دەبەم کوڕی خۆم وەك چاوی خۆت بیپارێزە تۆ ئەدەمە دەست خواو ئەویش ئەدەمە دەست تۆ، دوای من لەتۆ بەولاوە هیچ کەسێکی تر شك نابات، لەم دنیایەدا شاپەری هێندەی مووەکانی سەری تەنهایی کێشاوە. دەزانم پێویست بەوتنی پیرەمێردێکی وەك من ناکات، بەڵام تەنها بۆ تەسکینی دڵی خۆم ئەم قسانە دەکەم ئەمەوێت دووربم لە ئازاری ویژدانم هەموو کەلێنەکانی ژیانی تەنها تۆ دەتوانیت بۆی پڕ بکەیتەوە. ئیشارەتی کرد تا شەهرام زیاتر سەری بەرێتە پێش ماچێکی شەهرامی کردوو چەند جار بەهێواشی دەستی بەسەریدا هێنا:

(( بۆ بەختەوەریتان هەمیشە دەستەو دوعام )).

*****

بەرەو بازاڕ کەوتینە ڕێ، بڕیار بوو نزیکەی ساڵێك لەئاپارتمانەکەی کتۆر ڕامشدا بژین، لەوەی ساڵی یەکەمی ژیانی هاوبەشیمان لە" نسا" و ەنزیك باوکم بین زۆر خۆشحاڵ بووم. لەو دەرمانگا شەوانە ڕۆژیەدا ەمتوانی وەك سکرتێرێك هاوکاری شەهرام بم.

نزیکی بازاڕ بوو بووینەوە شەهرام وتی:

– تۆ ڕازیت ڕۆژێك پێش زەماوەند هەموو کەلوپەلێکی ناوماڵت بۆ ئامادەبکەم، حەزئەکەم کاتێك خۆشەویستەکەم پێئەنێتە خانەی بەختیەوە هەمووی شتێکی بۆ ئامادە کرابێت، ئەگەر حەز بکەیت ئامادەم خزمەتکارت بۆ بگرم، دڵم پڕ بوو، من لەکوێو ئەوهەموو شایستەییە لەکوێ؟ چەند جارێك بەخۆمدا چومەوە تاکو بڕوا بەخۆم بکەم، بیرم لەشەوی بووکێنی دەکردەوە لەو ڕۆژانەی ژیانم لەچوارچێوەی وێرانەیەکدا بەتەنیایی بەسەرم دەبرد.

ئۆتۆمبیلەکەی لەشوێنێکی گونجاودا پارك کردو دابەزینو چوینە بازاڕ، بازاڕێکی گەورە، من لیستەکەم دەخوێندەوەو شەهرام پارەی دەژمارد، هەرچۆنێك بوو هەرچی کەلوپەل هەبوو هەموویمان کڕیو بەرەو ماڵ کەوتینەوە ڕێ، وردە وردە بەشوێنەکە ڕاهاتمو پێشنیارم بۆ شەهرام دەکرد شتەکان چۆن ڕێکبخات، پێدەکەنیو دەیوت:

– ئێستا بەدڵی من شتەکانت ڕێکبخە، پاش چەن ڕۆژێکی تر بەئارەزووی خۆت، ئێستا بەمجۆرە بەدڵتە شاپەرییەکەم؟

پێکەنیمو خۆم هەڵدایە نێوان قسەکانی:

- کەژاوەی تۆ؟

وتی:
- بەڵێ، کەژاوەی من، پەری کەژاوەکەم....

لە پڕ داچڵەکی و وتی:
- لەهەمووی گرنگتر باسی کەژاوەکەمان نەکرد.

ڕۆژی هەینی بڕیاری گەشتێکماندا، من لەمیوانخانەکە چاوەڕوانم دەکرد، دەیزانی بەدرەنگ هاتنی عاشقترم دەکات، هەمیشە دڵی دەهێنامە جۆش و لەزەتی لێدەبرد، عاشقانە بۆڵە بۆڵەکانمی وەردەگرت و دەیوت:

- کاتێ لەدرەنگ هاتنەکانم تووڕە دەبیت من لەخۆشیدا دەتوێمەوە!

پاشان دەستی گرتم و بەرەو ژوور کێشی کردم، من نازم دەکردو ئەو وایدەزانی تووڕە بووم. دەیویست قسەبکەم، پۆزشی دێنایەوە بەڵێنی دەدامێ چیتر دواناکەوێ، بڕوام بەقسەکانی دەکردو ئەو خەندەیەی چاوەڕوانی دەکرد دەمخستە سەر لێوەکانم، زیاتر بەرەو ژوور هەڵکشا، دانیشتین و پشوویەکماندا، کەلوپەلو خواردنەکانی داگرت، خەیارو چەقۆیەکی دایە دەستم، کەچی خێرا پەشیمان بوویەوە، بەپەلە چەقۆکەی لەدەست وەرگرتم:

- ببوورە، ئەترسم دەستە ناسکەکانت ماندو ببن!

بە عەشقەوە لەچاوەکانیم دەڕوانی، وێنەی خۆمم لە ئاوێنەی چاوەکانیدا دەبینیەوە پێدەکەنی! من قاقا پێدەکەنیم ئەو خۆی دەکردە قوربانی قاقاکانم.

دەیوت:
- شاپەری سێ ڕۆژی تر دێتە کەژاوەی منەوە! دەنگی لاوازو لاوازتر دەبوو، پاشان نۆرەی زرینگانەوەی دەنگی من بوو، تیشکی شادی و بەختەوەری لەچاوەکانیدا دەبریسکایەوە.

– خواگیان، کەی ئەم سێ ڕۆژە کۆتایی دێت...کۆتـایی دێـت...کۆتـایی دێت؟

دموچاوی سور داگیرسابوو، پاشان سەرێکی لار کردەوە سـەر بـەردێك، ئیشارەتێکی کـردم لەبەرامبـەری دانیـشم، دانیـشتمو کـەمێك خـۆم گـەرم کردەوە، دەستم برد کترییەکە داگرم، پەلی گرتمو ڕایکێشا:

– مەگەر تۆ ئیتر خـاوەنی ئـەم دەسـتانەیت؟ مـافی ئـەوەت نییـە هـیچ گـەرماو سـەرمایەکی ئـەم جەسـتەیەت بکـەیت، پاشـان خـۆی کترییەکـەی داگرتو چایەکەی دەمکرد، لەگەڵ قۆرییەکە دەدواو من پێدەکـەنیمو چێژم دەبینی:

– ئازیزەکـەم مەگـەر نـازانی سـەرمات دەبێـت، ئەگـەر نـاتوانی..... قـسەکەی قوتدایـەوەو سـەیرێکی کـردم، دەنگـی بەزەحمـەت لەگـەروی دەردەچو وتی:

– خۆشم دەوێیت، شا....پەر..ی.

ئستێك بێدەنگی، لەچاوی یەکتریدا تـاوتوێی عەشقمان کـرد، پێکـەوە هەناسەمان دەداو گوێمان لەقرچەقرچی ئاگرەکە گرتبوو، کزە بایەکی سارد هەڵیکردبوو هەرکە بـەر ئاگرەکـە دەکـەوت پەشـێمان دەبوویـەوە، شـەهرام کامێرای فۆتۆکـەی دەرهێنـاو هاوکـات چـاوم بڕیبوویـە جێیـەکی زۆر دوور، کەلوتکەیەك بوو بەرامبەرمان وێنەیەکی گرتم، هەرکە تیشکی فلاشـەکە دای لەچاووم دەسبەجێ بەخۆمدا هاتمەوە.

شاپەری هەستە لەسەر ئەو بەردە دانیشەو سەیری خوارەوە بکەو کەمێ کڵاوەکەت بـەرز بکـەوە تـاجوانتر ڕوخسارت دەربـچێت...ئـاوا.. بـەوجۆرە باشـە.. بـەقوربانی ئـەو خەنـدە ناسـکەت بم کـەگۆناکانتی چـاڵ کـردووە هەروەك دڵی من، دەنگی دوگمەی کامێراکـە هـاتو لەچۆڵەوانییەدا دەنگـی دایـەوە. بۆسـتە شـاپەری! قاچـێکت بخـە سـەر بەردەکـەو دەسـتت بگـرە

بەکەمەرتەوە، پێبکەنە، چاوت ببڕە چاوەکانم، ئامادەیت؟

هیچم نەوت، دوای ئەوەی وێنەکەی گرت، چ هەوایەکی هەبوو، چ سەفایەکی هەبوو.

بۆ ڕۆژی دواتر چوین بۆ ڕاوە ماسی، بۆکەنار دەریا، چەندێك لەهاوڕێکانی کەوەك ئێمە دەسگیران یا هاوسەردارییان کردبوو لەوێ بون، هەوا ساردبوو، هیچ کام لەئێمە هەستی سەرمامان نەدەکرد.

دەمەو چێشتەنگاو بوو هەموومان کۆ بوو بووینەوە لەگەڵ لەیلاو لەیلی کە دو خوشك بون شویان بە دوبرا کردبوو، لەهەموویان زیاتر گەرمام بوو، ئاگرێکمان کردەوەو چادرمان هەڵدا، لەنێوان ئەو لاوانەدا زیاتر سەیری دەسگیرانەکەی خۆمم دەکردو شانازیم پێوە دەکردو سوپاسی خوام دەکرد، هەریەك لە پیاوەکان شانازییان بەسەلیقەی هاوسەرەکانیانەوە دەکرد، بەڵام شەهرام لەهەموویان جیاوازتر بوو بەردەوام قولاپەکەی دەدایە هاوڕێکەی‌و بەدوای منەوە بوو:

– تۆ دەست لەهیچ مەدە ئازیزەکەم، نەك خوانەکردە دەستت بسوتێت یا... لەیلا قاقا پێدەکەنی‌و بەخوشکەکەی دەوت:

– هەرگیز پێم وانەبوو شەهرام بەوجۆرە لەگەڵ سۆزانی بێچارەدا ڕەفتار بکات.

لەبیستنی ناوی سۆزان تەنانەت لەزاری کەسێکی نەناسراویشەوە هەستێکی خراپم تێدا دەبزوا، ڕقم لێ دەبوو، لەخۆم، لەژیان، لە لەیلاو لە....دەمویست ناوی شەهرام تەنها لەناوی مندا نووقم ببێت، ئێرەییم دەبرد، بەڕاستی عەشق مروڤ چاوچنۆك دەکات.

نیوەڕۆ بوو، خوانمان داخست، لەڕاستدا من هیچ شارەزاییەکم نەبوو بەردەوام دەمویست لاسایی کچەکان بکەمەوە، جلەکانم هێندە جوان بون، کچەکان داوای ناونیشانی شوێنی کڕینەکەیان لێدەکردم، بەڵام من شارەزای

بازاڕو شەقامەکانی تاران نەبووم و لەلایەکی تریشەوە نەمدەویست خۆم بشکێنم بیانویەکم دەهێناو قسەکانیانم پێدەبڕین تەنانەت بەگوێی خۆم گوێم لێبوو یەکێ لەکچەکان بەهاوڕێکەی دەوت:

- لەبیر خۆی دەباتەوە، پێچ لێدەدا، تاکو ڕاستی نەدرکێنێ.

بەڵام خوا بۆخۆی دەیزانی چی لەدڵی مندایە، لەنێو کۆمەڵێك کچدا بەگیر هاتبووم شەرمەزار بووم بڵێم من کچێکی لادێییم بەڵام بەهۆی شەهرامەوە یەکمان گرتۆتەوە.

هەرکەسەو بۆ لای دەسگیرانەکە یا هاوسەرەکەی خۆی دەچوو، بەڵام شەهرام دەستی گرتم و لەگەڵ خۆیدا بردمی، دەنگی هاوڕێکانی بەرزبوویەوە:

- بۆکوێ دەچیت شەهرام، بۆ لەئێمە جیادەبیتەوە؟

یەکێکی تر دەیوت:

- وازی لێبێنە، حەزدەکات هەر خۆیان بەتەنیا بن. هەموو دایانە قاقای پێکەنین، شەهرام ئاوڕێکی لێدانەوەو وتی:

- ئێوە ئەم دەورەتان بینیوە، بۆ بەخیلیمان پێدەبەن؟ وەرە ئازیزەکەم گوێ بەقسەی ئەوان مەدە.

چوینە لای درەختێکی کۆنەساڵەوە، دانیشتین و وتی:

- ئازیزەکەم لەبەر ئەوان تۆ شەرمت کرد، دانیشەو بە ئارەزووی خۆت نانەکەت بخۆ.

وتم:

- بەڵام من....

خۆی هەڵدایە نێو قسەکانم و وتی:

- حەز ئەکەیت جۆلانەیەکت بۆ هەڵخەم؟

بەنۆد پارووەکەم قوتدا تاکو وەڵامی بدەمەوە:

- ئەگەر پاڵت پێوەنام نەمگەیەنیتە قولایی ئاسمان!

هەموو کۆبونەوە، هەریەکەو نۆرەی خۆی گرت، یەکەم کەس نۆرەی من بوو، سوار بووم، هەموو دەستیانکردە چەپڵە لێدان، شەهرام وتی:

- شاپەری گیان، ئامادەیت؟

پێکەنیم، هەر ئەو وەڵامە بەس بوو. هەموو بەیەکدەنگ هاواریان کرد:

- شەهرام بەهەموو هێزت بینێرە ئاسمان.

دڵم خەریك بوو لەلێدان ئەکەوت، شەهرام دولێوەی گوریسەکەی گرتو بەرەو دوا چوو، وتم:

- شەهرام گیان بەسە زۆر ئەترسم، هەوایدامو وتی:

- هاوسەری من نابێ ترسنۆك بێت. هێندە بەرزی کردبوومەوە ئەژنۆکانم لەئاستی سەریدا بوو، لەپڕبەریدام، بەهەموو هێزم قیژاندم، شەهرام بەهەموو توانایەکییەوە ئەیویست جار لەدوای جار خێراترم بکات، پێکەنیم دەهات، خۆیشم نەمدەزانی هۆکەی چییە، گریانە، ترسە، یا شادی عاشقانە؟ نەمدەزانی، سوێندمدا، توخوا بەسە، پێکەنیو لەوەڵامی هاورێکانیدا کە بەیەکدەنگ دەیانوت بەرزتر بەرزتر، هەرجارەو خێراو خێراتر دەبوو، گێژ بووم، هەناسەم گیران بەڕاستی دەترسام، قیژاندم، بێهودە بوو، لەنێوان قیژەکانمدا ناخوئاگا پێدەکەنیم، ئەوان بڕوایان پێنەدەکردم، وڕوکاس بووم، کاتێ بەخۆمدا هاتمەوە هەموو بەسەرسەرمەوە پێدەکەنین، منیش پێکەنیم دەهات.

نۆرەی لەیلا بوو، ئەویش وەك من دەسگیرانەکەی سواری کردو هەوایدا، هەرجارەو خێراو خێراتر، بەچەپڵە لێدانی کچەکانو فیکە کێشانی کوڕەکان کەیفو زەوقیان زیاتری دەکرد، پێکەوە کەمێك دوور کەوتینەوە:

- ئازیزەکەم ببوورە، کەمێ ئەزیەتم دایت؟

- بەڵام خۆش بوو زۆر خۆش بوو.

کەمێ پیاسەمان کردو گەڕاینەوە بۆلای ئەوان هێشتا سەرگەرمی جۆلانەکردن بون، خوانەکەم کۆ کردەوە، قاپەکانم برد بۆشۆردن، شەمرام هاواریکرد:

– لەیلا، لەیلا، یارمەتی شاپەری بدەن ئەو تازە هاتۆتە ناو ئێوە بۆ ویژدانتان نییە؟ نەدەبوو بتان هێشتایە ڕەش بخاتە سەر سپی!

لەیلاو لەیلی قاپودەفرەکانیان لێوەرگرتم، لەیلی وتی:

– خۆزگەم بەبەختەوەری تۆ!

وتم:

– بۆچی؟

وتی:

– دوایی تێدەگەیت!

ئیتر هیچی نەوت.

دەمەو ئێوارە گەشتینە تاران‌و چوین بۆ سینەماو نانی ئێوارەمان خوارد، تا نیوە شەو بەشەقامەکاندا پیاسەمانکرد، هەرچەن تەواو ماندو بوو بووم، بەڵام حەزمنەدەکرد خواحافیزی بکەم، لەبەردەم میوانخانەکەدا ئۆتۆمبیلەکەی وەستاند، هەر بیانووم دێنایەوە ڕەخنەم لەجلەکانی دەگرت، لەوەی کە بۆچی گاڵتەت لەگەڵ فلانەکەسدا کردیان بۆچی....

هیچم بۆ نەمایەوە دەموت بۆ ڕۆژگار هێندە کورت بوو بۆچی بەوزوە تێپەڕی؟ شەمرام پێکەنی‌و ماچێکی سەری کردم:

– ئەمانە هەمووی جۆش‌و خرۆشی عەشقە، لەم بیانوانەی تۆ چێژ دەبینم، بەچاوان، سبەینێ زوتر دێمەوە، بەڵام مافی ئەوەت نییە فرمێسک لەو چاوانەت بێنیت تێگەشتیت؟

بەرەو دەرگا میوانخانەکە ملی ڕێمگرت وتی:

– شاپەری!

ئاوڕێکم دایەوە، تیشکی فلاشەکە دای لە چاوم، پێکەنی و وتی:

- بۆ یادگاری، ساتی خواحافیزی کەوەك مانگەشەوە وێنەیەکم نەگرتبوو، دوایی حاشا لەوە نەکەیت وەك مناڵ بەدوامدا نەگریاییت؟

سەرەنجام ناچاری کردم لەگەڵ گریاندا پێبکەنم و دەستی بۆ بەرز بکەمەوە، چەن ساتێك وەستا تاکو چومە ژوورەوە، ئەشکم گوێی بۆ قسەکانم نەدەگرت، چی دەکەم، دڵم تەنگ بوو، فرمێسکەکانم تکانە سەرزەوی، ئارام و ئۆقرەم لەبەر بڕا بوو، هەرچەن لەشەوی بووکێنی نزیکتر دەبوومەوە دڵەڕاوکێم زیاتر دەبوو، قورئانم دەخوێند، دەپاڕامەوە، ڕاز و نیازی دڵ و شەونوێژ ئارامییەکی پێنەبەخشیم.

کاتژمێر حەوتی بەیانی بوو، ڕۆژی شەممە لەڕاستیدا یەك ڕۆژم لێبوو بەسالێك.

کارتەکانمان دابەشکردبوو، شەهرام و خوشکەکەی خانم ڕامش، لە ئۆتۆمبیلدا چاوەڕوانیان دەکردین، کەلو پەلەکانم کۆکردەوە، خواحافیزیم لەو باوکە کرد کەیەکەم ڕۆژی بوو پێ بنێتە ئەو میوانخانەوە. میوانداریییەکە لەکاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد، لەپێشدا چوینە ئارایشتگا، مەگەر هەرخوا بۆ خۆی بزانێ شەهرام چ حالێکی هەبوو شێوا بوو، سەری لێشێوا بوو بەردەوام دەیوت:

- چەن بەسەختی بەسەرچوو، شاپەری، تەمەنێك بوو ئەم چەن مانگەم بەچەن سالێك لێبەسەرچوو، پاشان ڕویکردە خوشکەکەی وتی:

- ئەمەوێ ببێتە بووکێك هەموو میوانەکان واقیان وڕبمێنێت، وەك پەری دەریا، شاپەرییەکەی دڵم، تێدەگەیت دەڵێم چی؟

خانم ڕامش پێدەکەنی و دەیویست شەهرام نەیەتە ئارایشگاکەوە بەپەلە وتی:

- بەسەرچاو، بەسەرچاو، بەدڵی تۆ دەبێت!

چوینە ئارایشگاکەوە، قەرەباڵغ بوو، بەڵام مانگێك پێشتر سەرەمان گرتبوو، پۆشاكو تاجو گوڵەکەمم سپاردە ئارایشگاکە، دانیشتمو لەئاوێنەکەدا سەیری خۆمم دەکرد. سەرەنجام ئەوساتە گەشت کە خەونم پێوە دەبینی، خۆمم دەبینیو بڕوام نەدەکرد، ئارایشکارەکە ناوی زوهرا بوو وتم:

– زوهرا خانم، بەدڵی هاوسەرەکەم چاکم بکە، پێکەنیو دەستی برد تەوقەکەی لەقژم کردەوە، قژم هێندە درێژ بوو دەگەیشتە سەرزەوی، هەرکە قژی بەردامەوە وتی:

– ماشەڵا، ماشەڵا، سەیری چۆن بووکێك دەردەچێت.

خانم ڕامش وتی:

– من خۆم ئەم کچە ناسكو نازدارەم بۆ براکەم هەڵبژارد، سەیری ئەو چاوە مەستانە، بەخوا براکەشم لایەقیەتی ئەویش بێچاوێنی بێت هیچ کەمو کورتییەکی نییە.

خانم ئەوەی چاك دەزانی کەچەن لەهەڵەدایە من جگە لەجوانیەکەم لەچاو شەهرامدا چەندین کەموکورتی گەورەم هەیە بەڵام نەیدەدا لەڕووم!

هەموو پارچەکانی قژم شانە کران، سەرمکردە ژێر کڵاوی ماساجەکەوە، شوێنێکی گەلێك بێدەنگ بوو، فرسەتێکی باش بوو بۆ بیرکردنەوەم لەشەهرام لەدەرەوە چاوەڕوانی دەکرد، ئاغای ڕامش بۆ ڕازاندنەوەی ئۆتۆمبیلی بووك بەیانی زوو دەرچوبوو، دەمەو چێشتەنگاو بوو، ئارایشێکی نێکجار قەشەنگم بۆ کرابوو، وەکو کلوی بەفرم لێهاتبوو، جلی سپی بووکێنیان لەبەر کردمو تاجیان کردە سەرم، لەڕادیۆکەوە گوێم لەبانگی نیوەڕۆ بوو، شەهرام نانخواردنی دوانزە کەسی ناردبوو بۆ ئارایشگاکە زوهرا خانم وتی:

– کچێ، دیارە مێردەکەت زۆر عاشقی تۆیە، بەڵام مەخابن نابێ تۆ لەم

خواردنە خۆشانە بخۆیت چونکە ئارایشەکەت تێك دەچێت!

خانم ڕامش بەنیگەرانییەکەوە وتی:

- ئەتەوێ بووکەکەما لە برسانا بمرێت؟

زوهرا زۆر بەوردی تەماشای ئەکردم وتی:

- تا لێرە بێت من بەرپرسم کەچویە دەرەوە ئارەزووی خۆیەتی.

هەموو کارمەندەکان لەدەوری خواردنەکە کۆبونەوە دەستیان کرد بەنانخواردن منیش لەدورەوە سەیرم دەکردن، هەرچەن برسێتی زۆری بۆ هێنابووم بەڵام هەر لەئاوێنەکەدا سەیزی خۆمم دەکرد، ئەو هەموو قەشنگیو زێرو زێوو مراوارییەی پێمەوە بوو، خۆزگە دایکم لەژیاندا بووایەو سەیرێکی کچەکەی بکردایە، ئاوڕێکم دایەوە، جگە لەخوشکەکەی شەمرام هەموویان نەناسراو بون، ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەبێت نەبوو، نەدایك نەخوشکێك سەربنێت بەسەرمەوە تەنیاو بێکەس، دڵم بۆ خۆم داما! بەڵام کاتی گریان نەبوو، دەبوو دانم بەخۆمدا بگرتایە، خانم ئیشارەتی کردم ئامادەی ڕۆشتن بم، تاراکەیان کێشا بەسەرمدا، بوو بە هەلهەلەو چەپڵەلێدان، لەو حەشاماتە تەنها دەنگی دایکم نەدەهاتە گوێ تا پیرۆزباییم لێبکاتو بەگوێمدا بچرپێنێ:

یاخوا... بەخێرو خۆشی بچیتە خانەی بەختی خۆتەوە، یاخوا... بەختەوەر بیت کزەی جەرگم...!

تاکو تەنیا هاتمە دەر، بەڵام هەرکە چاوم بەشەمرام کەوت، دەسبەجێ پەژارەو خەمەکان دوورکەوتنەوە، شەمرام لەتەنیشت ئۆتۆمبیلەکەدا وەستا بوو، سنوری تاراکەی شکاندو خۆی گەیاندە قوڵایی ناخمو بەرە پێرم هاتو بەرەو پیری چووم، سەرم داخستبوو وتی:

- ماندو بوویت ئازیزەکەم؟

وتم:

– کاتێ لای تۆدا بم نا...

وتی:

– دەستم بدەرێ؟

دەستم لەنێو دەستیدا گەرم بوویەوەو ترازا، سواری ئەو ئۆتۆمبیلە بووم ئەتوت باخی گوڵە، تاراکەم لادا، بۆ ساتێ چاوەڕێمکرد سەیرێکم بکات:

– ئاه... شاپەرییەکەم، شاپەری خۆشەویستم، یاخوا بەخێربێیت بۆ خانەی بەختت!

بەڵام من دڵم دەیوت گەر هەموو ئەستێرەو بڕوادارانی گۆی زەوی دەستەو دۆعابن بۆت، هێشتا هەر بەگومانم شایانی ئەو هەموو بەختەوەرییە نیمو ناتوانم خۆشەویستەکەم بگەیەنمە خۆشترین ڕۆژی خۆی!

ئەو قسەی دەکردو من لەژێرەوە لێمدەڕوانی... خوایەگیان... چەن خۆشە زاوا عاشقانە شیعر بڵێتو بووکیش تەرزەی دڵی بەئەشکی نهێنی بتوێنێتەوە، گەشتینە بەردەم ڤێلاکەی باوەگەورەی شەهرام، هەموو شوێنێك دەدرەوشایەوە، دەنگی هەلهەلە بەرز بوویەوە، مەڕەکانیان لەبەرپێماندا کردە قۆچی قوربانی، شەهرام جۆرێك قۆڵی گرتمو لەگەڵ خۆیدا دەیبردم تاقاچمو دامێنی جلەکانم خوێناوی نەبن، نوقڵو سەفتە پارەیان هەڵرشت بەسەرماندا، گەشتینە پێشەوە، هەموو جیازیەکانم لەکامیۆنێکدا بوو، لەنێو حەشاماتەکەدا چاووم کەوت بەباوکم، شەهرام بەئەسپایی وتی:

– ئازیزەکەم، وێنەگرەکە بەرامبەرمانە وریابە خۆت لەدەست نەدەیت!

جۆرێك دەمویست لەباوکم ڕاموسم لەئامێزی بگرم بەڵام نەمدەتوانی، قۆڵم لەقۆڵی شەهرامداو بەخێرهاتنی یەکبەیەکی میوانەکانم کرد، هاوکات سۆزانم بینیەوە، بەسەرسامییەوە سەیری دەکردم، بەهێواشی

بەپلیکانەکاندا سەرکەوتین، نوقڵو سەفتە پارەیان بەسەردا باراندین،
هەرچەن ئەمسەرەوسەرمکرد دڵێکم لەسینەمدا نەدیتەوە، تەنها دڵتەنگیم
لەبنەماڵەکەی شەهرام بوو کەچاوەڕوانی دیتنی بنەماڵەکەی من بون،
جارجارێك لێیان دەپرسیم:

– بووکەخان، ئەو کەسانەی دەنگت کردون کەی تەشریفیان دێنن؟

شەهرام لەبری من وەڵامی دەدانەوە:

– ئێمە هەموو کارتەکانمان دابەشکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سبەینێ
جەژنەو کاری گرنگیان هەیە لەوەناچێ......

وچانێکی گرتو بۆ ڕەواندنەوەی گومانەکانیان وتی دیارە سوچی منو
شاپەری بوو ئەو ڕۆژەمان دیاریکرد!

گوێم لێبوو چەن کەسێکیان ئەیوت"ئاوا..."

سەرەنجام کاتی دیاریکراو هاتە پێش باوکی شەهرام لەسەر دوایین پلەی
پلیکانەکان وەستابوو پاڵیدابوو بەپایەیەکی گەورەوە کەدەورانەدەوری
ئاڵتون بوو، بەدەم چەپڵەلێدانەوە دەیوت:

– با...بووكو زاوا بچنە کەژاوەوە!

وێنەگرەکە لەتەنیشتمدا وەستا بوو، بەرەو کەژاوەکە وەڕێکەوتین،
هەموو ئامادەبووان چاوەڕوانی دیتنی کەژاوە بون، گەشتینە ناوەڕاستی
هەیوانەکە، بەکەژاوەیەك هەیوانەکە بەشکرا بوو، لەدڵی خۆمدا وتم:

– یانی، کەژاوەیان لەم هەیوانەو لەم هەوا ساردەدا داناوە، وێنەگرەکە
نیشارەتێکی باوەگەورەی کردو ئەویش کەژاوەکەی لادا، ئاه... خوایەگیان،
دەسکرا بەچەپڵەلێدانو هەراو هوریا بەرز بوویەوە، من تەنها سەیری ئەو
کەژاوە زێرینەم دەکرد، کەژاوەی خۆم بڕوام نەدەکرد، سەیرێکی شەهرام
کرد، بەڵام نەمتوانی ورتەیەك بکەم، شەهرام دەستێکی بەپشتمدا هێنا و
وتی:

- تۆ تاقە شاپەرییەکەی ئەم کەژاوەیەییت، ئەمەش تاکە کەژاوەی منە، پێ بنێ نێو ئەم کەژاوەیەوە شاپەرییەکەم.

دروشکەیەکی زێڕین، پێچکەکانی ئاوی ئاڵتون درابون، کورسیەکی ڕوکەشی مرواری کەسەری بەئاوریشمی سپی داپۆشرا بوو، ئەمە فیلم نەبوو، خەون نەبوو، ڕاستەقینە بوو، نەخەوتبووم، بێدار بووم، کەژاوەیەك ڕازاێنرابوویەوە کەبەزمان باس ناکرێ، لەدەم دەرگای دروشکەکەدا بەخەتێکی ئاڵتونی نوسرا بوو" کەژاوەی بووکێنی شاپەری" دەنگی دەوروبەر دەهاتە بەر گوێم، سەمایان دەکردو منی زیاتر شاد دەکرد، دەنگێك وەك:

- شاپەری برۆ نێو کەژاوە، پیرۆزت بێت شاپەری، سواربە شاپەری، شاپەری....... من لەو حاڵەدا بووم دەمویست بەدەستێکم داوێنم هەڵکەمو دەستەکەی ترم بەدەستی شەهرامەوە یەکەم هەنگاوم نایە سەر پلەی شوشەی دروشکەکە، جۆرێك لەسەر کورسیەکە دانیشتم تا مرواریەکانی جلەکانم هەڵنەوەرێت، شەهرام لەتەکمدا دانیشت، چەندین زەرفی ئالۆ والآ کە لێیان نوسرابوو، شاپەری، شەهرام، بووکوزاوا.... لەسەر دروشکەکە دانرا بوو، لێرەداو لەسوچێکی کەژاوە ئاوریشمەکەوە بەتیلەی چاو سەیرێکی باوکمم کرد فرمێسك زابوویە چاوەکانیو دەیویست خۆی لەحەشاماتەکە بکێشێتەوە، مەگەر هەر خوا بۆخۆی بزانێ لەو ساتەدا چەن بەزەییم پێیدا دەهاتەوە، شەهرام بێدەنگیەکەمانی شکانو وتی:

- ئازیزەکەم پێبکەنە، دروشکە کەوتە ڕێ، کەسانێك دروشکەکەیان کێشدەکرد وەك مەراسیمێکی سەربازی ئەنجامبدەن، دروشکە لەڕاستیدا کەژاوەی زێرپینی من بەپێچکەی ئاڵتونییەوە بەڕێکەوت، دەرگاکان کرانەوە، دروشکە چویە ڤێلایەك، هۆڵێکی بەرفراوان کەسەرەتاو کۆتایی نەبوو، سەدان میوان لەوجێیەدا بون، بەڵام وەك چۆڵ دەردەکەوت، چەندین

فەرشی ئاوریشم‌و گرانبەها ڕاخرابوو، دروشکەیان بردە کۆتایی هۆڵێك کەلەگەڵ ئاپارتمانەکەدا باخێك جیای دەکردنەوە، چەندین کەژاوەی ئاوریشمی بەپەنجەرەکانیدا هەڵوسرا بون.

ئاه... من بووبوومە بووکی چ ماڵێك، بەڕاستی لەکوێوە بۆکوێ هاتبووم؟ کورسی نێوەڕاستی وێرانەکەی خۆمان لەکوێ بوو، کۆڵەکە چەماوەکەی خۆمان چی لێهات؟ فەرشە پرتوکاوو پینەکراوەکەمان کوا؟

سەیرێکی ئەنگوستیلەو تاقمە جەواهێرەکەم کرد، خەون نەبوو، جەژن نەبوو، ئاواتێکی بەخەو نەبینراو هاتبوویە دی!

لەوانەیە خەون‌و خەیاڵی هەزاران کچە لاو یەکێ لەوانە من بووم، هەقم بوو بڕوا نەکەم، لەکاتێکدا شەهرام قورئانەکەی کردەوە، لەژێر لێوەوە وتی:

– هیوای سەلامەتیت بۆ دەخوازم لەخوا داواکارم ئەو توانایەم پێ ببەخشێت تا بتوانم هاوسەری خۆشەویستم بەختەوەر بکەم.

کێکی حەوت نهۆمی کەلە قالبی پەری دەریایی درابوو، لەسەر مێزێکی زێڕین دانرابوو، وێنەگرەکە چەن خولەکێك سەرگەرمی وێنەگرتنی بوو، شەهرام دەستی گرتم‌وبەئەسپایی لەپلەی دروشکەکە دایگرتم، نازێکی سەیری دەکێشام:

– وریابە، ئازیزەکەم.

کێکیان لەنێوان هەردوکماندا دانا، لەسەر خواستی وێنەگرەکە لەهەردولای کێکەکەوە هەردووکمان چەماینەوەو دەستمان لێك هەڵپێکا، چاومان لێك بڕی‌و پێکەنین، وێنەگرەکان لەهەموو لایەکەوە وێنەیان دەگرتین، مۆمەکانم بەپاژنەی پێم کوژاندەوە، تیشکی سورو وەنەوشەیی لەدواوە دەدرەوشایەوە، دایکی شەهرام هات‌و دەستی کردە ملم ماچی کردم، گردەنەیەکی لەملم ئاڵاند تا ئاستی ناوکم درێژ بوو، ئەنگوستیلەیەکی

کردە پەنجەی شەهرام، سەرەکەی کەللەی شێر بوو وتی:

– ئەمشەو خۆشترین شەوی ژیانمە، چونکە کورەکەمم لەجلی زاوایی‌و کەژاوەی بووکدا بینی، پاشان باوکی هات‌و ماچی نێوچەوانی کردم، قوتوێکی دایە دەستم هێندەی کتێبێك ئەستور بوو ئەنجا وتی:

– بیکەرەوە، کچەکەم!

سەیرێکی شەهرامم کرد، پێکەنی‌و وتی:

– چەندین ساڵە باوکم ئەم قوتوەی بۆ هاوسەری من هەڵگرتووە، بیکەرەوە شاپەری...!

کردمەوە، مۆسیقایەکی خۆش نەوا کەبێدەنگی خستە سەر لێوی هەموان، ناو قوتوەکە ئاوریشمێکی سەوزباو بوو، بەمرواری‌و زمرودی سەوز چنرا بوو، دەبریسکایەوە، چاوی هەموو لایەکی ئەبلەق کرد بوو، وێنەگرەکە ساتێك کامێراکەی لەسەر ئەو قوتوە هەڵنەدەگرت. وێنەیەکی لەناودا بوو بەمرواری‌و زمرود ڕازابوویەوە، دەیانوت گەوهەرفرۆشان زۆرکەم توانیبوویان نرخەکەی بدەن، قوتوەکەم وەرگرت‌و بۆ ڕێزلێنانی خەزورم دەستیم ماچکرد، هەموو بێدەنگ بون، لەوەئەچو چاوەڕوانی شتێك بن، بەڵام چاوەڕوانی چی، تێگەشتم، چاوەڕوانی باوکم!

چاویان بڕیبوویە دەستەکانی ئەو، لەو کۆڕەدا جگە لەمن‌و شەهرام‌و خانم ڕامش کەڕازداری من بون کەسیتر نەیدەزانی ئەو کابرا پیرەمێردە چ کارەیەو چۆن دەژی. بەڵام چۆن بتوانم لەئاست خەڵاتی باوکمدا سەرم دابخەم، هەرهەنگاوێکی باوکم خەنجەرێك بوو بەنێو دڵمدا ڕۆدەچوو هەر بێدەنگییەکیش زاخێك بوو دەکرا بەبرینەکانمەوە، بەختم هەبوو ڕوخسارم ئارایشی پێوە بوو ڕەنگی پەڕییووم هێندە دەرنەدەکەوت، باوکم لەمەودای چەن سانتیمەترێك لێمەوە دوور بوو بەجۆرێك گوێی لەلێدانی تەپەی دڵم بوو، یەکێك لەدوورەوە وتی:

– بەسەربەرزی باوکی بووکەوە، هەموو دەستیانکردە چەپڵەلێدانو

دووبارە بێدەنگ بونەوە، بەڵام بۆ زەوی شەقی نەدەبردو قوتی نەدەدایێ؟

لەبەرامبەر ئەو خەڵاتە گرانبەهایەدا دەبوو باوکم چ خەڵاتێکم بکات

تابگاتەوە ئاستی ئەوان؟

پیرەمێردی داماو تەنانەت خەرجی نەخۆشخانەو نەشتەرگەرییەکەشی

شەهرام بۆی دابوو، وتم:

– باوکە !

سەرم نا بەسینەیەوە چیتر نەمتوانی بەسەرخۆمدا زاڵبم، حەزمدەکرد

لەشوێنێکی تەنایادا بوومایەو هاوارو گریانم بکردایە، بەڵام نەکرا،

لەوەدەچو باوکم دەرکی پێکردبێتم زوتر لەوەی کاردانەوەیەك لەمنەوە

ببینێت دەستی کردە گیرفانی ئەو چاکەتەی کەشەهرام بۆی کڕیبوو

قوتویەکی دەسکردی خۆی دەرهێناو چاوەکانمی گەشاندەوەن چاوم

بڕییە قوتوەکەو وتم:

– زۆر سوپاس باوکە گیان! دەستم برد بەرلە کرانەوەی وەریگرم، بەڵام

باوکم نای بەسینەیەوەو کردیەوە، دەنگی چەپڵە لێدان دووبارە فەزای

هۆڵەکەی تەنییەوە، باوکم بازنێکی نقێمی ئەڵماس بۆ منو کاتژمێرێکی

زێڕینی بۆ شەهرام دەرهێنا !

بریا توانیبام لەو خەوە بێدار ببمەوە بەڕاستی بڕوام بکردایە، باوکم ئەم

هەموو پارەیەی لەکوێ بوو! جێی پرسیار نەبوو، ئەو هەڵەم قۆستەوە

بەوەی کە هێشتا بڕوام نەدەکردن بەڵام ماچمکردو سوپاسیم کرد

بەهێواشی دەستی لەگردنم ئاڵاندو چپاندی بەگوێمدا وتی:

– سوپاسی شەهرام بکە.

لەهەموو شتێ تێگەشتم، کاری شەهرام بوو بۆپاراستنی ئابڕوی من چۆن

بتوانم خۆشەویستیو منەتباری بۆ دەرنەبڕم، بەبیانوی ڕێکخستنی

تاجەکەی سەرم کەمێ هاتە پێش ئەم ڕستەیەی چپاند بەگوێمدا:

- پێم وتی باوکی تۆ باوکی منیشە!

قازی هات، وردە وردە بڕوامکرد شەوان و ڕۆژانی پێکگەیشتن تێپەڕین، هەردووکمان لەسەر سفرەی گرێبەندەکە دانیشتین قورئانمان دەخوێند، تیشکی مۆمەکان سفرەکەی زیاتر دەڕازاندەوە، شەکریان دەکرد بەسەرمدا!

- شاپەری! نەسیمی بای شەماڵ ئەمڕۆ مژدەی هاتنی تۆی دایە ژیانم!

دەنگی قازی بەرزبوویەوە دڵم کەوتە لەرزین، قورئانەکە بەدەست شەهرامەوە دەلەرزی، لەدڵی خۆمم پرسی، لەوەڵامدا وتی:

- پرسیار لەو بکە هەموو شتێکت پێدەڵێت. قازی هەرجارەو وتارێکی دەخوێندەوە قسەکانی بەپەلە خۆیاندەکرد بەگوێمداو مێشکیان دەتەنیم، خانم ڕامش وتی:

- بووک، ڕۆشتوە بۆ گوڵ چنین!

شەهرام بەئەسپایی وتی:

- مەگەر تۆ بەڵێنت نەدامێ بەبی من نەچیت بۆ گوڵ چنین؟

پەشیمان بوومەوە لەباخ گەڕامەوە، بزەیەکی پەنهان کە تەنیا شەهرام دەیبینی وتم:

-بەناوی خوا.

سەرم داخستەوە، تا دەموچاووم لەشاڵاوی پارەو نوقڵ بپارێزم.

لە شەهرام مارەکرام و بوومە هاوسەری و بوویە هاوسەرم، گۆناکانی ماچکردم و نێوچەوانیم ماچکرد، هێشتا دەنگی قازی هەر دەبیسرا، دووبارە گەڕاینەوە کەژاوەکەمان و کەژاوەکانیان دادایەوە، دەستەکانم لەنێو دەستەکانی شەهرامدا دەلەرزین، دەستێکی دەرهێناو ژێرچەناگەی بەرز کردمەوە وتی:

وتم:

– بەڵێن بدە تادوا ساتەکانی ژیانت بەبێ من هەرگیز.........

– بەڵێن بێت تەنانەت لەباخی ژیانیشتدا هەرگیز بەبێ تۆ وەڵامی بوولبوولت نەدەمەوە، وتی:

– شاپەری بڵێ لەدوای تۆ هەرگیز.

سەیرێکم کردو خاترجەم بوو، هەردوو تنۆکی ئەشکی شادیمان گۆڕییەوە چاومان لێك بری!

مێزەکانی خواردن ڕازا بونەوە بەخواردن، خواردنی منو شەهرام بەجیا بوو بۆیان هێنانیە کەژاوەکەوە، شەهرام تیکەیەکی کرد بەدەممەوە منیش هەوڵمدا قوتی بدەم، لەبەر پێکەنین بۆم قوت نەدەچوو، لەگەرووم گیرا، دەسرەکە گرت بەممەوە پژمیم، دەیزانی پێکەنینی شادییە، ئەمە شەوی بووكو زاواییمان بوو.

دەمەو بەیان بوو تازە میوانەکان ئەیانویست بڕۆن، سەرم نابوو بەئەژنۆی شەهرامەوە، دەستی دێنا بەسەرمدا، هەستامو جلە بووکێنییەکانم گۆڕی جلی نوستنم لەبەرکرد، شەهرام وتی:

– بەم جلانەتەوە لەفریشتە ئەچیت، ئەگەر ماندو نەبیت حەزەئەکەم سبەینێ هەمان جلی بووکێنی لەبەر بکەیتەوە، ئەمەوێ بەهەمان جلەوە پێ بنێیتە ماڵەوە، سبەینێ یەکەم ڕۆژی جەژنە ئازیزەکەم، من بەکەلوپەلەکانەکەوە ئەڕۆمو تۆیش لەگەڵ ماڵەوە چەن ساتێ دواتر وەرن، ماچێکی کردمو وتی:

حەزدەکەم شەوێك لەماڵی خۆماندا بینو سبەینێ دەست پێبکەین بەمانگی هەنگوینیمان، میوانخانەی" ڕامسر" چۆنە؟

ویستم ڕاست بمەوە وتم:

– زۆر باشە.

– نا.... هیچ خۆت تێك مەدەو سەرت لەسەر ڕانم لامەبە شاپەری گیان،

بێلە هەست بەئارامی بکەم، دەزانم ماندو بوویت، ئەمشەو من لەکۆشکی ئارەزووەکانمدا دەژیم، بەڵام دان بەخۆتدا بگرە !

کەمکەم دەنگی نزمتر دەبوو، دەمبیستو نەمدەبیستو نووقمی خەونێك بووم، خەونم بەکەژاوەکەمەوە دەبینی، خەون بە دروشکە زێڕینەکەوە بەشەقامێکدا ڕەت دەبووم، تاکە سەرنشینی کەژاوەکە خۆم بووم، ڕەشەبایەکی دەهات، کەژاوەکانی دەشەکاندەوە هەرسات خێرایی دروشکەکە زیاترو زیاتری دەکرد، دەترسام، بانگی شەهرامم کرد، زریانێك هەڵیکرد، گێژەڵوکەیەکم لەدوورەوە بەدیکرد، شەهرام لەو گێژەڵوکەیەدا بەگیرهاتبوو، پەلەقاژەی بوو هاواری دەکردو بانگی لەمن دەکرد، پێچکەکانی دروشکەکە لێبونەوە، هەریەك بەلایەکدا هەڵاتن، دروشکە کەوتە سەرزەوی لەگێژەڵوکەکەدا نووقم بوو، دابەزیم سەراپام نووقمی تۆزو خۆڵ بووبوو، هیچ ڕەونەقێکیان نەمابوو، گێژڵوکەکە شەهرامی پێچایەوە، هەناسەم سوار بووبوو، ئارەقم دەڕشت، شەهرام....شەهرام گیان.... وتی:

– گیانی شەهرام، ئارەقەکەی بۆ سڕیم، دەستەکانی بۆ شێلامو وتم:

– لەکوێ بوویت؟

وتی:

– لێرە بووم لای تۆ، بۆ دەتوانم ساتێك لێت دووربم؟ وتم:

– شەهرام، خەونێکی ناخۆشم بینی، ئاوێکی ساردی بۆ هێنام، باوکی دەسگای فشاری خوێنەکەی هێناو، فشاری خوێنی بۆ گرتم، هێشتا بەخۆمدا نەهاتبوومەوە نازانم چۆن بوو سەرلەنوێ خەوم لێکەوتەوە.

ڕۆژ بووبوویەوە، ڕۆژێکی سافو بێگەرد، هەوایەکی سازگاری هەبوو، یەکەم ڕۆژی جەژن بوو، یەکەمین جەژنێك بەشادی لەسەر سفرە دانیشتم، هەموو لەدەوری ئەو سفرەیە کۆ بووبونەوە، لەلای سەرووەوەباوکم‌و باوەگەورەی شەهرام دانیشتبون، باوکم خەریکی نزاو پاڕانەوە بوو،

کراسێکی ئاودامانی شین تانوکی پێم درێژ بوو، هەموو خشڵو زێڕو زیوەکانم کردبوویە سنوقێکی بچکۆلەو بەشەهرامم سپارد لەگەڵ کەلو پەلەکاندا بیبات بۆ ماڵە تازەکەی خۆمان، دایکی شەهرام کاتێ گردنی بینیم دەسبەجێ گەردانە مروارییەکەی خۆی لەملی داکەندو کردیە ملی من، پاشان ئەملاولای ماچکردمو دانە مرواریيەکانی بۆ ڕێکخستم.

چەن خولەکێکی مابوو پێ بنێینە ساڵی نوێوە، دەنگی میلەکانی کاتژمێر ڕچەی بێدەنگییەکەی شکاند، هەموو لەیەکتر ورد دەبونەوە، بەلام منو شەهرام چاومان بڕیبوویە یەکتر، ساڵی کۆن کۆتایی پێهاتو ساڵیکی نوێ دەستی پێکرد، باوکی شەهرام بەرەو ڕوی من هاتو سەفتەیەك هەزار تمەنیو چەکێکی واژۆکراوی کردە چەژنانەم.

******

بۆنی جەژن، بۆنی ساڵی نوێ، شکۆفەی بەهار، ئاوازی باڵندەکان تازە لەکۆچ گەڕابونەوە، شەهرام ئامادەی ڕۆشتن بوو، دایکی قورئانەکەی هێنا، سەتڵێک ئاووم هێناو بەدوایدا ڕۆشتم، دەرگای کامێۆنەکەی کردەوە سەیرێکی کردم، فرمێسک زایە چاوەکانی، شۆفێری کامیۆنەکە بەئاگای هێنایەوە وتی:

- من ئامادەی ڕۆشتنم جەنابی دکتۆر!

شەهرام لەبەرچاوی ماڵەوە کە بۆبەڕێکردنی وەستابون، ناوچەوانی ماچکردم بەگەرویەکی پڕلەگریانەوە وتی:

- ئێوەش دەمەو عەسر وەڕێکەون، لەوێ لەڕێستۆرانی میوانخانە "گچسر" نان دەخۆین، ئاگات لەخۆت بێت ئازیزەکەم، حەزدەکەم بەهەمان جلی بووکێنییەوە بێیتە ماڵەکەمەوە. وتم:

- بە چاوان.

چاوەڕێمکرد تا قورئانەکەی ماچکرد، ئاوەکەم ڕشت بەدوایداو، کامێۆنەکە بەڕێکەوت، وتم:

- شەهرام!

بەپەلە جامەکەی دادایەوە، دەستێم بۆ هەڵتەکاندو بە ئیشارەت ماچێکم لێوەرگرت، دواین تیری نیگای لەدڵم هەڵچەقاند، بەدەنگێک لەلرفەی باکەدا نووقم دەبوو وتی:

- بەنیازی دیدار شاپەری خۆشەویستم!

وتم:

– تەنیا چوار کاتژمێری دیکە، زەمەن بوواری تەواوکردنی ڕستەکەی نەدام، تا لەچاو ون بوو سەیریم کرد، دڵم پڕ بوو، چومە ژورەکەی شەهرام، سەیری وێنەکانی کاتی کوڕێنیم دەکرد ئەو وێنانەی لەپاریس و لەزانکۆی ئەویێ گیرا بوون، وێنەکانی کەنار دەریاو ئەو پانزە ڕۆژەی دوایی پێکەوە گرتبوومان، چاوەکانی لەگەڵم دەدوان، چاوەکانیم ماچکرد، وێنەکانم نا بەسینەمەوە، ئەتوت گوێی لەترپەی دڵمە، لێوەکانی دەجولانەوە، چی دەڵێن، گوێم بۆ شلکرد، دەنگی لەگوێمدا دەزرینگایەوە:

– ئازیزەکەم دڵی دیوانەم دەیەوێت ئەبرۆکانی برێژێت، سورمە بکاتە چاوەکانت، ڕوخسارت ماچ بکات، قژت بۆ شانە بکات شەهرام گیان، ڕیشەی ژیانم، بێ تۆ وشک دەبم، ژیان بێ تۆ مەرگەساتە، نزیکەی دوکاتژمێرێکی پێچوو، وردەوردە خۆمان ئامادەی ڕۆشتن کرد، جلو پۆشاک و پێویستیەکانم کۆکردەوە کردمە نێو جانتایەك، خۆم شۆردو پاشان جلە بووکێنییەکانم لەبەرکردەوە، تاجەکەم کردە سەرو ئارایشێکم کرد، خزمەتچیەکە جانتاکەی بۆ کردمە سنوقی ئۆتۆمبیلەکەی باوکی شەهرام، هەمووماں سواربووین، خانم پێکەنی و وتی:

– ئەمە مانای عەشقە، حەتمەن شەهرامیش ئێستا ئۆقرەی لێبڕاوە بۆ تۆ.

لەناخەوە لەگەڵ خۆمدا دەدوام، ساتژمێریم دەکرد، بەڵکو خوایە کات زوتر بەسەرچێت، دنیا چەن لەبەرچاووم جوان و بێگەردە، ڕاستیان وتوە عەشق وەك تریفەی مانگە شەوێکە بەسەر دەریاوە دەدرەوشێتەوە، لەگەڵ ئاسمانـدا دەدوام لەگەڵ کۆڵان و شەقامەکاندا دەدوام، هەرچی نزیکتر دەبووینەوە هەوا زیاتر ساردی دەکرد، گەشتینە بەربەستەکەی کەرەج، ڕەشەبایەکی ساردی هەبوو، لەسەر پێشنیاری باوکی شەهرام وەستاین و زنجیرمان بەست لەپێچکەکانی ئۆتۆمبیلەکە، لەقاوەخانەیەك دانیشتین و

سینیەك قاوەیان بۆ هێنایەن، قاوەچییەکە لەخانمی پرسی:

– گەشتیارن؟ سەیرێکی منی کردو وتی لەسەر خێر ئەڵێی بووك دەبەن.

خانم پێکەنی و ئیشارەتێکی بۆ ئۆتۆمبیلەکە کردو وتی:

– بەڵێ، گەشتیارین، بەڵام زۆرێکی ئەوتۆمان نەماوە.

قاوەچییەکە مێزەکەی بەردەممانی سڕی و وتی:

هیوادارم بەئاسانی بتوانن لەو هەورازە بچنە سەر.

– بۆ، ناشێ ڕێگە سەهۆڵبەندان بێت؟

– نا.. سەهۆڵبەندان نییە، بەڵام دەڵێن لەتونێلەکە بەولاوە مەترسیدارە، تا زوتر بەڕێبکەون باشترە دەبینی بەفر دەبارێ و تابێ زیاتریش دەکات.

دڵم کەوتە مەترسییەوە هەستامە سەرپێ:

– باشترە زوو بەڕێکەوین، هاوکات باوکی شەهرام چویە قاوەخانەکەوە لەلای سۆپاکەوە دانیشت و داوای چای کرد، شەرمم دەکرد نیگەرانیەکەم دەربڕم، بەخۆمدا ڕۆچووم و بێدەنگ بووم، نیو کاتژمێرێك دانیشتین، بەفر قایمتر دەباری، هەستاینو سوار بووینەوە، ئۆتۆمبیلەکە بەناڕەحەت بەڕێوە دەچوو، دایکی شەهرام بەردەوام جامەکەی لای خۆی پاکدەکردەوە سەیری شاخوکێوی دەکرد، بەردەوام مێردەکەی بەئاگا دێنایەوە تا بەخێرایی لێنەخورێت، لەهەندێ شوێن هێزەکانی ڕێگاوبان خەرکی پاککردنەوەی جادەکە بون، گەشتینە یەکەمین ملە، ترافیکێکی گەورە هەواڵی مەترسی جادەکەی دەدا، ئۆتۆمبیلەکان زۆر بەهێواشی دەڕۆشتن، باوکی شەهرام لەبەرخۆیەوە وتی:

– ئێمە هیچ پەلەیەکمان نییە، مادام بووکمان پێیە دەبێ لەسەر خۆ بڕۆین، چەن کیلۆمەترێکمان لەهەورازەکە بڕیبوو وردە وردە زریانەکە بۆنی نیشتمانی دەهێنا، تا دەڕۆشتین جادە زیاتر شلۆق دەبوو، خەریك بوو دنیا تاریکی دەکرد، بڕستم لەبەر بڕا بوو ئەگەر ئەوانم لەگەڵ نەبوویایە

دادەبەزیمو تا ئەویێ بەپێ دەڕۆشتم ئەوکاتە نەبەفرو نەزریان نەیندەتوانی دووری نێوان منو شەهرام دورتر بکەنەوە، چومە ئەندێشەیەکی قوولەوە، لەخەیاڵی خۆمدا جوتێ باڵم هەیەو دەدەم لەشەقەی باڵ، بەسەر هەورازوشاخ وکێوەکاندادەفڕم، گەشتمە "نسا" دەرمانگا، لەڕاستیدا ماڵی مێردەکەم خۆشەویستەکەم، ماڵێك بۆنی عەشقو خۆشەویستی لێدەهات، تێگەشتم چاوەڕوانی چەن سەختە.

دەنگی باوکی شەهرام باڵەکانی شکانموگەڕامەوە جەستەکەی خۆم!

چی ڕویداوە؟ چی بووە، ئەو خەڵکە بۆدابەزیون، بۆ پەپێ ئەڕۆن؟

جامەکانی ئۆتۆمبیلەکەمان بەدەست پاك دەکردەوە، بەلای ڕاستی جادەکەدا کەندەلانێك بوو، جەنجاڵییەك بوو هەموو ئۆتۆمبیلەکان وەستا بون، چی بووە، خوایەگیان ئەبێ چی ڕویدابێت؟

ئەمە ئەو ڕستەیە بوو لەدەمی دایکی شەهرامەوە دەبیسرا! دایکی شەهرامو دواین کەسیش من بووم بەجلی بووکێنییەوە دابەزیم، کەمێ بەئەسپایی چوومە پێش دیمەنێکی ترسناکم بینی، ئاپۆرایەك بەسرا بوو، وەختێکم زانی دنیا ڕوخا، قیژەی خانم ڕامش دەگەیشتە عەرشی پەروەردگار، هەرکە گوێم بەقیژەکە زرینگایەوە، ناوبڕێکم بەئاپۆرای خەڵکەکەداو خۆم کردبەناویاندا، نازانم چی بوو، زریان بوو، کوێر بوو بووم، نابینا ببووم، دەمبینی، بەڵام نەمدەویست بەئاگا بم یان بڕوا بکەم، هاوارم نەکرد، تەنها سەیرمکرد، چۆکم دادا لەنێو بەفرەکەدا، هەڵدەلەرزیم سەبری ڕوخساری خەڵکەکەم دەکرد بەڵکو دەم بکەنەوە شتێك بڵێن، دەنگی قیژەقیژی دایکی شەهرام کاسی کردبووم، هەستامەوە، نەمدەزانی چیبکەم، بەرۆکی خەڵکم دەگرت: ئەوە سەیری چی ئەکەن؟ ئەو سەیرکردنی بۆچییە؟ بێ غیرەتینە بڕۆن بەلایەوە، چنگم کرد بەقژمداو بەهەموو هێزم ڕامکێشا:

برۆن بەلایەوە...برۆن بەلایەوە...برۆن بەلایەوە. نەمدەزانی ئەوانە کێ بون دەستیان گرتم، بەڵام من هەر هاوارمدەکرد، دەمویست خۆمیان لەچنگ دەربێنم:

لێمگەڕێن، توخوا لێمگەڕێن، مەگەر نازانن ئەوەی کەوتۆتە ئەو کەندەڵانە کێیە؟ نازانن؟ دەنگی هاوارو قیژەکەم لەو شاخ و کێوەدا دەزرینگایەوە.

مێردی منە، شەهرام، شەهرامی من خۆشەویستەکەم، ئەم کامێۆنەش هەلگری جیازی بووکێنییەکەمە، هەستام بەدەوری خۆمدا سوڕامەوە، ژنێک بەگەروییەکی پڕلەگریانەوە وتی:

- چ بەدبەختییەکی بەسەردا هاتووە!

یەکێکی تر وتی:

- شێت بووە!

هاوارمکرد:

- سەیری جلە بووکێنیەکانم بکەن. من بووکم. شەهرام زاوایە. دەبرۆن بەلایەوە. ناڕۆن؟ ناتانەوێ برۆن؟ باشە شورەیی نییە بۆ ئێوە. خۆم ئەچم.

نازانم چۆن بوو چۆن بەناو ئەو بەفرەدا بەرەو کەندەڵانەکە خزام. هەموو بەدوامدا ڕایان کرد، هەروەك ئاسکێك لەچنگ گورگ هەڵاتبێت هیچ شتێکی بەلاوە گرنگ نەبێ تەنها گەیشتن بەکەندەڵانەکەو شەهرام...!

کامیۆنەکە گڕی گرتبوو، کەلوپەلەکان هەر پارچەیەکی بەلایەکدا پەرشو بڵاو بوو بوویەوە، ئەوەشی مابوو بڵێسەی سەندبوو دەنگی قرچەقرچیان لەژێر باران و بەفردا وەك قرچاندنی دڵی من بوو.

قیژە نەبوو، هاوار نەبوو، ئەوەندە نەبێ دەنگ لەگەرووم دەر نەدەچوو، ناتوانم بنوسم چ حاڵێکم هەبوو توانای دەربڕینم نییە، خوایە نەیکەیتە نسیبی هیچ نوێ بووکێك، ئێستاش کەدەنوسم فرمێسك هەڵدەڕێژم،

لەوساتەدا تەنها دەمویست شەهرام بدۆزمەوە بینێم بەسینەمەوە، بەرز بەحاڵم دەتوایەوە تەرمی شۆفێرەکە سوتابوو، هیچ هەواڵێکیش لەتەرمەکەی شەهرام نەبوو کەس نەیدەتوانی دابینم بکات، دەلەرزیم، خۆم رادەپسکاند، دەمویست بەدوای شەهرامدا خۆم فڕەدەمە ئاوەکە، بەڵام هێندە بڵێسەی تینی ئاگری گیانم بەتین بوو هەستی سەرمام نەدەکرد.

گەورەو بچوك، گەنج و پیر، ژن و پیاو بۆم دەگریان، شەهرامم نەدۆزییەوە، جلەکانم پارچەپارچە بون، هێندە خۆم کێشا بەملاولادا پرسەم لێبڕا، دنیا تاریک داهات، وەك جگەر سوتاوێك بەسەر تەرمی خۆشەویستەکەیدا پرسە بگێڕی، بەسەر کەلوپەلەکاندا کەوتم شینم گێڕا، ئەمە تەختی من و شەهرام بوو، ئەمە فلان بوو ئەمەم بۆچی بوو؟ ئەمەیان بۆ شەهرام بوو.

خوێن لەدەمارەکانمدا ساردبوو، دەلەرزیم. سەیری فرمێسکی کیژە لاوەکانم دەکرد. زیاتر بڕوام بەبەدبەختی خۆم دەکرد، کاتێ بەهۆش خۆمدا هاتمەوە لە نەخۆشخانە بووم.

نا... نا... ئەم ماڵە...

چاوم بەرایی نایەت ئەم دەرگاو دیوارە ببینم. چیتر ئەم ماڵە ماڵی من نییە، ناتوانم بەبێ شەهرام لەم ماڵەدا بم.

دەستێك هات و شانەکانی بۆ شێلام. خانم ڕامش بوو، قاچەکانی ئاوساو سورهەڵگەڕابون، حاڵی لەحاڵی من زۆر خراپتر بوو.

– ئەزانی چیم بەسەرهات. مەگەر چاوەڕوانت نەدەکرد؟

– مەگەر نەتدەویست چاولەچاومدا هەڵێنی؟

شاپەری دڵت هات شەهرام. شاپەری بڕیاربوو ئەمشەو چیرۆکەکەت بێنێتە کتێبی چارەنووسەوە، پەری دڵت هەروەك وتت ڕەوانی بەنوسینەکانت نادات.

– ئاھ... ئەمشەو جلەبووكێنییەكانم نوقمی خوێن بون. وەك دڵم.

ئاھ... ئەمشەو كەژاوەكەم لەت وپەت بوو. وەك دڵم.

ئاھ... ئەمشەو باڵەكانی بەختەوەریم ھەڵوەری. وەك دڵم.

ئاھ... ئاسمانی ژینم تاریك بوو. وەك دڵم.

تازیێ باربووم. وەك دڵم...

ڕەش پۆش بووم.

دوڕۆژ لەنەخۆشخانە مامەوە، ھێزەكانی فریاكەوتن تەواوی ناوچەكەیان پشكنی ھیچ شوێنەوارێكی شەھرامیان نەدۆزییەوە، تەنھا زانیارییان ھێندە بوو، شەھرام لەكامێۆنەكە سوتابوو تەنھا كاتژمێرەكەی دەستی مابوویەوە.

ڕەش پۆش بووم سەراپا، وڕوكاس بوو بووم، تەنھا ناوی شەھرامم لەبەر خۆمەوە دەوتەوە، ڕۆژ دەبوویەوە، شەو دەھات، ئاسمان تاریك و ڕون دەبوو، بەڵام دڵی من تەنھا ڕەش بوو. ئاگای لەھیچ نەبوو.

قسەم لەگەڵ ھیچ كەس نەدەكرد، لەھەموو شوێنێك شەھرامم دەبینی ئیتر نابینمەوە، دەسوتام و دەبوومە مشتێك زوخاڵ، ئیتر شەوو ڕۆژ چركەو سات ھیچ مانایەكی نەبوو، نازانم چەند ڕۆژ بەسەرچوو، تەنھا ئەوە نەبێ كەچەژن بوو بەشیوەن، بنەماڵەكەی شەھرام ھەموویان تازیە بارو ڕەشپۆش ھەریەكە سوچێكی بۆخۆی گرتبوو، شوێنی ماتەمینی منیش تەنھا ژورەكەی شەھرام بوو، بۆ ئەوەی چواردەورم چۆڵ بێت پەنام بۆ ئەو چواردیوارە برد بوو كەبۆنی شەھرامی لێدەھات، سێ ڕۆژانەی پرسەكەی لەمزگەوت بۆ ڕێخرا، ھەموو ئەو میوانانەی لەزەماوەندی بوكو زاوایدا بەشداریان كردبوو ئێستا یەكبەیەكی بۆ سەرەخۆشی دێن و دەڕۆن كەژاوەی بووكو زاواییەكەمان لە گۆشەیەكی مزگەوتەكەدا دانرابوو، ھەركەس دەیبینی دڵی دەبوو بەخوێن، ھەرلەخۆمەوە نازانم چیبڵێم.

لەسەرپلەی دروشكەكە دانیشتبووم كەژاوەكەم نیشانی خەڵكی دەدا،

کەژاوەی بووکێنی شاپەری

هەموو وایانزانی شێت بووم، بەڵام لەڕاستییەکە تێنەدەگەشتن تۆبووکێک لەجیاتی تارای سپی جلی ڕەشی پۆشیوە، لەجیاتی تاج و گوڵ، چارشێوی ڕەشی بەسەردا کێشاوە، نەیاندەزانی ئەو کەژاوەیە چەندین ئاوات و بەڵێنی بیستووە، شاهیدی کام چارەنوسە شاهیدی کام ڕازو نهێنییە؟ تەنها دەمزانی چۆن شێتێکم!

لەڕۆژی حەوتەمدا هەموو لەسەر مەزارەکە کۆبووینەوە.

خاکی ژێر پێیەکانیم دەکرد بەسەرخۆمدا، هاوارمدەکرد.

- بگرین... بگرین... توخوا بۆی بگرین. وەکو دایکی. وەکو خوشکەکەی. دەزانن ئەمە ئارامگەی کێیە؟

ئارامگەی کەسێکە خۆشەویستی هەموو کەس و ڕوناکی ژیانی من بوو. ئومێدو پەنای من بوو. دەزانن تاکە پاڵپشتی من بوو، دەزانن چ خۆشەویستییەکی بەمن بەخشی؟ دەزانن کێ بوو؟ نا... نازانن. تەنها خۆم دەزانم وازم لێبێنن. لێم گەڕێن، بالەجیاتی تاج و گوڵ، قوڕو خۆڵ بەسەردا دەکەم لەوێنەکەی شەهرامدا، چاوم بڕیبوویە چاوەکانی، دەنگیم دەبیست، لەبێدەنگیم هەموو دەیانزانی شێت بووم، نەیاندەزانی دەنگی دەبیستم.

- ئازیزەکەم، مەگری نامەوێ فرمێسک لەچاوەکانتا ببینم. شاپەرییەکەم!

مەگری. مەگری. تاقە گوڵی کەژاوەکەم..

دووبارە ئەشك چاوەکانی دەخوساندمەوە، دووبارە گریان و زاری هێمنی خەڵکەکەی دەشێواندەوە، هەراو هوریایەك بوو، من شەهرامم دەویست و کەسیش ئەمەی لێوەر نەدەگرتم.

چل ڕۆژ بەسەر مەرگی شەهرامدا ڕابرد. من لەسەر جێگەی نەخۆشی کەوتبووم باوکم هاتە تاران و دڵخۆشی دامەوە. براکەی شەهرام لەئەمریکاوە هاتەوە بۆ تاران و دایك و باوکی قایل کرد لەگەڵ خۆی بیانبات

بۆ ئەویٚ. هەستی غەریبیم دەکرد. هەستم دەکرد چیتر لەوماڵەدا بێگانەم. هەستمدەکرد ڕەفتاریان وەك جاران نییە. شەوێك بەرلەسەفەرکردنی دایك و باوکی شەهرام. براکەی وتی:

– نا... دایە گیان. ئەو قسانە مەکە. مەرگی لەناکاوی شەهرام هیچ پەیوەندییەکی، بەبەدفەڕی یان بەفەڕی هاوسەرە بەدبەختەکەیەوە نییە تازیە بارو دڵشکاو بووم. لەم ماڵەدا من جێم نییە، هیچ شتێکم بۆ کۆکردنەوە یان بردنە دەرەوە نەبوو.

بەدەستێك بەجلی ڕەشەوە لەپلیکانەکان هاتمە خوار. دەنگۆی ڕۆیشتن بوو بۆ ئەمریکا. کەلەپلیکانەکان هاتمەخوار هەموو سەیرییان دەکردم.

باوکی شەهرام پایپەکەی لەلێوی داگرت و وتی:

– ئەڵێی، ئەمڕۆ باشتریت...

دایکی قسەکەی لەدەم وەرگرتەوەو وتی:

– خۆ تاسەر هەروا خراپ نابیٚ، پاش ماوەیەك لەبیری دەچێتەوە بەدوای بەختی خۆیدا دەڕوات!

گەرووم هێندە تاسابوو، فرمێسك بەچاومدا قەتارەی بەست:

– نا... خانم هەرگیز شەهرام لەبیرناکەم جگە لەویش هیچ بەختێکی دیکەم نییە.

– هەموو هەروا دەڵێن و تەنها هەر دایك و باوکیشە لەناخەوە دەسوتێن و تامردن پرسەی ئازیزیان دەگێڕن، هەڵبەت چاوەڕوانی ئەوەش لەتۆ ناکەم، دەتوانی جارێکی تریش بەختت تاقی بکەیتەوە.

خۆم هەڵدایە نێوقسەکانی وتم:

– شەهرام هەمیشە هەر بۆمن زیندووە. ژن و پیاوێك ناتوانن بیر لەبەختی کەسی تربکەنەوە.

بزەیەکی گاڵتە ئامێزی کردو وتی:

- هەرچۆنت پێ خۆشە وابیربکەوە، لێرەدا بەئەرکی خۆم دەزانم وارسێکی شەهرام ئەو مۆڵەتەت پێبدەم.

- لەژێر لێوەوە وتم:

- سوپاس.

چومە دەرەوە، باوکو براکەی شەهرام هاوکات وتیان:

- بۆ کوێ دەچیت، شاپەری؟

لەکاتێکدا هاتمە دەرەوە بەگریانەوە وتم:

- کاتێ شەهرام لەم ماڵەدا نەبێ، منیش جێم نابێتەوە.

- چیتر چاوەڕوانی هیچی ترم نەکردو بەپەلە لەپلیکانەکان دابەزیم.

وەك بلێیی هەموو چاوەڕوانی ڕۆشتنی من بون، هیچ کەسێك بانگی نەدەکردم، کەسیش بەدوامدا نەهات و داوای مانەوەی لێنەکردم، منیش بەدڵی بریندارو ماتەمبارەوە ملی ڕێم گرت.

تاك و تەنیا، بێ پشت و پەنا، ملی ڕێم گرت. بەدەم ڕێوە دەگریام!

بینیت شاپەری! ئەو هەموو شکۆمەندیەت تەنها بەشەهرامەوە بوو.

بینیت دەستی یاری پێکردنی ڕۆژگار چ یاریەکی پێکردیت؟

چەرخی فەلەك چۆن هەڵی سوڕاندیت؟

ئێستا بۆ کوێ ئەچیت؟ چی دەکەی؟

- ئاه... چەند زوو بەسەرچوو، چەند خۆش خۆشبەختی گۆڕا بەبەدبەختی.

مەودای نێوان خۆشبەختی و بەدبەختی تەنها نەفەسێکە.

ئەنگوستیلەکەم لەپەنجەمدا سوڕاند، یادگاریی ڕۆژانی شادی. یادگاریی ڕۆژانێك کەخەم هیچ مانایەکی نەبوو، تەنها یادگاریی عەشق نەبێت، تەنها یادگارییەك کەهەموو شتێك و تەواوی ڕۆژانی ڕابردوو لەدرەوشانەوەی نگینیەکانیدا دەبینییەوە، ئەنگوستیلەکەم ماچکردو توندگوشیم

بەسینەمەوە:

- شەمرام گیان چۆن ڕازی بوویت ئەوەی هەوڵت بۆئەداو بانگهێشتەکەت بۆدەکرد لەدنیای بێ کەناردا تاك وتەنیایی بکەیت؟

دەڕۆشتم نەك وەك شاپەری بەختەوەر، وەك شاپەرییەکی ئاوارەو سەرگەردان، وەك شێت و دێوانە نەیدەزانی بەرەو کوێ دەچێت.

هەرگیز نەمدەزانی چۆن لەترمیناڵەکەوە سەرمدەرکرد، سواری ئوتوبووسی چالوس بووم، لەتەنیشت پیرێژنێکەوە لەکورسی یەکەمدا دانیشتم. لەلای پەنجەرەکەدا لەپشت شۆفێرەکەوە.

چاووم لەو گەشتیارانە بوو کەسواردەبون، لەوژنانەی مێردەکانیان چاودێرییان دەکردن، بەخیلیم پێیان دەهات، سەراپام بووبوویە گرێ کۆنە.

ئۆتۆبووسەکە کەوتەڕێ، زۆر ڕقم لەسەیرکردنی جادەکەبوو، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو. جگە لەگەڕانەوە نەبێ، یادەوەرییەکان هەروەك شەپۆلێکی گەرما بەر ڕوخسارم دەکەوت، دوایین جار کەئەو ڕێگەیەم بڕی جلی بووکم لەبەردابوو، بەچ دڵ و دەرونێکەوە چاوم بەرایی بێت. جارێکی تر سەیرییان بکەمەوە؟

بینیت شەمرام؟ بینیت سەرەنجام دوایین شەوم شەبەقی نەبوو؟

کەمێك بەخۆمدا هاتمەوە، لەچکەکەم زیاتر دادایەوە، نێو چەوانم دابەیەکداو بەپەستیەوە چاوم بڕیە ڕێگاکە، چاوم لەلایەك و چاوی دڵم لەگەڵم دەدوا.

من کچێکی هەژدەساڵان. بەوتەی خەڵکی ناسك و نازداربووم.

حەتمەن چاوەکانی دەورروبەر پێیان دەوتم. ئەم کچە بەتاقی تەنیا بۆکوێ دەچێت؟

لەژێر چاوەوە سەیرێکی قژە لول وپێچ پێچەکەی شۆفێرەکەم کردو پاشان چاوم چویە سەر ئاوێنەکەی بەرامبەرم، ترس سەراپامی تەنی،

وەك گورگی برسی چاوی بڕیبوویە مەڕێکی بەستەزمان، ئاوڕێکم دایەوە بۆ دواوە، بەدوای پەنایەکدا دەگەڕام، چاوم بەپیاوێك کەوت لەتەنیشت ژنێکدا دانیشتبوو. منالەکەی لەباوەشدا ژێر دەکرد.

هەستام، پیرێژن بەردەوام وەنەوزی دەدا ئەتوت بەسەر ئەم دنیاوە نییە، کەمێك قاچەکانی کێشایەوە تابتوانم دەرچم. وردە وردە دەستم گرت بەمبەرەو بەری کوشنەکانەوە تاگەیشتمە ناوەڕاستی ئۆتۆبووسەکە، کوڕێکی لاو یەخەی کراسی منالەکەی لەوردە پسکیت دەتەکاند سلاوێکم کرد. نیونیگایەکی کردم، وایزانی بەهەڵە گوێی لەسلاوەکەی من بووە. کەمێك خۆی خەریك کردو سەیرێکی ئەملاولای کردو دوای ئەوەی دڵنیابوویەوە وەلامی سلاوەکەی دامەوە وتی فەرموو:

- بەلێ. فەرموو؟

هاوسەرەکەی نوستبوو. بەئەسپایی وتم:

- ئەکرێ تاکو ( گچسر ) شوێنەکانمان بگۆڕینەوە ؟

- بۆچی؟

هەمان کات هاوسەرەکەی بێدار بوویەوە، ئەویش بەخەوالویی سەیرێکی کردم و سلاوێکم لێکرد، پاشان ڕومکردە مێردەکەی و وتم:

- تکادەکەم ئەگەر دەکرێت بچۆ شوێنەکەی من.

پیاوەکە چیتر پرسیاری نەکرد، سەرێکی لەکوشنەکەوە هەلبڕی و سەیرێکی شۆفێرەکەی کرد، وەك بلێی لەمەبەستەکەم تێگەیشتبێت، پاشان دەمی نابەگوێی هاوسەرەکەیەوە کەمێ چپەی بۆ کردو منالەکەی دانا ڕویکردە من و وتی:

- ئاساییە وەکو خوشکی خۆم سەیرت ئەکەم.

لەجێگەکەی ئەودا دانیشتم، ئەشکی ئەلقە بەستوم لەچاومدا تکاندو لەژێر چمکی سەرپۆشەکەمدا شاردمەوە، خواگیان، چەند دلم پڕ بوو،

ئەشك چاوەڕوانی تاقە بیانویەك بوو.

دەستێك لەئەژنۆم درا، سەرم هەڵبڕی. هاوسەری كوڕە لاوەكەبوو، هاوكات بەدەستەكەی تری سەری منالّەكەی دەخوراند. بەهێواشی پرسی:

-چی بووە؟ كەسێك تەنگاوی كردویت؟

ناوی مریەم بوو، لەوە ئەچو هاوتەمەنی خۆم بێت، وتی:

- خەڵكی چالوسم، لەتەمەنی پانزە ساڵیدا شومكردووە بەكوڕە پورەكەم.

خۆزگەم بەخۆی چەند ژیانێكی بێ دەردەسەری هەبوو، چەن بەئارامی و بێ خەم دەڕوا، هیچ گلەییەكی لەدەست ڕۆژگار نەبوو، وتی:

- پێت وانییە، بۆ ئەم تەمەنەی ئێستای تۆ ئەم هەموو نائومێدییە زۆر بێت؟

وتم:

- تۆ دەزانی لەنێوان ئومیدو نائومێدیدا تەنها نیگایەك ئەتوانێ فاسیلە بێت؟

هەستم كرد ئەو لەدنیایەكی تردا دەژی، ناتوانێ لەخەمەكانی من بگات.

هەستم كرد گەر دەردی دڵی خۆمی بۆ باسبكەم ئەو ناتوانێ ببیستێت.

هەستم كرد ئەگەر توانای بیستنی هەبێت، توانای بڕواكردنی نابێت، بڕواش بكات تێناگات.

دنیا سادەو ساكارەكەی ئەو زۆر جیاواز بوو لەگەڵ دنیا ئاڵۆزەكەی مندا.

جامەكە كەمێك لادرابوو، شنە شەماڵێكی بەهاری دەهات دڵی هەركەسێكی دەژیاندەوە جگە لەدڵی من.

دەشت و دەر بەفەرشی ئاڵووالاّ ڕازابوویەوە.

دەریاچەكان پڕ لەئاوبون، چەند بەلەمێك لەنێوەڕاستیاندا ئەملاولایان دەكرد، هێشتا كەمێ بەفر بەسەر لوتكەكانیەوە مابوو، ڕقم لەبەفر

دەبوویەوە.

بەرەنگی سپی بەرچاوم تاریک دەبوو، ئەو سپییانەی هێندە بەزوویی کتوپڕ گۆڕان بۆ ڕەشی.

حەزمدەکرد پڕ بەدەم هاوار بکەم بڵێم بڕوا بەهیچ سپێتییەك نەکەن. بەلاّم کێ بەم قسانە بڕوام پێدەکات.

دەنگی مەکینەی ئوتوبووسەکە گۆڕا، نەڕاندی، بەهەورازو ملەکەدا سەردەکەوت، هەی نەفرەت لەم هەورازە ئەو هەورازە ژیانی منی لەو ڕۆژە گۆڕی بۆ ئەو ڕۆژە.

هەی نەفرەت نەفرەت لەو هەورازەی بەختی ڕەش کردم، بۆ هەتایی هەوری نەگبەتی بەچەتری ژیانمەوە لکاند.

کاکی شۆفێر لێرەدا دابەزین هەیە.

هەموو سەرنشینەکان سەیریان دەکردم، خۆیشم نەمدەزانی بۆچی دادەبەزم. مریەم عەباکەی ڕاکێشام وتی:

— کچێ لەم شاخ و کێوە ئاوەدانی نییە، مەگەر خوا شێتی کردوی؟

وەك شێتێك پێکەنیم و وتم:

— نشێوی ئەم کەندەلانە ماڵەکەی من.

ئەبڵەق بوو بوو، لەگوماندا بوو، مێشکم لەسەرخۆی نەبێت، وتی:

— نا.نا. کاکی شۆفێر لەهەڵەدایە، پێشتر بەئێمەی وت بۆ (گچسر) ئەچێت.

بەپەلە هەستامە سەرپێ، هەوڵم ئەدا لەپەنجەرەکەوە سەیری کەندەلانەکە بکەم.

وتم:

—کاکی شۆفێر، هێواش بە، دادەبەزم، هەرلێرە دادەبەزم. ماڵەکەی من لێرەیە لەخوارەوە، ئەگەر کەسیش بڕوام پێناکات، بادابەزێت سەیری

کەلوپەلەکانم بکات لەکەنار دەریاچەکەوەیە، بابەچاوی خۆی بیبینێت.

یەکێك لەسەرنشینەکان لەدواوە دانیشتبوو، وتی:

–نزیکـــەی دومـــانگ لەمەوبـــەر کـــامیۆنێکی بارهـــەڵگر، بـــەخۆیی باروسەرنـــشینەکەو شـــۆفێرەکەیەوە کەوتـــە ئـــەو کەندەڵانـــەو ســـوتا، کـــاتێ بەدیقەتەوە لێم وردبووییەوە بەدەنگی بەرز وتی:

– تەواوە، خۆیەتی ئەم خانمە ئەناسمەوە، بەدبەختـە ئـەم بـوو، بەجلە بووکێنییەکانەوە هاتە سەر ئەمکارەساتە دڵتەزێنە، کاتێ جلە سوتاوەکانی مێردەکەی دیتەوە، کاتـێ کەلوپەلـەکانی بەسـوتاوی دیتـەوە،... بەدەسـت خۆی نەبوو... منیش یەکێك بووم لەو حەشاماتەی لەدەوری ئەو کارەسـاتە کـۆ بـوو بووینـەوە، وەرە خوشـکی خـۆم وەرە لـەجێی خـۆت دانیـشەوە تا"گچسر" زۆرمان نەماوە، زۆریش بیری لێمەکەوە.

بەدەم گریانەوە وتم:

– کاکی شۆفێر وتم بووەستە، دائەبەزم، ئەچم مێردەکەم ئەدۆزمەوە.

بێدەنگییـەك بـاڵی کێشا بەسـەر سەرنشینەکاندا، هەستم بەپەشیمانی شـۆفێرەکە کـرد، گریانـە بەدەنگەکـەی مەریـەمم بینـی، سـەیرکردنی مێردەکەی مەریەم و ئەوانی تریش نەیانتوانی بمگۆڕن!

دابـەزیم، دەمـەو نیـوەڕۆ بـوو، مـاتو مـەلول بـەرەو کەندەڵانەکـە ملـی ڕێمگرت، لەجیاتی بـەفر سـەوزەڵانیو گژوگیای کێـوی بـوو، ڕانـە مێگـەلو شوانەکەی سەرگەرمی شمشاڵ ژەنـدن بـوو، عەباکـەم لـەدڕکودالێ دەئـاڵان بێنـەوەی گـوێ بـدەمێ بـەدوی خۆمـدا کێـشمدەکرد، سـەیرێکی ئەمـسەرەوسەری دەریاچـەکەمکرد، پارچـەکانی کامیۆنەکـەو جیـازی بووکێنیەکەم هێشتا ڕەشـەکەم دابەسـەر کەلوپەلەکاندا، بـانگی شـەهرامم دەکرد:

هەرلەوێ بوو، ئاوەکە زیاتری کردبوو دەنگی ترسناکتر بـوو دەنگـی هـەر

بۆ کتێبی
شایەری

شەپۆلێکی برینێکی دیکەی دەکولاندمەوە، عەبا

شەهرام... شەهرام گیان، من بەبێ تۆ هاودەمێکم نییە، کۆچی ناوەختی تۆ جەرگی پارە کردم، هەناوی کردمە خوێن، هاتنی تۆ خوێنی لەشادەمارەکانمدا ژیاندەوە، بەڵام کۆچت هەرچوار وەرزەی لێکردمە زستان، هەی نەفرەت لەم وەرزەی ڕسوای کردم!

دەنگی شمشاڵی شوانەکە ڕێخۆشکەری بۆکردم فرمێسکەکانم تولە ڕێیەك لەگەڵ دەریاچەکەدا دروست بکەن، دەگریام، دەکڕوزامەوە، دەمناڵاند، بێ تۆ من نیم، بێ تۆ پووچم ئازیزەکەم، وەرەو حاڵم ببینە، تەماشای ڕوخسارم بکە، ئەم شاپەرییە بێ تۆ نایەوێ بژی... تۆ ڕۆشتی‌و شەونمی ژیانت، شەپۆلی دەریاکانی دڵت، مانگە شەوی بیابانی ئارەزوەکانت سەراپا برد، من بڕیامدا بێ تۆو بێ تۆ هەرگیز...

دەمەو خۆرئاوا بوو، بەئۆتۆبووسێکی دیکە بەرەو "گچسر" بەڕێکەوتم، کاتێ گەشتمە"نسا" دەرمانگاکەم بینی، بەخامۆشی‌و قوفلێکی گەورەوە کەبەزنجیری دەگاکەوە هەڵواسرابوو، سەیرێکی پەنجەرەکانی ئاپارتمانەکەم کرد، لەکوێیت شەهرامی ئازیزم؟

وەرەو سەیری ماڵی ئارەزووەکانمان بکە، وەرەو ببینە چۆن ئاسۆی خۆرەتاو دەرگای لەسەر داخراوە، ببینە چ ئەنگوستە چاوێکە!

گەشتمە"گچسر" دابەزیم، دەنگی وەڕینی سەگەکان نزیك بونەوە، خۆر دواین تەقالای بۆ ئاوابون داو تاریکی کرد، ملی تولە ڕێگەکەم گرت، گڵۆپەکەی ماڵی خۆمانم لەدوورەوە بەدیکرد، ماندوشەکەت بەنائومێدییەوە دەڕۆشتم، بەچ ئومێدێکەوە ئێرەم بەجێهێشت‌و بەچ نائومێدییەکەوە گەڕامەوە، گڕوگیایەکی زۆر بەدەوری ماڵەکەماندا ڕوا بوو، بەجیرە جیر دەرگاکەم کردەوە، گوێم لەدەنگی باوکم بوو:

– کێیە؟

بەئەسپایی وتم:

- باوکە گیان منم، شاپەری.

پیرەمێردی داماو هێزو هەرەکەتی نەبوو، ویستی ملێك وەرچەرخێنێ:

- تۆیت، شاپەری گیان؟ وەرە ئازیزی بابە، خەمی تۆ لەپێی خستم!

چومە لای دانیشتم:

- باوکە گیان، ئاگات لەبەدبەختیو چارەرەشییمە؟

- لەراستیدا جێی باوەڕ نەبوو، بەڵام ناچارین بڕوا بکەین تاقە گوڵەکەی بابە.

- تۆ ئەڵێی چی باوکە گیان، وادەزانی دوای شەهرام سواری ئۆتۆمبیلێکی مۆدێل بەرزم ئەکەنو بەپەڕی ڕێزو شانازییەوە .....

بابە نەیدەتوانی بەربە لێشاوی گریانەکەی بگرێت قسەکەی پێ بڕیمو وتی:

- یاخوا باوکت بۆت بمرێت!

هەردوکمان سەرمان نابەسینەی یەکتریەوە ماوەیەك لەخەمو تەنیاییدا گریاین، هێندە ماندو بووم نەمزانی سەرم بەسینەی بابەوە، چۆن خەوم لێکەتووە.

- شاپەری، ئازیزەکەی بابە، نان ناخۆیت باوکەکەم؟

- نا... لەبەر ئەوەی نانو دۆمان هەبوو، دڵم نەیدەبرد.

- باوکە گیان، تەنها پێویستم بەپشودانە، بەیانی دووبارە بەدەنگی بابە بێدار بوومەوە، کەڵەشێری هاوسێکەمان دەیخوێند، بۆنی گوڵە کێوییەکان دەهات، بۆنی خاك بۆنی میوە، بۆنی نانی گەرمی تەنور، دڵو گیانو ڕۆحو جەستەم تەنهاو تەنها هەر شەهرامو شەهرام...

- شاپەری گیان، ناتەوێ ئەو جلە ڕەشانە لەبەر داکەنیت؟

- نا... باوکە گیان بۆ هەتایی لەبەرمدا دەبن، نامەوێ بۆساتێك لێیم

جودا بن.

– کچی خۆم، تۆ هێشتا گەنجیت، ئەتوانی جارێکی تریش بەدوای بەختەوەریدا بڕۆیت.

بەلاقرتییەکەوە بزەیەکم بۆکرد:

– دەك نەفرەت لەوبەختەوەرییەی کەهەمیشە دەبێ بەدوایدا عەودالّ بیت، نامەوێ جارێکی تر توشی ببمەوە، باوکە، ئەو بەدبەختییەی جێ نشینی خۆشبەختی بێت ئەویش بۆخۆی چێژێکی تایبەتی هەیە.

– قسەی پڕو پووچ مەکە ڕۆڵەگیان، خۆ ناکرێ تامردن تۆ هەر تازێ بار بیت؟

– گەر وانەبم، چی بکەم، خۆشبەختی تەنها جارێك ڕوودەکاتە مرۆڤ، ئەمەش ئەو ڕستەیەیە کەخۆت لەبەرامبەر شەهرامدا پێت وتم، لەبیرت چۆتەوە باوکە؟

سەری ماچکردمو وتی:

– نا... کچەکەم بیرم نەچووە، مەگەر دەتوانم بیرەوەرییەکانی تۆو شەهرام لەبیر بکەم؟ بۆکوێ دەچیت کچی خۆم، هیچ نەبێ بەرچاییەکەت بخۆ...!

– ئەچم بۆ ماڵو حاڵو ژیانی خۆم باوکە گیان، شەهرام چاوەڕێمە، درەنگ دەکەوم!

هەندێ لەخەڵکی ئاوایی دەیانوت:

– کچەکەی فلان بۆ عەشق شێت بووە، هەندێکی تر بەزەییان دەبزواو هەندێکی تریش گاڵتەیان لێدەهات.

لەسەر جادەکە وەستام، بەیەکەمین ئۆتۆبوس، خۆمم گەیاندەوە ئەوێ دابەزیم، دووبارە دەستم کردەوە بەگریان، پەیامەکانم دابەدەم دەریاوە، ڕوخساری پەشێووم لەئاوەکەدا بینی، دڵۆپە فرمێسکەکانم شەپۆلی

بچوکیان دروست دەکرد.

برۆ بەشەمرام بلێ دڵتەنگم، با بێتە خەونم، جارێکی تر قسەم لەگەڵ بکات، دەنگت لەگوێم مەبڕە، بڕۆو بلێ شاپەری چاوەڕێتە، بلێ چیرۆکی شاپەری تەواو نەبووە، مۆڵەت بدە باتەواوی بکەین، بلێ تەنها جارێکی تر خۆ دەربخاتەوە تۆی پێویستە چاوەڕێتە دەیەوێ لەگەڵ خۆتی بەریت!

ڕۆژانێکی دوورو درێژ چاوەڕێمکرد، بەڵام نەهاتە خەونمو نەگوێم لەدەنگی بوو، هاوین هاتو دنیا گەرمی کرد، حاڵی باوکم ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپتر دەچوو چیتر هیچ هیوایەکی ژیانی نەبوو، پیاو ماقوڵانی ئاوایی هاتن بۆسەردانیو گەردنئازاییان لێکرد، شەوبوو باوکم دواین هەناسەکانی دەدان کارم لەگریان زیاتر تێپەڕی کردبوو تەنها سەیرمدەکرد، پیرەمێرد نیگەرانی ئایندەی من بوو، سەرێکم بەئیشارەتێك بۆ لەقاندو وتم:

– ئایندەی من ڕابردووم بوو!

زیاتر نائومێد بوو، لەنێوان هەناسەکانیدا وتی:

– ئەم ڕۆژگارە بێوەفایە... شاپەری بەزەییت بەخۆتو جوانییەکەتدا بێنەوە، وەفاداری خۆشە بەڵام نەك بەشێوەی نابوتی، وەفاداری خۆشە بەڵام بەو مەرجەی بۆ خۆت بێت، وەفات بۆخۆت هەبێت، چاوەکانی لێك نا... سێ جار لەسەریەك بانگی کردم، پاشان چەن جارێك بەگەروی نوساوەوە ناوی دایکمی هێناو گیانی دەرچوو!

دووبارە بێدەنگی باڵی کێشا، نەدەگریام، نەدەترسام، چاووم بڕیبوویە ڕوخسارە ئارامەکەی، ژیانی، مردنی، چەن بەئاسانی گیانی دەرچوو، فاسیلەی نێوان مەرگو ژیانم لەوساتەدا بینی، ساتێ پێشتر قسەی دەکرد، گیانی تیا بوو، دەیبینی، ئامۆژگاری دەکردم، ئێستا گیانی لەجەستەی جودایە بۆتە پەیکەرێکی بێگیان.

لەوێرانەیەکدا هەزاران بیرەوەری تاڵ تیایدا هاتوچۆیان دەکرد،

لەوێرانەیەکدا بن میچەکەی لەڕەشی دوکەڵدا بەدەرەوە نەبوو ڕازی شەوانی تەنهایم بوو من و لاشەیەکی بێ گیان، لاشەیەك هاودەمی شەوانی تەنیایم بوو هاودەردم بوو لەئازارەکانم دەگەشت، لەبیستنی ئازارەکانم ماندو نەدەبوو، هەمیشە گوێ بیستی ئاهونالەم بوو، ئێستا بۆتە پەیکەرێکی بێگیان چیتر نابیستێت، فرمێسکی بێدەنگیم بۆ ناڕژێت، وەڵامی ئاهو ناڵەکانم ناداتەوە، سەیرکردنەکانی ئارامیم پێ نابەخشێت.

نەئەژنۆکانم، نەزمانم بۆ بەهاناوە هاتن. هاوکارییان نەکردم .

بێدەنگی تاکە هاوڕێم بوو، ڕاموەشاند، باوکە باوکەیەکی زۆرمکرد هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، وردە وردە بڕوامکرد، باوکم بەجێی هێشتم و تەنیای کردم، فشارێکی زۆر لەخۆم کرد بەڵکو سەرچاوەی ئەشکم بتەقێ، بەڵام وشکی کردبوو، تنۆکێکی تیانەبوو، نازانم دڵم بوو بوویە بەرد یان خۆم دابوویە دەست جەوروستەمی بێ بەزەیانەی ڕۆژگار.

ڕۆژگار قاقا پێدەکەنی و من بەدەستی کۆت و بەندی دیلییەوە پارچە پارچە دەبووم.

**** **

بۆ بەخاکسپاردنی باوکم هیچ پارەو پولێکم نەبوو، خەڵکی ئاوایی دەیانوت ئێمە هەموو خۆمان بەقەرزاری فلانی ئەزانین، ئەرکی سەرشانمانە پرسەی بۆ بگێڕین، من سەری هەتیویم لەنێو ئەژنۆکانمدا دەلەرزین.

– ئەگەر مێردەکەم دەما، مەراسیمێکی بەخاکسپاردنی بۆ سازدەکرد لەدنیادا دەنگی دەدایەوە ئەگەر ئەو دەما بەدەستی میهرەبان و نەرمی خۆی فرمێسکەکانی بۆ دەسڕیم، گەر ئازیزو ئومێدی لەدەست چووم بمایە لەگەڵ دایك و باوکیشم دەبوو.

بەرەو جادەکە ملی ڕێم گرت، غەریب و نائومێد، تەنها ئەنگوستیلەیەکی ئاقیقم شك دەبرد.

سەیرێکی هەورازەکەم کرد، ئوتوبووسێکم بەدی کرد دەستم لێ ڕاگرت سواربووم، جێگەیەك نەبوو دانیشم، کوڕێکی هەرزەکاری شانزە ساڵان شاگردی بوو، سەیرێکی کردم و وتی:

– کاتێ گەشتیتە بەردەمی پۆلیسی هاتوچۆ دانیشە، باسزا نەدرێیت سەرێکم بۆ لەقاند، هەوڵمدا دەست بەکورسیەکانەوە بگرم تا بەملاولادا نەکەووم من کێم؟ بۆ کوێ دەچم؟

چەن زوو خۆشبەختیماڵئاوایی لێکردم، چ شانێکی بەهێزم هەیە لەژێر باری خەمدا!

چۆن دەتوانم ئەم کۆڵی مەینەتیە بکێشم؟
ئێستا بۆ کوێ دەچیت شاپەری؟

دواین نیگای دەوروبەری خۆمم کردو ماڵئاوایم لێخواستن.

ئەمە چارەنوسێکە کێشم دەکات، ڕۆژگارێکە مرۆڤ بەچۆکدا دێنێت.

چاوم بەلاوێك کەوت جلی سەربازی لەبەردابوو، لەژێرەوە سەیری دەکردم کەچاوم هەڵبڕی، سەیرێکی دەرەوەی کرد، وای دەرخست لەگومانێکی هەڵەدام، بەسەر خۆمم نەهێنا چونکە هیچ چارەیەکم نەبوو، سەرم داخست و دووبارە نوقمی بیرکردنەوە بوومەوە.

گەیشتینە ( نسا ) دەك نەفرەت لەم.... دەرمانگەکەم بینییەوە، قوفڵ و زنجیرەکەی، پەنجەرەی ئومێدی لەدەست چووم دیتەوە، ئەشك شالاویان بۆ هێنام.

دووبارە کوڕە لاوەکە سەیری کردمەوە، ئەمجارەیان شەرمەزاربووم.

– بفەرموو خانم لەجێگەکەی من دانیشە.

وتم:

– سوپاس، دانیشتم و بووخچەکەم لەبەرپێی خۆمدا دانا.

– لەچکەکەم توندتر کردو زیاتر خۆمم داپۆشی، جۆرێك سەیری بەردەمی خۆمم دەکرد، تاپێچ و پەنای ڕێگەکە نەبینم، ڕقم لەشاخ و ئاوو داروبەردی ئەو ڕێگەیە دەبوویەوە.

داروبەردی ئەو ڕێگایە هاواریان بەسەردا دەکردم، ئێمە شەهرامان لەتۆ سەندەوە، دەریاچەکە هاواری دەکرد:

من شەهرامم ڕفاند!

لەژێر لێوەوە ناسزایی و جنێوم بەجادەو شاخ و داروبەردم ئەدا.

گەیشتینە ملە بەرزەکە، هەمان هەستی جارانم تیادا بزوایەوە، بەدەم فرمێسکەوە ماڵئاواییم لێکردن:

زیاتربەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە، کچێك بەتاقی تەنیا تەنانەت ناتوانێ لەچاوی خەڵکیش خۆی بپارێزێت.

تاکەی نێوچەوانم بەیەکدا بدەم، تاکەی سەرم شۆڕبکەم؟

نا... ئەمانە ڕێگەچارە نین، من پێویستم بەپارێزگاری هەیە، گەشتینە تاران، نازانم چۆن شۆفێرەکە کرێی لێنەسەندم، لەوانەیە لەبەر جلە شڕەکانم بوو بێت لەوانەشە لەو شۆفێرانە بوو بێت چیرۆکی بەسەرهاتەکەی منی لەدەمی ئەم و ئەو بیستبێت و بەزەیی پێمدا هاتبێتەوە، زۆر سوپاسی شۆفێرەکەو سەربازەکەم کردو دابەزیم، گەراج پڕ بوو لەگەشتیار، سەیرێکی ئەملاولای خۆمم کرد حەزمدەکرد هەموو کارەساتی من بزانن، حەزمدەکرد پڕ بەدەم هاوار بکەم بڵێم من: من... نەوەک گەدایەکی سەرلێشێواوی موحەبەتبم، نەوەک پێویستم بەسۆزێك هەبێت، نەوەك بێدەرەتانی نیازمەندی کردبم.

لەدواوە گوێم لەدەنگێك بوو:

– خانم!

تەنها ئاوڕێکم دایەوە، سەری داخستبوو. هەمان ئەو سەربازەی کەوتم:

– فەرموو.

وتی:

– ئەتوانم، چەن ساتێك، تەنها چەن ساتێك لەکاتت بگرم؟

بزەیەکی کرد:

– من لەمێژە کاتم لەدەستچووە.

نازانم لێم تێگەیشت یان نا، خۆی لێ نەبان کردو وتی:

– ئەمویست زەحمەتت بدەم ویستم... ناونیشان..

ئەمجارەیان پێکەنینم هات، بەڵام پێکەنینێك سەدجار لەگریان تاڵتر بوو

وتم:

– ناونیشانی من ماوەیەکە لەناوچووە، گەر بڕوا ناکەیت بڕۆ بۆ هەورازەکەو بەچاوی خۆت سەیری کەندەڵانەکە بکە!

کەمێ واقی وڕماو پاشان وتی:

- گاڵتەم پێدەکەیت؟

وتم:

- خۆیشم ماوەیەکە گاڵتەم پێکراوە، گاڵتەجاڕی دەستی ڕۆژگار!

وتی:

- دیارە چاوەکانت خەمیان لێدەبارێ.

وتم:

- تۆ چورزانیت؟

وتی:

- جۆرێك هاوار دەکەن هەموو کەسێ تێدەگاتو دەبیستێ.

وتم:

- ئەی خوا بۆ نابیستێ؟

سەری داخستو وتی:

- لەوانەیە خوا ویستی وابێت نەبیستێ.

پاشان بێدەنگ بوو وایزانی وەڵامی پڕاو پڕی داومەتەوە.

وتم:

- خواحافیز.

ملی ڕێمگرتو ویستم بڕۆم، دووبارە بانگی کردمەوە، بەدوامدا هات، چەن بلیتێکی وەرگرت، بەپەلە خۆی پێگەیاندم:

- ببوورە خانم، تەنها ناونیشانی بەڕێزت...

بەخوێنساردییەکەوە وەڵامم دایەوە:

- هەرکاتێ ناونیشانی خۆمم دۆزییەوە، ئاگادارت ئەکەمەوە!

ماتومەلول سەیری دەکردم، سواری ئۆتۆبووسەکە بووم، ئەویش لەدواوە، چیتر هیچی نەوت تەنها سەیرکردن نەبێ، ناونیشانی ماڵی خاڵم

لەکیفەکەم دەرکردو بەشۆفێرەکەم وت:

- لەیەکەمین وێستگەی "نازیئاباد" دابەزین هەیە.

گەشتینە یەکەم وێستگەو دابەزیم، دانیشتمو چاوەڕوانی ئۆتۆبووسێکی ترم دەکرد، هاتو لەتەنیشتمدا دانیشت.

بەسەرسوڕمانێکەوە وتم:

- تۆیش دابەزیت؟

وتی:

- حەزناکەم بەکەسێکی کەللە شەقم بزانیت، بەڵام سوربوون لەسەر کاری خێر خۆتاوانێك نییە.

ڕوخسارێکی هێمنی هەبوو، تازە ڕیشو سمێڵی دەرکرد بوو، بەردەوام دەستی بەدەموچاویدا دێنا، منالْ دەهاتە پێشچاوم، بۆ ساتێ لەگەڵ شەهرامدا بەراوردێکم کرد، شێتبووم چ کەسێکم بەچ کەسایەتییەکەوە لەدەسچوبوو!

هەڵوێستەیەکی کردو وتی:

- خانم، نازانم تۆ بۆچی گوێ بۆ من ناگریت، من لە "گچسر"ەوە تائێرە....

بۆ ئەوەی لەوە زیاتر درێژەی نەداتێو بڕوات قسەکەم پێبڕیو وتم:

- لەهەڵەدایت، کاکی خۆم ئەوەی تۆ بیری لێدەکەیتەوە من ئەوە نیم، من مێردم هەیە!

دەمی بوو بەتەڵەی تەقیو، هەستایە سەر پێ بەڵام جوان پێوەی دیار بوو، دڵی نایەت بەجێم بێڵێت، بەگومانێکەوە وتی:

- دڵنیام ڕاست ناکەیتو درۆ دەکەیت، بۆ ئەوەی لە کۆڵت بمەوە.

- درۆ ناکەم بەڕاستمە، سەبارەت بەمن لەهەڵەدایت.

چەن هەنگاوێك دوورکەوتەوە، لەپڕ هەڵوێستەیەکی کرد وەك پەشێمان

بوو بێتەوە لەو پێشنیارەی بۆی کردبووم، لەوەیکە چۆن بڕوای بەقسەکانم کرد، ڕاشکاوانە وتی:

– هەرگیز بڕواناکەم شوت کرد بێت، دیارە بۆ بڕوا نەکردنم بەڵگەی بەهێزم پێیە.

– چ بەڵگەیەک؟

ئەمەم وتو چاووم تێبڕی.

– چ مێردێك ڕازی دەبێ ژنێکی گەنجو جوان...

هەڵوێستەیەکی کردو ئاگای لەتوڕەبونەکەی من نەبوو، دووبارە وتی:

– ئافرەتێك لەو تەمەنەداو بەتاقی تەنیا سەفەرکردن، لەئۆتۆبووسێکدا پڕ بێت لە خەڵکی بێکارو چاوبرسی.... من نەك هەر بڕوا ناکەم مێردەکەشت هێندە....

قسەکانی تەواو بون، بەڵام نەمهێشت لەوە زیاتر پێدرێژی بکات لەسوکایەتی پێکردنی مێردی نەبووم!

قسەکانیم پێبڕی وتم:

– من مێردەکەم مردووە، کاکەگیان ئێستا بڕوات کرد؟

هەڵبەت نەك بۆمن بۆ خەڵکی چاوبرسی، کەلە بێدەرەتانی مندا بەچاوی ناپاکییەوە لێمبڕوانێ، لەوانەیە لای خەڵکی من مێردم نەبێ بەڵێ مەبەستم تۆیە، بەڵام ئەوەش بزانە هەمیشە لەدڵی مندا زیندووە، بەم سەرو قژە پەرێشانو شێواوەمدا تێمەکەوە.

گەرووم گیرا:

– من باشترین پیاو مێردم هەبوو بەڵام، دنیا بێوەفا بوو لەبێبەزەییەی خۆی دەسبەردار نەبوو، هەردوکمان بێدەنگ بووینو چەن ساتێکی پێچوو، هێشتا هەر نەیدەویست بڕوات:

– ئەتەوێ تۆیش تامردن هەربەیادی ئەوەوەبژیت؟ خەیاڵت خاوە

گەرتۆیش بتەوێ خەڵکی نایەڵن.

ئەو کاتە لەمەبەستی نەدەگەیشتم تاکو بۆمدەرکەوت من ڕاستەقینەم بیستووە.

بەوەستانی ئۆتۆبووسەکە لێکدابڕاین، ئەو لەپێشەوە من لەدواوە سواربووین، جارجارێك ئاوڕێکی لێدەدامەوە سەیرێکی دەکردم تاکو دڵنیا بێت لەوەی هێشتا دانەبەزیووم.

ئافرەتێك لەتەنیشتمدا دانیشتبوو، منداڵێکی بزێوی پێ بوو، بەردەوام دەجوڵا، پەنجەی دەگرتمو بەرەو ئەژنۆی دایکی کێش دەکرد، دەمێ قسەی خۆشی بۆ دایکی دەکرد، دەمێکیش کارێکی وای بۆ من دەکرد دەیهێنامە پێکەنینن پێکەنینێکی کاڵوکرچ هیچ مانایەکی نەبوو، لەوساتی پێکەنینە کاڵوکرچەدا سەربازەکە ئاوڕێکی دایەوە. دیاربوو لەپێکەنینەکەی من بیری لەشتی پڕوپوچ دەکردەوە، گەشتینە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەر، دابزیم ئەویش بەدوامدا.

دوای نیوەڕۆیەکی ئێکجار گەرم بوو، تینوێتی تەنگی پێهەڵچنیبووم، توانای گەڕانو پرسینی ناونیشانەکەم نەبوو، ناونیشانێك تەنها جارێك بەمناڵی لەگەڵ دایکمدا هاتبووم، هەموو شتێك گۆڕابوو، کۆڵانەکەم نەدەناسییەوە ماڵی خاڵم لێون بوو بوو، شەپۆلەکانی بیرەوەری مناڵی بەمێشکمدا دەهاتنو دەچون، بەلەمی شکاوی خەمەکانی بەملاولادا دەکێشا، ئەودەمە دایکە کلۆڵەکەم پەنای بۆ ماڵی براکەی هێنا بوو، خاڵمو ژنە نارەسەنەکەی بەچەندین جنێو ناسزایی پێشوازییان لێدەکردین، ئێستاش من بەرەو کوێ دەچمەوە، چ سەر نویشتێك چاوەڕوانم دەکات، بەدوای ماڵی کێدا وێڵم؟

هەمان ئەو خاڵو خاڵۆژنەی کە........

چوومە دوکانێك پیرەمێردێك دانیشتبوو گوێی لەڕادیۆ دەگرت، لێم

پرسی:
– مامە گیان، لەم ناوە حەبیبی "کفترباز" ناناسیت؟
بەنیگایەک پڕ لەپرسیارەوە وتی:
– تۆ، چی ئەویت؟
وتم:
– من خوشکەزای ئەووم.

پاشان لەشەرمەزاریدا سەرم داخست، سەیرێکی دەورووبەری کردم تا دڵنیابێت لەوەی کەسیترم لەگەڵ نییە، پاشان وتی:
– ڕایسپاردوم، من شوێن‌و جێگەی بەهیچ کەسێکی نەناسراو نەڵێم.
وتم:
– بۆچی؟
وتی:
– خاوەن قەرزەکان دەرگای پێدەگرن، تۆ کەخزمی ئەویت دەبوو لەمن باشترت بزانیایە کە حەبیب کەسێکە خۆی حەشارداوە.

تێگەیشتم هێشتا نەبۆتە بنیادەم، هەر ئەو گەمژەیەی جارانە، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو، لەم شارەدا تەنیاو بێکەس هیچ تروسکاییەکم شک نەدەبرد.

ناونیشانەکەم لەپیرەمێردەکە وەرگرت بەرەو کوچەی سەقاخانە بەڕێکەوتم خۆی بوو کۆڵانەکەم دۆزییەوە، کۆڵانێکی تەسک و باریک دیوارەکانی قوڕوخۆڵ داڕوخاو، جۆگەلەیەک لەناوەڕاستیدا دەڕۆیشت پڕ بوو لەپیسی و خاشاک و زەلکاو.

هەر کەچومە کۆڵانەکە، سەربازە لاوەکە لەدواوە وتی:
– من تائێرە هاتووم، لێرەش بەدواوە گەر حەزدەکەیت ناونیشانێکم بدەرێ ئاوڕێکم دایەوە وتم:

- بریا بمتوانیایە، ئەو پیاوەتیەی لەئوتوبووسەکەدا لەگەڵمدا کردت، بەپارە بۆم قەرەبوو بکردیتایەتەوە، تائەوەندە قەرزارت نەبوومایە. ئەوکاتە ئەتزانی چیت بەسەردێنم. مەخابن کە هەستدەکەم منەت باری تۆم.

چیتر هیچی نەوت و گەڕایەوە، دوایین نیگای پڕ حەسرەتیم بینی کەلەسوچی کۆڵانەکەوە لەچاو ون بوو.

دڵم لەمشتمدا بوو بیرم لەڕەفتاری خاڵم و خاڵۆژنم دەکردەوە، گەشتمە کۆڵانی دواترو بەلای ڕاستدا کۆڵانێکی باریکتر کەدوکەسی نەدەکێشا، گەشتمە بەردەرگای پێنجەم و وەستام، دەرگایەکی تەختەی کۆن کەبەگەچ و خەڵوز لێی نوسرابوو ( من هاتم تۆ لەماڵ نەبوویت حەبیب ئاغا ) ( پارەکەمت چی لێکرد؟ ) ( بەیانی ئەو پارەیەم نەدەیتەوە ئەوا شکایەتت لێدەکەم ) ( نەفرەت لەباو باپیرت گەر دەرگا نەکەیتەوە )

ئەمانە هەریەکە ناوێکی لەژێردا نوسرابوو، هەنگاوێك دابەزیم و لەدەرگامدا دووبارەو سێبارەم کردەوە، هیچ دەنگێك نەبوو، ئەمجارەیان قایمتر، ئەوەندە قایم هاوسێکان هاتنەدەر وتیان:

- تۆیش هاتویت پارەت لەلایەتی؟ بابە لەوێ نییە، تاوانی ئێمە چییە بڕۆن شکایەتی لێبکەن، بەوەخت و ناوەخت بۆچی ئێمە ڕادەچڵەکێنن؟

پیاوێکی باڵابەرز ئەم قسانەی کرد، کۆڵانەکە هێندە باریك بوو نەمدەتوانی بزانم ئەو دەنگە لەکوێوە دێت، هەربۆیە لەجێی خۆمدا وەستام و وتم:

- من پارەم لەلای نییە، کاکە من خوشکەزای حەبیب ئاغام.

بەگاڵتە پێکردنێکەوە وتی:

- ڕاستدەکەیت... حەبیب ئاغا خزمی زۆری هەیە.

دووبارە لەدەرگام دایەوە خۆم بەخوێندنەوەی نوسینی سەر دەرگاکەوە

خەریك کرد یەکێکیان نوسرابوو:

ئاخ حەبیبی گەماڵ باوك، خوا مناڵەکانی تۆیش بەدەردی مناڵەکانی من بەرێت، پێکەنینم دەهات، لەوەی کەخاڵم وەجاخ کوێربوو.

دووبارە لەکابرام پرسییەوە:

– کاکە گیان، من لە ( گچسر ) ەوە هاتوم، ڕێگەم دورە، توخوا ئەگەر هەواڵێکت لەخۆی یان لەژنەکەی هەیە پێم بڵێ.

کەمێك هاتە پێش دەستێکی هێنا بەسەرو سیمای چڵکنیدا وتی:

– دەبێ دڵنیابم لەوەی تۆ خزمی ئەویت؟

وتم:

– بەخوا بەڕاستمە.

دڵم خۆش بوو وتم:

– کەواتە ئەزانیت لەکوێن؟

پێکەنی و بۆنی عارەق و چەوری گیانی زیاتر دەهات، پاش چەند ساتێك بیرکردنەوە:

– کەمێ دان بەخۆتدا بگرە بزانم.

بەرەو دوا گەڕایەوە دەرگاکەی داخست.

ماندوبووم لەسەر پلیکانەکە دانیشتم، بووخچەکەم لەکۆشمدا دانا، نوقمی بیرکردنەوە بووم:

چۆن دەتوانم لەم شوێنە، لەم کۆڵانە، لەگەڵ ئەم خەڵکەدا بژیم.

بەقاچ یاریم بەخۆڵەکەی بەردەمم دەکرد.

دەرگا کرایەوە هەمان پیاو دەرکەوتەوە وتی. من جەعفەر ئاغام.

– ناوت شاپەرییە؟

بەسەرسوڕمانێکەوە وتم:

– بەڵێ!

زیاتر دەرگاکەی کردەوە ئیشارەتی بۆ ژوورێکی دواوە کردو وتی:

- خاڵت لەوێیە، بفەرموو.

- هەستام و خۆمم تەکاند، چومە حەوشەیەکی بچوکی سێ مەتری، پەنجەرەیەکی بچوك سەرنجی ڕاکێشام، منداڵێکی سەرتاشراوی کەچەڵ لەودیوەوە سەیری دەکردم. جەعفەر ئاغا، پەیژەیەکی لەسوچێکی حەوشەکەوە نیشاندام و وتی:

- سەرکەوە بۆ هۆدەکەی سەرەوە.

بەرەو پەیژەکە ڕۆشتم، دەستمگرت بەملاولایەوە، لەحاڵێکدا چەمکی عەباکەم بەددان و بووخچەکەشم لەپەنجەم هەڵکێشابوو.

بەپلەکاندا سەرکەوتم، گەشتمە ڕاڕەوێکی تەسکی یەك مەتری، سێ پەیژەی تەختەی تری لێبوو، دەرگای ژورەکە نیوەکراوە بوو، دوجوت پێڵاو دانرابوو، پێڵاوەکانم داکەندو گوێم لەدەنگی خاڵە حەبیب بوو.

- وەرە شاپەری تۆیت. لەگەڵ کێ هاتویت؟

هەر لەمناڵیەوە زەندەقم لەدەنگی چوبوو، هێشتا ئەو ترسەی مناڵیم هەرلەگیاندا مابوو.

چومە ژوورەوە بۆنی کەڕو لێدەهات، هێڵنجم دەهات، خالۆژنم بینی پاڵی دابوویەوە جگەرەی دەکێشا، خاڵە حەبیب پەتۆ کۆنەیەکی دابوو بەئەژنۆکانیدا. دەستی خستبوویە ژێر چەناگەی، سڵاوێکم لێکرد، هەردوکیان سەیرکردنێکی قوڵی کرایارانەیان کردم و وتی:

- چ سەلامێك، چ عەلەیکێ! دوای مردنی خوالێخۆشبوو، هیچ کارێکمان بەیەکتر نەماوە.

مەبەستی دایکم بوو، ڕاستی دەکرد، دوای مردنی دایکم هەرگیز باوکم ڕازی نەبوو هاتوچۆی خاڵم و ژنە نارەسەنەکەی بکەین، خالۆژن بەساردییەکەوە خوڵکی کردم، لای پەنجەرەکەوە دانیشتم، لەپەنجەرەکەوە

کزلان دیاربوو:
- ئەتوت شاپەری؟ وتم لەگەلّ کێ هاتویت؟
زۆر حەزیدەکرد بڵێم لەگەڵ باوکم هاتووم، بەلام وتم:
- باوکم مرد!
خالۆژن باپیشێکی دوکەلّی جگەرەکەی داو وتی:
- یانی تۆ لەوێوە بەتەنیا هاتویت بۆ تاران؟
تەنها جارێك بەئەستەم چاوێکم نوقاندو دووبارە کردمەوە.
خالە پاشماوەی جگەرەکەی لەخالۆژن وەرگرت و وتی:
- بۆچی هاتویت بۆ تاران؟
ناشێ بیر لەوە بکەیتەوە، باوکت مردووە تۆیش لەم شارە بێ سەرەو بەرەیەدا بەرەلابیت.
عەباکە لەسەرم داکەوت، دەستم شل بوو بووخچەکە لەدەستم کەوت. پالمدا بەدیوارەکەوە:
- زۆر تینومە خالۆژن. کەمێك ئاو...
نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم، هەمیشە دایکم لەدەست خۆی و ژنەکەی هەراسان بوو، ئیشارەتێکی ئەولای کردو وتی:
- مەگەر خالۆژن سەقای تۆیە، دەست و پێت خۆ نەقرتاوە هەستەو ئاوی خۆت بخۆ.
هەستام و بۆ پەرداخێك گەڕام، سەبەتەیەکی سور هەندێ قاپ و قاچاخی قوپاو شکاو تیابوو، پەرداخێکم هەلگرت ئەوەندە پیس و پۆخلّ بوو تینوێتیم بیرچویەوە، پەرداخەم داناو لەجێی خۆم دانیشتمەوە.
خەلوزی نێرگەلەکەی ئەتەکاند وتی:
- وەك دایکت خۆت تەسك مەکەرەوە شاپەری! کچی فلان و فیسارنیت بەو پەرداخە ئاوەکەت بخۆرەوە. ئەوەندەش مەکرو نازمەکە.

- پاشان کەمێك هاتە پێش بەدیقەتەوە سەیرێکی کردم و دەستێکی خستە ژێر چەناگەم لەبرۆکانم وردبوویەوە وتی:

- ئەڵێی شوت کردووە.

خاڵم چاوی تێبڕیبووم هەردووك بێدەنگ چاوەڕوانی وەڵام بون.

سەرم لێ شێوابوو نەمدەزانی بڵێم چی.

- بەڵێ، خاڵۆژن. نا نا خاڵۆژن.

چۆن دەرکی پێکردبووی، نازانم، دووبارە خاڵم پرسیاری کردەوە.

هیچ وەڵامێکم نەدایەوە، بەهاتنی جەعفەر کۆتایی بەباسەکە هات.

جەعفەرو منداڵە بچوکەکەی لەپەنجەرەکەوە سەیری دەکردم ناوی ڕەزا بوو لەتەنیشتمدا دانیشت، کەمێك خۆمم کۆکردەوە. خاڵۆژن وەك فەرماندەیەك وتی:

- ئەم عەبایە بۆ لەخۆت ناکەیتەوە، خۆ کەسی غەریبمان تیانییە، جەعفەریش هەر خۆمانەیە.

چایەکە دەمی دەکێشا، تەنها دوپیاڵەی شکاو هەبوو، ناچاربووم دان بەخۆمدا بگرم تاکو جەعفەر چایەکەی دەخوات پیاڵەکە خاڵی دەبێت، لەدیتنی چڵمەکەی لوتی ڕەزا بۆگەنی جلەکانی جەعفەر دڵم تێك دەهات.

لەهەمان پیاڵەکەی جەعفەردا چای بۆ تێکردم، دەبوویە چ بیانویەك بڵێم بۆم ناخورێت، خاڵە بۆڵەبۆڵێکی لێوەهات و خاڵۆژنیش نیگایەکی پڕ لەمەکرو حیلەی کرد، لەمەبەستەکەی گەشتم. واتە بیخۆ.

شەرمە، بێ حورمەتییە، بێ ئەدەبییە، دەستم ڕاگرتووە. ئامادەبووم بمرم و لێوم نەبەم بۆ ئەو پیاڵەیە.

- دەسخۆش، خاڵۆژن گیان، خۆت دەزانی من چایی ناخۆم هەر لەماڵیەوە بەبۆنی چایی تێك دەچم.

پێکەنینێکی دەسکردو کردو وتی:

– تۆ بیخۆ جەعفەر ئاغا، سینەکەم ڕەوانەی خۆیی و کوڕەکەی کرد.

خالۆژن پێکەنی و پێکەنی و پێکەنینەکەشی پڕ مانا بوو. مەبەستی ئەوەبووو جەعفەر لەدرۆکەی من تێنەگات، پاشان ڕویکردە جەعفەر وتی:

– ڕاست دەکات، هەر بەمنالیش هەرچەندە دایکی زۆری لێدەکرد دەمی بۆ چایی نەدەبرد.

سەرم ژانی دەکرد، گێژ بوو بووم، حەزم لەچابوو، بیری ئوتێلەکەو چایی و قاوەکەی شەهرام، ئەو چا بۆندارەی دایکی شەهرام دەمی دەکرد دەنگی ئەو پشیلە برسیەی لەحەوشەکەدا دەیمیاواند و سەیری پەیژەکەی دەکرد سەرنجی ڕاکێشام و بەخۆمدا هاتمەوە، دەبوو ئوتێل و ماڵی باوکی شەهرام و هەرچیەکم دیتبوو فەرامۆشی بکەم، لێرە هیچ دەنگ و باسێکی خۆشگوزەرانی نیە.

– پەنجەرەکە داخە، شاپەری! ئەتەوێ هاوسێکان بزانن من لەکوێدا خۆم حەشارداوە؟

جەعفەر نیگایەکی زیرەکانەی بەژنوباڵای کردم وتی:

– بەینی خۆمان بێت حەبیب، بۆ نەتوتوە خوشکەزایەکی ئاوام هەیە هەزار ماشاڵا...

بەمۆڕەکردنێکەوە سەیرێکی سەروچاوە ناشرینەکەیم کرد، نەم هێشت زۆر لەسەری بڕوات، پەنجەرەکەم داخست و لەتەنیشت خاڵمدا دانیشتم، جەعفەر زۆر لەوە سەرکەشتر بوو بەسەیرکردنێك کۆتایی پێبێنێت ئەمجارەیان وتی:

– بەقوربانی قودرەتی خوابم، قەڵەمی نیگارکێشانی هەندێ جار زۆر جوان دەریدەکات. هەر لەیەکەم ساتی دیتنی ئەم شاپەری خانمەوە دەمم بوو بەتەڵەی تەقیو.

چاوی لەسەر لانەبردم بەردەوام وەسفی دەکردم، خۆی گەیاندە نێرگەلەکەو وتی:

- نۆرەی منە، شاپەری خانم تۆ ناکێشیت؟

بەرقێکەوە وتم:

- نەخێر.

لەدڵی خۆمدا وتم من تەنها دەردی ڕۆژگار دەکێشم، دنیا تاریکی کردبوو ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە، دەنگی زیرە زیڕی سیسرك تەواو مێشکی ماندو کردبووم.

جەعفەر بەردەوام بەپەیژەکەدا سەروخواری دەکرد و هەرجارەی بەبیانویەك چەند ساتێ دادەنیشت. هەرجارە هەواڵێکی دەهێنا، دەمێ دەیوت کابرایەکی لەم جۆرە لەم ڕەنگە هەواڵت دەپرسێ، دەمێکی تر دەیوت ئەوەندە و ئەمەندە بەرتیلم داوەتە فلانە پۆلیس و دەستم پێوەناوە، دەمێکی تر نەخشەیەکی زیرەکانەی دەهێنا گۆڕێ، تاکو سەیرێکی تری من بکاتەوە.

کاتژمێر نۆی شەو بوو، بۆ سەری چەندەمین جار گوێم لەدەنگی پێڵاوەکانی بوو دەسبەجێ خۆمم داپۆشیەوە، بەوتنی یاللە، هاتەوە ژورەوە.

سینییەك کەبابی بەدەستەوە بوو:

- بفەرموو، ئەشرەف خانم، زانیم میوانت هەیە.

ئەشرەف پێکەنی و وتی:

- دەسخۆش، شاپەری حەز لەشۆربا ناکات، منالێ بوو لەسەر شۆربا من و دایکی بوو بەشەڕێکمان قیامەت هەستا!

بیرەوەریەکانی منالی لەمێشکمدا زیندوبونەوە، ئەو ڕۆژەی خالم مەنجەلە شۆرباکەی بەرشەقدا پرژەی شۆربا ڕژاوەکە دەستی دایکمی سوتاند،

دەنگی هاوارو قیژەی خالۆژنم هێشتا هەر لەگوێمدا دەزرنگێتەوە.

لەپڕ دەنگی ئاغا جەعفەر هێنامیەوە سەرخۆم.

– بفەرموو، شاپەری خان بەڕاستی جێگای شانازیمانە بەسەرت کردووینەتەوە.

لەدەنگی، لەهەیرکردنی، هەموو گیانم داهێزرابوو.

سفرە ڕاخرابوو، جەعفەر چاوەڕوانی منی دەکرد هێشتا پارویەکی بۆ دەمی نەبردبوو.

بەزۆری خالۆژن چومە پێشەوە، پارچە نانێکم هەلگرت و بەبۆنی کەبابەکە ئیشتیهام کرایەوە، کەمێك نەعنام برد بۆ دەمم، لەپڕ جەعفەر قورقێنەیەکی لێدا بۆنی سەگی تۆپیوی لێدەهات، پاروەکەم داناو کشامەوە دواوە.

– نا... ناخۆم حەزی لێناکەم، هەر حەز لەکەباب ناکەم!

خالۆژن بڕوای نەدەکرد، بۆ یەکجاری ئیشتیهام بەسراوە. قاقایەکی لێداو وتی:

– ئەمجارەیان درۆ دەکەیت، دڵنیام زۆر حەز لەکەباب دەکەیت.

هەستام، چومە هەیوانەکە، سەیری ئاسمان و مانگە شەوم دەکرد، شەهرامم بینی بانگم کرد، ئەو دوورکەوتەوە من زیاتر دەنگم هەلبڕی. لەدواوە دەسێك ڕایوەشاندم:

– شەهرام کێیە؟ شاپەری؟

– خالۆژن بوو، بۆنی دەمی دەهات نەمزانی بۆنی دوکەڵ و ژەنگە یان بۆنی کەبابە، ناچاری کردم سەرم بەرمە دواوە، وتم:

– دوایی پێت دەڵێم.

بۆ ئەوەی لەکۆڵم بێتەوە وتم:

– شەهرام مێردم بوو.

بریا لاڵ بوومایە ئەو قسەیەم نەکردایە، ئاگری تێبەر بوو، ئەتوت چزڵەکەی سەر تەڵەیە، بەدەنگێك کەخاڵم لەژورەوە گوێی لێبێت وتی:

– شوت کردوە؟ بەخوا جوانە، شوت کردووە، بەخاڵە بەدبەختەکەشت نەوتووە، وەڵا تەواومان کرد، دایکت هەر ئەوبرایەی شك ئەبرد لەدنیادا، ماشەڵا چەن جوان ئەو هەواڵەتان داوەتێ.

ئەمەی وت و پاشان دەنگی نزم کردەوە، وەك ئاوێك بەسەر ئاگرێکدا کرابێت ئەنجا وتی:

– مێردەکەت کێیە، چ کارەیە، ئێستا لەکوێیە، ئەی بۆ قسە ناکەیت؟

ئەوە چییە، ئەڵێی ئەگریت، خۆ خراپم نەوت، دادە گیان ئێمە کەسوکاری تۆین بەناخێری گیانمان، ئەی بۆچی تۆ کارتێکی پیرۆزبایت بۆ نەناردین؟

گەردەلولی بیرەوەری‌و گەواڵە هەوری ڕەشی مەینەتی خەمەکان دابارینە سەردڵم، دەنگی هەورو هەورە بروسکەم دەبیست، ئاگرێکم لەتاریکی چارەکانمدا بەدیدەکردن دەنگی شەهرامم دەبیست، شاپەری، شاپەری، دڵم دەلەرزی‌و بەرەو ئەو لەشەقەی باڵی دەدا:

– شەهرام گیان لەکوێیت سوتام، گڕم تێبەربوو، ورێنەم دەکرد، دەنگی ئەشرەف چەنجارێك لەگوێمدا زرینگایەوە:

– چی بوو، شاپەری... شاپەری... فریاکەوە حەبیب خێراکە، شاپەری تەواو نییە.

ئەتوت لەسەر ئاو نوستوم، هەستم دەکرد هەموو گیانم تەزیوە، بەردەوام ناوی شەهرامم دووبارەو چەن بارە دەکردەوە، دەمێ باوکم دەویست دەمێ دایکم، خاڵم‌و خاڵۆژنم لەتەنیشتمدا بون، بۆنی تریاك هەناسەی توند کردبووم، سەرم گێژی دەخوارد، ئەشرەف لەکاتێکدا دەیویست پارچەیەك لەتریاکەکە بکاتە وافورەکەوە، لەژێرەوە سەیرێکی

کردمو ڕویکردە خاڵم وتی:

- ئەم ..... قسە ناکات، مەگەر خوا بزانی ئەم شەهرامە کێیە، تۆ بڵێی مێردی بێت، ڕاست بکات، درۆ بکات... من سەری لەبەر دەرناکەم!

ڕۆژ بوویەوە، کەمێ باشتر بووم، جێگەی نوستنەکەم، پەتۆیەکی شڕو سەرینێك بۆنی عارەقی لێدەهات، جلەکانیشم ئەو بۆنەیان گرتبوو، بەهێواشی جێگەکەم کۆکردەوە، دەنگی کۆکینی خاڵم تەنها شکێنەری بێدەنگی ژوورەکە بوو، لێوەکانی شین هەڵگەڕاوو ددانەکانی زەردی دوکەڵ بووبون، هیچ شوێنێکی لەدایکم نەدەچوو، لەوانەیە لەبەر تریاك کێشی بووبێت، سەیرێکی ئەشرەفم کرد، بڕۆی پەیوەستو باریك خاڵی کوتراوەکەی چەناگەو لێوە قەیتانییەکانی، چاوە شینەکانی، چاك لەیادم بوو سەردەمی منالیم لەشەودا زەندەقم لەچاوەکانی چوبوو.

دەمەو چێشتەنگاو بوو باوێشکم دەدا، لەولاشەوە دەنگی پرخەپرخی ئەشرەفو شیعر خوێندنی ڕەزاو خوڕەلاخوڕی ئاوی حەوزەکەدەهات، چومە نزیك پەنجەرەکە، جەعفەر خەریکی شۆردنی قاپو قاچاخ بوو، لەدیتنی چاکەتو بیجامەکەی بەری کە لەجلی بەندیخانە دەچوو هەستێکی سەیرم تیا بزوا، گوێم لێبوو بەکوڕەکەی دەوت:

- بڕۆ کوڕی سەگ، مەگەر نازانی حەبیب میوانی هەیە.

مەبەستی من بوو، نازانم بۆ ئەوەندە هەوای من لەسەریدا بوو، زۆری نەخایاند هەموو شتێکم بۆدەرکەوت، نیوەڕۆ بوو، تازە خاڵم لەخەو هەڵدەسا، بەدەنگێکی خەواڵوو بانگی لەژنەکەی کرد، ئافرەت درەنگە نیوەڕۆیە مردم لەبرسا.

ئەشرەف هێشتا لەخەو بێدار نەبوو بوویەوە وتی:

- کابرا هێشتا لەجێگە ڕاست نەبوویتەوە خەمی ورگت دەخۆی!

دووبارە دەستیکردەوە بەپرخەپرخ.

جەعفەر هاتە سەرەوە، لەهەرپلەیەکی پەیژەکەوە سەردەکەوت سەیرێکی پەنجەرەکەی دەکرد، خۆم کێشایە دواوە، دەرگای ژوورەکە کرابوویەوە، مێش و مەگەس ئەتوت شاییانە دابوویانە جێگەو نوێنەکەی خاڵم دەنیشتنەوەو هەڵدەفڕینەوە، دەرگاکە مێندە نزم بوو، جەعفەر باڵای مێندە درێژ بوو ناچاربوو بۆ هاتنە ژورەوە خۆی بچەمێنێتەوە، کاتێ سەری داخست قژو ڕیشی نیشانەی تەمەنی بوو، ژیانێکی سەیری هەبوو، هێشتا ژنەکەییم نەدیتبوو.

بەدەنگی جافر خاڵم و ژنەکەی لەجێگە دەرپەڕین، جێگەکەیانم کۆکردەوە، سەماوەرەکە تازە هاتبوویە جۆش، نەختێ پەنیری کۆن بۆگەنەکەی ژورەکە ئاخنی بوو، ئەوە تەنها بەرچایی سەر سفرەکەبوو، جافر سەیرێکی وردەنانە ڕەقەکەی کردو لەژێر لێوەوە وتی:

– مەگەر من مردبووم، حەبیب بۆقسەت نەکردووە بچم نانی گەرم بکرم، من شەرمزارم شاپەری، ئیشەڵا بۆ نیوەڕۆ هەقت بۆ دەکەمەوە، بۆ نیوەڕۆ تەشریف بێنە بۆلای ئێمە گەر پێمان ڕازی دەبیت، تیکە نانێك دەبێ لەم شەرمەزارییەمان بخات!

نازانم چۆن قسەکانیم بەشەهرام بەراورد کرد، کوێر بم بۆ ئەو ڕوخسارە، کەڕبم بۆ ئەو قسانە، ئەوکەسییێتییەم بەم کەسێتییە بەراورد دەکرد، بەدەست خۆم نەبوو، دڕکم بەگوڵی دیوەخان بەراورد کردبوو.

برسیم بوو، ناچار بووم نان و پەنیرە کۆنەکە بخۆم، نیگای جافر هەرساتەو وەك تیرێك لەجەستەم هەڵدەچەقی، سفرەکەم کۆکردەوە، ئەشرەف وتی:

– شاپەری، دوێ شەو خۆت کردبوویە مشکی تۆپیو، ئێستا قسە بکە بزانم دەنگوباسی مێردەکەت چییە؟ کارەساتی بووکێنی و شووکردنت چی بوو، بلێ بزانم بەچ مەرامێك هاتویتە ماڵی خاڵت؟

گوێیەکانی جافر لەهەموو کاتێ سووکتر بون، پێم بەجەرگی خۆمدا ناو وتم:

– جەژنی ئەمساڵ شوومکرد، بەخت یاوەرم نەبوو مێردەکەم لەکارەساتێکی ئۆتۆمبێلدا....

چیتر فرمێسك بوواری دەربڕینیان نەدامو بێدەنگ بووم، هەستام سفرەکەم خستە ناو تاقەکەوەو عەباکەم لەخۆمەوە پێچاو، وتم:

– من بۆ کار هاتووم بۆ تاران، دوای ئەوەی باوکم کۆچی دوایی کرد نەمتوانی بەتەنیا لەوشوێنەدا بژیم، بڕیارمدا بیمە ئێرە، هەڵبەت هەرچی زوترە بەدوای کارێکدا دەگەڕێم تاکو نەبمە سەرباری ئێوە، خاڵم سەیرێکی کردمو وتی:

– ئێستا بۆکوێ دەچیت شاپەری.

جافر کەچاوەڕێی ئەمە بوو وتی:

– ئەگەر پێت خۆش بێت من لەگەڵت دێم شاپەری خان!

وتم:

– پێویست ناکات.

خواحافیزیم کرد، ئەشرەف بانگی لێکردمو بەپەلە وتی:

– کەللە شەق مەبە کچێ، ئێمە خراپەی تۆمان ناوێت، با جافر ئاغا بێت لەتەکدا.

جافر ئەم قسەیەی بەپارە دەکڕی، بەپەلە هەستاو چاکەتەکەی دا بەشانیدا، چاوێکم بەملاو لای ژوورەکەدا گێڕاو بەدوای بیانویەکدا دەگەڕام، مەرگی خۆمم بەئاوات دەخواست نەك ڕۆشتن لەتەك قاچاخچییەکی قوڕمساغدا.

– من ئامادەم شاپەری خانم.

بەپێکەنینێك کەزیاتر ڕقی هەڵدەساندم دوامکەوت، کاتێ لەدەرگای

حەوشە وەدەرکەوتین، بەدەنگێکی بەرز وتی:

- ڕەزا وەرە ژوورەوە من لەماڵ دەردەچم.

پاشان دەرگاکەی بەتوندی پێوەدا، جافر لەپێشەوە من لەدوایەوە پێچاوپێچی کۆڵانەکانمان دەبڕی.

هەلوێستەیەکم کرد، جافریش وەستان سەیرێکی کردمو وتی:

- بۆ ناڕۆیت شاپەری خان؟

سەربازە لاوەکەم بەدیکردبوو، لەسەری کۆڵانەکە وەستابوو، وشك بووم، بۆ ماتو مەلول لێمدەڕوانیێ بەبیانوی هەڵکێشانی پێڵاوەکانم چەمیمەوە جۆرێك تەنها جافر گوێی لێبێت وتم:

- سڵاو، لەپێشەوە بڕۆ جافر ئاغا من لەدواتەوە دێم، جافر کەلەمەسەلەکە بێئاگا بوو وتی:

- لەبەرچی؟

زۆرم لێکرد پێشکەوێت، چەن ساتێ دانم بەخۆمدا گرت تاکو لێم دووركەوتەوە، پاڵم بەدیوارێکەوە دایەوە، لاوەکە هاتە بەردەمم وتم:

- لێرە... تۆ لێرە چی دەکەیت؟

جلی ئاسایی لەبەردابوو، جوان خۆی گۆڕیبوو، تەراشێکی کردبوو، بۆنی ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆشت، وتی:

- چاوەڕوانی تۆ بووم.

- چۆن دەتزانی من دەبینیت؟

وتی:

- پەیمانم بەخۆم دابوو هەرپانزە ڕۆژێ مۆڵەتی سەربازییەکەم لەسەر کۆڵانە تەواو بکەم، تاڕۆژێك بەختم یاوەربم بێتو چاوم بەدیدارت ڕوون بێتەوە.

وتم:

- باشترە ئیتر چاوەڕوان نەبیت، من ئەوەی پێویست بوو بیڵێم پێم

وتیت، هیوادار بووم لێم تێگەشتبێت.

وتی:

- تێگەشتم بۆیە دووبارە هاتمەوە! تاکو دەردەدڵی خۆی بکات، ئامێکی بێدەنگ بووم، بەهەلی قۆستەوە

کێشاو وتی:

- هەستدەکەم تۆیش وەك من تەنیایت، لەو تەنیاییەش ئازار دەچێژیت، هەستدەکەم تۆیش وەك من پێویستت بەهاودەمێك، هاوڕازو هاوخەمێکە تاله ئازەرەکانت تێبگات، من ناووم علییە ڕازییت ئەمڕۆ پێکەوە کەمێ قسەبکەین؟

چەن دڵخۆش بوو، بەبێزارییەکەوە وتم:

- بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە، تۆ لەدڵی من چوزانیت؟

وتی:

- هاتووم بزانم!

وتم:

- زانینی تۆ هیچ سودێکی بۆ من نییە.

وتی:

- تۆ تەنها بەرژەوەندی خۆت لێك دەدەیتەوە، بەڵام من هەردوکمان.

جافر لەسەر شەقامەکە وەستا بوو، چاووم لێبوو جگەرەیەکی داگیرساند، وتم:

- ئەمڕۆ من کاری تایبەتیم هەیە، پاشان تۆ کارێکی باشت نەکرد کە....

قسەکەی پێبڕیمو وتی:

- وامزانی بەتەنیایت، ئەکرێ بپرسم ئەو کابرایە چی تۆیە؟

وتم:

- هیچم نییە.

بەڕێکەوتم، لەدوامەوە بەهێواشی دەڕۆشتو جارجارێك پرسیارێکی

دەکرد:

- ئەی بۆ لەگەڵ تۆیە، بۆ لەڕێت وەستاوە، بۆ چاوەڕوانت ئەکات؟

وەڵامـی هـیچ پرسـیارێکم نەدایـەوە، خـۆم گەیانـدەوە جـافرو سـواری تاکسییەك بووین، ئەنجا نۆبەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی جافر بوو.

- ببوورە، پەری خان، ئەو کوڕەت ئەناسی؟

بۆ ئەوەی نەگاتەوە دەمی خاڵم وتم:

- دوێنی کەهاتم، لەتەرمیناڵ یەکترمان ناسی، سەربازە، هاتوە بـەنیازی کاری خێر، ئەیەوێ ژن بێنێت، دایکی بنێرێتە داوای من بەڵام جافر ئاغا ئەم قسەیە مەگەیەنە دەمی خاڵم تکا دەکەم....

- خاترجەم بە، نایدرکێنم.

سـەرو چـاوێکی ئەوەنـدە ناشـیرینی هـەبوو لـەمردوی نـاو گـۆڕ دەچـو، لەترسا یا لەداخا ڕومکرد بەلای شەقامەکەوە.

- من خۆم ڕازی نیم، ئەگەر ڕازیش بم پێویستم بەوە نییە نەیدرکێنیت.

بـەبیانوی کرێـی تاکـسییەکەوە هێنـدە جموجـوڵی کـرد، خـۆی خزانـدە تەنیشتم، بۆنی عارەقی خەریك بوو مێشکم بتەقێنێ، خۆمم زیاتر پێچایەوە بەشۆفێرەکەم وت:

- لەمەیدانی وەلیعسر دادەبەزین لەوێوە بەپێ دەڕۆین!

شـۆفێرەکە لەئاوێنەکـەوە سـەیری دەکـرم، خوێندنـەوەی مێـشکی ئـەو ئاسان بوو، بەڵام بەم حاڵەوە بۆ میوانخانە دەچین؟

باقی پارەکەی وەرگرتەوە بەئەسپایی وتی:

- لەو میوانخانە کارێکت هەیە؟

وتم:

- بەڕێوەبەرەکەی ئاشنامە بەڵکو بتوانێ کارێکم بداتێ.

لەمەیدانی وەلیعسر دابەزین، یادەوەرییەکان یەکیـەك زینـدو دەبونـەوەن ئێرە هەمان ئەو شوێنەیە کەیەکەم شەو لەگـەڵ شـەهرامدا پێکـەوە بـووین،

چەن شادو کامەران بووم چەن زوو پەڕو باڵم شکا!
لەبەرەوە سەیرمکرد علی وەستاوە، بەجافرم وت:
– تۆ لێرەبە ئێستا دەگەڕێمەوە، جافر هەستیکرد مەسەلەکە چییە،
لەژێر لێوەوە وتی:
– مەخابن من خەمی ئابڕوی تۆمە.
هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:
– ئەگینا پێم نیشان دەدا دوای ناموسی خەڵکی کەوتن یانی چی؟
کام ناموس، کام خەڵك، من ناموسی کێ بووم خۆیشم نەمدەزانی، بێئەوەی گوێ بدەمە هەڕەشەکەی جافر چوومە میوانخانەکە یەکڕاست بۆ
ژووری بەڕێوەبەرو لەدەرگامداو وتی:
– بفەرمون.
چومە ژوورەوە، سڵاوێکم کرد، پیاوێکی بۆشناخ دانیشتبوو، بەخێرهاتنی
کردمو وتی:
– فەرمانێکت هەیە؟
وتم:
– ئەگەر دەکرێ... منجە منجێکم کردو وتم:
– دەکرێ لێرە کارێکم پێ بسپێریت.
نەمدەتوانی دەرك بەوە بکەم لەسەیرکردنەکەی ڕق دەبارێ یان بەزەیی!
بەنیگەرانییەکەوە چاوم بڕیبوویە دەمی، هەرساتێکم بەساڵێك لێدەڕۆشتن بۆ قسەیەك ناکات؟ بۆ هەر سەیرم دەکات، ناشی بمناسێتەوە، ناشێ ئەو دەمەی لەگەل شەهرامدا بووم منی دیتبێ، هەزار خەیاڵو ئەندێشە بەمێشکمدا گوزەریان دەکردن سەرەنجام هەستایە سەر پێ، هەناسە لەگەرومدا تاسا بوو، نەمدەزانی بۆ هێندە دەترسم، دڵنەوایی خۆمم دەکرد، دەبێت یان نا، بەڵێ یان نەخێر، مەترسە بەدبەخت، تەقەتەقی پاژنەی پێڵاوەکانی وەك زەنگی کلیسا لەمێشکی دەدام، پەرێشانیو

نیگەرانی خەریك بون مێشکیان لەکار دەخستم:

- خوێنەواریت هەیە.

دنیا بەسەرمدا ڕوخا، بەخۆمدا هاتمەوە، ئەو پرسیارێکی کرد، بەڵام هەزارجار لەمێشکی مندا لێدرایەوە وتم:

- بەڵێ.

بەلەرزینی دەنگی خۆم پێکەنینم دەهات، بەسەرخۆمدا زاڵ بووم، دووبارە وتی:

- بڕوانامەی...

- دیپلۆم، دیپلۆمم هەیە.

دادوەر نەبوو، بەڵام من وەك تۆمەتبارێك پێویستم بە بریکارێك هەبوو، وتی:

-تایپێست، کۆمپیوتەر، ژمێریاری، سکرتێری، کامیانت پێخۆشە؟

سست بووم:

- نەخێر تائێستا لەهیچ شوێنێك کارم نەکردووە، ئەو بێبەزەییانە وتی:

- بەداخەوە!

ئەو وشەیە تیرێك بوو ئاراستەی سەر دڵی کردم، نەمدەزانی چی بکەم، تەنها ئومێدو تروسکاییم ئەم میوانخانەیە بوو، ویستم بێمە دەر، لاڵ بوو بووم، توانای ڕۆشتنم نەبوو، دواین نیگای پاڕانەوەمکرد، ئەمجارەیان وتی:

- ئەتوانی لە ئاشپەزخانە کار بکەیت؟

ئەتوت لەقوڵایی زەمینەوە پەلکێشم دەکات، بەئەسپایی وتم:

- بەڵێ، هەرکارێك، قاپ شۆردن، کرێکاری، هەرچییەك بێت قایلم، تەلەفۆنەکەی هەلگرتو سێ جار ژمارەکەی دووبارە کردەوە، پاشان وتی:

- ئێستا کچێکی خانم...

پاشان کەمێ لەدەمی دورە خستەوە لێی پرسیم، ناوت چی بوو؟

- شاپەری، جەنابی بەڕێوەبەر.

کاتێ ناوەکەمی بیست، کەوتە دەریای بیرکردنەوە، تەلەفۆنەکەی داخستو لەبەرخۆیەوە وتی:

– چەن ناوێکی خەیاڵییە، چەن خۆشە، حەیف، بەڕاستی حەیفە، تۆ وەك کچی خۆمیت بۆیە ئەم قسانە دەکەم، ئەو بەژنو باڵا ڕێكو ڕوخسارە قەشەنگە.. بڕۆ بۆ نهۆمی خوارەوە، ژووری سیازدە، لەوێ خۆت بناسێنە، ئیتر خۆی تێدەگات.

مەبەستی بەڕێوەبەرلە "خۆی" کوڕەکەی بوو لاوێکی بیستو ئەوەندەساڵ، بەژنو باڵایەکی ڕێكو پێك، جوتێ چاوی شین، لەپشت مێزێکەوە دانیشتبوو، فۆرمێکی دەرهێناو وتی:

– تۆ هەمان ئەو خانمەیت کەباوکم ناردویتی.

تازە من سڵاوم کردبوو، دوای ئەوەی وەڵامی دامەوە وتم:

– بەڵێ، شاپەری، کاغەزەکانی ئەمدیودیو دەکرد، نیونیگایەکی کردمو چەن ساتێك لێم وردبوویەوە، پاشان وەك سەهۆڵاوت کردبێت بەجەستەیدا ڕاچڵەکیو وتی:

– وتت ناوم چی بوو، شاپەری! ئۆه..شاپەری، چ ناوێکە... تەمەنت چەندە.. پاشان فۆرمەکەی داناو ئیشارەتێکی بۆ پێنوسێکی زنجیردار کردو وتی:

– تکایە ئەم فۆڕمە پڕ بکەوە.

ئیتر سەیری نەدەکردم، خەریکی نوسین بووم، ناو، ناونیشان، ناوی باوك، ناوی ئەوەی کەنیمە وەك مێردو...

ڕۆژی شەممە ئەتوانی پەیوەندی بکەیت بەئاغای یادگارییەوە، بفەرمو، نامەکەی دایە دەستم.

*** ***

رۆژی ٥ شەمە بوو خەریکی گسکدانی ژوورەکە بوومن وتم:

– خاڵە گیان سوپاس بۆخوا کارم دەسگیر بوو.

قسەکەی پێبڕیمو وتی:

– خۆت ئەزانی ئێمە خۆمان لەخەڵکی حەشار داوە، ئەم کولانە سەگەشمان بەکرێ گرتووە، پێویستە ئاگایەکت لەخەرجی ئێمەش بێت. ڕۆژ بەڕۆژ هەموو شتێك گران دەبێت، منیش هەرچییەکم هەبێت دەبێتە دوکەڵو بەهەوادا دەچێت، من تەماحی ئەوەم نییە هەرچی دەرامەتێکت دەسکەوت بیدەیتە ئێمە، نا... تەنها لەبەر پرتەو بۆڵەی ئەو ژنە هیچ نەبێ نیوەی مووچەکەت....، ئەگەر گوێم لەلورەی گورگ بووایە لەونزیکەوە هێندە نەدەترسام، وتم:

– بەسەرچاو.

بەڕقێکەوە پیسی ناوماڵەکەم کۆکردەوەو چومە هەیوانەکە.

– خەریکی چیت شاپەری، خۆڵو خاشاکت ڕشت، حەبیب خەوتوە یان هەر وەك هەمیشە پاڵی لێداوەتەوە، ئاخ پیاوەکە بەدەست تۆوە، ئەو بێزمانانە لەبرسانا مردن، بەجافر بڵێ باپروات گەنمیان بۆ بکرێت، قیژەو کارەگاریان گەڕەکەکەی هێنایە سەرمان.

ئەشرەف بوو دادو بێدادی دەکرد، ئەمزانی چ داخێکی لەدڵدایە، دەیویست من ڕویەکی خۆش بۆجافر بنوێنم.

سەرێکم هەڵبڕیو سەیرێکی گوێسەبانەکەم کرد، چەن کۆترێك بشتبونەوەچەنێکی تریش بەهەوادەفرین، بیانوی پارەی دەگرت یان

تریاکی نەمابوو، بەهەر حالّ پرتەو بۆڵەی دەهاتو جنێوو ناسزایی بەخالم دەوت، ساتژمێریم دەکرد کەی ڕۆژی شەممە بێت لەم حاڵە دەرباز بم، بۆنی چڵکو سەرو قژو جلەکانم، ڕەشی ژێر نینۆکەکانمن بەکورتی ڕۆژ بەڕۆژ شێوەی ئەوانم دەگرت، ددانەکانم بەرەو زەردبوون دەچوون، هیچ پێویستیەکی شۆردن لەحەمامدا نەبوو، نەمدەزانی چیبکەم، خوایە ڕۆژی شەممە بەحاڵەوە چۆن بچمە ئەو میوانخانەوە؟

- خالۆژن گیان.

دەستی خستبوویە کەمەری‌و برۆکانی هەڵبڕین:

- بەڵێ، بەڵێ، گیان... بەمنت وت گیان، چ فرتو فێڵێکت لەژێر سەردایە، حازر خۆری بەرسێبەر.

ڕۆژ بەڕۆژ قسەکانی ڕەقترو بێشەرمانەتر دەبوو:

- نان کەلەت بوو پێکەوە نالکێتەوە، جافر ژنەکەی مردوە، تۆی دەوێت، لەهیچ کەمی نیە شوو بەو بکە!

- وایە بەقاچاخی...

- دەمت داخە چەتیوە نمەك حەرامە، بۆ تۆمەتی ناڕەوا دروستدەکەیت.

پێکەنیم. شاڵاوی بۆ هێنام خۆم کێشایە دواوە:

- ڕێزی خۆت بگرە ئەشرەف خانم...

هەردوو دەستی گرتبوو بەکەلەکەیەوە:

- چەن بێشەرمە خۆلاقرتی بەقسەکانم دەکات.

چاوی دەرپەڕاندبوو، گیانم دەلەرزی، ددانەکانم لێك جیرکردنەوە وتم:

- ڕێزی خۆت بگری باشترە.

- ئەوی چوو چوو، لەو ڕۆژەوەی تەشریفت هێناوەتە ئێرە من بزێوی ئەم ماڵە دەبەم بەڕێوە، حەتمەن دەڵێیت لەکوێوە، ڕۆژێك لەگەڵم وەرە بزانە چۆن داو بۆ خەڵکی دەنێمەوە، تاشەو خاڵو خوشکەزا بەڕێزەکەی

بەئاسودەیی سەربنێینەوە.

بەدڵێکی پڕەوە وتم:

– ئەزانم بوومەتە مایەی زەحمەت، بەڵام هەقی دەکەمەوە، ڕۆژی شەممە دەچمە سەرکارو بڕیارە نیوەی موچەکەم....

دەستێکی کێشا بەسینەمداو کێشامیە دواوە، ئەوەی وەرینەگریت بەشی ڕۆژێکی منو خاڵت ناکات، ئەگەر ئەتەوێ لێرە بەئاسودەیی دانیشیت ئەبی گوێڕایەڵی من بیت.

وتم:

– حەتمەن ئەبی شوو بەجافر ئاغا بکەم.

– ئەترسم بەدڵت نەبێ، مەگەر چییەتی؟ سەیرێکی خاڵت بکەو پەڕۆیەك لەمن دادڕە تاقەدری جافر ئاغا بزانی، تۆ چیت لەمن زیاترە هێندە خۆت تەسك ئەکەیتەوە، لەمرۆم مەڕوانە، من جوانێك بووم بوو بوومە ویردی سەرزمانی هەمووکەس، ئەنجا شوومکرد بەمکابرایەی ئێستا خۆی کردۆتە مشکی تۆپیو، درۆ دەکەم حەبیب؟ زمانت قرتاوە یان حەز لەم باسو خواسە ناکەیت خۆتت کردوە بەخەوتوو!

گسکەکەم کێشا بەزەویدا:

–بەسیەتی، بیبڕەوە، من شوو بەو پیسو چەپەڵە ناکەم، تێگەشتیت، نازانم کێ شوو ئەکات بەو پیسو پۆخڵە، تۆ باس لەبژێویو کرێی خانوو ئەکەیت، من هەرچۆنێك بێت بەشی خۆم پەیدا ئەکەم، ئەگەر زۆر بارێکی گرانیشم لەسەرتان، ئەگەڕێمو هۆدەیەك بۆخۆم بەکرێ ئەگرم.

یانەڵا، جافر بەپەیژەکەدا سەرکەوت، ئەشرەف پەنجەی خۆی گەستو وتی:

– دەمت داخە بیبڕەوە، ئەم قیژەقیژە هەی کچەتیوە حەرامزادەیە!

هەرکە ئەمەی وت خوێن بەچاوی گرتم، ئیتر کاسەی سەبرم سەرڕێژی

کرد، سەرم لەگێژەوە دەچوو، قژی من لەدەستی ئەودا گرمۆڵەو قژی ئەویش بەدەستی منەوە پێچی خوارد، بەچەپۆك بەربوویە سەروچاوم، پەنجەی کەوتە بەرددانمو گەستم، کاتێ جافرو خاڵم گەشتنە سەرمان هەردوکمان برستمان لێبڕابوو.

نەفرەتم لەخۆمدەکرد، دەمم خستبۆ دەمی نانەجیبێکی ئاوا، پەنام بردبوویە بەر ماڵێکی قاچاخچی، هیچ غیرەتێکم لەخۆمدا نەدەبینیەوە، بەڵام چیم بکردایە پەنام بۆکوێ ببردایە، دەمێ بیرم لەهەڵاتن دەکردەوە بەڵام کەدەکەوەمە بیری گورگە چاو برسییەکان پەشیمان دەبوومەوە، دڵخۆشی خۆمم کرد هەرچۆنێك بێت تاکو ڕۆژی شەممە دان بەخۆمدا بگرم.

ڕۆژی شەممە هاتەپێش ئەشرەف هەردوو دەستی نابوو بەملاولای دەرگاکەوە وتی:

-خەیاڵ دەکەیت، مەگەر بەسەرتەرمەکەمدا پێ هەڵگریت، من بەڵێنم داوەتە جافر، گەر تۆ شووی پێنەکەیت ئەبێ ئێمەش سەرمان لێ بشێوێت، لێرە بڕۆین، تێکەشتیت شاپەری خان، خاڵت بۆ زیندانو منیش ئاوارەی کۆچەو کۆڵانەکان، تۆ حەزدەکەیت ئێمە ڕسواو سەرگەردان بین؟

لەدڵێ خۆمدا وتم ئێوە دەمێکە ڕسوا بون بەخۆتان نەزانیوە بەڵام بەدەنگێکی بەرز وتم:

—نەخێر حەزناکەم.

وتی:

— شوودەکەیت؟

وتم:

—نا.. ئەشرەف خانم من لێرە دەڕۆم.

لەوکاتەدا خاڵم لەجێگەی نوستنەکەی دەرپەڕی وتی:

— بۆکوێ ئەچیت، کچێ؟

-هەرکوێ، دەچمە شوێنێك نەبم بەئەرك بۆکەس، کەسیش ئاوارەو سەرلێشێواو نەبێت!

خاڵم بەپاڕانەوەیەکەوە وتی:

- ئافرەت لێیگەڕێ، خۆی مەسرەفی خۆی دەکات قسەش لەگەڵ جافر دەکەمو ڕازی دەکەم شووکردن بەزۆر نابێت، جافر دەبێ ئەوە بزانێ ئەم کچە هێشتا مێردەکەی کفنی زەرد نەکردووە.

تەنانەت ڕازی نەبووم ناوی مێردە ئازیزەکەم لەدەمی کەسانی چەپەڵ کە بەزەیشیان بەخۆیاندا نایەتەوە ببیستم.

وتم:

-خاڵە، لێگەڕێ من چیتر لێرە جێم نابێتەوە، بەئەسپایی مەچەکی ئەشرەفم کێشایەوە دواو بەرهەڵستیەکی نەکردو بەهێواشی وتی:

-بەسەلامەت.

پێڵاوەکانم لەپێکرد بەپەیژەکەدا هاتمە خوار، جافر لەودیو پەنجەرەی حەوشەکەوە سەیری ئەکرد. تفێکم ڕۆکردە سەرزەوی، سەیرێکی قیناویم کردو هاتمەدەر، سەیری ئەوسەری کۆڵانەکەم دەکرد، ئەو جێیەی هەمووجارێ عەلی چاوەڕوانی دەکردم، کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانی بوو، کۆڵان کش‌و مات، تەنها دەنگی پێی من دەبیسترا، بەپرتاو دەڕۆشتم‌و تاگەشتمە سەرکۆڵانەکە.

- شاپەری؟

ئاوڕێکم بەلای دەنگەکەدا دایەوە، خۆی بوو، هەمان لاوە سەربازەکە، چیتر نەمپرسی لێرە چیدەکەیت، چیتر نەموت بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە، بەچاوەڕوانی‌و هاتنی ڕۆژانەی ڕاهاتبووم، دەسبەردار نەبوو.

- شاپەری، ئەمڕۆ ئەو بووارەت هەیە گوێ بۆ قسەکانم بگریت؟

-سودی نییە عەلی، هیچ سودێکی نییە، لەمڕۆ بەدواوە من لەم گەڕەکەدا

نابم باشتره بیرێك لەخۆت بكەیتەوە.
- چ...ی ی، نایەیتەوە. ئەی بۆكوێ ئەچیت؟
- گۆڕستان، تۆ بڵێی قوژبنێك نەبێ من....
دەسەپاچەو لەخوا خواستەوتی:
- خۆم دەبمە نۆكەرت شاپەری،ماڵمان چەن گەڕەكێك لەولاترە، نزیك "نازیئاباد" هۆدەی چۆڵیشمان هەیە، قسەش لەگەڵ دایكم دەكەم، هەربۆ ئەوەی دڵت هیچ شتێكی خراپ نەكات كرێش بدە، بەڵێنی شەرەفت ئەدەمێ بێزارت نەكەم ها... چیت وت شاپەری، بەدڵتە؟
گەشتینە سەرجادەی گشتی، عەلی هێشتا بەردەوام بوو لەقسەكانی، تاكسیەك دوكوڕی منالكاری تیا بوو لەبەردەممدا وەستا، دەستم برد بۆدەرگای تاكسیەكەو عەلی دەستێكی نایەوە بەدەرگاكەوە وتی:
-هێشتا وەلامت نەداوەتەوە شاپەری، یان بلێ ئا یان نا...
وتم:
- برۆ لەگەڵ دایكت قسە بكە.
خەریك بوو لەخۆشیدا هاوار بكات. وتم:
- بەڵام وەك كرێچیەك لەماڵی كەسێكی داوێن پاكو ئەمین.
كاتژمێر هەشت لەبەردەرگای میوانخانەكەدا بووم، چوومە پرسگەو پرسیاری ئاشپەزخانەكەم كردو نوسراوەكەم نیشاندا، ئامارەیەكی بۆلای پلیكانەكان كردو وتی:
ژێرزەمینەكە، بەلای ڕاستدا ژووری دووەم، ئاغای یادگاری.
لەهەر پلەیەك دادەبەزیم دڵم بەپەلەتر لێی دەدا، مەبادا پەشیمان بینەوە، گەر پەشیمان ببنەوە چیبكەم، هەموو ئومێدێكم ئێرەیە.
لەدەرگامدا، چوومە ژور، سلاومكرد، ئاغای یادگاری وەلامی دامەوە، پیرەمێردێكی كورتە بالای سەر روتاوە، بەرێوەبەری ئاشپەزخانە بوو

خۆمم پێناساندو نامەکەم لەسەر مێزەکەی داناو وتی:

- فەرمو دانیشە.

دانیشتمو چاووم بڕییە دەمی، پاشان سەیرێکی وردی دەستو دوایی ڕوخساری کردمو وتی:

- تا ئێستا لەئاشپەزخانەدا کارت کردووە؟

- لەئاشپەزخانەی میوانخانەدا، نەخێر.

پێکەنیو وتی:

- مادام درۆت نەکرد، پیرۆز بێت دامەزرایت، بەڵام باش گوێ بگرە.

هەموو گیانم کردبوویە گوێ، لەحاڵێکدا دەیویست چاوی لەسەر نامەکە هەڵنەبڕێت وتی:

-تۆ کچێکی ناسكو نازداریت، ئەو شوێنەی تۆی بۆ ئەنێرم چەن کوڕێکی گەنجی.... هیوادارم لەمەبەستەکەم تێبگەیت، هەولبدە لەچوارچێوەی کارەکەی خۆتدا کارامە بیت، پێم سەیرە جەنابی بەڕێوەبەر بەچ مەرامێك تۆی وەرگرتوە، تا لەئاشپەزخانەدا کاربکەیت، هەڵبەت ئەم قسانە هیچ پەیوەندیەکی بەمنەوە نییە، بەڵام حەزدەکەم ڕوی جەنابی بەڕێوەبەرو کوڕەکەی لەئاستی تۆدا سپی بێت، تێگەشتیت کچی خۆم؟

- بەڵێ، ئاغای یادگاری، لەهەموو ڕویەکەوە خاترجەمبە!

چوومە ئاشپەزخانەو لێپرسراوی شۆردنی چەقۆو کەوچكو چنگاڵ بووم، هێشتا نیو کاتژمێر بەسەر کارکردنمدا تێنەپەڕیبوو کەلە نێوان هاوکارەکانمدا چپەچپ دەستی پێکرد، بەتیلەی چاو سەیریان دەکردمو دەیانچپاند بەگوێی یەکتریدا، خۆمم خەریك کرد بە شۆردنەوەو گوێم پێنەدان، کەوچکەکانم لەسەبەتەی تایبەتدا ڕیز دەکرد، کاتێکم زانی سەرکاری ئاشپەزخانە لەتەکمدا وەستا، نەمدەزانی بۆچی هاتووە، سەیرێکی کردمو وتی:

- ئێمە ڕۆژانە لێرە بۆنی چێشتو ڕۆنو چەوری دەچێت بەسەرماندا

بۆیە دەبێ هیچ نەبێ ڕۆژێ جارێك خۆمان بشۆین، ویستم ئاگادارت بکەم.

ئەتوت ئاسمانم بەسەردا دەڕوخێت، غرورم پاچەپارچە دەکەوتە ژێر

پێم، ئارەقی شەرمەزاریم دەچۆڕاند، لێوەکانم لەتاو گریان دەلەرزین، چاك

لەمەبەستەکەی دەگەشتم، چپەچپی هاوکارەکانم لەتاو بۆنی ئارەقی گیانم

بوو، لەبۆنی چڵکی جلەکانم بەرچاوم ڕەش دەبوو، دەسکێشەکانم لەدەستم

داماڵی‌و وتم حەمام لەکوێیە؟

ئەمجارەیان تێگەشتو وتی:

- هەڵبەت کاتی ڕۆشتنەوە خۆت بشۆ.

بەدڵێکی شکاوەوە وتم:

- ئەگەر دەکرێ باهەر ئێستا خۆم بشۆم؟

لەوەدەچو حەزبکاتو لەوەش نەدەچوو، نازانم بەهەرحاڵ وتی:

- لەڕاڕەوەکە بەلای ڕاستدا، حەمامی ئافرەتان ژمارە دوانزەیە.

دەسبەجێ کەوتمە ڕێ، دەگریام، لەخۆم بێزار بووم، بەلای ڕاستدا لامکردەوە، بەدەنگێکی بەرزتر گریام، تەنیایی زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچنیم، دەرگای حەمامەکەم کردەوە، گەردنبەندێکی ئاڵتونیم بینی زنجیرەکەی بچڕابوو، ئاوڕێکم دایەوە سەیرێکی ئەمسەرەوسەری ڕێڕەوەکەمکرد، کەس دیار نەبوو، هەڵمگرتو توند لەدەستم قایمکرد:

- هی خۆمە، خۆم دۆزیومەتەوە، دووبارە چاوم تێبڕییەوە، فرمێسکەکەم تکاند، کەمێ بەخۆمدا هاتمەوە، گەر ئەمەماڵی تۆ بێت چی لێدەکەیت؟

کەمێك هەستی ئاسودەییم کرد، ماوەیەك بوو ئاو بەرلەشم نەکەوتبوو، پارچەیەك سابون لە سوچێکدا کەوتبوو، هەڵمگرتو خۆم پێشۆرد، سەیرێکی کاشی‌و سیرامیکەکانم کرد، ئەمانەم لەکوێ دیتبوو، کەوتمە

دەریای بیرکردنەوە، ئەو ژوورەی شەمرام بۆی گرتبووم، ئاخێکم هەڵکێشا، هەرهەمان میوانخانەو هەمان حەمام بوو، بەڵام هەمان شاپەرییەکەی ئەوکاتە نەبوو، ئێستا کارەکەرێکەو بۆنی ئارەق وچڵك لەخۆی دوور ئەخاتەوە، دامەوە پرمەی گریان، دەنگی گریانەکەم لەگەڵ خورەی ئاوەکەدا تێکەڵ دەبوو، لەپڕ گوێم لەدەنگێك بوو دەیوت:

- من هاوکارەکەی تۆم، دەگاکە بکەرەوە، جلم بۆ هێناویت، ئازیزەکەم!

پیرەژنێك بوو بەرپرسی پاکوخاوێنی ئاشپەزخانەکە بوو، دەرگاکەم کردەوە جلەکانم لێوەرگرت، خۆم گۆڕی ولەگەڵیدا بەرەو ئاشپەزخانەکە هاتمەوە، لەڕێڕەوەکەدا کەمێ پێکەوە قسەمانکرد وتی:

-لەدنیادا تەنها کچێك شك دەبات ئەویش نابینایەو هیچ توانایەکی نییە، بۆیە ناچارە ئەمکارە بکات تاکو پێویستیەکانی بۆ دابین بکات، ئازارەکانی لەئازارەکانی من زیاتر بون، بووینە هاوڕێ و یەکبەیەکی هاوکارەکانی پێناساندم، بەردەوام ئەوەی دوباتدەکردەوە بەرپرسی ئاشپەزخانە کەسێکە سەختگیرەو گەر کەمتەرخەمیەك یان ناپاکیەك لەهەرکەس ببینێت دەریدەکات.

بەدیقەتی تەواوەوە کەوچکەکانم خاوێن دەکردەوە، بەدیقەتێکی زیاترەوە کەوچکەکانم ئەشۆردو چنگاڵو چەقۆکانم لەشوێنی خۆیان دائەنا، پاشان یەکبەکیانم وشك ئەکردەوەو لەجێی خۆیانم دائەنان، کارێکی هێندەگران نەبوو، بەڵام لەش و لاری لاوازی من بوو توانای هەشت کاتژمێر بەپێوە وەستانی نەبوو، کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ دەستم لەکار هەلگرت و خۆمم گۆڕی، لەگەڵ خانمە پیرەکەدا لەمیوانخانەکە هاتینەدەر، هێندە ماندوو بووم نەمدەتوانی ڕێبکەم، خانمگوڵ وتی:

- یەکەم ڕۆژتە هەروا دەبێت، پێی ڕادێیت، گەر بەچاکی کار بکەیت

لەوانەیە کارێکی ئاسانترت بدەنێ یان مانگانەکەت بۆ زیاد بکەن، ئەرێ بەڕاست شاپەری خان ئەتوت شوتکردووە؟

شـوومکردووە، خـانم، بـەڵام مێردەکـەم تۆخـۆش، مـردو منـی سپاردە دەستی دڵڕقی ئەم ڕۆژگارە، پەیمانمان دابوو بێ یەکتر ناژین.

– کچی خۆم دنیا تاسەر بۆ هیچکەس نییە، بێوەفایە، تۆ گەنجیت بیرلە ڕابردو مەکەوە، ئەگەر دەرگای بەختت لێکرایەوە ئەمجارە دەستی پێوە مەنێ، ماشەڵا ئافرەتێکی گەنجو جوان، بەخوا ئەگەر من کـوڕێکم هەبوایە نەمدەهێشت لەدەستم دەرچیت.

بەدەم قسە کردنەوە گەشتینە مەیدانی وەلیعسر، خـانم ڕێگەکـەی لەمن جودا بوویەوە دەبوو سـواری ئۆتۆبووسـی مەیـدانی ئـازادی بێـت، پێـی وتم بلیتت پێیە، دەسبەجێ دوو بلیتم لێوەرگرتو سـوار بـووم، کـاتی گەشتمە وێستگەی نازیئاباد، دیتم عەلیش دابەزیو بەرەو ڕووم هات، پێکەنیو وتی:

– لەوکاتــەوەی لەمیوانخانەکــە دەرچـویت تـائێرە بەدواتانــەوەم، ئـەو پیرەژنەی لەگەڵتا بوو هاوکارت بوو، شـاپەری خـان قـسەشم لەگـەڵ دایکم کرد، لەخوای دەوێ هاودەمێکی بۆ پەیدا بێت، ئەمشەو میوانی ئێمەیت تکا دەکەم قبووڵی بکە.

هێندە ماندوو بووم حەوسەڵەی بیگرەو بەردەم نەبوو، بێ سێودوو وتم:

– باشە، بەڵام بازو بڕۆین زۆر ماندووم.

دەسبەجێ پێشم کەوت بەلای کۆڵانی دووەمـدا لایکـردەوە، لەدەرگایەك چویە ژوورەوە، دوو هۆدە لەنهۆمی یەکەمو هۆدەیـەکیش لـەنهۆمی دووەم، چەن پلیکانەیەك بەدوایـدا ڕۆشـتم، دایکـی ئـافرەتێکی تەمـەن سیو پێنج ساڵان بوو، پێم وانەبوو هێندە گەنج بێت، ناوی تاهیرە بوو، عەلی بەناهیرە گیان بانگی دەکرد، تەنها پانزە ساڵ جیـاوازی تـەمنیان هـەبوو هەرئەتوت خوشكو بران، چـوینە ژورەکـەی، سـەماوەرو تـاقمی پیاڵـەو قـۆری هێندە

ڕێك‌وپێك دانرابوو سەلیقەی خاوەنەکەی دەردەخست، ئافرەتێکی جوان‌و قەشەنگ لەوە ئەچوو تازە لەئارایشگا هاتبێتەوە، عەلی سفرەکەی ڕاخست‌و بەوتنی فەرموو وەرە پێشەوە شاپەری خان، خۆشترین جوانترین جۆرەکانی خواردن ئامادە کرابوو، هەستی غەریبیم دەکرد، بۆچی لەسەر ئەم سفرەوخوانە دانیشتووم، ئاخر من لەم ماڵەدا چیدەکەم؟ ئەمانە کێن‌و چی منن؟.

قاپێك برنجی بۆ تێکردم، نەمدەتوانی کەوچکەکەی لێوەرگرم، ویژدانم بوو یان غرورم، نازانم کامیان بوو نەیدەهێشت دەستەکانم بجوڵێنم، هەرچەن جەختی کرد سودی نەبوو، عیزەتی نەفسم لەوە زیاتر بوو لەسەر سفرەی بێگانەیەك دانیشم‌و تیکەیەك نان بخۆم بۆیە وتم:

– بەیارمەتی خۆتان من ئەچمە ژێرزەمینەکە!

دایکی بەسەرسوڕمانێکەوە وتی:

– ئەی، کەلوپەلەکانت کوا، هێشتا هیچت نەهێناوە، خۆ لەسەر ئەو زەویە ڕەق‌وتەقە ناخەویت، عەلی بەدوای قسەکانی دایکدا وتی:

– تاهیرەگیان، وتم شاپەری خان تازە هاتۆتە تاران‌و بەنیاز نییە بگەڕێتەوە، کەلوپەلیشی پێ نییە، ئەمشەی لای تۆ دەخەوێت بەیانیش......

نەمهێشت قەسەکەی تەواو بکات وتم:

– زۆر سوپاس عەلی ئاغا، ئەمشەو لەوێ ئەخەوم، ئێوە دڵتان هیچ نەکات خۆم حەزدەکەم لەگەڵ ئەو حاڵەدا ڕابێم، دایکی خواردنەکەی بەپەلە قوتداو قومێك ئاوی کردبەدویداو وتی:

– هیچ نەبێ دەسێ نوێنت با لابێت بەئەمانەت دوایی بماندەرەوە، عەلی گوێ بۆ ئەو مەگرە، بڕۆ ئەو پارچە فەرشەی هەیوان هەڵگرەو بیبە بۆ ژێرزەمینەکەو خۆیشم نوێنەکانی بۆدێنم، خۆڵە چۆڵیدا بەگیر نەهاتویت،

مەترسە هیچ منەتێکی نییە، ڕێزی دراوسێ ئەرکی سەرشانە.

هەناسەیەکی ئاسودەییم هەڵمژی‌و بەرەو ژێرزەمینەکە چووم، عەلی پارچە فەرشەکەی ڕاخستبوو، دایکی نوێنەکانی بۆهێنام:

– کچی خۆم بۆ هێندە شەرم دەکەیت، خۆمن هەربەتەنیام، نازانم عەلی بۆی باسکردوی یان نا.. بەڵام خۆشترە لەزاری خۆمەوە ببیستیت، باوکی عەلی چەن مانگێکە ژنی دووەمی هێناوەو ئێمەی بەجێ هێشتووە، لەڕاستیدا منیش زۆر هەست بەتەنیایی ئەکەم، سەیری ڕواڵەتم مەکە زۆر دڵم خۆش نییەن عەلی چەن ڕۆژێکیتر ئەگەڕێتەوە هەرمن‌و تۆ دمێنینەوە من هاودەمێکم پێویستە نەك کرێچی، نەك کەسێکی شەرمن وەکو داروبەرد، هەستە بابڕۆیین عەلی گیان گڵۆپەکان خامۆشکە با بۆخۆی پشوو بدات، بەڕۆشتنی ئەوان خەریك بووخەودەیبردم بەلادا، لەو تاریکیەدا چاووم بڕیبوویە قوفڵی دەرگاکە جارێکی تر دڵنیامکردەوە، هەوای ژێرزەمینەکە هەناسەی سوار کردبووم، دەستم نەدەگشتە دەسکی پەنجەرەکە، گڵۆپەکەم هەڵکردو چاوێکم گێڕا، تەپڵەکێکی کۆنم بەرچاوکەوت، هێنام سواربووم تا دەستم بگاتە دەسکی پەنجەرەکە، هەرکە دەستم پێگەشت لەژێر پێمدا شکاو کەوتم، قیژاندم، قاچی ڕاستم زۆر ژانی دەکرد بانگی تامیرەخانم کرد، بەدەنگی پێیاندا دیاربوو ڕایاندەکرد، تامیرە گەشتە سەرم:

چی بوو کچی خۆم، نەمدەتوانی لەجێی خۆم بەرزبمەوە، دەسکی دەرگاکە بەدەستیانەوە پێچی دەخوار من لەمدیو دامخستبوو ئەوان لەودیوەوە بۆیان نەدەکرایەوە، پێچم لەخۆم دەدا، هاوارم دەکرد، قاچم شکاوە فریامکەون، عەلی شوشەی دەگاکەی شکاندو دەستی کێشا دەرگاکەی کردەوە، بەدبەختە خوێن بەدەستیدا دەچۆڕا بەڵام هەر خەمی منی بوو، تامیرە بنباڵی گرتم دەیویست بەرزم بکاتەوە بەڵام نەیدەتوانی

وای، وای، توخوا دەستی لێمەدە، سەیرکە چۆن ئاوساوە، بەخوا قاچم شکاوە، دەبێ بچمە نەخۆشخانە، لەناخەوە دەمناڵاند بەچ پارەیەکەوە، بێ پارەیی دەردێکی تازە نەبوو، ئەودەمەی شەهرام لەبێپارەیی ڕزگاری کردم بیرەوەرییەکی تاڵی لەناخمدا بەجێ هێشت، ئاخر ئەگەر ئەو بمایە هەرگیز نەیدەهێشت خەم و پەژارە بێتە میوانم، عەلی بەشپرزەییەوە تەلەفۆنی کرد بۆ نەخۆشخانەو ئامبوولانسێك هات بەشوێنمدا، ئەوەی شکم دەبرد تەنها گەردنبەندە دۆزراوەکە بوو، هەرچەن خستمیە گومان و دودڵیەوە بەڵام سپاردمە ئاهیرە خانم و وتم:

ئەمە بۆ بفرۆشە بۆ خەرجی نەخۆشخانە.

***

عەلی لەدکتۆری پرسی:

– دەبێ شکا بێت جەنابی دکتۆر؟

دکتۆر وێنە تیشکیەکەی بۆجاری دووەم سەیر کردەوەو لەسەر مێزەکە داینا، دەبێت بەخێرایی بگیرێتە گەچ، بردمیان بۆ ئەو ژوورەی لەکۆتایی ڕاڕەوەکەدا بوو، عەلی لەهاتوچۆدا بوو، دەمێ لەگەڵ پەرستار دەمێ داوو دەرمان، دایکی بە سەبەتەیەك گوڵەوە هات بۆ سەردانم، هەواڵپرسی لێکردم وتم:

تەنها نیگەرانی کارەکەمم، یەکەم ڕۆژی کارکردنم بوو نەمزانی توشی ئەم بەڵایە دەبم، ئاهیرە کاتی گوێبیستی قسەکانم بوو وتی:

–من چیم پێدەکرێ بۆت بکەم؟

وتم:

–پەیوەندی بکات بەمیوانخانەکەوە لەڕوداوەکە ئاگاداریان بکاتەوە.

دوای نیوەڕۆ بوو، عەلی بەژوورسەرمەوە وەستابوو کتێبی دەخوێندەوە،

گوێم لەپستەکانی بوو بەڵام لەهیچ مانایەکی تێنەدەگەشتم، تەواوی بیروهۆشم لای شەهرام بوو، هەموو جەستەم شەهرامی دەویست، چەن بەئاسانی هەڵوەریم، چەن زوو پەڕەی گوڵم کەوتە ژێر پێی بێبەزەییانەی ڕۆژگار، خشپەی ئەولاپەڕانەی عەلی هەڵیدەدایەوە باڵی بێدەنگی دڵمی هەڵدەوەراند، بێدەنگ بوو چیتر هیچی نەدەوت، مۆڵەتی سپاردە چاوەکانم تاهەرکوێیەك دەخوازێ ببینێت!

سەیرێکی دەرگاکەم کرد نیوەکراوە بوو، هەستمکرد یەکێك لەودیوی دەرگاکە وەستاوە، کەدیقەتمدا دایکی بوو، عەلی بێدەنگ بوو کتێبەکەی داخست، زیاتر دەرگاکە کرایەوە، وەك بڵێی هەرخۆی بەتەنیا نەبوو.

عەلی وتی فەرمون، بەرلەوەی گومان بکەم کێیتر هاتبێت بۆ سەردانم بەڕێوەبەری میوانخانەکە خۆیکرد بەژووردا، خۆمم نەدەبینی بەڵام چاك لەحاڵی خۆم بەئاگا بووم، چاووم بڕییە لێوەکانی تاهیرەخانم.

بەڕێوەبەر بەهێواشیو هەردو دەستی لەدواوە گرێدا بوو هاتە تەنیشتم، ئەگەر حاڵم بەوجۆرە نەبووایە نەدەکرا سەیری بکەم، ڕویەکم بەلای عەلیدا وەرگێڕا، سەیرکردنەکەی زۆر پڕمانا بوو، فرسەتی وەڵامدانەوەم نەبوو. ڕوخسارێکی زۆر ناشیرینی هەبوو، ئەم ڕوخسارە لەکوێ ڕوخساری یەکەم ڕۆژ لەکوێ، تیشکی کاتژمێرەزێڕینەکەی دەستی ئەیدا لەچاووم.

خوایەگیان تۆبڵێی چی بێت، لەوە ناچێ بتوانم وەڵامی بدەمەوە، لێم نزیك بوویەوە:

"خواخراپتر نەدات" نەمتوانی هیچ وەڵامێکی بدەمەوە، کەمێکیتر لێم نزیك بوویەوە، بەپەلە تفەکەمم قوتدا:

-زۆر سوپاس جەنابی بەڕێوەبەر، شەرمەزارم ئەمڕۆ نەمتوانی بێمە سەرکار!

-خواکەریمە، کەچاکبوویتەوە.........

دوور لە بیروخەیاڵەکانی ئەو وتم:

-بەڵێ.

-ناوت چی بوو؟

-شاپەری!

وتی:

-سەیرە، ئەم ناوەخۆشەم لەبیرچوبوویەوە!

پاشان سەیرێکی پڕمانای عەلی کردو وتی:

-تۆیش هەروەك خۆمانیت.

هەنگاوێکیتر هاتە پێش‌و وتی:

-دوێنێ بەزلەوەی بچیتە حەمام، مەبەستم حەمامی میوانخانەکەیە، ڕاستیەکەی دوێنێ بەرلەوەی تۆبچیت یەکێك لەهاوکارانت پێشتر لەوێ بوو، گوایە گەردنبەندەکی بچڕاوە لێی کەوتووە، هەڵبەت ئێوارە بەخۆی زانیوەکە........

داماوە کاتی ڕۆشتنەوە هات بۆلام، منیش بەئاغای یادگاریم وت هەواڵی بۆبپرسێت بەڵام بێسوود بوو.

وچانێکی گرت‌و بەردەوام بوویەوە.

هەڵبەت زۆر بەزەییم پیایدا دەهاتەوە، هەندێ پارەشم بۆ ڕاگرت تا بتوانێ گەردنبەندە یادگاریەکەی مێردی کۆچکردووی بکڕێتەوە بەڵام.....

عەلی وتی:

-بەڵام چی؟

هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت، دەمبیست، بەڵام لەدنیایەکیتردا بوو، لەدنیایەکی تاریکیدا خواخوام بوو ڕۆشن نەبێتەوەو کەس نەمبینێت.

بەڵێ ئێمە واماندەزانی کەگەردنبەندەکە کەوتۆتە کونی زێرابەکە، بەڵام ئەمڕۆ بۆماندەرکەوت کەتۆ هەڵتگرتووە شاپەری خانم وایە؟ دیارە

پێویستیش بەوەڵامی تۆ ناکات چونکە گەردنبەندەکە........

ڕویکردە تامیرەو وتی:

–تکایە بمدەرێ.

تامیرە دەستی درێژکردو دایە دەستی، ڕەنگم سوررو شین هەڵگەڕا بیرمە نەمدەتوانی هەناسە بدەم، گیانم لەجێیەکی سەختو دوور دەستدا بوو دەرنەدەچوو. بەڕێوەبەر دەستی بەرەولای من درێژکردو وتی:

–ئەم گەردنبەندە دەڵێم، دیارە پێویستی بەڕونکردنەوە نییە بەڵام زۆر حەزدەکەم بزانم کاتێ کەدۆزیتەوە بۆچی نەتدایە دەستی بەڕێوەبەری ئاشپەزخانەکە؟

عەلی لەجیاتی من وەڵامی دایەوە:

–بەڵام دەبوو بیسەلمێنیت کە ئەمە هەمان ئەو گەردنبەندەیە کەون بووە یابەوتەی تۆ دزراوەکەیە، مەگەر هەر ئەم یەکدانەیە هەیە، چونکە ئەمیش هەیەتی خۆتاوانێکی نەکردووە لەوەی هەیە.

بەڕێوەبەر لەعەلی لێزانتر بوو زنجیرە بچڕاوەکەی نیشانداو وتی:

–ئەمەش بەڵگەی دروستە، چۆن دەبێ لەڕۆژێکدا یان لەمارەی خۆشۆردنێکدا دودانە پێکەوە زنجیریان ببچڕێت؟

عەلی بێدەنگ بوو، نیگایەکی بەزەییانەی کردم کەهەرگیز بیرم ناچێتەوە، یانی کار لەکار ترازاوە دەبێ تەسلیم بیت، تۆمەت نەبوو، خۆم تۆمەتبار بووم، ناچار بووم دەبێ دانی پیابنێم، پۆلیسی لێکۆڵینەوە هاتو ۆسیەیەکی بۆ ڕیکخستم، عەلی زیاتر لەمن خەمی بوو، دەردەکەم ەخەمخواردن چاری نەبوو، گەردنبەند درایەوە دەست خاوەنەکەی منیش ەمیوانخانەکە وەدەرنرام.

عەلی مۆڵەتی سەربازییەکەی تەواو بوو گەڕایەوە، منیش بەدەستی ەلەپچەکراوەوە بەرەو زیندان وەڕێکەوتم، هەرچی گریانو پاڕانەوەم کرد

کە گەردنبەندەکەم گەڕاندۆتەوە بۆ خاوەنەکەی ئیتر بۆ ئەمبەن بۆ زیندان؟
تەنها وەڵامێکم دەبیست ئەویش دەبێ" تەمێ بکرێیت"

چوومە زیندان‌و دوومانگ حوکم درام، هەر ڕۆژێکم بەساڵێك لێدەڕۆشت، خوایە نەیکەیتە نسیبی هیچ کەسێك، قوتابخانەیەکی خراپە، شوێنی دزو جەردەو قاچاخفرۆش‌و بەرەڵاکانە، هەرچیم نەدەزانی‌و نەمدیتبوو فێر بووم، کچێك باوکی خۆی کوشتبوو، کوڕێك دەسکاری شەرەفی خوشکەکەی کردبوو، تۆمەتەکەی من سوکترین تۆمەت بوو، بەڵام لەوێ کەس گوێنادات‌ە سوکی‌و قورسی تۆمەتەکە.

پانزە ڕۆژی بەسەردا چون تاهیرە هات بۆ سەردانم، دەیوت عەلی تەلەفۆنی کردووە زۆری لێکردووم بێم بۆ دیتنت، پاشان وتی بۆ هێندە لەڕولاواز بوویت، ڕاستی دەکرد چاووم چوبوو بەقووڵدا توانای هیچ شتێکم نەبوو، داوام لێکرد سابونم بۆ بێنێت بەڵام ڕۆشت‌و نەگەڕایەوە.

هێندە قژم ئاڵۆزکاو بوو کەدامدێنا، هاوارم بەهەموو لایەك دەگەشت، هاوارو ناڵەم هیچ سودێکی نەبوو، بەزۆر گرتیانم‌و سەریان بۆ تاشیم، ئەوقژەی خۆشەویستر لەهەموو ئەندامەکانی جەستەم بوو، زۆری نەمابوو بۆ بەربونم عەلی هات بۆ دیتنم، هەرکە چاوی بەبەژن‌و باڵای تازەم کەوت نزیك بووشاخ دەربکات، پەنجەی خۆی گەست‌و سەری داخست.

ئەویش ڕۆشت‌و ئیتر نەگەڕایەوە، لەبەر خۆمەوە ورتەورتێکم ئەکرد:
"من هەمان ئەو گوڵە بووم بۆ دیاری ئەمدەست‌و ئەودەستم ئەکرد ئێستا هەڵوەریووم‌و لەژێر پێ کەوتووم.

ئازادکرام، تاکو تەنیا بەشەقامەکاندا، برسی‌و تینو، خەڵکی بەچاوێکی ترەوە سەیریان ئەکردم، هەموویان خەڵکێکی چاوبرسی ساختەچی، درۆزن، هەموو شتێکیان تەنها لەبەر خودی خۆیان دەویست تەنانەت بۆ کچێك کەڕواڵەتی شاهێدی نیازمەندی‌و کۆمەك بوو بەزەییان پێدا

نەدەهاتەوە، کورانی هەرزەکار ڕادەبووردن و توانج و پلاریان دەگرت، وەلامێکم نەبوو بۆیان باشترە زۆر درێژەی نەدەمێ.

چووم بۆ گەڕەکی مالی شەمرام، بەزۆر هەنگاوەکانم هەلدەگرت، چ بیرەوەرییەکم لەم کۆلانەدا هەبوو، من هەمان ئەوشاپەرییەی نێوداستانەکان هەمان شاپەری کەژاوەو ئێستا کێم، چیم، بۆکوێ دەچم بەجلی شڕو کۆنەوە، پێلاوی دڕاوەوە، لەتاو برسێتی توانای ڕێکردنم نییە، سوالکەر نیم بەلام نیازمەندم، یان لەوانەیە سوالکەر بم بەخۆم نەزانیبێت، شەقامێکی چۆل جارجارە نەبێ ڕێبووارێکی پێدا ڕانابووڕێت ئەوانیش سەیریان نەدەکردم، پۆلە ڕیشۆلەکانی باخەکە جریوە جریویان بوو وەك بلێی هەوالی هاتنم بدەن، لەبەرخۆمەوە وتم بێدەنگ بن، من ئەو نیم، من چیتر شاپەریکەی داستان و کەژاوەنیم!

وەکو شێت سەرپۆشێکم لەسەرم ئالاندبوو. گوێبگرن: شاپەری کەژاوە نەماوە، مرد...من پێویستم بەتیکە نانێکە، گەر ئەتوانن هاوکاریەکم بکەن، بەدکتۆرو ژنەکەی بلێن، بووکە ناسك و نازدارەکەتان هاتۆتەوە، بابێن سەیری ئەوبەژن وبالا ڕێك و پێکەم بکەن.... سەیری ئەجلە نایابو قەشەنگانەم بکەن...شانازی بەسەلیقەی کوڕەکەیانەوە بکەن، بەدەم گۆیانەوە بەکۆلانەکەدا ڕەتبووم، خواگیان ئەمشەو پەنام کوێ بێت؟

گەوالە هەورە چلکنەکان سەریان لێك گیرکردبوو هەوالی بارینی بارانیان دەدا، سەرمام بوو، جلێکی ئەوتۆم لەبەردا نەبوو. لەکەنار جۆگەلەیەکدا دانیشتم، دەستم خستبوویە ژێر چەنەم و سەیری ڕێبووارانم دەکرد کەهەریەکەیان بەمەبەستی کارێك ڕەتدەبون، نەکەسێکم دەناسی نەکەسێکیش دەیناسیم، نیگاکان نامۆو پڕ لەشەفەقەت بون، بۆنی خواردنێك دەهات بەسەرمدا کەتامەکەیم بیر چووبوویەوە لەڕیستۆرانێکی ئەولای شەقامەکەوە، فشاری برسێتیم زۆری بۆ هێنام، پیاوانێکم دەبینی

کەژاڵی بوکێنی شاپەری

لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانیان دەچونە ئەوێ، هاوسەرکەی من لەکوێ بوو، ئەی من بۆ منداڵێك یان خێزانێکم نییە، بەسواری ئەو ئەندێشەو بیرو خەیاڵانەوە بۆدنیایەکی دیکە دەفڕیم، شەهرام دەستەکانی لەملم هەڵپێکا بون نێوچەوانی ماچدەکردم، شەهرام چەندین جار دڵخۆشی دامەوە، توند دەستەکانیم گرت، وتم بۆ بەتەنیا بەجێت هێشتم؟

دەستی لەژێرچەنەم دەرهێناو وتی:

-لەچاوەکانی من بڕوانە شاپەری !

سەیرێکم کرد وتی:

-ئەوە ئەگریت، ئازیزەکەم؟

وتم:

-زۆر بیرت دەکەم.

وتی:

-مەگەر پێم نەوتی هەرگیز نامەوێ فرمێسك لەچاوەکانتدا ببینم، ئەوە سەیری کوێ دەکەیت؟

هێشتا هەرچاووم لەسەر دەرگای ڕیستۆرانەکە بوو، زیاتر باوەشی پێدا کردم وتی:

-ئەوە بۆ ئەولەرزیت، ئازیزەکەم؟

بەرەو ڕستۆرانەکە ملی ڕێمانگرت، لەگەرمای جەستەی گەرمم بوویەوە، چوینە ژورەوە، چەن جۆر خواردنی نایابو دەگمەنی بانگکرد، دەستم کردبەخواردن، هەرچەنێکم ئەخوارد تێر نەدەبووم، شەهرام تەنها سەیری نەکردم، ئەڵقەیەك فرمێسك بەری بەبریسکەی چاوەکانی گرتبوو، لەوە ئەچو بەزەیی پێمدا بێتەوەن یالەو خواردنەی من سەری سوڕما بوو، پاروی گەورەم ئەکرد، هەرچیەکم ئەکرد تێر نەدەبووم نەدەبووم.

دەنگی هۆرینی ئەوتۆتۆمبیلەی لەنزیکمەوە وەستا، باڵەکانی شکانم

کەوتمەخوار، گەڕامەوە جێی خۆم، بیرو ئەندێشەکان دێوانەتری کردم، شۆفێرەکە دابەزیو بەرەو پووم هاتن چەن جارێك دیقەتمدا، بەناسراو نەهاتە بەرچاووم، غەریب نەبوو، لەکوێ دیبووم، کەزیاتر هاتە پێش راچەنیم، سڵاوێکم لێکرد، کوڕەکەی جەنابی بەڕێوەبەر بوو، قژێکی گەنم رەنگو چاوە شینەکانی هێشتا لەزەینمدا مابوو، وتی:

-خانم، پێشتر تۆم لەهیچ شوێنێك نەدیتووە.

لەماوەی ئەودومانگەدا هێندە لەبەین چوبووم، بەئاسانی کەس نەیدەتوانی بمناسێتەوە، وتم:

-بڕیار بوو لەمیوانخانەکەتان دامەزرێم.

بەهێواشی لێوی خۆی گەستو ساتێ بیری کردەوە، یەکدوجارێك نێوچەوانی خوراندو وتی:

-گەر بەهەڵەدا نەچوبم، وابزان نامەی ناساندنەکەتم بەدەستی خۆم نوسی، مەبەستم ئەوەبوو دامەزرێیت.

-بەڵێ، دامەزرام، بەڵام تەنها ڕۆژێك بوو دوایی دەرکرام.

-دەرکرایت، بۆچی؟

نەمتوانی وەڵامی بۆچیەکەی بدەمەوە، دەبوو درۆیەکی ترم بکردایە، غروورم مۆڵەتی ڕاستی وتنی نەدەدا بۆیە وتم:

-خۆم نەمویست کاربکەم، کارێکی قورسو گران بوو.

بزەیەکی کورتو دەکردی خستە سەر لێوەکانیو وتی:

-بەوە ناوترێت دەرکران، دەوترێت، دەسکێشانەوە.

-بەڵێ، بەڵێ، هەرهەمان ئەوەی کەتۆ دەیڵێیت.

ئەمجارەیان سەیرێکی وردتری کردم وتی:

-بەڵام قازانجت بوو بەردەوام بوویتایە هەرچەن گرانیش بوو، وابزانم لەم حاڵە........

چیتر بەردەوام نەبوو، بیری لای ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکەی بوو کەرێگەکەی گرتبوو، وەك بڵێی پێویست بوو ئەورستەیەبڵێت و بڕوات، بەپەلە وتی:
-گەر ئەشریفتان بۆ هەشوێنێك دەچن بابتگەیەنم.
هێشتا وەڵامێکی منی وەرنەگرتبوو سواربوو ڕۆشت.
ئەنها خۆراکێك لەبەردەستمدا بووایە هەر ئاو بوو، لەبەردەمی پارکێکدا دانیشتبووم، منداڵێکم بینی لەفەیەکی بەدەستەوەبوو، هات و لەبەرامبەرم دانیشت، هەر قەپێکی لەو لەفەیە دەگرت ئەتوت گاز لەدڵی من دەگرێت، ناچار بووم هەستام دوورکەوتمەوە، پەنام بردەوە بەر شەقامێکی تر، دووبارە لەکەنار جۆگەلەیەکیتردا دانیشتمەوە، دەمەو عەسر بوو سەرم گێژی دەخوارد، هەموو جێیەکم بەڕەش دەبینی، لێوەکانم وشك بووبوون، برسێتیم لەبیر نەدەچویەوە، بیرم لەجێی خەوتن دەکردەوە، گەر وەك دوێنێ شەو لەپارك بخەووم سەرمامە، ئەبێت تابەیانی چۆقەی دانم بێت، لەسەرشەقامەکەش هەزار مەترسی هەیە، باشترە بچمەوە ماڵی خاڵە حەبیب، بپارێمە بگریم، خۆم بخەمە خاکوخۆڵی بەرپێی ئەشرەف خانم، بەڵکو ئەمە خوایە بەزەیی پێمدا بێتەوە دڵی نەرم بێت، ئاخر کرێی تاکسی لەکوێ بێنم، داوای یارمەتی لەکێ بکەم چۆن متمانەی پێبکەم.
لەسەرشەقامەکە وەستام، دوکوڕی گەنج بەلامدا تێپەڕین. چپەچپێکیان کرد، بڕیارمدا هەرئۆتۆمبیلێك وەستا سوار بم، لەپڕ ئۆتۆمبیلێك هۆڕینێکی لێداو کەمێك لەو لاتر وەستا، تەنانەت نەمدەتوانی هەنگاوێك بنێم، دوو نەفەری تیابوو یەکێك قەڵەو ئەویتر لاواز، لاوازەکەیان لای شوفێرەکەوە دانیشتبوو، وتی:
-بۆکوێ ئەچیت خانم؟
وتم:
-بۆ نازیئاباد.

قاقا، پێکەنی و وتی:

-دڵنیایت هیچ فەرمانێکی دیکەت نییە؟

مەبەستەکەی تێنەگەشتم وتم:

-دوایش ئەچم بۆ ڕێگەی هێڵی شەمەنەفەر.

شۆفێرەکە بەدەنگێك بڵندتر وتی:

-باشترە تاکسیەکی تایبەتی بۆخۆت بگریت. بەپەلە پێی لێداو ڕۆشت

هەرچی قوڕاوی سەرجادەکەبوو هەڵپڕژا بەسەروچاومدا.

خەریکبوو تاریك دادەهات، لەتاو برسێتیو ماندوێتی بەلادا دەهاتم،

دەستێکم درێژکردو وتم:

-کاکە ڕاوەستە.

تاکسیەك وەستاو شۆفێرەکەی پیرەمێردێکی بەساڵاچوبو، سەیرێکی

کردم وتی:

-بۆکوێ دەچیت خانم؟

دەستم کردە گریان، چیتر غرور لەگۆڕێ نەمابوو، پاڕامەوە:

-تکایە بمگەیەنە ڕێگەی شەمەنەفەر، لەبەرخوا بەزەییت پێمدا بێتەوە.

بەزەیی جوڵا، سوار بووم، گەشتمە جێ کرێکەی تەنها سوپاسێك و

دوعایەك بۆماڵو منالەکەی.

گەشتمە کۆڵانە باریکەکە، باران دەباری، گەشتمە بەردەرگای ماڵی

خاڵم، خۆشحاڵ بووم بەڵام نەمدەتوانی لەدەرگا بدەم، هەرچۆنێك بوو

دەسکی دەرگاکەم ڕاوەشاند، جافر دەرگای لێکردمەوە، واقی وڕما:

تۆیت شاپەری؟چیت لێقەوماوە؟

دەنگی هەورە بروسکە، ڕەهێڵەی باران، دەزوی وشك دانم بوو!

وتم:

-ماڵی خاڵم لەماڵن؟

وتی:
- لێرە نەماون، باریان کردووە.

ئەژنۆکانم سست بون، کەوتم بەزەویدا، چنگم لەدیوارەکە گیرکردبوو، بەکەساسیەکەوە سەرێکم هەڵبڕی:

- خوا گیان مەگەر من بەندەی تۆ نیم؟

ئەڕ بوویت شاپەری، وەرە ژوورەوە، بۆ لەوسەر زەویە دانیشتویت؟

سەرم هەڵبڕیبوو تنۆکی باران لەگەڵ فرمێسکەکانمدا تێکەڵ بووبون، وتم:

-تۆ هیچ ناونیشانێکیان نازانیت، نازانێ بۆکوێ چون؟

-تۆ ئێستا وەرە ژوورەوە، دوایی قسەیەکی لێئەکەین، پاشان حاڵیشت ئەواو نییە.

چوومە ژوورەوە، چیتر هیچ بەلامەوە گرنگ نەبون هەموو شتێکم ئەگۆڕییەوە بەتیکە نانێك، چومە ژورێکەوە ڕەزا خەریکی یاریکردن بوو، ڕێنەیەکم بینی لەوە ئەچوو دایکی ڕەزا بێت، لەپڕ ڕەزام بەبێ دایك هاتە بەرچاو، هەستێکی سەیرم بۆ دروست بون چیتر ڕقم لێی نەبوو، جافر دەستێ جلی بۆ هێنام، برۆ لەبەریکە، بەجلانەوە سەرمات ئەبێت، دڵت هیچ ئەکات پاکن!

جلەکانم وەرگرتو گوێم بەپاکیو پیسی نەدەدان چوومە ژوورەکەی ئەولا خۆم گۆڕی، جلەکانی خۆم بەکەڵکی شۆردنیش نەدەهاتن، جۆرێك سەرپۆشەکەم بەست کەسەرم دەرنەکەوێت تاشراوە.

جافر بانگی کردم سفرەم ڕاخستووە خواردن ئامادەیە، کەدانیشتم، بێشەرمانە دەستم بۆنانەکە برد، ڕەزا جۆرێك سەیری ئەکردم ئەتوت لەبرسا مردووم، جافر هەستی پێکردم زۆرم برسیە ڕەزای لەگەڵ خۆیبرد بۆ ژوورەکەی تر تا بەئاسودەیی نانەکەم بخۆم، تێرمخوارد، هەستام کەمێ چام کردە قۆریەکەو جافر خۆیکرد بەژوردا.

قۆریەکەی لێوەرگرتم:

-بۆزەحمەت دەکێشیت.

پاشان ڕویکردە کوڕەکەی وتی بڕۆ پاڵپشتی و دۆشەك بۆ شاپەری خـ
بێنە، ماندووە باپشووبدات.

زمانم گۆی نەدەکرد بڵێم زەحمەت مەکێشن، نوێنە چڵکنەکانی ماڵ
جافرم نەدەگۆڕییەوەبە جوانترین باخ و باخاتی سەرزەوی، بەڵام چۆ
دەکرا لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا لەتاقە ژورێکدا بخەووم، بەشەرمێکەوە وتم

-ئەگەر یارمەتیم بدەیت من لەژوری ئەنبارەکە ئەخەووم، ئێرە کەم
گەرمە بەبۆنی نەوتی سۆپاکەش تێك ئەچم!

ئەیزانی بیانو دێنمەوە وتی:

-بەئارەزووی خۆت، ڕەزا هەستەو جێگاکەی بۆ بگوێزەوە.

هەستم دەکرد ئەوەندە قەدوباڵام تێکچووە تەنانەت جافریش تاقەتی
سەیرکردنی نییە، پەتۆ کۆنەیەکم لەدەستی ڕەزا وەرگرت و ڕۆشتم
هەرچەن پێویستم نەبوو چونکە چیتر سەگی بەرەڵای کۆڵانان چاویا
تێنەدەبڕیم، ژورێکی ساردوسڕ، هەڵدەلەرزیم، دەمویست بەهاڵاوی
هەناسەکام خۆم گەرم بکەمەوە، خەریك بوو شێت ئەبووم گوێ
ئەزرینگایەوەدەمێ گوێم لەدەنگی باوکم دەمێکیش گوێم لەدەنگی شەمرا
دەبوو، هەستام و پاڵمدا بەکارتۆنێکەوە، جیڕەی دانی مشك هێندەیتر
زەندەقی بردبووم، گڵۆپی ئەو ژورە سوتابوو، بەئەسپایی وتم:

-جافرئاغا؟

وەك بڵێی لەودیو دەرگاکەوە چاوەڕێی ئەوبانگکردنەی من بکات،
دەسبەجێ وتی:

-مەترسە شاپەری خانم، من لەپارەوەکەدام، دوایی بەدەنگی تەقەی
چەکوشێك لەوەئەچوو خەریکی کارێك بێت، خاترجەم بووم چومەوە

سەرجێگەی نوستنەکەم.

نیوەشەو بوو یا دەمەو بەیان، لەدەنگی خشەخشێك بەخەودا هاتم، هەستم ڕاگرت مشك نەبوو، لەودیوەوە دەهات، زڕەی کلیلەکان بوو، هەستمکرد کرد بڕیارە دەرگاکە بکرێتەوە وتم:

-کێیە؟

وەڵامێك نەبوو، بێدەنگ بوویەوە، هەستم ڕاگرت، دووبارە دەنگەکە پەیدا بوویەوە ئەمجارە زیاتر بوو، دەرگاکەلەرییەوە.

- کەوتمەوە بیری دەرگاکەی ماڵی خۆمان کەبەرگەی باو زریانی نەدەگرت، ئەمجارە بەتەواوی ڕاچەنیم ئەتوت بەسەر ئاگرەوەم، چومە پشتی دەرگاکەوبەئەسپایی وتم:

- ئاغا جافر تۆیت؟

هێندە بەهێواشی وتم خۆشم گوێم لەخۆم نەبوو، ئەوەندە ئەترسام لەدەنگی خۆشم زەندەقم چوبوو.

وتەکانی دوایین ساتی باوکم هاتەوە یادم:

- کچەکەم شەرفو ناموسی خۆت بپارێزە کەتەنیا سەرمایەی تۆیە،بێئەوە ژیان جۆرێکیترە، بەسەربەرزی بژی گەرچی هەرچی تاڵاوە چەشتبێتت!

دەرگاکە زیاتر لەرییەوە، سەیرێکی پەنجەرەکەم کرد، عەباکەمم هەلگرت، بەهێواشی دەسکی پەنجەرەکەم سوڕاند، نێوان پەنجەرەکەو حەوشەکە نزیکەی مەترێك ئەبوو، هێشتا هەنگاوێکم نەخستبوویە ئەودیوی پەنجەرەکە دەرگاکە کرایەوەو لەتاریکیدا چاوی جافرم بینی دەبریسکایەوە، فانۆسەکە بەدەستیەوە دەلەرزی:

- بۆکوێ شاپەری خان؟

وتم:

- تۆبۆ کوێ دێیت جافرئاغا؟
- پێکەنی، ترسی پێکەنینەکەی سەراپامی تەنی، بەدەم پێکەنینەکەیەوە وتی:
- بۆلای تۆ هاتووم.
ویستم بەسەر شڵەژانەکەمدا زاڵبم تاکو هەستی هیچم پێنەکات وتم:
- پەنام بۆماڵەکەی تۆ هێنا جافرئاغا، ئەم ڕەفتارەی تۆیش دوورە لەپیاوەتییەوە.
دەنگی پێکەنینەکەی بەرزتر کردەوە:
- ها..ها..ها.. ئەوە بەڕاستە، پاوەتی چییە، مەگەر کێ پیاوەتی لەگەڵ من کردووە، مەگەر ژنەکەی خۆم نامەردی لەگەڵ نەکردم، مەگەر خیانەتی لێنەکردم، هەرچەن بەو دەستانەی خۆم........ دەستی بۆ ڕاکێشام و بەردەوام بوو:
- بەڵێ بەو دەستانەی خۆم ڕەوانەی دۆزەخم کرد، ئەوبرینانەم ئەبینیت، برینەکانی دەموچاوی نیشاندام، لەبەر ڕوناکی فانۆسەکەدا باشتر دەمبینین، ئەمانە برا نامەردەکەی وایلێکردم، جێی چەقۆیە، ئەونامەردە هەموو تاوانەکەی کردە گەردنی من و سەرەنجامیش تەڵاقی خوشکەکەی لێسەندم، هەڵبەت وتم کە نەمهێشت ئاو لەگەروی ڕەتبێت، سێ ڕۆژ بەسەر تەڵاقەکەیدا چوبوو کاتێ هات بۆ دیتنی ڕەزا.... چیتر بێدەنگ بوو بەرەولای من هات، بوواری هەڵاتن نەبوو، پاشەوپاش چوومە دواوە، بەسەر کارتۆنەکاندا کەوتم، خێرا هەستامەوە، دیسان دایەوە قاقای پێکەنین و وتی:
- دیارە حەزناکەیت بەدەردی دایکی ڕەزات بەرم؟
وتم:
- خۆمن هیچ خراپەیەکم دەرهەقتان نەکردووە جافرئاغا.

- ڕقم لەهەموو ژنی دنیا دەبێتەوە، هەموتان یەکبابەتن خیانەتکارو درۆنن.

خوێن بەری چاوەکانی گرتبوو، شالآوی بۆهێنام، وەك ماسی لەژێردەستی دەرچووم، خۆم کێشا بەدیوارەکەدا:

- جافرئاغا ڕحمم پێبکە.

وتی:

- مەگەر تۆڕەحمت بەمن کرد، وادەزانی بیرم چۆتەوە، چۆن ئەم ماڵەت بەجێ هێشت تا بەعەشقەکەت بگەیت؟

- عەشقم، کام عەشقەم، بەخوا من هیچ عەشقێکم نییە.

- بەخواجوانە، فریوم دەدەیت، ئەی بەچاوی خۆم نەمدیت، ئەو کوڕەی تابەردەرگای میوانخانەکە لەگەڵتا بوو کێ بوو، مەگەر خۆشەویستەکەت نەبوو، ئەی بۆ ئەم ڕۆژو ئەمحاڵەی بەسەر هێنایتو دوایش دەسبەردارت بوو، دوای ئەم هەموو کەوتنە ئەنجا داوای بەزەیی لەمن ئەکەیت، ئەی دوای بەزەییت لەو بۆ نەکرد.... پاشان شالآوێکیتری بۆ هێنام، تەنیا چارەیەك لەبەردەمما بوو دەستم لەگوڵدانێکی گڵێین گیربوو، هەرکە دەستی گەشتە کراسەکەم، بەهەموو هێزم کێشامە تەوقی سەریو لەبەر پێمدا درێژ کەوتو هێندەم پێکرا دەرچووم، کەهاتمە دەر لافاوی باران هەستا بوو، دەرگای حەوشەم کردەوەو ڕامکرد، بەکوچە کۆڵانەکاندا دەڕۆشتمو دەگریام:

- خواگیان فریامکەوە، خواگیان وەرە بەهانامەوە، نەمدەزانی جافر ماوە یامردووە، بەڵام خوێنم بەدەستەکانمەوە دەبینی، گوێم لەبانگی بەیانی بوو، هەموو گیانم خوساوی ئاو بوو چیتر لەبرسانا نەمدەتوانی ڕێبکەم، تەنیا لەبیری پاراستنی شەرەفی خۆمدا بووم

خۆم لەیەکێ لەکۆمیتەکاندا ناساندودوای لێکۆڵینەوەم دایانمەزراندم، موچەیەکیان بۆدیاریکردمو لەخوارووی شاردا ژوورێکم بەکرێ گرت،

هەرلەوێش کۆمەڵی کەلوپەلی پێویستیان پێدام، خوا بەزەیی پێمدا هاتەوە، کەمێ بەخۆمدا هاتمە، وردەوردە قژم درێژ بوویەوە، ژیانم ڕەونەقێکی بەخۆیەوە دیتەوە، دوو دەوام بەشێوەی خزمەتچی کارمدەکرد، شەوانە کاتژمێر نۆ دەگەڕامەوە، دوای نانخواردن دەستم دەکرد بەخوێندنەوە دەمویست بەشداری تاقیکردنەوەکان بکەم، تازە دەگەیشتمە بڕوای ئامۆژگاریەکەی باوکم کە هیچ کەس بەکەڵکم نایەت، نزیکەی شەش مانگێك بەسەر ژیانی تازەمدا ڕابوورد، ڕەزامەندی بەشداری تاقیکردنەوەکانم وەرگرتو تیایدا سەرکەوتوو بووم، لەزانکۆ وەرگیرام، ڕۆژانە کارمدەکردو شەوانەش خەریکی وانەکانم بووم، لەماوەی شەش مانگدا خولی فێربونی زمانم تەواو کردو لەکۆمپانیایەکی دەرمانسازی وەك سکرتێرو وەرگێڕ دامەزرام، دەرامەتم زیاتر بوو، مەکینەیەکی بەرگدورینو تەلەفزیۆنێکم کڕی، ڕۆژانی پشوو هاوینان خەریکی بەرگدورین بووم، خوا دەرگای ڕەحمو بەزەیی بۆکردمەوە، هیچ کەس ناچاری نەدەکردم دەبێ شووی پێبکەم، هەموو شتێك بەدەست خۆم بوو، دوساڵ تێپەڕی دیپلۆمم وەرگرت، چیتر کەسم بەگورگ نەدەهاتە پێش چاو، کەسێتیەکی چاکم بۆخۆم دەستەبەرکرد، دوو داواکاری گونجاووم هەبوو، بەڵام دەبوو من ئایندەیەکی ڕۆشن بۆخم بسازێنم تا چیتر نیازمەندی هیچ کەس نەبم، چیتر خۆشبەختیم لەکەژاوەدا نەدەبینیەوە لەئۆتۆمبێلی گرانبەهاو جلی کەشخەدا نەدەبینی، چاوم کرابونەوە.

لیسانسم وەرگرتو لەنەخۆشخانە دامەزرام، ساڵی دواتر لە پزیشکی وەرگیرام، لەبارەی تێچونو بژێوی خاترجەم بوومو ئاپارتمانێکی بچوکم بەکرێ گرت، هەموو کەلو پەلو پێویستیەکانی خۆمی بەزیادەوە تیابوو، ژورێکی بچوکی نوستن، کتێبخانە، ئاشپەزخانە، مزگەوتێك لەئاپارتمانەکەوە نزیك بوو شەوانە دەنگی دوعاو نزاو پاڕانەوە دەهاتنە

گوێم، دەنگی باوکم لەگوێمدا دەزرینگایەوە، هەرکەس تادەمەو بەیان بپاڕێتەوە داواکەی نادرێتەوە دواوە، دڵم پڕ بوو، ئەمشەو پڕ بەدڵ ئەپاڕێمەوە: خواگیان ئەمشەو بەدڵی پڕلەگریانەوە لێت دەپاڕێمەوە دەگریم، داواکەم ڕەتمەکەوە، خواگیان بەزەیت بەتەنیایەکەمدا بێتەوە، خواگیان بەزەییت بەبێکەسیمدا بێتەوە، خواگیان لەتاوانەکانم ببوورە، ئاگری ئەم دنیام بەسە.

دەمەو بەیان بوو، چاوەکانم سور هەڵگەڕا بون، نوێژم بۆ باوکم کرد، داوای لێبووردنم بۆ شەهرام کرد، باری سەرشانم سووك بووبوو، هەستی ئاسودەییم دەکرد، لەوانەیە جێی بڕوا نەبێت، بەڵام من لەنزیك بونەوەی خوا چێژم دەبینی!

******

دووباره زستان هاتەوه، دواین چاوپێکەوتنی نەخۆشێکم هەبوو:
خانم سوسەنی، ئەنجامی پشکنینەکانی جاری پێشوت هێناوەتەوه؟
– بەڵی خانمی دکتۆر، من جگە لەوێنە تیشکیەکان‌و پشکنینەکان هیچی ترم پێ نییە.
– دلگران مەبە، بەپشتی خوا هەموو کێشەکانت یەکلایی دەبێتەوه، زۆرکەس لەم نەخۆشخانەیە بەدڵنیاییەوه چونەتە دەرەوه.
– خانم من کەسانێکم دیوه، باشترین پزیشکەکانی ئەمریکا لەئاستیدا دەسەوسان بوون، دوای هەژدەساڵ نەزۆکی لەگەڵ مێردەکانیان جیابونەتەوه، بەڵام لێزه بەویستی خوا بەچەند داودەرمانێکی ئاسایی چارەم کردون، تۆیش نائومێد مەبە، ئێستا ئەم نامەیە ببە بۆ دکتوری دەرمانسازەکەو سڵاوی پێبگەیەنه.
هەستامە سەرپێ‌و دەستم خستە سەرشانی نامەکەم دایە دەست:
– نائومێدی مرۆڤ لەبەین دەبات، چاوی ئومێدت تەنها لەخوا بێت، من تەنها پەیوەندیەکی چارەبونی کێشەکەی تۆم!
چاوەکانی فرمێسکیان تێزا، بەڵام لێوەکانی هەڵگری پەیامی کامەرانی بوزن، لەوانەیە تروسکایی ئومێدی لەنامەکەی مندا بەدیکردبێت.
دانەکانی تەرزه زۆر بەتین بەپەنجەرەکە دەکەوت، ناچار بەسەیرکردنی دەرەوەیانکردم، پەنجەرەی نەخۆشخانەکە بەرامبەر پارکێکی خۆش بوو، بەفر هەموو لایەکی تەنی بوو ئەو ڕەنگەی من زۆر ڕقم لێی بوو.
چەن خولەکێك بەسەر ڕۆشتنی خانم سۆسەنیدا ڕەتبوو، دەرگا کرایەوه،

سکرتێرەکەم هاتە ژوور، خانم هیچ کەسی لێ نییە، ئەتوانی مۆڵەتم بدەیت، ئەمشەو میوانمان هەیە.

– ساناز خانم، ناشێ ئەمشەویش کوڕەکی خاڵت هاتبێتەوە بۆداوات؟

– بەڵێ هەروایە، ئەمتوانی قسەی دایكو باوکم بشکێنم.

– بەڵام، وابزانم کێشەی ئێوە، جیاوازی تەمەنەکەتانە، هەڵبەت من هێشتا ئەو کوڕەخاڵەی تۆم نەبینیوە بەڵام دڵنیام پەیوەستیەکی زۆری پێتووە هەیە، دڵم بۆی دەسوتێ سێ ساڵ چاوەڕوانی کرد سەرەنجام بەئاواتی خۆی گەشت، لەنێوان گەنجەکانی ئەمڕۆدا کەمتر کەسانی ئاوا بەوەفا هەڵدەکەون.

سەیرێکی پەنجەرەکەم کردو وتم:

– ئای، چەن درەنگی کردووە، خێراکە کچێ بابڕۆین، تانزیکی بازاڕت بکەمەوە.

دەرگامان داخست هاتینە دەر، لەئاسانسوارەکەدا ساناز وتی:

– دەکرێ پرسیارێکت لێبکەم خانمی دکتور؟

سەرێکم بەهێمای ڕزامەندی بۆ ڕاوەشاند وتی:

– پێشتر شوت کردووە؟

– نەمزانی چۆن وتم: نا.... هیچ کەس نهێنی ژیانی منی نەدەزانی، نەمدەویست بزانێ، من دەمزانی و تاریکی شەو، تەنیایی، بێدەنگی، ئەستێرەکان، ئەمجارەیان دەنگی سویچی ئۆتۆمبیلەکەبوو بەئاگای هێنامەوە بیری بڵاووم کۆکردەوە، ئەتوت شەهرامو بیرەوەریەکانی دەست لەبەرۆکم ناکەنەوە، ئەوشەوە یادی شەوانی سەردەمی شەهرامی وەبیردێنامەوە، چەن عاشقانە لێم ورد دەبوویەوە، بەسەرسوڕمانەوە پێی دەوتم:

– تۆجوانترین بووکی کەژاوەکانی!

بووم بەو جوانترین بووکەی ئەو دەیوت، بەڵام زۆر بەزویی بوومە خەمبارترین بووکی دنیا.

دووبارە هەمان دەنگی جیڕەی تایەی ئۆتۆمبیلەکە بەسەر بەفرەکەدا گەردو غوباری بیرەوەرییەکانی لەناخمدا زیندو کردەوە.

– خانمی دکتۆر، بۆناپڕێیت دەمێکە وەستاویت ئۆتۆمبیلەکە کار دەکات،

– وتت چی، ئازیزەکەم ببوورە ئەمشەو گەلێك مانووم ئاگام لەخۆم نییە.

جارجارێك سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکردو دەیوت:

– نازانم چی لەبەربکەم، کێ ئاڵێ لەبەرخۆیەوە قسەئەکات، هەرلەخۆمەوە وەڵامم دایەوە، مەگەر هەفتەی پێشوو جلەکانت لای بەرگدروو نەهێنایەوە، کتومت بۆ شەوی خوازبێنی کراوە!

– زۆر چاکە دەسخۆش خانم گیان من لێرە دائەبەزم.

لەسەرسوچی شەقامەکە وەستام، چەترەکەم بەئەمانەت پێدا، تەنانەت چەتر هەڵدانەکەش یادەوەریەك بوو بۆمن، شەهرام نەیدەهێشت دڵۆپێك باران لێمبدات.

خواگیان ... بەئەمەك نەبووم وا چارە ڕەشت کردم، یاخۆم ئەوشایستەیەم پێنەبڕابوو؟

ساناز خواحافیزی کردو ڕۆشت، زۆرێك دوای ئەو لەوشوێنە وەستامو نوقمی بیرەوەریەکانم بووم، بەدوای کێوە شەوم نیوەکرد، بۆنەچم بۆ شەقامی "نیاوەران" نازانم چۆن بونزیکەی کاتژمێرێك بەرامبەر ماڵی باوکی شەهرام وەستامو سەیری بارینی بەفرم ئەکرد، نازام چۆن بوو ڕیشۆڵەکانی لێنەبون، ئاهێکم کێشاو دوورکەوتمەوە، جارجارە ئۆتۆمبیلەکە بەسەر بەفرەکەدا دەخلیسکا، لەناکاو قیژانم، ئۆتۆمبیلەکەم لەجێی خۆیدا وشك کرد، لەڕێبووارێکم دابوو، پشتم ئازارێکی سەختی تێپەڕی بەڵام گوێم

پێنەدا بەپەلە دابەزیم، کێ بوو؟ بەعەبایەکی کۆنەوە خوێن و بەفر تێکەڵ بوو بوو، لەدیتنی خوێنەکە سامێکی گەورەم لێنیشت، بەرزمکردەوە، جلەکانی دڕابون، کچێکی تەمەن سیانزە ساڵان دەبوو، کەبەرزم کردەوە بۆنی چڵکو دوکەڵی لێدەهات، چکارەبوو، لەکوێوە هاتبوو، پرسیارێك بوو پێشتر وەڵامەکەیم دەزانی، یارمەتیمدا تابتوانێ سوار بێت، دەیناڵاند، دەنگی دەتوت دەنگدانەوەی ڕابردوی خۆمە، بەپارە وردەکانیدا تێگەشتم لەگەداکانی ناوشارە، دەستمکردەوە بەلێخوڕین، ناڵەکانی زیاتر بوون، لێمپرسی:

– کچەکە گیان، ناوت چییە بۆ بەوخێراییە خۆت کردە ژێر ئۆتۆمبیلەکەی مندا؟

وەکو غوڵامێك سەیری ئەربابەکەی بکات بەوجۆرە سەیری ئەکردم، لەدڵی خۆمدا وتم:

سەیری ئەم جلەکەشخانەی بەرم مەکە، منیش تاڵاوی ئەم ڕۆژەی تۆم چەشتووە، دەنگی ئازادیەکی دایە بیرم.

– سەرم زۆر ژان دەکات خانم! من بریندار بووم.

بەدەم هەنسکەوەدەیوت:

– توخوا بۆنەتکوشتم، بۆ تەواوت نەکردم، بۆ ڕزگارت نەکردم؟

– بۆ وادەڵێیت ئازیزەکەم، هەرچەن وەڵامەکەی خۆمم دەزانی بەڵام هەرحەزمدەکرد پرسیاربکەم.

بۆحەزدەکەیت بمریت؟

بەدەمگریانەوە وتی:

– بۆ نەمرم، زیندوبم چسودێکی هەیە، چ قەلایەك دەگرم، بەدەردی کێ دەخۆم؟

دووبارە لەدڵی خۆمدا وتمەوە:

– منیش سەردەمێك بەکەڵکی چی دەهاتم، بەڵام دەبوو چ وەڵامێکی ئەو کچۆڵەیە بدەمەوە.

کەگەشتینە نەخۆشخانە، دەیویست بگەڕێتەوە بۆماڵەوەو نەیەتە نەخۆشخانە، زانیم دەیەوێ ڕابکات، بردمە هۆڵەکە، سەریم بۆ تیمارکرد، هەستمکرد زۆری برسیە، دەمزانی لە چ حاڵەتێکی برسێتیدایە، هێنامە دەرەوە، لەفەو نۆشابەو پاکەتێ بسکیتم بۆکڕی، لێمپرسی ناوت چییە؟

– لەیلا، بەڵام هاوڕێکانم بەلەیلێ بانگم دەکەن.

وتم:

– چەن هاوڕێت هەیە؟

وتی:

– گەداکان ئەڵێم.

دەردی دڵەکەی کرایەوە، بەخێرایی لەفەکەی بۆ دەمی بردو دڵی پڕ بوو، چاوەکانی فرمێسکیان تێزا.

– من هیچ کەسێکم نییە خانم، هیچ کەس، برایەکی بچوکم هەبوو ئەویش لەسەرجادە خەریکی گەدایی بوو، سەرەنجام ئەویش مرد!

– مرد؟ بۆچی؟

– مەهدی کەچەڵ بەشیش لێیدا، لەسەریدا تاگیانی دەرچوو.

وتم:

– ئەی دایك‌و باوکت؟

وتی:

– کام دایك‌و باوك؟ هەرچییەکم بەسەر بێت لەچاوی باوکمی ئەناسم، دایکم تەلاقی وەرگرت‌و شویکرد، باوکیشم موعتاد بوو، من‌و براکەمی سپاردە هاوڕێکەی تاکو فێری گەدایمان بکات.

– باوکت ئێستا لەکوێیە؟

- هێندە تریاکی کێشا تاکو گیانی دەرچوو.

وەستام، بەفر قایمتر ئەباری، لەیلا لەسەرما هەڵئەلەرزی، پاڵتۆکەم لەبەرم داکەندو کردمە بەری‌و وتم:

- چیتر مەگری کچی خۆم!

بەدەم گریانەوە بزەیەکی کردو وتی:

- من! کچی تۆ؟

لەژێر لێوەوە وتم:

- مەگەر من کێم ئازیزەکەم، من تەواوی ئەم دەورانەم بینیوە، بەڵام ئاخۆ کێ بتوانێ ڕاستەقینە بشارێتەوە، ئەوکە هیچ زانیاریەکی لەبارەی منەوە نەبوو، بۆ نەیدەتوانی بڕوا بکات دایکێکی وەك منی هەبێت، یانی فاسیلەی نێوانمان لەیەك کاتدا تەنها ئۆتۆمبێل‌و جلی گرانبەها بێت؟ مەخابن ڕواڵەت فریودەرە، مرۆڤ لەخۆی دەگۆڕێ.

ماڵم لە مەیدانی بهارستان بوو، ئاپارتمانێکی بچوك، ئەتوانم بڵێم لەهیچ کەمی نەبوو، بەلەیلام وت شەو لای خۆم بمێنێتەوە، لەدڵی خۆمدا وتم بۆ نابێت تۆ بڵێیت من لەجافر ترسناکتربم؟

یارمەتیمدا تاکو گەشتینە نهۆمی دووەم، هەرکە هاتینە ژوورەوە زەنگی تەلەفۆنەکە ڕایچڵەکاندم، بەپەلە بەرەو تەلەفۆنەکە چووم، هاوکات خولکی لەیلام کرد بێتە ژوورەوە وتم:

- بەڵێ، فەرموو هەرخۆمم، ئامادەی بکەن، سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد، هەرئێستا چەن خولەکێکیتر لەنەخۆشخانەم.

دامخستەوە، دەبوو چی لەلەیلا بکەم، یەکێ لەنەخۆشەکانم پێویستی بەنەشتەرگەری هەبوو، بەپەلە پاڵتۆکەم لەبەرکرد، وتم:

- لەیلا گیان تۆ لێرەبە کچی خۆم، ژووری نوستنم نیشانداو پێم وت ئەتوانی لەم ژوورە بۆخۆت پشوو بدەیت تاکو من دەگەڕێمەوە.

بوواری ڕونکردنەوەو پرسیارو وەڵام نەبوو وتی:

– مەگەر تۆ چکارەیت هەرئێستا دەبێ بچیتە نەخۆشخانە؟

وتم:

– کاتێ هاتمەوە هەموو شتێکت پێ دەڵێم، ڕۆشتم پێموت دەرگا بۆ هیچ کەس نەکاتەوە، کلیلەکانم لەگەڵ خۆم برد، نەخۆشخانە نزیکەی دەخولەکێك دوور بوو، خۆمکرد بەژووری نەشتەرگەریدا هەموو شتێ ئامادە بوو، نەخۆشەکەم ناسیەوە، هەمان ئەو ئافرەتەی بۆ خانمی سۆسەنیم باسکرد، ئەوەی هەژدەساڵ بوو منالی نەبوو بوو، مێردەکەی لەدەرەوە چاوەڕوانی ئەکرد، وتم خواگیان یارمەتیم بدە تاکو ئەم دایكو منالە ئەسپێرمە دەستی خاوەنەکەی، سوپاس بۆ خوا حالەتێکی ئاسایی بوو نەشتەرگەریەکەی سەرکەوتو بوو، توانیم منالەکە بەساغی لەسکی دایکی دەربێنم، هەناسەیەکی ئاسودەییم داو، دەنگی گریانی منالە ساواکە بەرزبوویەوە، ماندوێتیم حەسایەوە، چەن بەچێژە ئەوساتەی مرۆڤ ئاگای لەیەکەمین هەناسەی بونەوەرێك دەبێت کاتێ کەدێتە دنیاوە، مرۆڤێك کە سەرنویشتی هیچ کەسێك نایزانێت، یەکدوجارێك کێشام بەپشتی ساواکەدا تا دڵنیابم لەهاتنە دنیای ناباوەڕییەوە، دنیایەك پێچو پەناکەی تەنها خولقێنەرەکەی ئەیزانێت، بگری، بگری، تەنها خولقێنەرەکەت ئەتوانێ ئەوەی لەنێو چەوانت نوسراوە بیخوێنێتەوە، لەکامە ڕێگاوە پێشبڕکێی ژیانت دەسپێدەکەیت، کەی دەگەیتە خالی کۆتایی، لەم ڕێیەدا چی دەبینێ، چی دەچێژی، بگری، بگری.

ساواکەم دایە دەست هاوکارەکەمو چووم بۆلای دایکی، دایکێك هەژدە ساڵ لەچاوەڕوانیدا بوو، دایکێك هەزاران کیلۆمەتری بڕیبوو، جەنگەڵەکان، دەریاکان، دەشتو کێوەکان، ئەم هەموو هەوڵو ماندوبونە بۆ بەکۆێ گەشتن، بەڕاست ئایا گریانو پێکەنینی منالێك تەواوکەری ژیانە؟

ئایا ئەم دایكو باوكەی هەژدە ساڵی ڕەبەق بەردەوام چاوەڕوانی ئەم شەوە بوون،؟ ئەمشەو ئاواتیان هاتە دی، یان تازە گەشتبونە یەكەمین سنوری ئارەزوەكانیان، ئەو دایكەی هێشتا بەهۆش خۆیدا نەهاتبوویەوە نەیدەزانی كۆرپەكەی كوڕە یان كچ، لەیەكەم ڕێگەی ئارەزویدا بوو؟

بەدیتنی ئەو باوكەی پاكەتە جگەرەیەكی لەماوەی چەن خولەكێكدا كێشا بوو هێندەیتر ماندوم حەسایەوە:

- بون بەخاوەنی كچێكی خنجیلانە، كاكە گیان؟

چاووم چویە ئەوسەری ڕێڕەوەكە، دەرگای ئاسانسوارەكە كرایەوە، كچێكم بینی هاوتەمەنی لەیلا بوو، ئاخ... لەیلام بەتەنها لەماڵەوە بەجێ هێشتووە.

گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، نەمدەزانی كات بووە بەچەندی شەو هەر هێندە نەبێ نەمدەتوانی لەپلیكانەكان سەركەوم، هەرچۆن بوو سەركەوتم، دەرگام كردەوە، پێڵاوەكانیم نەبینی، بانگم كرد، لەیلا، لەیلا؟ چوومە ژوری نوستنی لای ڕاست لەوێ نەبوو چوومە لای چەپ لەوێش نەبوو، چەنجارێكی تر بانگم كرد، هیچ وەڵامێك نەبوو، ئاخ... لەیلا بەم شەوی سەرماو زریانە بۆكوێ چویت؟

چومە ژووری نوستنەكەی خۆم، خۆمم گۆڕی، هێشتا نانم نەخواردبوو، بەڵام هێندە نیگەرانی ئەو كچە هەتیوە بووم خواردنو خەوتنم بیر چوبوویەوە، لەپەنجەرەكەوە سەیری دەرەوەم دەكرد، هیچ شتێكم نەدەبینی، لەسەر جێگەكەم ڕاكشام، گەرمای ژوورەكەم بەسەرمای دەرەوە بەراورد كرد، دواین شەوی لەماڵی جافر هاتمە دەر، بیرمدێت ترسی جافرو ناتوانایی قاچەكانم دووبارە دەهاتنەوە یادم، بەزەنگی تەلەفۆنەكە دووبارە ڕاچڵەكیمو چاووم چویە سەر كاتژمێرەكە دووی نیوەشەو بوو، چاوەكانم بۆ خەو قورس بوو بووبن، نەخۆشێكیتر، بەرپرسی بەشی هەواڵ ڕایگەیاند تا

نیوکاتژمێرێتر کاتی منالّبونی دێته پێش!

بڕیارمدا تا بەیانی لەنەخۆشخانەبم، وەك زۆربەی شەوان، چەکمەجەکەم ڕاکێشا تاکەمێك پارە لەگەڵ خۆمدا ببەم، بەڵام هیچی تیا نەمابوو، پێم ناخۆش نەبوو چونکە هیچ بایەخێکی نەبوو لەلام، هێندەم دەویست نیازمەند نەبم، بەڵام پێم سەیر بوو دەستم بردبۆ چەکمەجی دووەم کەئاڵتونەکانی تیابوو بێئەوەی بەنەبونی هەست بەخەمێك بکەم ئەوانیش نەمابون، سەیرێکی تاکی جلەکانمکرد، چەن دەستەجلێك لەوانیش نەمابون. نەمدەویست بڕوابکەم کاری لەیلا بێت، تەنها پرسیارێکم لەخۆم هەبوو ئەویش، ئەوانەی لەیلا لێی دزیبووم دەیتوانی ڕزگاری بکاتو بیگەیەنێتە پلەی بەختەوەری، گەروابێت من هیچ گلەییەکم نییە.

لەڕێگەی نەخۆشخانە، لەبەردەمی دوکانو کۆگاکان ورد دەبوومەوە، ئەو شوێنانەی سەردەمێك جێگەو پەنای خۆم بوو، چاووم بەپیرەمێردێ کەوت کە پاسەوانی پارکێك بوو، لەدەوری ئاگرێك دانیشتبوو، دابەزیم، پاڵتۆکەمدا بەشانمدا بەرەولای چووم، گوێی پێنەدام لەبەرخۆیەوە وتی:

– دۆزیتەوە جەلال؟

ببوورە خانم، چاوم بەخەوەوە بوو، بەهەڵەداچووم، پاشان دەستی بەسەر ئاگرەکەدا گرتو چەندجارێك ئەمدیودیوی پێکرد:

– ئەڵێی ئاسمان لەگەڵ زەویدا دژایەتی هەیە.

کەمێکیتر چوومە پێش، تینی ئاگرەکە دەموچاوی گەرمکردمەوە، سەیرێکی ئەملاولای خۆممکرد، چاوم چویەسەر یەکێ لەگڵۆپەکان، لەژێر تیشکەکەیدا ئەمتوانی بەئاسانی کلوەکانی بەفرەکە ببینم، چەن خەیاڵاوی دەردەکەوت گەرکەسێ بەدڵێکی خۆشەوە لێی بڕوانیبایە، لەپیرەمێردەکەم پرسی:

– ئەمشەو کچێکی تەنیاو بێکەسی دەدوانزە ساڵانت نەدیتوە ؟

پیرەمێرد سەرێکی هەڵبڕی، هاوکات دەیویست لەوەبگات کەسێکی وەك من پرسیار لەبێ پەنایەك دەکات، وتی:

- تۆ چ کارێکت پێی هەیە؟

- دەیناسی ناوی لەیلایە، سەریشی بەلەفافێك پێچراوە.

ئاهێکی پڕلەحەسرەتی هەڵکێشاو، چەنجارێك سەری لەقاند:

- نا... گیانەکەم، ئەوی من ئەیناسم کوێرە، گەدایە، پارەی تەداوی‌و دەرمانی نییە.

ئیشارەتێکی بۆژوورەکەی کردو وتی:

- ئێستا لەو ژوورە بچوکەیە، مەگەر نابینی خۆم لەدەرەوەم لەم سەرمایە دانیشتووم.

مرۆڤ بوو یا فریشتە، لای خواوە هاتبوو یاخۆی لەسەر زەوی بوو، بەرەو ئیشارەتەکەی پیرەمێردەکە ملی ڕێمگرت، دەستێکی بەڕیشە سپیەکەیدا هێناو ئاهێکی کێشاو وتی:

- توخوا ئەگەر خەوتبوو بێداری مەکەوە، کاتێ هاتە ئێرە لەتاو ماندوێتی خۆی بەپێوە نەدەگرت.

بەئەسپایی دەرگاکەم کردەوە، جیڕەی دەرگاکە ماڵی باوکمی هێنایەوە یادم، کچێکی جوان ڕاکشابوو بەئارامیەکەوە چاوەکانی لێکنابوو، هەناسەکانی قوڵ‌و ئاوێتەی ناڵە بوو، لەشێکی ساغ بۆچی دەیناڵاند، سەیرێکی گۆرەویە دڕاوەکانیم کرد، جلەکانی هێندەیتر دەردیان گرانکردم، پێستی دەستەکانی لەتاو سەرما شەقارشەقار بووبون، نەمدەناسی بەڵام دەمزانی زاری بکاتەوە چی دەڵێت، گیرفانی پاڵتۆکەم کەمێ پارەی تیا جێمابوو دامە دەست پیرەمێردەکە، گەروم پڕ لەگریان بوو توانای قسەکردنم نەبوو بەڵام زۆرم لەخۆمکرد تابتوانم ئەم ڕستەیە بڵێم:

بڵێ غەریبەیەك دەیوت:

"...ئەگەر درەختێت، تەنها پاڵبدە بەخۆتەوە، ئەگەرکێوی بەئارامیت، بەتاشە بەردەکانی ئیرادەوە بنازە، ئەوەی بەئارام بێت دەبێ ئیرادەیشی هەبێت..."

سوار بووم یەکڕاست بەرەو نەخۆشخانە ملی ڕێمگرت، کەچومە ژووری نەشتەرگەری، نەخۆشەکە لەوپەڕی هاوارە بێزاریدا دەتلایەوە، بەپەلە دەسبەکاربووم.

*****

کاتژمێر چواری بەیانی شاهیدی هەناسەکانی دووەمین مناڵ بووم، کە لەوشەوەدا یەکەمین هەنسکەکانی گریانی لەژێر دەستی مندا بوو.

– ماندو نەبیت، دکتۆر.

هەر هێندەم بەس بوو! چوومە ژووری کارکردنەکەم و خۆمگۆڕیو ڕاکشام چاووم لەبیرەوەریەکانی ڕابردوو لێکنا.

وەك هەمیشە کاتژمێر شەشی بەیانی بێدار بوومەوە، یەکێ لەخزمەتگوزارەکان کاتێ سینیەك بەرچایی بۆهێنام وتی:

– دکتۆر، کەمێ خێراکە نەخۆشێکیتر حاڵەتی خراپەو چاوەڕوانی تۆیە، بەپەلە قۆمێك چام خواردو بەرەو ژووری نەشتەرگەری بەڕێکەوتم، لەکاتژمێر هەشت تەواو بووم ویستم بێمە دەر، پەرستاری بەشەکە وتی:

– حاجی ئاغا، تەلەفۆنی بۆکردیت، منیش وتم ئێستا سەرقاڵەو بڕیارە کاتژمێر نۆ تایانزە پەیوەندی بەماڵەوە بکات.

بەرەو ماڵ گەڕامەوە ڕۆژی هەینی بوو کارێکی ئەوتۆم نەبوو، دەمویست کەمێ موتاڵا بکەم، لەپڕ بەدەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە ڕاچەنیم، چاویلکەکەم لەسەر کتێبەکە بەجێ هێشتو تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، هیواداربووم لەنەخۆشخانەوە داوایان نەکردبم.

خۆی بوو، حاجی ئاغا بوو، ئەو فریشتەیەی یەکەمین هەنگاوی

بەختەوەریم بەهاوکاری ئەوەوە هەڵگرت، فریشتەیەك کەئاسایش و ئارامیم
خۆی بەقەرزاری ئەو دەزانێ، هەواڵپرسینێکی گەرم، عادەتی بوو کۆتایی
هەر ڕستەیەکی بەوشەی کچەکەم دەهێنا، هەرکات پەیوەندیەکی دەکرد
یادەچومە سەردانی، هەواڵپرسینی گەرمی لەکارو پیشەکەم دەکرد، بەڵام
ئەمجارە مەرامێکی دیکەی هەبوو.

مۆڵەتی خواست ڕۆژی هەینی لەگەڵ خێزانەکەیدا بێن بۆسەرردانم،
شەرمم دەکرد هۆیەکەی لێبپرسم، لەهاوکارەکەیم بیستبوو گوایە دەیەوێ
خوازبێنیم بکات بۆ تاقەکوڕەکەی، بەڵام پێم خۆش نەبوو، نەمدەتوانی
ئەهرام فەرامۆش بکەم، بەڵام هەستم دەکرد تاڵتاڵەی سپی لاجانم هەواڵی
گەشتنە تەمەنی سی ساڵەی ڕادەگەیاندم، دەبوو وردەوردە بیر لەتەنیایم
بکەمەوە، لەڕاستیدا دەمێك بوو پێویستم بەهاودەمکێك هەبوو، هاودەمێك
لەقسەکانم بگات.

دەمی عەسر بوو، لەزەنگدرا، لەبەر ئاوێنەکەدا وەستابووم، قژم وەکو
جاران یاجوانتر درێژ بووبوو، بەپەلە کۆمکردەوە، سەرپۆشەکەم دا
بەسەرمداو چووم دەرگاکەم کردەوە، سەبەتەیەکی گەورەی گوڵ و حاجی
ئاغا لەبەرامبەرمدا وەستا بون، ئەتوت باوکم بینیوە، حەزمدەکرد سەر بنێم
بەسینەیەوە بەڵام مەخابن کە...... سڵاوم کردو بەخێرهاتنمکردن، دەنگی
حاجی جۆرێك بوو هەرجارێك بانگی دەکردم دەکەوتمەوە یادی باوکم،
حاجی ئاغا هاتە ژوورەوە، کوڕەکەی کەدووەمین جار بوو یەکتر ببینین،
پاشان خانمێکی بەساڵاچوو دەمزانی هاوسەری دووەمی حاجی ئاغایە،
موحسنی کوڕی لەبەردەستی ئەودا پەروەردە بووە، هەرلەمناڵیەوەدایکی
بەکارەساتێك لەدەسچووە.

موحسن کەمێ لەمن کورتر بوو، قاتێ جلی ڕێکو پێکی لەبەردابوو،
کراسێکی سپی و تەنکە ڕیشێکی دانابوو، بەردەوام سەری داخستبوو، وەك

من گوێی بۆقسەکانی حاجی ئاغا شلکردبوو:
- بەڵێ، کچی خۆم من لەدنیادا تەنیا هەر ئەمکورە شك دەبەم، تائەمڕۆ ژنی نەهێناوە تەنها لەبەر ئەوەی من بەتەنیا نەبم.
دەنگی نزمتر کردەوە وتی:
- کچی خۆم، چاکدەزانی من هاوسەرەکەم نەخۆشە.
هاوسەرەکە حاجی ئاغام دەناسی، توشی نەخۆشی گوێ بوو توانای بیستنی لەدەستدا بوو، بڕیاربوو نەشتەرگری بۆبکرێت، ئافرەتێکە ماتو بێدەنگ بوو، زیاتر خەریکی نوێژو عیبادەت بوو.
- بفەرمون حاجی خانم، میوەو شیرینی.....
حاجی ئاغا بەردەوام وەسفی چاکی منی دەکرد، بەتەلەفۆنێك کەلە نەخۆشخانەوە بۆمکرا، میوانەکان ئامادەی خواحافیزی بون، حاجی ئاغا پێکەنی بەوەرگرتنی وەڵامی بەڵێ لەمن خاترجەم بوو!
- زۆرچاکە کچی خۆم ئەگەر ڕازیت، لەم هەفتەیەدا شەوێك میوانداریمان بکەو تازیاتریش ئاشنای موحسن بیت.
وتم:
- بەچاوان، بۆ ڕۆژی دوشەم ئامادە دەبم.
ڕۆژی شەممە بوو، هەرکە گەشتمە نەخۆشخانە چەندین نەخۆش چاوەڕوانیان دەکردم، ساناز لە هەموویان زیاتر خۆشحاڵ بوو، بەدوامدا هاتە ژورەوە:
- دکتۆر! چەن پەیامێکم بۆ یاداشت کردویت.
پاشان کاغەزێکی دایە دەستم وتی:
- پیاوێك بەناوی موحسنی رەزایەتی، هاتبوو بۆ دیتنت، نزیکەی نیو کاتژمێر چاوەروانی کردیت.
- موحسن، کوری حاجی ئاغا، نەیوت چکارێکی هەیە؟

- نا... خانم، وتی سەر ئەدەمەوە، پاشان چەپکێ گوڵی هێناو لەسەرمێزەکەم داینا و وتی:
- هەربەم گوڵەی کەعاشقی بوویت ڕۆژێکی سورت بۆئەخوازم!
یەکەمین نەخۆش کەهاتە ژورەوە، خانمی سوسەنی بوو، دوای هەواڵپرسین، ئەنجامی پشکنینەکانی خستە سەرمێزەکەو هاتە تەنیشتمەوە:
- خانمی دکتۆر، ئەمڕۆ بۆکارێکی تایبەت هاتومەتە خزمەتتان نەك بۆچارەسەر.
لەحاڵێکدا چاویلکەکەم لەچاومدا دەجوڵاندو ئەنجامی پشکنینەکەم هەڵدەبچڕی، بزەیەکم کردو وتم:
- ئەمر بفەرمون، وابزانم هێندە قەرزاری لوتفی تۆو هاوسەرتانم بەبێ بیستن هەموو شتێ قبووڵ بکەم!
سەرم داخستبوو، جۆرێك ئەمتوانی لەسەرو چاویلکەکەمەوە سەیرێکی وردی بکەم لەمەبەستەکەی تێنەگەشتم، زنجیرەی بیرکردنەوەی پساندم:
- دەمەوێ خوازبێنیت بکەم بۆبراکەم، هەڵبەت گەر ڕازی بیت هیوادارم وەڵامی نا.. وەرنەگرمەوە.
- بەڵام خانمی سۆسەنی..........
هەستایە سەرپێ:
- نا... خانم، بەخوا هیچ وەڵامێك وەرناگرم، چاك بیری لێبکەوە، براکەم هاوکاری خۆتانە، خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرزەو خوێندنی لەئەمریکا تەواو کردووە، هەڵبەت پێشتر کچێکی ئەمریکی هێناوە، بەڵام مەخابن دوای ئەوەی کوڕێکیشیان هەبووە لێك جیا بونەتەوە، براکەم نزیکەی ساڵێك دەبێت گەڕاوەتەوە بۆئێران و سەرۆکی یەکێ لەنەخۆشخانەکانی شیرازەو خاوەن داراییەکی باشە.

زمانم، یاری چارەنوس، لەڕۆژگار، لەبەخت، لەئایندە، کەمێ بیرمکردەوە

بەدەر لەفەرمانی مێشکم وتی:

– بەچـاوان، خـانمی سۆسـەنی بـیری لێدەکەمـەوە دوایـی وەڵامـت

ئەدەمەوە.

بڕیاری هاوسەرگیریم دابوو، مافی خۆم بوو باشترین هەڵبژێرم، بەدەنگی

لێدانی دەرگاکە مشتومڕەکەمان هاتە کۆتاییو ساناز خۆیکرد بەژوردا:

– ببـوورە خـانم، یـەکێ لەنەخۆشـەکان دانبەخۆیـدا نـاگرێو پەلەیـەتی

دەڵێ کاری تایبەتی بەئێوەهەیە، هەمانکات هێشتا ساناز نەڕۆشتبوولەیلا

خۆیکرد بەژوردا:

بەدیقەتەوە لێی وردبوومەوە:

– سـڵاو، خـانمی دکتـۆر، مـن لـەیلام، هێـشتا لەفافەکـەی سـەری

نەکردبۆوە، پێم سـەیر بـوو بـڕوام نـەدەکرد چۆن گەڕابوویـەوە، هەستامە

سەرپێ و زیاتر دیقەتیمدا، لەوە ئەچوو لەشەرمەزاریدا سـەری داخستبێت،

لـەژێرەوە سـەیری خـانمی سۆسـەنی دەکـرد، گـەر بڵـێم گـوێم لەلێـدانی

ترپـەکانی دڵـی بـوو درۆناکـەم، چـاویلکەکەم لەچـاووم داگرتـو بـەدەنگێك

کەهێشتا بڕواناکەم وتم:

– وەرە پێش لەیلا گیان، وەرە پێشتر.

بەئەسپاییو بێئەوەی سەیرم بکات چەن هەنگاوێك هاتـە پێشتر، کورتـە

نیگایەکی سۆسەنی کرد، دەرکم پێکرد حەزیدەکرد دووبەدوو بین، سەیرێکم

کردو وتم:

– لەیلا گیان خانمی سۆسـەنیش هەرخۆمانـە کـاری تایبـەتی هەیـە بـەم

سەرمایە هاتۆتە ئێرە.

خانم لەمەبەستەکەم تێگەشتو خۆی هەڵدایە نێو قسەکانم وتی:

– لەمە زیاتر کاتتان ناگرم و خواحافیزیتان لێدەکـەم، بـەڵام تکادەکەم

خانمی دکتۆر من هەفتەی ئاییندە چاوەڕوانی وەڵامم .... خواحافیز.

- خواحافیز.

بەداخستنی دەرگاکە چومە تەنیشت لەیلاوە، دەستی لەملم کردو دایە پڕمەی گریان:

- خانمی دکتۆر...من...من...

- پێویست بەوتن ناکات ئازیزەکەم گرنگ نییە، مادام گەڕایتەوە تەنها ئەوەم بەسە، نیگەرانی من بێپەنایی تۆ بوو، خۆشەویستم ئەو شەوە چویتە کوێ، شەوت چۆن بەڕێکرد، بیرت لەتەنیایی خۆت نەکردەوە.

بەئارامی فرمێسکەکانی سڕی، چاوەکانی لێوان لێوی موحەبەت بون، وەك منالێك لەچاوی دایکی بڕوانێ وتی:

- خانمی دکتۆر، دەمبووریت؟

شوێن فرمێسك لەچڵکی ڕومەتیدا دەرچوبوو، لێوەکانی وشكو چەناگەی لەتاو گریان دەلەرزی، دەستیم گرت:

- ئازیزەکەم، سەرماتە وەرەلای سۆپاکەوە.

ساناز هاتە ژوورەوە، مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی نەخۆشێکیتری خواست، هەرچەن حەوسەڵەم نەبوو، تەواوی ماوەکە هەربیرم لەلەیلا دەکردەوە، ساناز کارتێکی دەعوەتی لەسەرمێزەکەم دانا.

- کارتی دەعوەتە خانم، هیوادارم تەشریفتان ئامادەبن.

- پیرۆزە، سانازگیان، هیوادارم بەختەوەربیت.

سەیرێکی لەیلام کردو وتم:

- میوانێکی بچکۆلانەم لەگەڵدایە هەڵبەت دەیهێنم.

- پێی میوانەکەتان لەسەرچاوە.

هێشتا قسەکانمان تەواو نەکردبوو، چەنجارێك لەدەرگا درا.

ساناز دەرگای کردەوە، سەیرێکی کردم:

- خانم، کوڕەکەی حاجی ئاغایە، موحسنی رەزایەتی.

- بڵێ باتەشریف بێنن.

کەمن خۆمم کۆکردەوە، بەخێرهاتنم کرد:

- دیارە کارێکی گرنگت هەیە واماتویتە ئێرە، هەرچیت هەیە بفەرموو، سەیرێکی لەیلام کردو وتم هەڵبەت کەسێکی غەریبەی لێنییە، ئەمیش هەرخۆمانە.

نیگای لەیلا نامۆ بوو، جارجار قاچێکی بەزەویدا دەکێشا، دەنگی پاژنەی پێی ئەوڕۆژەی وەبیردێنامەوە کەجەنابی بەڕێوەبەرنامەی دامەزراندنەکەی دایە دەستم. هێشتا موحسن چاوی بڕیبوویە دەمی من تا مۆڵەتی گفتوگۆ وەرگرێت، ڕاستیان وتوە: تازمان نەسوڕێت، ڕازی دڵ خۆی دەرناخات.

- خانمی دکتۆر؟

تەنها سەیرمدەکرد، یانی بڵێ. وتی:

- ببوورە........

ساتێ بێدەونگیو پاشان:

- لەوانەیە هاتنەکەم هەڵە بێت، هیوادارم ڕۆژی دوشەممە ئاسانتر بتوانین شتە شاراوکان دەربخەین.

لەناخەوە بەخۆمم وت:

- کام شتە شاراوانە؟ دەسبەجێ گەشتمە ئەنجام، حەتمە لەبارەی ڕابردوی منەوە شتێکی بیستوە، بەڵام لەکێ، جگە لەباوکی، حاجی ئاغا، هیچ کەس بەمێشکمدا نەهات.

موحسن خواحافیزی کرد، لەگەڵ لەیلا بەرەو ماڵ گەڕاینەوە، نانی ئێوارەمان خوارد، جارجارە بانگێکم دەکرد، وەڵامدانەوەی دڵنیای دەکردمەوە، لەوبێدەنگیو تەنیاییەدا هاودەمێکم هەیە، بەقاپێک میوەوە

لەلایــدا دانیــشتم، ســەیری تەلــەفزیونی دەکــرد نــوقمی بەرنامــەی بێسەرپەرشتان بوو بوو، دەیویست فرمێسکەکانی بشارێتەوە، نابێ ئەم قسەیەش بکەم، بەڵام بۆنی ئارەقەی گیانی دەربەدەریەکانی خۆمی تێدا زیندوو دەکردمەوە، لەوەدەچوو بۆنی ئارەق نەبێ بۆنی بیرەوەریەتاڵەکانی خۆم بێت، بۆنی ماڵی خاڵە حەبیب، بۆنی جافر، بۆنی خۆم، خودی خۆم... من، خانمی دکتۆر، پزیشکی تایبەتی نەخۆشیەکان، من... شاپەری... چیرۆکەکەم کەی دەگاتە کۆتایی؟

– خانمی دکتۆر؟

تەکانێکی بچووکی لەبیرمدا، هەستەکانمی گردکردەوە.

– بەڵێ، ئازیزەکەم، تەنیا پێم بڵێ شاپەری بەسە!

لەبەرخۆیەوە وتی:

– شاپەری!

سەیرمکرد، هەستێکی نامۆم بۆدروست بوو، ئەویش شاپەرییەکی خەمبار بوو کەس لەسەربووردەی ئەویشی نەدەزانی.

– بەڵێ، ئازیزم شاپەری.

بەپشتی دەستی دەمی سڕی، هێشتا قاژە کێکەکەی قوتنەدابوو وتی:

– ڕاستە دەڵێن بەختەوەری پەیوەندی بەناوەوە هەیە. بەڕاستی تۆ وەک پادشایەکی بێخەمو خەیاڵیت، خۆزگەم بەخۆت شاپەری خانم!

لەدڵی خۆمدا وتم:

"ئاگات لەچییە چەندان شەوو ڕۆژ بێپەناو سەرگەردان بووم، دەردو خەمو پەژارە دەستیان لەبەرۆکم نەدەکردەوە."

وەڵامم دایەوە:

–لەم دنیایەدا دڵێکی بێکەسەرو بێخەم نادۆزیتەوە لەیلاگیان، خودا گەردڵێکی بێخەمو خەیاڵ بدات واتە خاوەنێکی نییە.

وتی:

- چۆن؟

وتم:

- گەر دڵێك خەمی تێدا نەبێ، یادی خودای تێدا نییە، منیش سەردەمێك دڵم پڕبوو لەخەمو پەژارە تەنها هاوارم لەخودا دەكرو هاتیش بەهانامەوە.

ئامێكی كێشا وتی:

- وەك من، هەموو چركەیەك لەدڵەوە هاوار لەخودا دەكەم.

وتم:

- ئازیزەكەم، دیارە دەرونت زۆر ماندووە، باشترە تاكو من خواردنەكە ئامادە دەكەم تۆیش بچیت خۆت بشۆیت.

دەستێكی بەسەرو قژیدا هێنا وتی:

- مانگێك زیاترە ئاو لەلەشم نەكەوتووە,

خاولیو جلم بۆ هێناو، دوای خۆشۆردن جلی تازەی پۆشیو بەرامبەر ئاوێنە وەستاو خۆم قژیم بۆ شانەكرد, گیانی خاو بووبوویەوە خەوی دەهات. هەریەكەمان لەجیهانەكەی خۆیدا دەفرِی، بەڕابردودا چومەوە، هیچ هەواڵێكم لەئایندەش نەبوو، بەلاّم لەئێستادا نازانم، لەدوڕیانێكدا تیامابووم. دوو داواكارم هەبوو، نازانم كامیان هەڵبژێرم، هێشتا شەهرامم فەرامۆش نەكردووە، چۆن بتوانم بیر لە.... ئاه... چۆن بتوانم دڵێك دوكەرت بكەم؟ چوومە ژووری نوستنەكەم، توشی سەراسیمە بووبووم، بۆنی سوتانی خواردنەكەو هاواری لەیلا تێكەڵ بون:

- چێشتەكە، چێشتەكە سوتا خانمی دكتۆر,

******

ژیـان لەگـەڵ لـەیلادا ڕەونـەقێکی تـری بـەخۆوە گـرت، شـەوانە کەلەنەخۆشخانە دەگەڕامەوە چاو بسکیتو میوەی بۆ سازدەکردم، شەوانە تادرەنگ بەدیارمەوە دەمایەوە، هەوڵمدا وانەکانی پێبڵێم.

ڕۆژی دوشـەممە بـوو، پۆشـاکە ئاوریـشمیەکانم لەبـەرکرد، گەردنبەنـدی مرواری هەرچی خشڵو بابەتی جوانکاریو ڕازاندنەوە بوو هـەموویم پۆشـی، بەلەیلام وت:

– ببوورە لەیلاگیان، ئەمشەو دەبێت بەتەنیا بیت، سـەرێکی بۆلەقانـدم، سەریم نابەسینەمەوە، بەئەسپایی چپاندی بەگوێمدا وتی:

– مەگەر کاتێ خۆتان لەمشوێنە وەدەرمنێن وەگەرنا......

نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات مەچەکیم گوشیو وتم:

– هـەرگیز بـەوجۆرە بـیر مەکـەوە ئازیزەکـەم، لـەنێو هـەموو دڵێکـدا کۆمەڵێك پەژارە خۆیـان حەشـارداوە، ئەمدیوارانـەی بونەتـە پەناگـەی تـۆ، تەنیا بیسەری دەردە دڵەکانی من بون، بڕواناکەیت؟

بەناباوەرییەوە وتی:

– مەگەر تۆیش دەردە دڵت هەیە؟

وتم:

– گوێی دڵت بسپێرە بەزاری دڵم تا بیبیستیت.

بـوواری کردنـەوەی ڕازی دڵ نـەبوو، کاتـژمێر بـوو بەشەشـی ئێـوارەو سەبەتەگوڵەکەم هەلگرتو خواحافیزیم لەلەیلا کرد.

مـاڵی حـاجی ئاغـا پێکهـاتبوو لەخانویـەکی گـەورەو چـەن پایەیـەکی

گەورەیان لەخۆگرتبوو، حاجی هات بەدەممەوە، دوای بەخێرهاتنی گەرم دانیشتم، موحسن هاتو سڵاوو هەواڵپرسی کردم، زۆری نەمابوو تاریك دابێت، وردەوردە ئەستێرەکان دەردەکەوتن، لەپەنجەرەکەوە تیشکی مانگە شەوم بەدیدەکرد، هەستێکی سەیرو نامۆم هەبوو، لەوانەبوو لەبەر ئەوەبێت وامدەزانی من بۆداوای موحسن چوبێتم:

– بفەرموو، شاپەری خان.

حاجی ئاغا بوو، زنجیرەی بیرکردنەوەی پساندم، تەسبیحێکی بەدەستەوە بوو هەردەنکێکی رەتدەکرد زەنگێکی لەدەرگای بیرەوەریەکانم ئەدا، سفرەی ئێوارە ڕاخرا، هەموو جۆرە خواردنێکی ئەم دنیایەی لەسەر بوو، ئەوەندە شەرمن نەبووم، بەڵام نازانم ئەو ئێوارەیە چ مەرگێکم بوو لەشەرمەزاریدا جێم بەخۆم نەدەگرت، دوای نانخواردن کەوتینە گفتوگۆ، پاشان حاجی ئاغا پێشنیاریکرد بچینە ژورەکەی موحسن‌و کارە هونەریەکانی ببینم، بیستبووم وێنەکێشێکی شارەزایە، بەڵام ئەو هەلەم بۆ نەرەخسابوو لەنزیکەوە کارەکانی ببینم، هەستام بەدوای موحسندا رۆشتم، چومە ژوورەوە دانیشتم، چەن تابلۆیەکم بینی بەدیوارەکەدا هەڵواسرابون، چاوم چویە سەر تابلۆیەك وێنەی مەزرایەکی تیاکێشرا بوو، کەوتمەوە یادی ئاواییەکەی خۆمان، یادی"گچسر" سروشتی"نسا" ئەو مێگەلەی لەدامێنی کێوەکاندا سەرگەرمی لەوەڕبون، کەمکەم دەنگی شمشاڵی شوان لەزەینمدا بزوا!

لەپڕ رەنگم تێکچوو، من کێم، لێرە چیدەکەم، ئەوکوڕە لاوەی بەرامبەرم وەستاوە چی منە؟ بۆ چاوی تێبریووم، بریارە چیم پێبڵێت، ئەی من چوەڵامێکی بدەمەوە؟

دەنگی شەهرام زیندو بوو بوویەوە چەنجارێك لەگوێمدا زرینگایەوە: ئازیزەکەم بێ تۆ هەرگیز........

- شتێکت وت شاپەری خانم؟

بەخۆمدا هاتمەوە موحسن بوو، وەك بڵێی چاوەڕوانی فەرمانێك بكات وتم:

- نەخێر، ببوورە لەگەڵ تۆم نەبوو.

گەڕایەوە حاڵەتی یەکەمجاری خۆی، بەرەو کتێبخانەکە چوو، چاوم بەدوایەوە بوو، کتێبەکان هەروەك سەربازی ئامادە چاوەڕوانی فەرمانی فەرماندەکەیان بون، موحسن کتێبێکی دەرهێناو وتی:

- تا ئێستا ئەم کتێبەت خوێندۆتەوە؟

سەیرێکی بەرگەکەم کرد" هاواری عەشق" هێندەش ئەستور نەبوو، بەڵام سەرنجی کێشکردم وتم:

- نا... بووارێکی ئەوتۆم بۆ موتاڵاکردن نییە.

کتێبەکەی لەجێی خۆیدانایەوە وتی:

- ببوورە دەکرێ پرسیارت لێبکەم؟

وتم:

- تکادەکەم!

وتی:

- پێشتر شوت کردوە؟

وتم:

- بەڵێ،پاشان بێدەنگییەك فەرمانڕەوا بوو.

دانیشتو سەری داخست، هەردووکمان چاوەڕوانی قسەیەك بووین، کەسمان توانای بزاوتنی زمانمان نەبوو، لەوبێدەنگیەدا چەن ساتێ بەرەو ڕابردو گەڕامەوە بۆلای شەهرام بۆلای عەشقی لەدەسچووم، دەنگی لەگوێمدا دەزرینگایەوە، بەڕاست چۆن دەمتوانی بۆجاری دووەم دڵبدەمە کەسێکیتر؟

بەوشەی ببوورە شاپەری خان رچەی بێدەنگیەکە شکا!
بیرەوەرییەکان هەروەك پۆلە باڵندە پێکەوە بەیەك کاتو شوێندا گوزەریاندەکرد بەمێشکمدا وتم:

- بەڵێ!

سەیرێکم کرد.

وتی:

- تۆ......

قسەکەی قوتدایەوە، وتم:

- تۆ، چی.... ببوورە من چی؟

- تۆ بە...تۆ...تۆ بەخۆشەویستی شوت کرد، هەڵبەت هیچ مەبەستێکم نییە؟

بەهای بەخۆشەویستی شوکردنم بەوتنی یەك وشەی بەڵێ لەبەین دەچوو، دەبوو تێبگات بەڵام چۆن؟ خێرا بۆمدەرکەوت چونکە خۆی وایدەویست، بەوەی کە چەن ساڵ دوای مردنی مێردەکەم شووم نەکردبوویەوە ئەمەیان بەلایەوە گەلێك دژواربوو.

- شاپەری خان.

- بەڵێ.

- ئەمشەو بەراستی ماندومکردیت.

- ئەڵبەت منیش هەر بەو بۆنەیەوە میوانداریەکەتانم قبووڵکرد،

- کەواتە، گەر مۆڵەتم بدەیت من لەخۆمەوە دەسپێدەکەم، هیوادارم قسەکانم لەبەردڵت گراننەبێت.

- وتم:

- تکادەکەم، ئاساییە گوێم بۆشلکردویت.

- منیش لەرابردودا هاوسەرگیریەکم کردووە بەڵام تەنها چەن سانێك

لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بووم، دیارە پێشتر باوکم بۆی باسکردویت یان نا...
ئەوەیان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لەزاری خۆمەوە ببیستیت.

من عاشق بووم، عاشقی کچێکی هاوسێمان، مارەم کرد، سەرت نەیەشێنم، کاتژمێرێ دوای ئەوە فرۆکە عیراقیەکان بۆمبارانی تارانیان کردو شاییان لێکردم بەشیوەن، هاوسەرەکەم بەجلی بووکێنیەوە سەری لەلەشی جیا بوویەوە.

بێدەنگ بوو، بەترسەوە لێمدەروانی، ئازاری دەچەشت تا ئەم رستەیە لەزاریەوە رەها بوو، بەڵام من ئاسودە دەنوسم چونکە بەئاسودەیی دەمبست، بێدەنگی نەیتوانی چەن ساتێ باڵ بکێشێت بەسەر ژوورەکەدا وتم:

- دڵبەداخم.

-نەونەمامی ژیانی من مەرگی هاوسەرم بوو، گەڵاکانی لەوچەن ساڵەی دواییدا خستە ژێر پێ‌و بەبیستنی خشەخشی وشکبون‌و هەڵوەرینیان رۆژی روناکیان لێکردمە شەوەزەنگی ئەنگوستەچاو، ئەمرۆش کەلای تۆدا دانیشتووم حەزدەکەم لەکەنار دەریایەکی ستەمدیدە بتوانم ئازارەکانم بسپێرمە دەستی فەرامۆشی.

بەئەسپایی وتم:

- ئەی تۆ ئەزانیت من دەریایەکی ستەمدیدەم؟

سەرێکی لەقاندو مۆڵەتی خواست تاکو جگەرەیەك داگیرسێنێت، هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

- تائەو دەمەی بەدەنی نوقمی خوێنی ئازیزەکەم جلە زاوییەکەمی خەڵتانی خوێن نەکردبوو نەمدەزانی دوکەڵی ئەم جگەرەیە لەکوێوە دێت‌و بۆکوێ دەچێت، بەڵام لەوساتە بەدواوە نازانم لەکوێوە هەڵدەقوڵێت بەڵام چاکدەزانم جێی ئەم دوکەڵە دەتوانێ تەسکینی‌و تەسەلای کوێ بدات!

پێویست نەبوو بپرسم هێشتا لەبیری هاوسەرەکەیدایە یا نا.... هێشتا هەر عەشقی ئەو لەدڵیدا جێگیرە نا.. ئەو وەڵامەم بەئاسانی لەدڵی خۆمەوە دەسگیردەبوو، ئەلبوومی وێنەی بووکو زاوایی دایە دەستمو وتی:

– هیوادارم ئەمانە نەبنە مایەی نیگەرانی دڵی تۆ!

یەکەمین لاپەرەی هەڵدایەوە، فرمێسك بەچاوەکانیدا قەتارەیان بەست، دڵم هاتە جۆش زۆر بەزەیم پێیدا هاتەوە، بۆ ئەو تازە بووکەی روخساری لەژێر تاجو گوڵی بووکێنیدا.......ئاخ منیش نۆ بووکێکی سیاپۆش بووم، گەشتمەدواین وێنە، لەدواین بەرگی ئەلبوومەکە نوسراوێك سەرنجی کێشکردم" هاواری عەشق " رستەیەکی نامۆ نەبوو، دەسبەجێ چاوم بەکتێبخانەکەدا گێرایەوە هەمان نوسراوو هەمان کتێبم دیتەوە، ئەلبوومەکەم دانا، کتێبەکەم دەرکێشا" هاواری عەشق" لەنوسینی: موحسنی رەزایەتی!

بەسەرسوڕمانەوە دیقەتێکمداو ئاماژەم بۆ کتێبەکە کرد وتم:

– ئەم کتێبە تۆ نوسیوتە؟

دوکەڵی جگەرەکەی بەباداو بێنەوەی سەیرمبکات وتی:

– بەڵێ من نوسیومە، بۆئەوەی هەموو کەس لەهاواری عەشق بگات بزانن من چ تاڵاوێکم چەشتووە.

کتێبەکەم کردەوە چەن رستەیەکم خوێندەوە پاشان دامخستەوە:

– تۆ نوسەریشیت؟

– بەڵێ نوسەرێك ناتوانێ دەردی خۆی لەسەر کاغەز وێنە بکێشێ.

نازانم چۆن ئەم رستەیەم لەدەم دەرچوو" ئەی دەردی من بۆناڵێیت" سەیرێکی کردم چاوەکانی وەك دوپارچە شوشەی ساردو بێ هەست وتی:

– دەرد ئەو دەردەیە بتوانێ سارێژی دەردەکانی تر بکات، دەرد ئەو

دەردەیە بەبیستنی دەردەکانی تر لەدەوری کۆببنەوەو بنالێنن، ئایا دەردەکەی تۆ لەوئاستەدایە؟

زۆر بەجدی لەوەلامدا وتم:

- بەلێ، ئاغای رەزایەتی لەوئاستەدایە.

- یانی دەردی تۆ ئەتوانێ ئۆخژنیەك بەمن بدات؟

هیچ شكو گومانێكم نەبوو وتم:

- بەلێ.

کاغەزو قەلەمێكی هێنا وتی:

- دەسپێبكە.

وتم:

- لەکوێوە بلێم؟

وتی:

- لەکوێوە دەمی زامەکە دەکرێتەوەو خوێی پێوە دەکرێ‌و دەنگی هاواری خاوەن دلەکە دەگاتە حەوتەبەقەی ئاسمان!

ئامێكم لەکانگەی جەرگمەوە هەلكێشاو وتم:

- "... شەوێكی ساردوکرێوەی زستان بوو، سەیری کاتژمێرم نەکرد، بەلام دەمزانی زۆری نەماوەبۆدەمەو بەیان، لورەی گورگی برسی دەهاتە گوێ..."

تا ئەوشەوە هەرچیەکم بەسەرهاتبوو گێرامەوە، هەرچیەکم پێشتر نوسی، هەرچیەکم هاتبوویە رێ.

کاتژمێر چواری بەیانی بوو، موحسن خۆی ئامادەکرد بۆنوێژی بەیانی، بەدەمگێرانەوەی بەسەرهاتەکانم هێندە فرمێسکم رشتبوو برستم لەبەر براببوو، دەنگی بانگی بەیانی بەرزبوویەوە، چەن بەیانییەکی دلگەرمو ق شەوێكم بەسەر برد.

ئاه... شەهرامی خۆشەویستم، گەر پێدەکەنم بەدڵ پێناکەنم، کەوتمەوە دەریای بیرکردنەوە، چەن لێدانێکی هێواش لەدەرگا درا، موحسن بوو مۆڵەتی هاتنەژورەوەی دەخواست، بەبەرماڵێکەوە هاتە ژورەوە:

– بفەرموو شاپەری خان.

نوێژی بەیانیم کردو گەرامەوە بۆژوورەکەی ئەو، هێشتا نەخەوتبوو وتی:

– هەرچەن ماندویت بەڵام وەڵامی تۆ شتێکی گرنگە.

وتم:

– چ وەڵامێك؟

وتی:

– وەڵامی کۆتایی.

قسەکەم پێ دووبارە کردەوە وتم:

– بەمەبەستی هاوسەرگیری؟

وتی:

– بەرلەوەی وەڵام وەرگریت دەردی دڵی خۆت لەزمانی نوسەرێکەوە ببیستە!

سەرێکم بردە پێش‌و وتم:

– سەبارەت بەچی؟

وتی:

– من تەواوی داستانی عەشقی تۆو شەهرامم بیستوە، بەڵام ئێستا چەن وتەیەکم هەیە تکایە گوێبگرە، بەجدی قسەکردنەکەی دڵمی هێنایە لەرزە، دانیشتم‌و وتم:

– من ئامادەی گوێگرتنم.

گڵۆپی خوێندنەوەکەی خامۆشکردو جگەرەیەکی داگیرساند، بەهێواشی دەستیکرد بەقسەکردن وتی:

- ئەمەوێ بزانم هێشتا شەهرامت خۆشدەوێت؟
- بەڵێ.
- وەك یەكەمجار
- بەڵێ.
- هێشتا شەوو ڕۆژ بەیادی ئەوەوە بەسەردەبەیت؟
- بەڵێ.
- گەر لەگەڵ مندا هاوسەرگیری بكەیت دەتوانی فەرامۆشی بكەیت؟

بیرێكم كردەوە وتم:

- ڕاستت دەوێ نازانم، تۆخۆت، مەبەستم ئەوەیە دەتوانی هاوسەری لەدەسچوت فەرامۆش...

وتی:

- نازانم.

هەردوكمان بێدەنگ بووین، هەستام وتم من ئیتر لای تۆم خۆش، بەرلەوەی خواحافیزی بكەم وتی:

- تكایە دانیشە شاپەری خانم من هێشتا قسەكانم تەواو نەكردووە.
- بەڵام دەبێ كاتژمێر حەوت من لەنەخۆشخانە ئامادەبم. كاتێكیتر دیاریبكە.

هەستایە سەرپێ و وتی:

- تەنانەت ئەگەر قسەكانم لەبارەی ونبونی تۆیشەوە بێت، هێشتا هەركاتت نییە بۆ بیستن؟
- ونبون!

دانیشتمەوە، وەك كەسێك زۆرم لێبكات بۆدانیشتنەوە، واقم وڕما، وتم:

- كام ونبون، كێ ونبووە؟
- چاوەڕێ بووم پێكەنێت، چاوەڕێ بووم سەیرم بكات، لەناو

چەکەدوکەڵی جگەرەکەی دەموچاوی نەدەبینرا، سوتوی جگەرەکەی
تەکاندو وتی:
– بۆچی، تۆ چەن ونبوت هەیە؟
هێندە سەراسیمە بوو بووم، بۆ بەخۆدا هاتنەوەمو گوێگرتن بۆ
قسەکانی، وەك قوتابییەك چۆن گوێڕادێرێ بۆ مامۆستاکەی:
– نا... نیمە هیچ ونبوویەکم نییە!
چاوەروانی بیستنی هەر ڕستەیەك بووم جگە لە... هاوکات ئاماژەی
بۆکورسیەکە کرد تاکو بەئاسودەیی دانیشمەوە وتی:
– شەهرام زیندووە، شاپەری خانم!
لاڵ بوو بووم، نازانم کەڕ بوو بووم، نازانم، بڕوام نەدەکرد، وێنەیەکی
لەنێو کتێبی هاواری عەشقدا دەرهێناو وتی:
– دەبێ خاوەنی ئەم وێنەیە بناسیت.
دەستی بەوێنەکەوە دەلەرزی، هەرچۆن بوو لێموەرگرت، جوان دیقەتمدا
شەهرام بوو، لاڵ بووم، ئارەقم دەتکاند، موحسن ئا..غا ئەمە وێنەی
شەهرامی منە. لای تۆ چی ئەکات؟
– بەڵێ شاپەری خان، ئەمە وێنەی شەهرامی تۆیە، نەك هەر ئەم وێنەیە
بەڵکو خودی خۆیشی چەن ساڵ لەگەڵ مندا ژیاوە.
– شەهرام، شەهرامی من زیندوو، لای تۆ ژیاوە، نا...نا... باوەرناکەم
بەخوا جێی بڕوا نییە.
– ڕاستە جێی بڕوا نییە، بەڵام بڕوا بکە تا ئەمڕۆ ئەمساتە هەرگیز دەمم
بەدرۆ هەڵنەهێناوەتەوە... ئەرکی من ئەوەیە ڕاستەقینەت........
– قسە بکە، توخوا مەیبچڕێنە، مەوەستە، باسی شەهرام بکە، لەکوێیە،
چی ئەکات، ئەم چەنساڵە لەکوێ بووە، نا...نا... دەمێکە شەهرامی من
مردووە، مەگەر بۆم نەگێڕایتەوە چۆن تیاچوو؟

- بەڵام، تۆ هەرگیز تەرمەکەی ئەوت نەبینیوە وایە؟
- ئەوکاتە تیمە پشکنەرەکان جلەدڕاوەکانیان دۆزیەوە.
- هەموتان لەهەڵەدا بون، شەهرام زیندووە، بەسەرهاتێکی دورو درێژی هەیە بەڵام ئێستا کاتی درێژەپێدانی نییە تەنها هێندە نەبێ ئەوە بزانی شەهرام چەنساڵێ لەمەوبەر محەممەد ناوێکی هاوڕێم کەکرێکاری سەدە هێنایە نەخۆشخانەو هەمووگیانی بریندار بوو، زیاتر لەدورۆژ هۆشی بەخۆی نەبوو، دکتۆرم بۆهێناو تیماریکرد، هەواڵیشم بەهیچ دامودەزگایەکی رەسمی حکومی نەدا، هەڵبەت دەترسام! سەرەنجام شەهرام چاکبوویەوە بەڵام نەك بەتەواوی.
لەمەبەستی موحسن تێنەدەگەشتم بۆیە وتم:
- دوچاری گرفتێك بووبوو؟
- هەر بۆیەت ائەمڕۆ شەهرام نەیتوانیوە بتاندۆزێتەوە، چونکە دووچاری نەخۆشیەکی تایبەتی بووە، مەخابن توانای بیرو هۆشی ..... تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە ناوی تۆبەرێت!
هەروەك باڵندەیەك لەقەفەس رەها بوو بێت بەرەو مێزەکەی موحسن چووم، بەپارانەوە، بەدەنگێ کەلەگریانی شەوی رابردوەوە لەگەرومدا بەجێمابوو وتم:
- توخوا ئاشکراتر بدوێ، من لەحاڵەتی ئاسایی خۆم دەرچووم، باش لەمەبەستەکەت تێنەگەشتم، جارێ تۆ چۆن ئەزانێ من هاوسەری شەهرام بووم؟ چۆن زانیت؟
بەنیگایەکی میهرەبان کەئاوێتەی بەزەیی بوو وتی:
- هەرکە بەسەرهاتەکەی تۆم بیست، شەهرام هاتەوە یادم، ئەویش ونبوویەکی هەبوو نەیدەتوانی بزانێ کێ بوو، بەڵام لەڕاستیدا ونبووەکەی شەهرام ناسنامەیەك بوو بۆ ڕابردوی کەبەکۆمەکی خوداو هاوڕێیان توانیمان

لەڕێگەی ئاگاییەکانەوە بنەماڵەو نیشتەجێبونیان بدۆزینەوە.

چیتر کاسەی سەبرم سەرڕێژیکرد، وەکو شێتو دێوانە هاوارمکرد:

– ئۆخەی شەهرامی من دۆزرایەوە، بەدەم هاوارەوە لەژورەکە هاتمەدەر، حاجی ئاغا بەچاوی خەواڵو بەرەولای دەرگای دەرەوە هات وتی:

– چی ڕویداوە کچم، تۆ بەرچاییت نەکردووە بۆکوێ دەچیت؟

موحسن لەدوامەوە وتی:

– باوکە، بێڵە بازوتر بچێت بەلای کاری خۆیەوە، گەر پەلەنەکات لەوانەیە بۆ هەمیشە پەشیمان بێت.

هێندە پەلەم بوو گوێم بۆ قسەکانی موحسن نەگرت خواحافیزیم کرد، بەفرێکی قورس بارییبوو، سواری ئۆتۆمبیلەکەم بووم، بەدڵێکی پڕ لەتاسەوە دوای چەندین ساڵ بەرەو تروسکایی ئومێد ڕۆشتم تا ئارەزوەکەم بگرمەوە ماچیکەم بۆنیکەم.

خۆر یەکەمین تیشکی ئاسۆی بەسەر شەقامەکەدا کێشا بوو، هێندە شپرزە بوو بووم ڕێم هەڵەدەکرد، نەمدەزانی لەکوێوە سەر دەردەکەم، ئەمە خوارەوەی شارە، بەپەلە بەرەو باکور ملی ڕێمگرتەوە، گەشتەمە مەیدانی تەجریش، چومە دوکانێکی گوڵفرۆشی سەبەتەیەک گوڵی سوری جوانم کڕی، ئەم شەبەقەم چۆن لێهەڵات خۆشم نازانم ناباوەڕانە بوو، کەگەشتەمە ناوچەی نیاوران هەستمکرد دڵم لەلێدان کەوت، عەشق یانی چی... عەشق دۆستە یا...دوژمن... دەریایە یا...بیابان، ئاوەیا...وشکایی، روناکیە یا...تاریکی، شەبەقەیا... بوو لێڵ، عەشق چی پێکردبووم، دەستەکانم هاتبونە لەرزین، چەن بەسەختی لەگەڵ ساتەکاندا دەجەنگیم، بۆگەشتن بەمەرام زۆرم پەلەبوو، گەشتەمە کۆڵانەکە دیوارەکانی ماڵی باوکی شەهرامم بەدیکرد وەستام، لەخێرایی وەستانەکەم

ئۆتۆمبیلەکە بەسەر بەفرەکەدا دەخلیسکا، دەنگی جریوە جریوی پشۆڵەکان بردمیانەوە یادی چ ڕۆژانێک، ئەمڕۆ بریارە چ پەیامێک بدەمە ئەم باڵندانە، چەن ئۆتۆمبیلێک وەستابوو، سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد کەمێ لەگەڵ خۆمدا سێ و دووی دڵی خۆمم کرد:

-چەن ساتێکیتر شەهرام دەبینی شاپەری! بەسەرخۆتدا زاڵبە، هەر هێندەی سەلامەتە ئەوەت بەسە، پاشان بەخۆمم وت، یانی چی لێهاتووە، کەمێ باڵای بەرزتر بووە، جوانتر بووە، شەهرام گیان من هاتم، دابەزیم، ئەژنۆکانم دەلەرزین، چاوم لەسەر پەنجەرەی نهۆمی سەرەوە بوو، نزیکبوومەوە لەدەرگای حەوشە، پەنجەم خستە سەرزەنگەکە:

- کێیە؟

دەنگی ژنێك هاتە گوێم، دایکی بوو؟ نازانم ؟ وتم:

- منم....بەڵام من کێ بووم، چیم بوتایە !

وتی:

- تۆ کێیت؟

کەمێ وەستام وتم:

- کارم بەشەهرامە، لەماڵە ؟

- ئێوە ؟

نازانم چۆن بوو زمانم خۆی لەوشەی شاپەری پاراست، وتم هاوڕێیەکی دێرینی ئەوم.

دەنگی نەرمتربوو، ئاشنا، هاوڕێ؟ دەنگەکە بچرا، چەن هەنگاوێك چومە پێش، دەرگا کرایەوە، شەهرام نەبوو، سۆزان بوو، کچە خاڵەکەی بوو کەبەرلەمن دەسگیرانی شەهرام بوو، ناسیمیەوە، بەوردی سەیری کردم، هیچ کامێکمان سڵاومان لەیەکتر نەکرد، وەکو دوژمن چاومان لەیەکتر بڕیبوو وتی:

– چ کارێکت لێرە هەیە؟

وتم:

– شەهرامم دەوێ، هاتووم بیبینم، دەزانم زیندووە!

پێکەنینێکی لاقرتیانەی کرد:

– مەگەر بڕیار بوو زیندو بێتەوە، ئێوە بیرم نەبوو تۆ چەندساڵ لەمەوبەر بەدەم ئەم خەیاڵەوە ماڵو حاڵت بەجێ هێشت!

– نا... من جێم نەهێشت بەڵکو ئەم ماڵە منیان وەکو بووکی خۆیان پێ قبووڵ نەبوو!

پاشان دەستێکی بەقژیدا هێناو وتی:

– تۆچیت ئەوێ، چی ئەڵێیت، لەوە ناچێ شەهرام ئامادەبێت تۆ ببینێت.

– نایەوێ بمبینێت، شەهرامی من؟

پێکەنی:

– شەهرامی تۆ، شەهرامی تۆ کێیە؟

وەك شێری دڕندە شاڵاوم بۆ سۆزان برد، پەلاماری سینەو بەرۆکیمداو چومە ژوورەوە.

– بۆ کوێ دەچیت؟

وەڵامم نەدایەوە هەنگاوەکانم خێراترکرد، لەبەرخۆمەوە دەمبۆڵاند، خۆمکرد بەژووردا، دایکی شەهرام لەپلیکانەکان دەهاتەخوار، کەچاوی پێمکەوت وەك کارەبا بیگرێت:

– شاپەری!

وتم:

– بەڵێ، شاپەری من شاپەریم، بووکی ئێوە، هاوسەرەکەی شەهرام!

– چی ئەکەیت لێرە؟

پێمنا بەجەرگی خۆمدا وتم:

- بۆلای تۆ نەهاتووم، بەدەنگی بەرز وتم شەهرام...منم شاپەری....

وای خوای گەورە سەرەنجام هات سەرەنجام چاوم بەدیداری رۆشن بوو، بەئەسپایی بەپلیکانەکاندا هاتە خوار، ڕوی تێکردمو بەدایکی وت:

- ئەم خانمە... بەوردی لێم وردبوویەوە وتی:

- چیت ئەوێ؟

چومە پێش لەسەر ئەژنۆکانم دانیشتم، شەهرام منم، شاپەریم، نامناسی؟ شاپەریەکەی تۆ، هاوسەرەکەت، شاپەری کەژاوەکەت!

بەرەو ڕووم هات لەفاسیلەیەکی سی تا چل سانتیمەتردا بەرامبەرم وەستا، سەرێکم هەڵبری چاوم برییە چاوەکانی، نەیدەناسیمەوە، رودەربایستیم خستە ئەولا:

- شەهرام گیان، ئازیزەکەم...منم، شاپەری داستانەکەی تۆ!

نوقمی دەریای ئەندێشە بوو، هەردو دەستی گرت بەسەریەوە وتی:

- دایە، حاڵم باش نییە.

دایکی بەپەلە هات بەلایەوە، هاوکات سۆزان لەمۆڵەکەوە هات، هەردوکیان چونە ژێربالّی، فرمێسک بەچاوەکانمدا قەتارەیان بەست:

-شەهرام گیان مەرۆ، جێم مەهێڵە قسەی زۆرم پێیە، خۆمدا بەسەر قاچەکانیدا، عەشق چی بەسەر مرۆڤ دێنێ، غرورم خستە ژێر پێم دەستم کرد بەپارانەوە:

-گوێبگرە... ئەزانێ لەکێ...لەئاسمان لەزەوی لەهەموویان، توخوا مەرۆ، جێم مەهێڵە، بەلاّم ئەوان بردیانو منیش لەتەنیاییو بێدەنگیی مۆڵەکەدا تەنها هاواری دڵم لەناخمدا دەزرینگایەوە، نەیدەناسیمەوە، چیتر شەهرامێك بۆمن بونی نەما، شەهرام مانگێك پێشتر سۆزانی کردبوویە هاوسەریو ژیانێکی ئاسایی دەژیا، من...من.. عاشقێکی دێوانە خوێ

کرابوویە زامەکانمو نائومێدانە ئەو ماڵەم بەجێ هێشت.

غـرووم لـەخۆم وەدەرنـا، هـاوارو گریـانم دەکـرد، بـەڵام بـێ سـوود، سەرلەنوێ دووچاری رۆژی یەکەم بوومـەوە، گەرامـەوە بۆمـاڵ، لـەیلا تـازە بێدار بوو بوویەوە، پەریشانیی من تەنیا پرسیارێکی لەزەینی ئەودا دروست کرد:

- خوازبێنیەکەت سەری نەگرت خانمی دکتۆر؟

سـاناز بـۆ راسـتکردنەوەم یارمەتیـدام، ئـەو سـکرتێرە میهرەبانـەی کەزیاترین کاتەکانی ژیانی بۆ من تەرخان کردبوو.

- ساناز، گیان مەگەر تۆ... مارە نەکرایت؟

ئامێکم هەڵکێشا، مارەکردن، برینم کولایەوە، لەشکرێك پرسیار شاڵاویان بۆ مێشکم هێنا. بڕوا دەکەیت شەهرام زیندوو بێت؟

بڕوا بـەو لەدەسـت چـونو فـەنا بونـەت دەکـات، لافـاوی ئەشـکت تەقـە لەدەروازەی دڵی ئەو هەڵدەسێنێت؟

موحسین هاتە دیتنم وتی:

- بەبێ حـاجی ئاغـا، هـاتووم تـا بتـوانم ئاسـانتر درێـژەی چیرۆکەکەت ببیستم.

شەهرامت بینی؟

- بەڵێ دیتم، بەڵام کەمێك درەنگ.

- زانیت کە ئەو ژنی هێناوە؟

ئیستێکم بۆ کردوو بەردەوام بوومەوە:

- بریا هەرگیز نەمدەزانی زیندووە.

- بێزار نابیت لە پرسیارێك بۆ تەواوکردنی رستەکانت بکەم؟

- بپرسە موحسین خـان. بـەڵام بـە جۆرێـك بینوسـی کـە خوێنـەر دەرك بەهەستەکانمان بکات، رستەکانت بخوێنێتەوە تێ بگات دوای چەندین ساڵ

ناسۆرو ژان لەم جێگەیە کە وتم. بخوێنێتەوە تێبگا کەسیش بونی گوڵ بە چ مەبەستێکە، چۆن ئاوی دەریا وشک دەبێت، چۆن تاشە بەردەکان لەدامێنی کێوەکان جیا دەبنەوە بینووسە، بینوسە، ئەمانە لە ناخی سروشتدا دەبینین کەچی هەموویان مانای دڵشکان دەدەن بە دەستەوە. من ئەمرۆ دڵم شکاوە، من نائومێد بووم لەم دنیایەدا، ئەم عەشقە لە غروری نەوجەوانیدا دڵی منی عاشق کرد، من مافی خۆمە بناڵێنم من مافی خۆمە ئەشك برێژم چونکە دووکەڵی قرچەی ئەو عەشقەیە لە بینین بێ بەریان کردووم.

- لە یلاگیان، وەرە لای من تابیستی ئەوەی پێویست بوو گوێت لێبێت.

ئەم کچە دەبینیت، تاکە ئارەزووی ژینی تەنها بیستنی چیرۆکی ژیانی من بوو.

بەم جۆرە لەیلا یەکەمین خوێنەری ڕستەکانی موحسین بوو.

چەند ڕۆژێکی تر ڕابوورد هێشتا لەسەر جێگە بوو. دەمەو بەیان خەریك بوو خۆر سەری دەردەهێنا لەیلاگیان پەردەکان لادە.

- دەرگایە، خانمی دکتۆر دەچم دەرگا دەکەومەوە، وابزانم موحسین ئاغایە خۆشحاڵی لەیلا لەهاتنی موحسین تەنها لەبەر خاتری خوێندنەوەی ڕستەگەلی نوێ بون.

- خانمی دکتۆر؟

- بە پەلە چاوێکم گێڕایەوە سەر لەیلا، چاوەڕێ بووم بزانم موحسین هات یان نا.

لەیلا وتی:

- کەسێك هاتووە کاری بە تۆ هەیە.

بەهێمنی وتم:

– کێیە؟

– نازانم، کابرایەکە ....

لە جێی خۆم ڕاچڵەکیم، ڕاست دەکەن دەڵێن. عەشق دڵ بانگ دەکات هەستامو چوومە دەرەوە وتم:

– فەرموون، دەرگاکە زیاتر کرایەوە، گومانەکەم گەڕا بەڕاستەقینە.

دەنگێك بەسەختی لەگەرووییەوە ڕەها دەبوو.

– شاپەری !

وتم:

– گیانەکەم، بۆ ئەوەی باشتر بتوانم خۆم بە پێوە بگرم، دەستم گرت بەولای دەرگاکەوە.

چاومان لە چاوی یەکتر بڕیو شالأومان بۆ بێدەنگی ماڵەکە برد هەردووکمان هاوکاتو هاودەنگ (( خۆشەویستم )) .

فرسەتێك بۆ وەڵامی پرسیارەکانی مێشکم نەبوو بەردەوام دەیوت:

– تۆ خۆشەویستی ئەویت یان ئەو خۆشەویستی تۆ؟

بەکۆمەکی شانەکانی لەیلا خۆمم گەیاندە سەر جێگەکە، شەمرام بەدوامدا هەنگاوی هەڵدەگرت منیش دڵم لەسەر خۆی دەچوو.

دڕکی عەشقی سەر لەنوێ لە سینەم هەڵچەقی، زامەکانی هێنامەوە سوێ تەنها یەك عاشق مەفهومی ئەم ڕستەیە تێدەگات، بۆنی عەشق بۆنی یادەوەری شیرین، بۆنی ڕابووردو، سست بووم، مەست بووم، چاوەکانم نوقاند هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشا ئاه ... خوا گیان وەرە بەهانای ئەم دڵەوە.

– شاپەری... !

گەرمی دەنگەکەی عەرشی وجودی هێنامە لەرزین دڵی هێنامە تاو هاوارم کرد:

- شەهرام گیان، توخوا وەلامێکم بدەرەوە، وەلامێک چەندین ساڵە گوێی قولاغی بیستنم لە هەموو سوچ و قوژبنێک، دووبارەو چەند بارە بانگم بکاوە من گەدای بستنی ئەو دەنگەم.

- جگەرە دەکێشی؟

- نا ... شەهرام. دنیا ... ئازارو ناسۆری دنیا دەکێشم.

- دەزانی پێیان وتم تۆ مردویت؟ دەزانی بنەماڵە بێ بەزەییەکەم چەندین درۆیان دەربارەی چیرۆکی مردنی تۆ بۆ هەڵدەبەستم، دەزانی چاوم بڕیبوویە شەهرام ئەبلەق بووبووم بەدەرونێکی پەرێشانەوە وتم:

- لەبیستنی ئەم نەزانراوانە چ سودێك دەبینی تۆ بڵێ ئیستا چی بکەین، من بەبێ تۆ لە بەین دەچم، تۆ وجودو ڕوح و هەناسەی منیت بەبێ ئەمانە ژیان مەحاڵە.

من چەندین ساڵ لەپشت ئەم دەروازەی ئومێدەوە دەستەو ئەژنۆ دانیشتووم. دڵشکاو و چەند ڕۆژێك دەبێت قوفڵی ئەو دەروازەیە شکاوە بۆ چەند ساتێکی کورت دووبارە تروسکایی و ئومێد بەڕوی تاریکی دڵمدا کراوەتەوە، بەزەییت بەم دڵە شکاوەمدا بێتەوە.

- ئاخر ئەی چی لە سۆزان بکەم چوار پەلی بەستومەتەوە؟

وتم:

- هەڵدێین ... پێکەنینم بەو ڕەفتارە منالانەیەی خۆم دەهات عەشق دیوانەی کردبووم، کەڕو کوێری کردبووم لەژێر لێوەوە وتم:

- شەهرام گیان بم بەخشە، دوای ئەو کارەساتە غرور ماڵ ئاوایی لێکردم نتۆکە فرمێسکەکانی شەهرام چیان دەگەیاند، لەسەر کورسییەکەی هەستاو بە خێرایی وتم:

- ئەوە بۆ هەستایت ؟ ئەتەوێت بڕۆی؟

سەرێکی بە هێمای ئەرێ لەقاند هەرهێندەی هەنگاوێکی هەڵهێنایەوە

وەك فیشەكە شێتە لە جێی خۆم ڕاپەڕیم.
– نا ... توخوا شەهرام گیان مەڕۆ ... توخوا تكات لێدەكەم.
هەنگاوی دووەمو سێهەمی هەڵهێنایەوە وتی:
– كۆتری سپی بەختی منو تۆ بریندار بووە لە فڕین بەجێ ماوە!
فرمێسكەكانم لە هەوڵی ئەوەدا بوون بەڵكو ئەوە خوایە بەزەیی بخاتە دڵیەوە بەڵام بێ هوودە بوو، خۆی گەیاندە بەردەرگای ژووری نوستنەكە، دوور كەوتنەوەی لەمن خەنجەرێك بوو دەچوو بە هەناومدا پاڕامەوە:
– سوێندت دەدەم تـوبی و شـكاوی پـەڕو باڵی كـۆتری بـەختمان مـەڕۆ ... ! تو های های گریانی دڵی زاری هەردووكمان مەڕۆ، تو ناڵەو هاواری ئەو خاكو خۆڵەی تەمەنێك گوێ بیستی دەردی دڵـی عاشـقێك بـووە مـەڕۆ...!
ئەو ڕۆشتو بەدەنگی داخرانی دەرگای ئاپارتمانەكە هاوارم كرد:
– شەهرام گیان (( ئاگری دۆزەخی نزیكی تۆم پێ خۆشترە تاكو دووری بەهەشتی تۆ، توخوا بگەڕێوەو جێم مەهێڵە))
كـە لـە گەڕانـەوی بـێ ئومێـد بـووم هەرچـیم بەدەسـتەوەبوو ئاڕاسـتەی ئاوێنەكەم كردوو وردو خاشم كرد، وەكو شێت لەبەر خۆمەوە دەسـتم كـرد بە ورێنە كردن، وتم:
– بڕۆ، بڕۆ بەجەهەنـەم، بـڕۆ بـەتونی بابـا، بـەد بـەختت كـردم، شـێتو هارت كردم بڕۆ و هەرگیز نامەوێ چاوم بە چارەت بكەوێتەوە.
درۆم كرد، دڵم بەدوایدا دێوانەو شێتو شـۆڕ بووبـوو، وەك پەیكـەری بـێ گیان بەدەمدا كەوتم، لاواز تر دەبـووم، وردە وردە دەنگـم دەنووسـا سـەرم گێژی دەخوارد ماوەیەك بێهۆش بووم .
جەژن هاتە پێش، جەژنی من تازیە بـاری بـوو، هـەروەك سـاڵانی پێشوو كـەتازە دەسـتگیران داربـووم بـۆ دڵخۆشـكردنی لـەیلا لـەماڵ هاتمـە دەر جلوبـەرگم بـۆ كـڕی دوو بلیـتم بـۆ گەشـتی مەشـهەد كـڕی، دەمویـست

سەردانێکی ئەوێ بکەم و کەمێك باری سەرشانم سووك بکەم.

ئاپۆڵی سیانزەیەم لەوێ مامەوە، کەمێك هاتبوومەوە سەر خۆ دووبارە بەرو تاران گەڕامەوە، خانمی سۆسەنی هات بۆ سەردانم خەریك بوو شێت ئەبووم ئەمویست لە پێستی خۆم بێمە دەر ئەمویست لە خۆم هەڵێم هەرچۆنێك بوو جوابم لە خانمی سۆسەنی گێڕایەوە هەفتەی دواتر براکەی خانمی سۆسەنی هات بۆ تاران دەعوەتێکم بۆ کرد هەرچیەك لە ژیانمدا ڕووی دابوو هەموویم بۆ جەمشید گێڕایەوە.

ناوی جەمشید بوو بالا بەرزێکی چوارشانە، چاوو برۆ ڕەشێکی تێك سەحراو لە قسەکانی خانمی سۆسەنی خوشکی هەموو جارێك دوپاتی ئەوەی دەکردەوە.

- براکەم خولیای وەرزشە.

جەمشید دوای ئەوەی لە ژنە ئەمریکاییەکەی جیابووبوویەوە تەنها مۆکاری سەرگەرم کردنی هاتوچۆ کردنی یانەی وەرزشی بوو.

لەیلا سەرگەرمی پێشوازی کردن بوو، جەمشید دوای خواردنی میوە سەرێکی بردە لای گوێچکەی خوشکەکەی کەمێك چپەی بۆ کرد.

شاپەری گیان! براکەم دەڵێ.

- ئەم کچە خوشکی تۆیە.

دەکرێ من ڕاستییەکە بدرکێنم؟

من تەنیا سەرێکم بۆ لەقاند، پاشان خانم ڕووی کردە براکەی لە حاڵێکدا چاوی لەسەر لەیلا هەڵنەدەگرت وتی:

- لەیلا گیان میوانی خانمی دکتۆرە.

بەو ڕستەیەی من وتم پێکەنینەکەیان پچڕا وتم نەخێر وانییە! ئاگام لێ بوو دەست بەجێ تەماشایەکی کردم پرسیارەکەی زەینیم بەتەواوی خوێندەوە، دەرونزانیم نەخوێندبوو بەڵام ڕۆژگار فێری هەموشتێکی

کردبووم.

وتم:

– لەیلا لە خوشکم زیاترەو گەر بڕیاریشم دا بێم بۆ شیراز حەتمەن بە بێ لەیلا....

–بە داخەوە لەوە ناچێت.

–مەبەستان ئەوەیە ... کە لەیلا دەبێت هەر لەگەڵ تۆدا بژییەت؟

ئەمەش ئەو ڕستەیە بوو کە خانمی سۆسەن وەڵامەکەی پێویست بوو.

بۆیە وتم:

– ئەرکی گەورەکردن‌و پەروەردە کردنی لەیلام لە ئەستۆ گرتووە، بە هیچ جۆرێك ئامادەنیم بۆ ساتێك لێم دووربێت.

برۆکانی خانمی سۆسەنی هاتنەوە یەك وەك بڵێی ئەمەی بەدڵ نەبێت، چاوەڕوان بوو وشەی خوازبێنی ببیستم، لە حاڵێکدا جەمشید دەیویست دەستەکانی پاك بکاتەوە وتی:

– هیچ کۆسپێك لە ئارادا نییە.

خانمی سۆسەنی بە شێوەیەکی سەر کۆنە ئامێزەوە وتی:

– جەمشید.

دەسبەجێ بێدەنگ بوو.

چاوەکانی جۆرێکیان ئەنواند، هەربۆیە خوازبێنی کردن هاتە گۆڕێ، منیش سەری ڕەزامەندیم بۆ لەقاندن.

بەڵام لەیلا زۆر پێی خۆش نەبوو، خوازبێنی کارەکان ڕۆیشتن، ماڵەکەم بۆنی خوێنی لێدەهات، هەر ئەتوت خۆڵی مردووی بەسەردا کراوە، دارو دیوار هاتبونە گۆ، گڵۆپەکان خامۆش پەردەکان دادرابونەوە، تاریکی تاکە هاوڕێی خەمخۆرم بوو.

– لەیلا گیان خەریکی چیت ئازیزەکەم؟

لەتاریکیەکەدا باش نەمدەتوانی ببینم، بەلام بەپێی بەرزو نزمی هەناسەکانی هەستم دەکرد دەگری، چومە تەنیشتیەوە، لەبەر تریفەی مانگە شەوی پەنجەرەکەوە کەکەمێك هۆلەکەی ڕوناك کردبوویەوە توانیم ڕووخساری ببینم، مرواریەکانی سەر ڕوومەتی بەلای منەوە شتێکی پڕ بایەخ بوون، ئەو بۆمن دەگریا.

سەریم توند نا بەسنگمەوە وتی:

– ئیزن بفەرمون من بڕۆم ئەترسم ببمە زەحمەت بۆ ژیانی تۆو جەمشید.

دڵنەوایم کرد وتم:

– تۆ لەشیرزادا تاکە کەسێکی ڕازی ژیانمان بزانیت بڕوابکە بەهیچ جۆرێك ناتوانم بێ تۆ بڕۆم، لەیلا گیان تۆ هاودەمی تەنیایی منیت! بڕواش ناکەم تۆش بێ وەفایت لێ بووەشێتەوە.

سەرم لەسینەم دورخستەوە چاوی لەچاوانم بڕی.

– ئەی شەهرام چی لێدەکەیت؟ ئەتەوێت فەرامۆشی بکەیت.

– بەخوا لەوە ناچێت بتوانم بەلام هەرچۆنێك بێت هەوڵدەدەم وەك ئەو هەوڵەی ئەو دای.

– ئەی تۆ ئەزانیت شەهرام لەگەڵ سۆزاندا زەماوەندیان کردووە؟

– نا... لەیلا گیان، ئاگام لەیاری چارەنووسە، هێشتا شەهرام منی لەدڵی خۆی دەر نەکردووە هێشتا هەر عاشقو شەیدای منە بەلام چارەیەکی نییە جگە لەجودایی، تەنها هەرمنو ئەو یەکەم کەس نین کە ببینە یاری دەستی چارەنووس، نمونەمان زۆرن.

– خانمی دکتۆر... ڕاستە دەڵێن ژیان بەبێ خۆشەویستی دەبێتە مەرگ بەزیندیی؟

لەترپەی ئاهی جگەرمەوە وتم:

– بەڵام مەرگ بەزۆرە، ئازیزەکەم ئێمە ناچارین ئامێزی بۆ ئاوەڵاکەین عەشقی من گۆڕا بۆ مەرگی زەبرو زۆر، عەشق نەونەمامی جوانیمی بەزریانی بێبەزەیانەی خۆی لەبن و بێخ هەڵکێشاو هەر پارچەیەکی بەرەو مەملەکەتی نادیار ڕەوانەکرد، عەشق، عەشق ئایەتێك بوو بەجەربەزەوەو پێویستی بەهیچ تەفسیرێك نەبوو، خوا گیان سەبووریم بدەو ئارامم بدەرێ تاکو بیرم بچێتەوە، تاکو ئەم عەشقە سوتێنەرە لەیادبکەم.

ورده ورده ڕەنگی ئاسمان بەرەو شەبەق دەگۆڕا، لەیلا لەدواین ڕستەکانی موحسینی دوپات دەکردەوە وتی:

– دوا هەواڵی سەرگورشتەی ئەم شاپەری کەژاوەیە بەکوێ گەشت خانمی دکتۆر؟

لەحاڵێکدا بەرەو جلەکانم دەڕۆشتم تاکو خۆم بگۆڕم و بەرەو نەخۆشخانە وەڕێکەوم شانەکانم بۆ هەڵتەکاندو وتم:

– کۆتای هەموو چیرۆکەکان بەدەست خوایە ئازیزەکەم، چارەنووسی منیش دەبێت بگاتە ئەنجامێك تاکو نمونەی موحسینی نووسەریش بتوانێت بنووسێت.

لەیلا دواین ڕستەی بەم جۆرە خوێندەوەو پەڕەکانی هەڵدانەوە منیش کۆتا وەڵامی خۆمم دایەوە.

هەمان ڕۆژ موحسین هاتە نەخۆشخانە دەیویست درێژەی چیرۆکەکەی بنوسێت داوای یارمەتی دەکرد وتم:

– بەڕێز ئاغای ڕەزایەتی چیرۆکەکەمان بەپەشیمان بونەوەی شەهرام و من بگەیەنە بەدواین مەنزڵ، خوێنەرانی چیرۆکی شاپەری تا ئەمڕۆش دوای ئەوینی من و شەهرام دوای ئەم چیرۆکە کەوتون ئەمڕۆش بەو ئاکامەی کە شەهرام منی پەراوێز کرد، بەم پێشەش درێژەدان بەم چیرۆکە هیچ جەوهەرێکی بۆ خوێنەرەکانتان نابێت، بۆیە ڕای من وایە ئاوا بنووسیت

"شاپەری نائومێدو هیوا بڕاو دوای وشک کردنی ڕیشەی عەشقو خۆشەویستی شەهرام بەدوای بەختو چارەنووسی خۆیدا عەودالّە" تەواو بکەیت، موحسین پێکەنی، تێگەیشت لەو پێکەنینە زۆر قورس بوو، بۆیە ناچاربووم بەرگەی ئەو ڕەفتارەی بکرم.

- بزانە.... خانمی شاپەری کەژاوە! من ئامادەنیم ئەم داستانە تەنها بە لەبری دانانی شەهرام بگەیەنمە دواین مەنزڵ، داستانەکەم ناوی شاپەری کەژاوەیە شەهرام پاڵەوانی دووەمەکەیەتی، خوێنەرەکانیشم تامەزرۆی ئەوەن بیخوێننەوە بزانن چارەنووسی ئەویندارێکی دڵ شکاوو نائومێد بەکوێ دەگات.

- کەواتە بنووسە، شاپەری شوی کرد، بنووسە مرد، یان هەرچییەك دێت بەخەیاڵتدا بینووسە، چونکە لەمڕۆ بەدواوە ژیان بۆمن هیچ مانایەکی نییە، ژیانی شاپەری وابەستی شەهرامێکە کە.....

- بۆ کوێ دەڕۆیت خانمی دکتۆر، خۆمن هێشتا قسەکانم تەواو نەبون نکا دەکەم پەلە مەکە، لەهەر حاڵێکدا بیت من ئەم چیرۆکە بەنیوە ناچڵ بەجێ دێڵم.

قسەکانی موحسین لەکۆتای ڕاڕەوی نەخۆشخانەکەدا بەرگوێم دەکەوت، بەڵام بەلامەوە گرنگ نەبوو، چوومە ژوورەکەی خۆم، حەزم دەکرد بەهاوارێك سوکنایی بەدڵی خۆم بدەم، بەڵام بەسەر کێدا خۆم بەتاڵ بکەمەوە، چ هێزو شانو باهویەك ئەم سەرەی من دەتوانێ، کام کێوی گران توانای ئەمبارە قورسەی هەیە؟

ئاسمانی بێ ئەستێرە تۆ گوێ لەم هاوارە بگرە، تۆ کەشاهێدی تەواوی ڕەنجو ئاسۆری کچێکی نەوجوانو بێکەسی ڕێگەی عەشق بووی، ببیستە هاوارو ناڵەم بیگەیەنە بەگوێی ڕێبووارانی ڕێگەی عەشقو موحەبەت بڵێ نەچنە ئەو ڕێگەیەی کە......

ئێستا گەر شەهرام زیندوو بێت سەر لەنوێ هاوسەرگیریەکی دیکە دەبێت تەلاقی لێوەردەگرم.

کاتێ بەڕاستی لێی جودا بوومەوە وەك بلێی ڕۆحم دەردەچێت.

لەگەڵ جەمشیدو خانمی سۆسەنی خەریکی تەدارەکی هاوسەرگیری تر بووم زۆر دڵتەنگو هیچ کەیفێکم بۆ بووکێنی نەبوو، ئەمجارە دیقەتی پێشانگاو کۆگانم نەدەدا، هەرچیەك جەمشیدو خوشکەکەی پەسەندیان دەکرد من بێزم لێی دەهاتەوە بەتەواوی هێشتا لەناخەوە گەرمە شینم بوو.

تەنها دەموت باشە، نەمدەتوانی سەیری جەمشید بکەم، نەمدەتوانی دڵم قایل بکەم کە خۆشم دەوێ، هەنگاوەکانم زەویان نەدەگرت لەبەرخۆمەوە جنێوم بەخۆم دەدا کەوا بڕیاری شوکردنم داوە بەڵام چیبکەم لەوانەیە قەڵەمی چارەنووس بەمجۆرە لەناوچەوانی نووسیبێم.

بەکورتی هەرچی کەلوپەلی بووكو زاوا بوو هەموویمان کڕیو پاشان دوو هەفتەیەك خەریکی مۆڵەتی شیرازبووم.

هەرچۆنێك بوو سانازم بەیەکێك لەهاوکارەکانم ناساندو ئاپارتمانەکەشم دا بەکرێ بەژنو مێردێك ناسراوی ساناز بون.

*******

## گەشتیارانی فڕۆکەی شیراز

خواحافیزیمان لەخانمی سۆسەنی‌و مێردەکەی کرد، بۆ دوایین جار تەماشایەکی شاری تارانم کرد، دڵم زیاتر گیرا، قورگم گیرا پاش کەمێك زاڵ بووم بەسەر خۆمدا دوای جەمشید کەوتم.

بەلەیلام وت لەسەر کورسیەکەی نێوان من‌و جەمشید دانیشێت، هەرکەویستی دانیشێت، جەمشید بەناڕەزاییەوە وتی:

- هەر لەئێستاوە هەوڵ مەدە ناکۆکی بخەیتە نێوان من‌و شاپەرییەوە

هاواری لەیلا لەدڵمدا دەنگی دایەوە.

سەیرێکی جەمشیدم کردو وتم:

- من پێم وت لەسەر ئەم کورسیە دانیشێت

- منیش پێم وت جێگەیەکی گونجاوتر هەڵبژێرێت.

هەرچۆن بوو دانیشتین، جەمشید لەژێر لێوەوە هەر بۆڵەی دەهات:

- بەخوا زۆر ئەترسم ئەم کچە بێتە مایەی دەردیسەری بۆمان.

خۆشبەختانە لەیلا سەرگەرمی ڕۆژنامەکەی دەستی بوو هیچ ئاگای لەبۆڵە بۆڵی جەمشید نەبوو.

- خانمی دکتۆر ئەم لاپەڕەیە بخوێنەرەوە.....

وتم:

- کام بەشەو ڕۆژنامەکەم لێوەرگرت.

"پیاوێکی لاو دوای چەندین ساڵ چاوەڕوانی سەرەنجام هۆشی هاتەوە سەرخۆ گەڕایەوە نێو خێزانەکەی"

جەناب ئاغای دکتۆر ڕامش، ون بوو لەیەکەم ڕۆژی زاوایەتیەوە لەڕواڵەتێکی سەختی دڵتەزێن لەدەوروبەری "گەچسر" و لەکارەساتێکی ئوتومبێلدا ئێستا چارەسەری تەواوی چاکبونەوەی بۆ ئەنجامدراوەو بیروهۆشی گەڕاوەتەوە سەر حاڵەتی ئاسایی جاران‌و ئێستا لەنێو کەس‌و کارو باوەشی گەرمی ئەواندا هەستی خۆشبەختی ئەکات‌و بەوتەی خۆی زۆریش لەم ژیانە ڕازییە.....!

زۆر بەڕقەوە ڕۆژنامەکەم گرمۆڵە کرد، جەمشید چاوی تێبڕیبووم پاشان بەسەرسوڕمانێکەوە وتی:

– ئەڵێی تۆش دای لەکەلەت؟ چی لەو ڕۆژنامەیەدا نووسرابوو وا مێشکی تۆیشی وروژاند؟

چاوەکانم نوقاندو پاڵم دایەوە، چیتر نەجەمشید پرسیاری کردو نەچاوەڕوانی وەڵامێکیش بوو.

ئەنجا مانای ڕستەکەی لەیلا گەیشتم ڕاستی وت: "بەڕاستی ژیان بەبێ ئەوینداری مەرگێکی لەسەرخۆیە" دەبوو چیبکەم؟

هیچ چارەیەکی دیکەم شك نەدەبردج گە لەزیندوکردنەوەی ئەوینێك نەبێت من دەبوو درێژە بەژیان بدەم ژیانیش پێویستی بەخۆشەویستییە ئێستا چۆن ئەو خۆشەویستییە بەدەست بهێنم.

سەیرێکی جەمشیدم کرد، سێ‌و دوویەکی دڵی خۆمم کرد، تۆ بڵێی ئەویش سەبارەت بەمن هێندە بێ هەست‌و کاڵ‌و کرچ بێت؟ ئەمەشیان هەر نازانم.

– جەمشید!

بانگم کردو گوێم هەڵخست وەڵامێکم بداتەوە، ئەیوت گیان....

دەنگی وەکو دەنگی شەهرام نەبوو وتی:

– بەڵێ.

ونم.

- بۆ کڕینی خانوو لەشیراز، تۆ ئەڵێی چەند پارەمان پێویست ئەبێت ؟

ئەتوت یەکەمجارە قسەم لەگەڵ دەکات.

- تۆ جارێ با بگەینە شیراز، ئەتوت شەڕە کوتەکم لەگەڵ دەکات، قسەکانی هیچ ئۆخژنەیەکیان نەدەبەخشیە ناخم، هیچ نیگایەکی کاریگەری لەسەرم نەبوو، بەچاوێکی ساردو سڕەوە تەماشای دەکردم، هیچ بۆنێکی خۆشەویستی لێ نەدەهات بۆ خەونە سەرگەردانو بێ پەناکانم هیچ پاڵپشتێك نەبوو، هەرچۆنێك بوو بەسەرباری دەروونی خۆمدا زاڵ بووم بەلام نەمتوانی بەر بەگریانم بگرم.

دڵم قوڵپی دەدا لێوان لێو لەعەشق بەلام نەك عەشقی تازە، عەشقێکی دێرین پڕ یادەوەری.

گەیشتینە فرۆکەخانەی شیراز، لەیلا لەخەو بێدار بوویەوە، جەمشید تازە خەریك بوو ڕۆژنامەکەی ئەخوێندەوە دەقی کردو خستیە بن هەنگڵی، هەستم بەنامۆیی دەکرد، لەپلەکانەکان دابەزیم، هەستم بەتوڕەیی دەکرد چونکە هیچ شارەزاییم لەفەرهەنگو دابو نەریتی خەڵکی شیراز نەبوو.

دەنگێك لەناخمدا دەزرنگایەوە:

شاپەری... بەرەو کوێ دەڕۆیت... چۆن دەتوانی ئەو هەموو یادەوەرییە فەرامۆش بکەیت.

شپرزییەکی زۆر هەموو گیانی تەنیبووم.

- شاپەری... لەکوێیت.. تاکسی چاوەڕوانە...!

دەنگی فەرماندارانەی جەمشید زنجیرەی بیرکردنەوەی پساندم دەنگی ئەتوت زەمین لەرزەیەو دنیای ڕووخاند بەسەرمدا.

لەیلا بەئەسپایی دەستی ڕاتەکاندم.

- خانمی دکتۆر! جەمشیدخان لەگەڵ تۆیەتی.

سواربوون... دیسان خەیاڵ بردمیەوە، چاوم بڕیبوویە شەقامەکانی شیراز ئارامگای خواجە حافیزی شیرازی دەنگی ئەو منداڵانەی فاڵی حافزیان دەفرۆشت خەڵکیان لەخۆیان کۆکردبوویەوە، ئارامگای سەعدی.

بۆ ساتێك خۆمم لەبیر چوبوویەوە، بەڵام زۆری نەخایاند دەنگی جەمشید جارێکی تر هێنامیەوە سەرخۆم.

– گەیشتین ...ئازیزەکەم ... ئەمەش ماڵی باوکمە.

ئۆە خوایە گیان، ئەم ڕستەیە ڕایچڵەکاندم، ڕستەیەك لەشەوێکی سپیدا لەزمانی پەیکەرێکی زێڕینەوە ڕەهابوو، چاوم لەچاوانیدا مەلەیان دەکرد، شەهرام، نمونەیەکی زەقی مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە، خۆزگەم بەو ڕۆژانەی ئارەزووەکانم خۆیان حەشاردا، شوێن‌و ئارامگەی خەونەکانم زۆر بەخێرایی کاول بوو.

دابەزین، بەرامبەر دەروازەیەکی سەوزی گەورە وەستاین، جەمشید زەنگی لێدا لەیلا دیقەتی جەمشیدی ئەدا، هەستم بەبێزاریەك دەکرد لەچاوەکانی دەباری‌و تەنها منیش ئەو هەستەم تێدا بەدی دەکرد.

دەرگا بەڕوماندا کرایەوە، جەمشید ئیشارەتێکی بۆ کردم وتی:

– فەرموو... خانم زۆر بەخێربێیت.

دەستم لەپشتی لەیلا دا وتم:

– من میوانی ئەم ماڵەم‌و تۆیش میوانی ئازیزی من، کەواتە ڕێزی تۆ پێویسترە ئازیزەکەم تۆیش پێشکەوە.

جەمشید بزەیەکی کرجی کردوو ڕویەکی لیّ وەرچەرخاندین.

– باشترە هێندە خۆمان درەنگ نەخەین.

هەرسێکمان چوینە باخێکی گەورەو بەرەو ڤێلایەکی گەورە وەڕێکەوتین جەمشید بەهێواشی لەدەرگای داو وتی:

– بیکەرەوە مشدی حسن. منم جەمشید.

کابرایەکی بەساڵاچوو بەناوی حسن دەرگای لێکردینەوە، پیرەمێرد لەدیتنی من کڵاوەکەی بەنیشانەی ڕێز لەسەری داگرت و وتی:

- سڵاوتان لێبێت خانم شاپەری...!

حاڵەتی نێوان خەندەو سەرسوڕمان لەمێشکمدا دەهات و دەچوو:

- ئەو ناوی من چوزانێت...؟

پرسیارەکەم هێندە بەدەنگی بەرز بوو دەستبەجێ جەمشید وەڵامی دایەوە:

- براکەم لەتەلەفۆنەکاندا هێندە باسی تۆی کردووە هەموومان بەچاکی دەتناسین.

من یەکەم کەسیان بووم چومە ژوور، هۆڵێکی بێ کۆتایی زۆر گەورە لەو سەرەوە ئافرەتێکم بینیی لەوە ئەچوو تازە لەخەو هەستابێت هاتە پێش و وتی:

- ئەمە شاپەری خانە؟

پێکەوە سڵاویان لێکردم، گومانێکم سەری هەڵدا، لەبەردەمی خەسویەکی سەختگیردا وەستابووم، ئەو هەرکە یەکەم هەنگاوی خستە سەر پلیکانەکە بەتێڕامانێکی سەیرەوە تەماشای من و لەیلای کرد وتی:

- ئەم کچەو ئەم خانمە... لاموایە ئەم کچە کارەکەری بووکەکەم بێت باش بۆی چووم جەمشید؟

بەرلەوەی من وەڵامی بدەمەوە جەمشید وتی:

- بەڵێ، دایە گیان لەیلا کارەکەری خانمی دکتۆرە.

لەسەیرکردنی لەیلا خۆم حەشاردا، لەبێدەنگ بونەکەم تەئکیدی ڕاستی قسەکەی جەمشیدی سەلماند، لەوە ئەچوو ساکار بووبێتم، یان شەرم گەورەیی خەسووم یان گەورەیی بەشکۆی ئەو ڤێلا گەورەیە بوو زمانی لاڵ کردبووم، بەهەرحاڵ هەرچی بوو من تەواوی هاوکێشەو داب و نەریت

کۆمەلآیەتی‌و مرۆیەکانم لەژێر پێ نابوو.

ئەژنۆکانم هاتبونە لەرزین بەرەو ڕووی چووم، بەبەژن‌و بالآیدا ئەمتوانی سەردەمی لاوێتی بێنمە بەرچاو، دەستێکی بۆ درێژکردم‌و ئەملاولایم ماچ کردو وتی:

- هیوادارم لەگەلٚ جەمشیدا بەختەوەر بیت.

منالێکی شەش حەوت سالآن هاتە خوارو خۆی خزاندە بن دەستی‌و ئەویش بەهێواشی دەستی هێنا بەسەریداو بەناوی نیماوە بانگی کرد تاکو منیش ئاشنای ناوەکەی بکات.

نیما کوڕی جەمشید بوو، جەمشید نزیك بوویەوە پێی وت:

- نیما گیان، لەمڕۆ بەدواوە ئەم خانمە دایکی تۆیە، ناوی شاپەرییە، لەمەودوا ئەتوانی بەدایکە، یان شاپەری گیان بانگ بکەیت.

نیگای زیرەکانەو پڕ لەساختەی نیما هەرگیز فەرامۆش ناکەم، لەبەرخۆیەوە وتی:

- بەلێ، باوکە گیان.

پاشان دەستی کردە گیرفانی‌و وتی:

-باوکە، ئەمڕۆ دیارییەکم لە دایە گیان وەرگرت....

منالەکە لەوە دانا تر بوو کە من بۆی ئەچووم، ئەو بەوشەی دایە گیان مەبەستی بوو من‌و باوکی تێبگەێنێت کەناتوانێ دووکەس بەناوی دایە گیانەوە بانگ بکات هەربۆیە لەوە بەدواوە منی بەشاپەری گیان بانگ دەکرد.

حەسەن مەشهەدی جانتاکەمی بردە سەرەوە

پاشان وتی:

- شاپەری خان بفەرمون پشوویەك بدەن.

وتم:

- ئەی ژوورەکەی لەیلا لەکوێیە؟

جەمشید بزەیەکی تاڵی بۆ کردو پاشان وتی:

- خزمەتکار ژووری بۆ چییە؟ پاشان دەستێکی بەرەو هۆڵەکە ڕاوەشاندو....

- لەم هۆڵە گەورەیە ئەمە هەمووی جێگەیەو ئەتوانی لێرە پشووی خۆت وەربگریت.

- بەڵام، من لەبەر داواکردنەکەم ئەوەم دووپات کردەوە لەیلا وەکو خوشکێك لەگەڵ مندا ئەژی نەك وەك....

- خانم گیان... قەیناکات هەرمێندەی لەگەڵ تۆبم لەهەرکوێ بیت بەسمەو گوێ نادەمێ..!

نفەو نەفرەتم لەناخی خۆم دەکرد ئازاری ویژدانم دەستی لەبینە قاقام گیرکردبوو تێگەیشتم جەمشید دوژمنی سەرسەختی لەیلایە بەهەر نرخێك بێت هەوڵی جودا کردنەوەی ئەدات.

- شاپەری باش وایە بچینە خوارەوە، باوکم هاتۆتەوە، چاوەڕوانی دیتنی بووکەکەیەتی دەبێت بەرنامەیەکیش بۆ مارەکردن....

هەروەکو تیرێك لەکەوان دەربچێت قسەکەم پێبڕیو وتم:

- نەخێر، مارەکردنی چی هیچ شتێك لەو بابەتە لە ئارادا نییە.

- چی... تۆ چی ئەڵێیت.

- هەرئەوەی وتم، بەهیچ جۆرێك ئامادەنیم هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا بکەم کەخاوەنی مەرجو قسەکانی خۆی من نەبێت.

- کام مەرجو قسەیە، تۆ باسی چی ئەکەیت، لێت تێناگەم

وتم:

-لەیلا، بڕیارو بەڵێنی منو تۆ سەبارەت بەلەیلا چی بوو؟

- ئا... تێگەیشتم.

پاشان بزەیەکی تێکەڵ بەڕق و قین وتی:

- پێم وانەبوو لەبەرخاتری ئەم کچە تیوە نەخشەکانت بگۆڕیت.

بێدەنگ بووم تا گوێ بیستی تەواوی قسەکانی بم.

-یەکەمجار کەتۆم بینی بۆ ساتێك هەستم کرد بەسەر پەڵە هەورەکاندا دەفرم کاتێکیش وەڵامی خۆتت دامەوە هەستم کرد شای هەموو دنیا منم، ئێستاش دەتەوێت بەڕستەیەك هەرەس بەکۆشکی هیواکانم بهێنیت.

نازانم، خۆیشم نازانم چۆن بوو بەزەییم پێدا هاتەوە، بۆ چەند ساتێك لەخۆم هاتمە دەر هەستم بەکزی و لاوازی قسەکانی دەکرد وتم:

- بڵێ با تەدارەکی مارەکردن ساز بکرێت، بەڵام بەو مەرجەی ڕێزی لەیلا لەمن زیاتر بێت.

بەرنامەی مارەکردن ڕێکخرا، بڕیاربوو کاتژمێر پێنجی ئێوارە مارەبڕ بێتە ماڵ و لەجەمشیدم مارەبکات، پێداگریم کرد تاکو خانمی سۆسەنی ئامادەبێت بەڵام جەمشید وتی:

- خوشکەکەم لەژێر چاودێری خۆتدا دووگیان بووە، بۆیە توانای هاتنی نییە بۆ ئێرەو لەگەڵ باوکیشمدا نێوانیان ئاڵۆزە هەر بۆیە واچاترە بەشداری نەکەن.

لەکاتی دیاریکراودا مارەبڕەکەو چوار شاهید هاتن، جلێکی ئاودامانم پۆشیبوو، قژم دادەهێنا لەئاوێنەی مێزی ئارایشتەکەوە بینیم:

- بۆ دەست و برد ناکەیت هەموو چاوەڕوانی بووکە خانن.

بەلاقرتیەوە بزەیەکم بۆ کرد:

- چۆن بووکێك... کێن ئەوانەی چاوەڕوانی منن.

- گاڵتەت لێدێت؟ ئەڵێی لەبیرت چووە هەرکامێکمان لەڕابردودا جلمان ....

قسەکانی قوت دایەوە، سەرپۆشەکەم توند کردەوە وتم:

- نا... لەبیرم نەچۆتەوە منیش‌و تۆیش لەڕابردودا جلی بوک‌و زاوایمان لەبەرکردوە.

دەسبەجێ دەنگی نزمتر کردوو وتی:

- نا... نا... بەهیچ جۆرێك ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

لەدانیشتنی مارەکردندا لەلایەن جەمشیدەوە دایك‌و باوکی و لەلایەن منیشەوە تەنها لەیلاو مارەبڕێك‌و چوار شاهیدەکە بەمجۆرەش بۆ دووەمجار مارە کرامەوە.

********

دووەمین مانگی ژیانی هاوسەرداریمان تێپەڕی، پایز بوو، بەیانییەك جەمشید لەحاڵێکدا گوێچکەکانی وشك دەکردەوە لەحەمام هاتبوویە دەر، هێشتا خەو بەری نەدابووم هێشتا لەیلا لەخەو بێدار نەبوو بوویەوە.

– لەیلا گیان، لەیلا هەستە لەقوتابخانە دوادەکەویت، هەستە لەگەڵ جەمشید برۆ.

جەمشید گوێی لەم قسەیە بوو وتی:

– ئەمڕۆ سەرم قاڵە خانم باخۆی بەئوتوبووس بڕوات.

بەبۆڵەیەکەوە وتم:

– ئەگەر خوشکەکەت لەکاتی خۆیدا پارەی ئوتومبێلەکەی بۆ بناردمایە ئەمڕۆ ناچاری ئوتومبێلی تۆ نەدەبووم.

جەمشید لەوەڵامدا وتی:

– سوچی خۆتە.

جەمشید لەحاڵێکدا دەیویست دڵنیابێت لەخۆشڕەنگی چایی فنجانەکەی بەردەمی چاوی لەسەر فنجانەکە هەڵنەگرتو وتی:

– هیوادارم مەبەستت ئەوە نەبووبێت خۆشکەکەم پارەکەی بەئەنقەست نەناردبێت.

بێدەنگیەك بێدەنگ بووم لەو پولانەی دەبوو بیدەمەوە سەدجار گرانتربوو بەلامەوە.

جەمشید بەردەوام وتی:

– بەهەرحاڵ سووچی خۆت بوو کەکردبوت بەناوی خوشکەکەمەوە.

دووباره بێدەنگ بوومەوەئەمجارەیان بەتوندی وتی:

- ئەتەوێ بەم بێدەنگ بونەت بیکەیتە ئەستۆی خوشکەکەم؟

لەیلا بەترسێکەوە لەخەو ڕاچڵکی بەرەو دەست شۆرەکە ڕۆیشت، کیژۆلە وایدەزانی ئەو تاکە پەناگەیەک دەبێت بۆ کاتی تورەبونی جەمشید، جەمشید چەند مشتێکی قایمی کوتا بەدەرگاکەدا.

- وریابە، کاتێ قژت شانە دەکەیت بامووەکانی قژت هەڵنەوەرێتە سەر کاشیەکە.

ها... چۆن گیرم خواردوە، هەموو ڕۆژێک ئەبێت ئەم قەوانە کۆنە لێبدەمەوە...؟

نیما لەنهۆمی ژێرەوە هاواری کرد:

- باوکە... من درەنگمە بۆ بەرێ ناکەویت؟

جەمشید بێدەنگ بوو، دەسبەجێ بۆ خۆگۆڕین چووە ژووری نوستن و لەحاڵێکدا دەیویست بەدەنگێك کوڕەکەی ڕازی بکات گۆرەوییەکانی کردە پێی.

چیتر کاسەی سەبرم سەرڕێژ بوو، خەریك بوو لەپێستی خۆم دەرنەچووم ئەگەر بهاتایەو قسەم نەکردایە دڵم ئەتەقی...!

- بووارت هەیە ئاغا نیمای بەڕێز بگەیەنییە خوێندنگە؟

سانێك دەستی لەدەستەکەی تری هەڵپێکا، بەبزەیەکەوە چاوی بڕییە نێو چاوەکانم پاشان وتی:

- بەلای تۆوە عەیبێکی هەیە؟

- نا، وتم لەوانەیە لەبیرت چووبێت ئەمڕۆ کارێکت هەیە!

- ئەشەر ئەدەیت شاپەری؟

بەرەو ئاشپەزخانە ڕۆیشتم، دووبارە سەدای نیما بەرزبوویەوە، دەنگی لەوەی پێشتر بەرزتربوو، هاتە هۆڵەکە:

- باوکە، تکا دەکەم خۆت دوامەخە.

بەهێواشیو بزەیەکەوە وتم:

- نیما گیان، بۆ سڵاو ناکەیت ئازیزەکەم؟

بەتوندی دەرگاکەی هۆڵەکەی دایەوە بەیەکدا بەرەو ژووری نوستنەکە ڕۆشت.

گوێم لەدەنگی جەمشید بوو بەقوربانو بەساقەی ئەبوو، منیش لەداخا قۆریەکەم بەتوندی کێشا بەسەر زۆپاکەدا، کەمێك ئاوی گەرم ڕژا بەدەستمدا، زیاتر ڕقی هەستاندم، بەپەلە ئاوی ساردم پێدا کرد، لەیلا بەقژێکی شانەکراوەوە هاتە بەردەمم، نیما بەدۆشی سۆندەکە دەمووچاوی لەیلای خوساند بەپێکەنینەوە لەهۆڵەکە دەرچوو، بێدەنگی لەیلا هێندەی تر سەر ڕێژی کردم، حەوسەڵەم لەبەربڕا لەبەرخۆمەوە وتم:

- بەبێ هۆ... بۆچی؟

بەهاتنی جەمشید قسەکەمم قوت دایەوە، لەکاتێکدا بەپاژنە هەڵکێشەکە پێڵاوەکانی هەڵدەکێشا بەلۆمەکردنەوە وتم:

- هیوادارم ئەمڕۆ بەسەروەختی کارەکانی (کلینیکەوە) بچیت.

دەستی برد پاڵتۆکەی داگرتو:

- ئاه... چەن بڕوو بیانوو ئەگریت.

لەدڵی خۆمدا وتم:

- دەی زۆر ناخایانێ هۆڵەتم بۆ وەرئەگرێتو عیادەیەکم بۆ دائەنێت، بەڵام ئەمزانی درۆ ئەکات نایەوێ من بەهیچ جۆرێك کاربکەم دەمزانی پێچەوانەی کارکردنی ژنە، بەڵام بێدەنگ بووم.

ئەو ڕۆشتو، ئاوی بارانو هەورە بروسکەی ئاسمان دەستی پێکرد، وێرانی کاتو ساتەکانم لەڕۆژانی کورتو شەوانی درێژدا بەیدەکرد وایدەردەخست لەژیان ڕازیم تەنیا سەرگەرمی من لەو کۆشکە درۆینەدا

لەیلو لەیلا بوو، ئاکارو ڕەفتاری دایکی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو، بیانووی دەگرت دەیوت گرنگی بەنیما نادەیت، خۆشت ناوێت، جاری وامەبوو دەیوت ئەزانم ئیرەیی بەو کوڕە دەبەیت دەموت خانم گیان ئەوە چ قسیەکە نیما وەکو کوڕی خۆمە، جارێکی تر دەیوت ئەی تۆ منالت نابێت، دیارە ئەتەوێت لەگەڵ جەمشیدا نەژیت!

دەموت:

- چ فەرمایشتێکە خانم، خۆ ئێمە چەن مانگێکە بووینەتە هاوسەری یەکتر، پاشان جەمشید سەری قالە نابینی شەوانەش درەنگ دێتەوە.

دەیوت:

- وابزانم جەنابت هێشتا نەگەشتویت هەر لەئێستاوە تەرکی مالی پێبکەیت دەستە پڕ لەجەواهیرەکانی لەکەلەکەی هەلدەپێکاو بەلەخۆبایبونێکەوە دەیوت چاك گوێبگرە، کوڕی من هەر کارێکی بووێت دەتوانێ ئەنجامی بدات، تۆ ناتوانیت ئەو وابەستەی بیرکردنەوەکانی خۆتی بکەیت، من تێناگەم تۆ چ ڕەفتارێکت هەیە بەناخێری گیانت لای خۆی تۆ پزیشکیتو تێکەلاوی زۆرت لەگەڵ خەلکی هەیەو چاكو خراپ ئەناسیت، ئەلێم... ئەمشەو میوانداریەکمان هەیە نەخۆت بەشداری ئەکەیت نەبوواری جەمشیدیش ئەدەیت تاکو چێژێك ببینێت ئەلێم سبەی شەو لەفلانە بۆنەدا بەشداری ئەکەین، بیانوویەك دێنیتەوە... من سەرم ژان ئەکات یا... نازانم چی بەهەرحاڵ بەنەهاتنی خۆت کوڕەکەیشم ئەبەستیتەوە بەخۆتەوە....

ئەرزی جل گۆڕینەکان لەگەڵ دانیشتنەکانی ئێمە ڕێك ناخەیت بەهەرجۆرێك بوویتە هۆی ئەوەی جەمشید نەکەوێتە ماڵو پەنا بەرێتە مالە هاوڕێ دۆستەکانی، ڕۆژێك بیانووی ئەوەی دەگریت کچەکەی من پارەی ئۆتومبیلەکەی گرتویت. ڕۆژێك بیانووی دانانی عیادەو ڕۆژێك خۆت ئەکەیتە نەخۆشو ڕۆژێکی تر هەزاران بڕوو بیانووی نابەجێ.

جارێکی تر دەنگی ئارام کردەوە خۆی بەدڵسۆزی من لەقەڵەمدا:

– کچی خۆم، پیاو پێویستی بەخۆشەویستییە، وەکو منەت بکا ئامێزی دایکی بەهەموو دنیا ناگۆڕێتەوە، پیاو هەموو دنیاو دینی ناگۆڕێتەوە بەساتێك خۆشەویستی، یەك بزەی تۆ بەرامبەر سەد خەندەو پێکەنینی دایکە، جەمشید تۆی دەوێت، خەندەی تۆی دەوێت، نەك زمانێکی گەزندە، تۆ بەم جۆرە ڕەفتارانەت وا دەنوێنی کەجەمشیدت خۆش ناوێ گەر بەمجۆرەش بەردەوام بیت ئەوا کار لەکار ئەترازێ.

لەژێر لێوەوە وتم:

– باشترە، بترازێ.

ترازا، بەوتەی دایکی مێردەکەم کارلەکارترازا، جەمشید زۆرینەی شەوانی لەماڵی هاوڕێکانی بەسەردەبرد، تریاك‌و مەی خواردنەوە بوو بوو بەپیشەی، بەمەستی دەگەڕایەوە، دەیبۆڵاند بەم سەعات چواری شەوە لەکوێ بوویت.؟

پێدەکەنی‌و دەیوت:

– لەکوێ بووم، لەڕابواردن.

خەریك بوو لەپێستی خۆم دەردەچووم، جەمشید بەهیچ جۆرێك گوێی پێنەدەدام دەرگای ژووری نوستنەکەم دادەخست تاکو دەنگی مۆسیقا نەبیستم، دەنگی قاقای پێکەنینەکان خەندەو فیکەو چەپڵە ڕێزان بۆنی دووکەڵ‌و تریاك، منیش ناباوەڕانە بەرەو ڕابردوو دەگەڕامەوە، ڕێگەی ئایندە تەنها بن بەست بوو تەنها دڵخۆشیەکانم‌و یادەوەرییەکان بوو.

لەڕۆژی لەدایك بونمەوە ڕۆژێکی خۆشیم نەدی، هەمیشە هاودەمی تاریکی بەڕاستی کەشتی شکاوی ناو دەریا بووم.

پەیکەری بێ گیانی خۆمم لەقوڵایی گۆڕی ساردو تاریکدا دەبینی، ئارامگەی نەبەدیم دەپێوا.

کەزاوی موکریانی قابەری

لەیلا هاتە ژوورەوەو چاوە کەساسەکانی تێبڕیم:
- ئەوە ئەگریت خانمی دکتۆر.؟
بەدەم گریانەوە پێکەنیم:
- بەمن مەڵێ دکتۆر، کام دکتۆر. جەمشید تەنانەت ڕێم پێنادات بچمە
مارەکەی خۆشم، ئێستا تێدەگەم کە چۆن هاوسەرەکەی خۆشەویسترین و
رانبەهاترین گەوهەری ژیانی لەژێر پێ ناوەو مێردی بەجێ هێشتووە،
ێستا دەزانم کەدایکانی وەکو دایکی نیما بێ وەفاو نامیهرەبان نین،
ایکانی وەکو دایکی تۆ ئەوان فیداکارن و کەهەرگیز چەمکی ژیان و مانەوە
ەلای پیاوانی وەکو باوکی نیماو باوکی تۆ بەژیان و مانەوە نازانن.
دایکت بدۆزەرەوە لەیلا، هەرگیز دایکێک لەدنیادا نییە بتوانێ درێغی
ۆشەویستی لەجگەرگۆشەکەی بکات، بەتایبەت دایکێک لەژێر شاڵاوی
ەوسینەری زوڵم و زۆرداری ئەم جۆرە باوکانە.

*****

بەمجۆرە لەیلا پێگەیشتو تەمەنی بوو بەهەژدە ساڵو بەرزترین نمرە پلەی دەرچونی دیپلۆمی باڵای بەدەست هێنا، دەیوت تەنها ئاواتم ئەوەیە ببمە پزیشك وەکو دایکم....

مەبەستی لەدایك من بووم. لەم دواییانەدا بەدایکە بانگی دەکردم، ڕۆژ بەڕۆژیش تا دەهات جەمشید خراپ دەبوو، دوو ساڵ تێپەڕی کرد بەسەر دەرچونیدا بەزەییم بەحاڵیدا دەهاتەوە، سەرۆکی نەخۆشخانەیەکی گەورە چۆن خۆی ئالوودەی نەخۆشیە گەورەکان کردبوو، باوکی هەموو سەروەتو سامانی خستبوویە بەرپێی تا لەپێناوی خۆشگوزەرانیدا خەرجی بکات، تەواو شەکەتو ماندوو بووبووم.

بڕیاربوو داواکاری لەیلا بێت، ڕۆژێکی دەمەو عەسر خوێندکارێکی زانکۆ محمدی ناوبوو ماوەیەکی زۆر بوو دایکی خوازبێنی دەکرد بەڵام هەموو جارێك جەمشید جوابی دەکردو ڕازی نەدەبوو.

– دایەگیان ئەم جلانەت پێ جوانە؟ قژێکی خورمایی بەسەرشانیدا هاتبوویە خوار هەستامو گەردنبەندە مرواریەکەی خۆم کردە ملیو پێکەنی.

– محمد لەو جۆرە کەسانە نییە دایە گیان.

ئیرەیم بەلەیلا دەبرد، محمد عاشقی بوو، شەیدای بوو، بەبێ لەیلا هەناسەدان ئەستەم بوو، عەشقی هەردوکیان زیندووکەرەوەی یادەوەرییەکانی شەهرام بوو.

جەمشید لەسەر پلەکانەکان قسەی لەگەڵ دایکی دەکرد، لەیلا شەرمی دەکرد لەچکەکەی لەسەری توند کرد:

كرزاوى
بۆكسی
شابەرد

- دایکه... بەجەمشید ئاغای وت ئەمرۆ محمد.....

جەمشید هاتە هۆڵەکە، لەیلا قسەکانی قوت دایەوەو سلاوی کرد، جەمشید وەك عادەتی هەمیشەیی وەلامی نەدایەوە بەلام سەیری وردی بالای کردو رووی تێکردمو پرسی:

- دەنگو باس چیه؟

- مەگەر دوێ شەو نەموت محمدو دایكو باوکی دێت بۆخوازبێنی

- خوازبێنی ؟ خوازبێنی کێ؟

بزەیەکم کردو وتم:

- مەگەر جگە لەیلا کێ هەیە؟

- لەیلا؟ بۆخوازبێنی لەیلا دێن؟ سەریان دای لەبەرد!

- جەمشید!

- هەرئەوەی وتم تۆیش برۆ ئەو جلانەی بەرت بگۆرە.

- بەلام دوێ شەو خۆت رازی بوویت.

- دوێ شەو ئاگام لەخۆم نەبوو، ئەمشەو چاك ئاگام لەخۆمە، دەبێت لەیلا شوو بەکەسێك بکات خۆم پەسەندی بکەم.

- مەگەر ئەو خەلکە گالتەچی دەستی ئێمەن؟

- چ پەیوەندییەکی بەئێمەوە هەیە، خۆیان گێل دەکەن. من دووساڵە ئیزنم داون سوچی ئەو هەتیوە کەلەپوتەیە، وتم برۆ ژوورەوە مەگەر بریار نەبوو تۆ بچیت بۆ زانکۆ!

- محمد قبوولی کردووە....

- محمد هەلەی کرد، بێجای کرد، سەری دای لەبەرد، ئیتر نامەوێ هیچ کەسێك ناوی ئەو جانەوەرە بێنێت.

دلتەنگی لەیلا ئاگری تێبەردام، هەستو سۆزی کیژۆلەیەکی شۆخو شەنگ تەنها شاپەری دەرکی پێدەکات، چوومە ژووری نووستنەکەی سەریم

توند گوشی بەسینەمەوە هەروەکو یەکەم شەو کەپەنای بۆ هێنام قژەکانیم نەوازش کرد.

– جەمشید تورەبوو ئازیزەکەم، من خۆم سبەینێ قسە لەگەڵ محمد دەکەم.

– قسەی چی دایەگیان. مەگەر محمد بەرگەی ئەم هەمووە دەگرێت ماندوو بوو هێندە هاتوچۆی کردو هەر ڕەت کرایەوە.

ماتەمینیی سەراپای تەنیم، ڕەنجو خەموو پەژارەیەك تەمومژێکی دووبارە هێنایەوە بۆ ڕووخسارم.

نا... ئەمە ستەمە ئەم دوو لاوە یەکتر دەخوێننەوە، زۆریش گونجاون بۆ یەکتری چیتر هەلی لەو جۆرە نارەخسێتەوە، دەبێت کارێك بکەم، بڕیارێکی جدیم دا دەمزانی تاکو شەو ناگەڕێتەوە، خاترجەم، بەدزی دایکی جەمشیدەوە لەماڵ هاتمەدەر.

هەوایەکی ئازاد، هەناسەیەکی تازە، ماوەیەك بوو لەماڵ دەرنەچووبووم خوا بکات دایکی مێردەکەم پێی نەزانیبم لەماڵ دەرچووم، خشە خشی گەلاکان ترسەکەی زیاتر دەکردم، بەئەسپای هەنگاوەکانم هەڵدەگرت، ەمێك گەلایەکی ووشك دەوەریو لەجێی خۆمدا وشکی دەکردم، چاووم ەسەر پەنجەرەی ژوورەکەی بوو پەنجەرەکانی هەڵمیان گرتبوو، دڵنیای ـردم لەژوورەوەیە، هەنگاوەکانم هێواش تربوون وەکو میلی کاتژمێر ەرچرکەیەك هەناسەیەکم ئەدا وەك بڵێی هەناسەکانم نابێت لەو سنوورە ەرچن.

چوومە هۆڵەکە، بۆنی تریاكو دووکەڵ فەزایان پڕکردبوو، سەرم گێژی ەخوارد، هێڵنجم دەهات، بەرەو پلیکانەکان ڕۆشتم، چوومە نهۆمی ەرەوە بانگی لەیلام کرد، گوێم لەوەلام نەبوو، وتم لەوانەیە نووستبێت، ڵتۆکەم داکەند بەخۆشحاڵییەکەوە لەبەر خۆمەوە وتم:

- هەموو شتێك تەواوە ... لەیلا چووم محمدم بینیی..!

پالتۆکەم هەڵواسیی و بەرەو ژووری نووستنەکەم چووم، هەر هەنگاوێك و چەند قسەیەکم دەکرد.

- بڕیار درا ئەم ماڵە دەرچێت و بچێت بۆ ماڵی محمد، گوێت لێبوو ئازیزەکەم، سەرەنجام تۆ بەعەشقی خۆت شادبوویت خۆزگەم بەخۆت.

هەر کەچوومە ژووری نووستنەکە وشك بووم، زمانم لاڵ بوو، جەمشید لەسەر سیستەمەکە دانیشتبوو سەیری دەمی بەستراوی لەیلا ئەکات.

پێکەنیی و، بەرقەوە، بەدەنگی بەرز وتی:

- ئەمە کەی...؟ خانم قسەت لەگەڵ محمد کرد بڕیار بوو لەیلا هەڵێت.

نێ... چاکە... بەدڵمە دەکرێ گوێمان لەکۆتا بریار بێت. بفەرموو.

هیچ قسەیەکم بۆنەهات، دەمم بووبەتەڵەی تەقیوو، ئەژنۆکانم دەلەرزین توانایان نەمابوو لەدەم دەرگاکەدا دانیشتم، بۆنی بۆگەنی مەی سەریان گێژ کردم، لەدیتنی جەمشیدو ژیان و بونی تەواو بێزار بووم.

- چاکە... جەنابی شاپەری خان، دایکی فیداکار، بیگێڕەوە تەشریفت لەکوێ بوویت چ بڕیارێکت داوە، بۆچی لاڵ بوویت؟

هەستایە سەرپێ، ترس سەراپای تەنی، مەست بوو ئاگای لەخۆی نەبوو، نزیکم کەوتەوە بەهەموو هێزی یەکەم زللەی ئاراستەکردم هەردوو چاوم هەورە بروسکەیان کرد، زللەی دووەم هێندە بەهێز بوو جارێکی تر لەزەویدا نەختی کردم، دەنگێکی نزمی لەیلام دەهاتە گوێ، جەمشید قاچەکانی لەسەرسنگم توند کرد، هاواری کرد وتی:

- دایکم ڕاستی دەکرد دەیوت تۆ کەسێك نیت متمانەت پێبکرێت سەرەنجام ڕۆژێك خیانەتم لێدەکەیت، شەقێکی کێشا بەپشتمدا، لەتاو ئازار پێچم لەخۆم دەدا هەولمەدەدا قژم لەچنگی دەربکێشم، گریان و پاڕانەوە بێسوود بوو، لەپاڕانەوەو تکاکردنم چێژی دەبرد، خوێن بەرچاوی گرتبوو،

دایکی بەبۆڵە بۆڵ خۆی گەیاندە نهۆمی سەرەوە، نیمای لەگەڵدا بوو، جەمشید وەکو تۆپ شەقکاری دەکردم ئەمسەرەو سەری پێدەکردم، بلوزەکەم دڕاو دەستم لەیەخەکەیەوە هاتە دەر، هەر کە چاوم بەنیما کەوت غروورم جولا:

– تۆ بوویت منت خستە ژێرپێ، تۆ بوویت پلانت بۆ داڕشتم.

دایکی کەمێك هێوری کردەوە، چویە لای دەست شۆرەکە، هێندە حاڵی خراپ بوو ناچار بووم دەرزیەکی بۆ بکەم تاکو بخەوێت، دەمو دەستی لەیلام کردەوە، دەمزانی ئاشکرابونی ئەو نهێنییەی نێوان لەیلاو محمد لەژوور سەری دایکیدایە، بەڵام جێی گلەیی‌و سکالا نەبوو، دەبوو بیرێکی تازەم بکردایە بۆ دەربازکردنی لەیلا خۆگری‌و ئارامم بەتاکە چارەسەر هەڵبژارد، کەم کەم هەستم بەلاوازی دەکرد وەکو گەڵایەکی سەرگەردان لەگەرداوی سەرنویشتدا دەخولامەوە تاکو ڕێگا چارەیەك بدۆزمەوە پێویستم بەهێورکردنەوەی دەمارەکانی مێشکم هەبوو بەئەزمون گەشتبوومە ئەو بڕوایەی فنجانێك قاوە کاریگەری موعجیزە ئاسای هەیە چومە ئاشبەزخانەکەو هەوڵمدا تەقەی قۆری‌و پیاڵەکە نەیەت، فنجانێك قاوەم خواردەوە لەیلام لەگەڵدا بوو، بیرێکم کردەوە جگەرەیەکم داگیرساند، نووقمی دەریای بیرکردنەوە بووم، سرووودی باران زەمزەمەی سەدای شەهرام لەناخمدا دەنگی ئەدایەوە لەودیو پەنجەرەی تەنیایی دڵمەوە وەستام چاوم بڕیبووە ئاسمانی بێ ئەستێرەو بەڵکو ئەستێرەیەك خۆی دەرخات‌و هەواڵێکی عەشقم بەگوێدا بچرپێنێ، مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێ چەندە تامەزرۆی شەهرام بووم، دەردی دڵم بۆ کردەوە، نەپەنایەك، نەدەسرەسێك تاك‌و تەنیا لەیادەوەری سەرگەردانی ئەبەدیدا تلم دەدا، چیتر شاپەری چاوەڕوانی داڕمانی کۆشکی ئارەزوو خەونەکانی بوو.

ئەستێرەکانی ئاسمان ئاوابون، کلاو ڕۆژنەکانی هیوا وێران بون.

- لەیلا گیان بەمجۆرە ئاسان خۆت دەفەوتێنی ئازیزەکەم... پەرداخێك شیرو هەنگوین نۆشکە، هەموو شتێك بۆ خۆی چاك دەبێت کچی خۆم، بەڵێنت پێ دەدەم نایەڵم شکستو تاڵی بنۆشیت.

لەیلا هەستاو فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتی سڕیو لەتەنیشتمەوە دانیشت وتی:

- ئەگەر دەستی چارەنووس نەبێت نەك تۆ بەڵکو هیچ کەسێك ناتوانێ ڕێگەی تەقدیر بگرێت.

نە محمد لەشەهرام عاشقترە نەمنیش لەتۆ زیاتر مەگەر توانیت دەسەو یەخەی چارەنووس بیت، سەرەنجام خۆتت دا بەدەستەوە.

هەناسەیەکم هەڵکێشاو دووکەڵی جگەرەکەم کرد بەبا....

بریا مرۆڤ کەعاشق بوو بیتوانیبا بڕیار بدات.

مەخابن عەشق بەسانایی ئەتوانێ سکوت بەدەرونی مرۆڤ بداتو دەسبەجێ پاشەکشێ بکات نامەوێ بڵێم عەشق گەرداوێکی ترسناکە بەڵام مەلەوانێکی لێزانو کارامەیشی ئەوێت، عەشق خۆشە بەڵام بەمەرجێك شکستی لەدوا نەبێت، نابێت ئەو بووارەی بۆ برەخسێنیت سەرگەردانو ماڵوێرانت بکات.

لەیلا نوقمی بیرکردنەوە بووبوو لەژێر لێوەوە وتی:

- ڕاست دەکەیت، وتەکانت هێندە تەواون، هەر نادانێك بیبیستێت ئەبێتە دانا.

دووبارە بەمەستی هاتە ژوورەوەو ورێنەی دەکرد، باسی ڕابواردنی دوێنێ شەوی دەکرد کەلەماڵ نەبووە، لەیلا ئارەقەی شەرمەزاری لەناوچاوانی سڕی، کچەی بەستەزمان بۆ ئەوەی گوێبیستی وتەکانی نەبێت چویە ژووری نوستنەکەی بەهێواشی بەجەمشیدم وت:

- ئەو کچە شەرمت لێدەکات باشتر وایە بەسەر خۆتا زاڵ بیت.

بەلاّم جەمشید تەواو هاوسەنگی خۆی لەدەستدابوو، بەملاولادا دەکەوت بەرەو دەست شۆرەکە ڕۆشت بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– قازانجی خۆیەتی هەموو شتێك بزانێ لەم ئاییندە نزیکەدا بەدەردی نەخوات.

چەند ساتێکی پێ چوو لەبۆنی مەستیو ڕشانەوەی چیتر تێك نەدەچووم هەموو شتەکان بەلامەوە ئاسایی بون، دەبوو بۆ کرینی پێویستی ناومالّ بچمە بازاڕ، سویچی ئوتومبێلەکەم هەلگرتو بەلەیلام وت:

– جەمیشید داپۆشێت.

لەپلەکانەکان دابەزیم دایکیو نیما بەرامبەرم وەستان:

– بۆ کوێ دەچی شاپەری؟

– دەچمە بازاڕ بۆ کرینی هەندێ پێویستی.

– منو نیماش تابەرگدروەکە بگەیەنە.

هەردوکیانم گەیاندە لای بەرگدروەکەو پاشان چومە فرۆشگایەکی گەورە بۆ کرینی هەموو پێویستیەکان، لەگەڕانەوەمدا ئوتومبێلەکەم بەنزینی لێبڕاو ناچار لەتەنیشت شەقامەکەدا وەستام، شەرمم دەکرد داوای یارمەتی لەکەسێك بکەم.

سەرەنجام ئوتومبێلێك لەتەنیشتمدا ڕاوەستا، نم نم باران دەباری، لاوێك لەتەنیشت شوفێرەکەدا دانیشتبوو، جامی ئوتومبێلەکەی دادایەوەو پرسی:

– خانم ... خراپ بووە.

– نا... بەنزینی لێبڕاوە.

کاریان ڕاستبێت یارمەتیەکی چاکیان دام.

نیوەڕۆ بوو گەشتمە مالّ هێشتا دایکی جەمشید نەگەڕابوویەوە، سەرکەوتم بانگی لەیلام کرد یارمەتیم بدات شتەکانم لەگەلّ داگرێت، دووەم جار بانگم کرد گەشتمە هۆلّەکەی سەرەوە، دەرگاکەم کردەوە جەمشید

دیارنەبوو بەتانییەکەی لەسەر زەوی کەوتبوو، گومانێکم کرد، لەدڵی خۆمدا وتم چۆنە لەیلا ئەو بەتانیەی هەڵنەگرتووە بانگی جەمشیدم کرد بەڵام هیچ وەڵامێك نەبوو.

- لەیلا گیان، لەیلا گیان.

دەنگی کەس نەبوو، بێدەنگی ترسەکەی زیاتر کردم، شتەکان بەدەستمەوە ترازان بەپەلە پێڵاوەکانم داکەند، چەند جارێکی تر بانگی هەردوکیانم کرد، کەمێك چومە پێشتر گوێم لەخورەی ئاوی حەمامەکە بوو، هەناسەیەکی ئاسودەیم دا، وتم حەتمەن لەیلا لەحەمام خۆی ئەشوات، بەڵام ئەی جەمشید بێ ئوتومبێل بۆ کوێ چووبێت چەند مشتێکی هێواشم کێشا بەدەرگای حەمامەکەدا وتم:

- لەیلا گیان هیچت پێویست نییە.

دەنگی خورەی ئاوەکە نەبێ هیچ دەنگێکی تر وەڵامی نەدامەوە، ئەمجارەیان چەند مشتێکی قایمترو بەدەنگی بەرز ڕستەکەم دووبارە کردەوە.

بێدەنگی، سەیرم کرد دەرگای حەمامەکە کرایەوە، پاڵێکم بەدەرگاکەوە نا هەرکە دەرگاکە کرایەوە، قیژاندمو ووشك بووم

ئاوو خوێن تێکەڵی یەکتر بووبون، لەیلا شەلاڵەی خوێنو بەزەویدا کەوتبوو تەرمێکی ساردو بێ گیان، شادەماری گەردنو دەستی چەپی بڕابوو، تەنها دەمقیژاند، لەیلا ماتو خامۆش سەیری دەکردم.

خوایە فریامکەوە، خوایە گیان لەم خەوە بێدار بمەوە، بەڵام من تەواو بێدار بووم ئەوەی دەمبینی ڕاستەقینە بوو.

بێ هۆش کەوتم، کاتێ بەئاگا هاتمەوە چەند پۆلیسێك بەلای سەرمەوە وەستابون ماڵ قەرەباڵەغ بوو، جەمشیدم بانگ کرد، لەیلام دەویست، بەسەرمەوە ئامادەبوو.

– ئەم کارەت بۆ کرد شاپەری؟ بڵێ بۆچی؟ ئەو کچە بەدبەختەت بۆ کوشت؟

ڕەشایی لەچاومدا نەما.

– کام کچە بەدبەختە، من کێم کوشتوە.جەمشید؟

– لەیلا، ئاخر لەیلای بەدبەخت بۆ... ئاە خوایە گیان

سەرم گێژی دەخوارد هەرکەسێکم بەچەند کەسێك دەبینی، هاوارێکی لاواز لەگەرووم دەهات.

لەیلا... دووبارە بێ هۆش بوومەوە.

نەمزانی چەند کەسێك ئاوی دەپرژاند بەدەمو چاومدا تاکو بەهۆش بێمەوە، دووبارە هەمان نمایشی ترسناکم دیتەوە، قیژەیەکم نزمم کرد ( لەیلا )و بەپاڕانەوە وتم:

– لەیلا لەکوێیە.

– خانم... هەستە پێشمان کەوە.

جەمشید جەختی دەکردەوە.

– جەناب ژنەکەم بۆ کوێ دەبەن.

– بۆ کوێم دەبەن... بۆ کوێ... جەمشید!... جەمشید بۆ کوێم دەبەن؟

– نیگەران مەبە شاپەری خان پارێزەرت بۆ دەگرم.

– پارێزەر؟ پارێزەری بۆچی؟ مەگەر من چیم کردووە؟

کەلەپچەیان لەدەستم توند کرد، تەرمەکەی لەیلایان پێچا لەقوماشێکی سپیو شەلاڵەی خوێن بوو، قیژاندم.

– لەیلا چی بەسەرهاتووە، جەمشید بۆ کوێم دەبەن؟

هیچ کەس گوێی بەدادو هاواری من نەدا، تەنانەت دایکی جەمشیدیش کەتازە هاتبوویەوە نەیوت ئەو بووکەی من بۆ کوێ دەبەن.

دڵە بێ وەفاکانم دەبینیو بڕوام نەدەکرد.

تۆمەتم بۆ هەڵدەبەستن جەنابی سەرۆك، من لەیلام نەکوشتوە، بەخوا من کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵ لەیلا...

گریان زمانی لاڵ کردبووم نەیدەهێشت بەرگری بێ تاوانی خۆم بسەلمێنم، گریانو پاڕانەوە هیچ سوودێکی نەبوو، چاو بەهەموو لایەکدا گێڕا چاوێکم خستە سەر کەلەپچەکەی دەستم چاوەکەی ترم لەجەنابی سەرهەنگ:

- بەخوا من بکوژنیم، خوا شاهیدە من هاتمەوە بۆماڵ لەیلا کوژرابوو جەنابی سەرهەنگ دەستێکی بەڕوومەتمدا هێناو چاوێکی تێبڕیم لەوەدەچوو لەچاوەکانمدا هەستی بەبێ تاوانیم کردبێت بەڵام وایدەردەخست هیچ کارێکی لەدەست نایەتو ئەرکی خۆیەتی وەکو تاوانبارێك بمگەیەنێتە زیندان.

- دەبێت تاکو ڕۆژی دادگا چاوەڕوانی بکەیت... خانم.

دەورروبەرم چۆڵ بوو، جەمشیدم بانگ کرد بەڵام نەهاتبوو، هیچ پشتوو پەنایەکم شك نەدەبرد، فرمێسك لەچاوەکانمدا ئەڵقەیان بەست لەگەڵ سەربازێکدا کەوتمە ڕێ، بۆ دەربازبون هەوڵم دەدا تەنانەت بەخۆیشم بێگانە بووم ژمارە تەلەفۆنەکەی محمدم دابەسەربازەکەو داوام کرد پەیوەندی پێوە بکات....

لەچاوەڕوانییەکی نادیاردا، لەهیوایەکی نادیارو دوورە دەستدا، دەستێکی بەتوانام دەویست دەرم بێنێت.

ڕشتەی بیرکردنەوەم بەتەقەی کرانەوەی دەرگای زیندانیەکە بچڕا، ڕاچڵەکیم سەربازێك بانگی کردم بۆ ژووری سەرهەنگ، کاتێ تێگەیشتم محمد هاتووە بۆ دیدەنیم دەمویست لەخۆشیدا هاوار بکەم.

دانیشتبوو چاوەڕوانی دەکردم، بەبێزارییەکەوە لێی پرسیم:

– خانمی دکتۆر چی بەسەر لەیلادا هاتووە.
سەرهەنگ بەسەرسوڕمانەوە وتی:
– خانم... تۆ دکتۆریت؟
–لەوتۆمەتەی دراوەتە پاڵم ئایا پیشەکەم جیاوازی پێ دەبەخشێت جەناب سەرهەنگ.
محمد بێ گوێدانە قسەکانی منو سەرهەنگ دوسێ جارپرسیارەکەی دووبارە کردەوە، تەاو کۆنترۆڵی لەدەستدا بوو.
– خانمی دکتۆر قسەبکە، لەیلا مردووە؟ ڕاستە مردووە... ڕاستە تۆ... تۆ؟ تۆ... لەیلات...؟
– نا... من نا... بەڵکو کەسێکی تر لەحەمامەکەدا کوشتبووی.
سەر لەبەری هەموو ئەندامەکانی جەستەی هاتبونە لەرزین، دەمو چاوی خوێنی تێزابوو چاوەکانی خوێنیان لێ دەباری مشتەکانی کۆکردەوە بەڕقەوە وتی:
– بەو دەستانەی خۆم پەل پەلی دەکەم، ئەزانم لەبن سەری کێیە، جەمشید، جەمشید هەی حەرامزادە لەیلای منت کوشت بەخوا هەقی خوێنی لەگەرووی دەردێنم.
– بۆ کوێ دەچیت، بۆ کوێ محمد؟
هیچ وەلامێکی نەدایەوەو ڕۆشت، لەسەرهەنگ پاڕامەوە بەڵکو یەکێك لەگەڵیدا بنێرێت ئەو گەنجە نەوەك کارەساتێك دروست بکات دەزانم پیلانێکی گرنگی بۆ دارشتوە گەڕامەوە زیندانو هەر ئەو شەوە هەواڵی دەستگیرکردنی جەمشیدم پێگەیشت، محمدیش لەژێر لێکۆڵینەوەدا بوو.
ڕۆژی دادگای هاتەپێش، بەکۆتو بەندی کەلەپچەوە لەقەفەزی دادگای تاواندا دانرام، ڕەنگم لەڕووبڕابوو، هەموو گیانم دەلەرزی:
– جەنابی قازی من بێتاوانم.

قازی بەدەنگێکی فەرماندارانە وتی:

- تاکو من پرسیارت لێنەکەم تۆ هیچ قسەیەک مەکە.

ترس زیاتر سەراپای تەنی، لەلایەکی تریشەوە بۆ ساتێک نەمدەتوانی نەرمی نوقمی خوێنی لەیلا فەرامۆش بکەم.

لێکۆڵەر دەستی بەپرسیار کرد.

هەموو لایەک بێدەنگ بون، لەرزینی دەستو ئەژنۆکانم ئارامی لەبەر بڕیبووم.

- تۆ دەڵێیت من بێتاوانم، ئایا بەڵگەی بێتاوانی خۆت پێیە؟

- بەڵێ جەنابی لێکۆڵەر.

- فەرموو گوێمان بۆ ڕاگرتوویت.

- من لەکاتەدا لەماڵ نەبووم، بۆ کڕینی پێداویستی لەماڵ دەرچوبووم، چەند سەعاتێکم پێ چوو کاتێ گەڕامەوە... کاتێ گەڕامەوە... لەیلا لەوێ... پەیکەرێکی بێ گیان لەخوێناوی خۆیدا لەحەمامەکە کەوتبوو.

- شاهێدت هەیە کەلەماڵ دەرچوویت.

- بەڵێ جەناب.

- ئایا ئەو شاهێدە ئێستا لەم دادگایە ئامادەیە؟

چاوێکم بەخەڵکە دانیشتوەکەدا گێڕا، چاوم بەدایکی جەمشید کەوت، برۆکانی هێنابونەوەیەک بەقینەوە تەماشای دەکردم. وتم:

- ئەو ڕۆژەی من لەماڵ دەرچووم دایکی مێردەکەم دەیویست بچێت بۆ لای بەرگدروو لەگەڵ خۆمدا بردم لەگەڵ نیمای کوڕی مێردەکەم.

لەپڕ دایکی لەسەر کورسیەکە هەستاو بەدەنگی بەرز وتی:

- درۆ دەکات جەنابی قازی، من ئەو ڕۆژە بەیانی زوو لەگەڵ کوڕەزاکەم چوین بۆ لای بەرگدروو.

زمانم گۆی نەدەکرد بەقینەوە وتم:

- من درۆ ناکەم جەناب ئەمانە ئەو کوشتنەیان بەزۆر لەئەستۆم خستوە ئەمە تۆمەتەو ئەیدەنە پاڵ من.

قازی وتی:

- بێدەنگ، جەنابی لێکۆڵەر بەردەوام بە.

لێکۆڵەر چەند هەنگاوێك لێم هاتەپێش و وتی:

- کاتێ لەماڵ دەرچوویت بەچی ڕۆیشتیت.

- بەئوتومبێلی مێردەکەم، کاتێ من ڕۆیشتم ئەو خەوتبوو.

- کوژراوەکە لەکوێ بوو.

- جەنابی لێکۆڵەر، من زۆربەی کات لەیلام لەگەڵ خۆم دەبرد، ئەو ڕۆژە لەیلا بەنیاز بوو حەمام بکات منیش دەستم نەهێنایە ڕێگەی.

بەبردنی ناوی لەیلا فرمێسك بەچاوەکانمدا قەتارەیان بەست، محمد لەوە زیاتر خۆی پێنەگیراو لەدادگا چوویە دەر، ئەو لەنێو ئەو خەڵکەدا تەنها کەسێك بوو پێویستی بەئارام گرتن هەبوو.

- من بکوژنیم، بێ تاوانم، من ئازیزو تاکە هاودەمی شەو ڕۆژم چۆن دەکوژم جەنابی قازی من بکوژنیم.

کۆتای دادگایی کردن لەلایەن قازییەوە ڕاگەیندراو بردیانمەوە بۆ زیندان بۆ یەکەیەك جگە لەمن چەند تاوانبارێکی تریشی تێدابوو (ژیلا) ئەو ژنەی پیاوەکەی خۆی کوشتبوو بەردەوام هەوڵیدەدا لێم نزیك بێتەوە.

- لەدادگا چ باسە شاپەری؟ سەرەنجام توانیت خۆت ڕزگار بکەیت؟

پەنام بردەوە بەر جگەرەو دوکەڵە نەفریناوییەکەی، ڕاکشام، وتم:

- وازم لێ بێنە ژیلا، تەنها دڵخۆشکەرێك شاهێدی شاهێدەکەم بوو ئەویش ناپاکی خۆی نواندو بەرگری لەکورە تاوانبارەکەی دەکرد.

- دایکی مێردەکەت، بەر نەفرەتی خوا بکەوێ!

هەفتەیەك دوای ئەوە محمد لەگەڵ پارێزەرێکدا هات بۆ سەردانم.

- دەزانم خانمی دکتۆر دەزانم تۆ بکوژنیت.

سەرێکم لەقاندوو هەناسەیەکم هەڵکێشا، هەر هێندەم بەسە، سوێندم بەگیانی پاکی ئەو ئاگام لەهیچ شتێك نییە، هەڵبەت شەوێك بەر لەکوشتنەکەی بەدەم خەوەوە قسەی دەکرد بەلام قسەش کەبەدەم خەوەوە بکرێ جێگەی بڕوا نییە.

بریکارەکە پرسی:

- باسی چی؟

سەرم داخست.

سەرم داخست شەرمم دەکرد بەلام ناچار بووم بیلێم:" بەردەوام بەدەم خەوەوە دەیوت ببوورە داوای لێبووردن ئەکەم لێم نزیك مەبەرەوە جەمشید ئاغا."

محمد مشتی خۆی توند کرد کێشای بەدیوارەکەدا، پێستی دەستی بریندار بوو.

پارێزەرەکە وتی:

- دان بەخۆتا بگرە، خانم بەردەوام بە.

- تەنها ئەو ڕستەیەی دووبارە کردەوە.

- ئایا لەڕابردووی ئێوەدا، ئەم جەمشیدە چ پەیوەندییەکی بەلەیلاوە هەیە.

- جەمشید مێردمە لەڕاستیدا منو جەمشید، لەیلا... توخوا مەپرسە جەنابی پارێزەر تەواوی بەدبەختیەکانی لەیلام لەلا زیندوو دەبنەوە، دڵم پڕبوو نەمتوانی قسەکانم تەواو بکەم.

پارێزەرەکە داوای کرد بەتەنیا لەگەڵم بدوێ، لەگەڵ سەربازێکدا چووینە ژوورێکی تاریك، دەنگی پێی سەربازەکە تەنیا شکێنەری بێدەنگی نێوان منو پارێزەرەکە بوو پەنجەکانم گرژکرد لەتورەیدا بەردەوام دەمکێشا

بەنەژنۆمدا، هەرچەند نەمدەتوانی زاڵبم بەسەر قسەکانمدا، بەلام بەزۆری پاریزەرەکە دەمم کردەوە.

- ئەم ڕۆژگارەی من، تەنها شکستی عەشقە، عەشقێکی دوولایەنەو هەردوکمان دووچاری یەك سەرنویشت بووین، من بەهاتنی ئەو عەشقە سەر لەنوێ ژیامەوە بەنەهاتنیشی تووشی داڕمان‌و نابوتی بووم بەلام هەژاری‌و نەداری ناچاری کردم تا دووبارە زەردەخەنە هەرچەند ڕووکەش بەڕوی دنیادا بدەم‌و بەردەوامی بەژیان بدەم، بەلام ئەلێی دنیا لەگەڵ مندا دژایەتی هەیە، هەرچیەکم کرد دووبارە وێران بوویەوەو دڵم بەجەمشیدا نەچوو بەلام تامەزرۆی ژیان بووم پیاوێکی نالەبارو پۆخڵ بوو، لەو کەسانە بوو کەدەڵێن لەدایکی خۆشیان لانادەن تەنانەت بەکێلگەی مریشکیش نامەحرەم...! وتنی ئەم خاڵە لاوازانەش سەرکەشی منە، بەلام کوشتنی ئەو کچە بێ تاوانە زمانی پێ بەرەلا کردم بڕوابکە قسەکانم ئەوە ناگەیەنێ داخ لەدڵی تۆڵە سەندنەوەی بم بەلام ئەمەوێ خوێنی ئەو بێ تاوانە ون نەبێت، لەیلا کچێکی هەتیو بوو، حەسرەتی دیتنی دایکی لەگەڵ خۆیدا بردە ناو گۆڕەوە، جەنابی پارێزەر لەیلا کیژێکی هەژدە ساڵان بوو، ئێستا کاتی مردنی نەبوو، هێشتا زوو بوو پەیکەری بێ گیانی لەو بێکەسی یەدا بخرێتە گۆڕی تەنگ‌و ساردەوە، ئەو لەژێر خاکدا ئارامی گرتووە ئەرکی منیش ئاشکراکردنی نهێنیە شارەواکانە.

لەیلا سەرجەم هەست‌و سۆزەکانی لەکاشانەیەکدا دانبوو ئەو کاشانەیە پەیوەندی بەکەسێکەوە هەبوو بەتەواوی مانا مرۆڤ بوو، محمد بەڕای من ئەو کەسە کامڵە بوو دەیتوانی تەواوکەری ئەو کچە بێ پەنای بێت، لەیلا نیازمەندی محمد بوو بەلام جەمشید ئیرەیی پێدەبردو تاکە لەمپەری نێوانیان بوو، ئەو نامەردە چەندین جار ئەوانەی دابوو بەگوێی مندا.

ئەو ڕۆژەی جەمشید دوای بەسەربردنی شەوێك خۆی وتەنی "ڕابواردن"

بەمەستی گەڕایەوە ماڵ، چاوی ناپاکی بڕیە لەیلا، لەیلا هەستی پێکردو بەپەلە خۆی لەبەرچاوی ون کرد، ئەو کچێکی هەڵەشە نەبوو بۆیە دەمویست زوو بیگەیەنمە خانەی بەختی خۆی.

پارێزەرەکە لەجێی خۆی هەستاو:

- چۆن دەتتوانی لەگەڵ جانەوەرێکی وابژیت؟

هەستامە سەرپێ‌و ڕوومکرد بەو دیوداو فرمێسکەکانم سڕین وتم:

- بۆ کەسێك هەموو دەرگاکانی بەختەوەری بەڕوودا داخرابێت هەر جۆرە دەربازبونێك بێهودەیە، جەنابی پارێزەر ڕەهایی مەحاڵە.

پارێزەر بێدەنگ بوو بەسەر لەقاندن پشتگیری لەقسەکانم کرد، کەمێك خۆشحاڵ بووم، دووبارە گەڕامەوە بۆ شوێنی خۆم هەر بەچونە ژوورەم ژیلا دەستی کردەوە بەپرسیارکردن کەوەلامەکانی چەندین جار گوێ لێ بوو بوو حەوسەڵەم نەبوو، سەرئێشانم کردە بیانووی ئەوەی چەند ساتێك لەخۆمدا نوقم ببم، لەبۆچونی دادگا هەراسان بووبووم، حەزمدەکرد دەنگێك لەغەیبەوە بیبستم کە ڕزگارم دەبێت.

چوارشەمە بوو بەدنیایەك ئومێدەوە چومە لای پارێزەرەکەم وتی:

- بەتەواوی سەیری دۆسیەکەتم کردوە بڕیارە ئەمشەو بچێتە بەردەمی قازی.

- کەواتە دڵنیابم جەنابی پارێزەر.

- کۆمەك لەپەروەردگار بخوازە، من سەردانی پزیشکی یاسایم کردوە بڕیارە سبەینێ بۆ پشکنینی وێنەی پەنجەکانی سەردانی جەمشید بکەین لەوانەیە لەم ڕێگەیەوە بگەینە ئەنجامێك.

******

مانگێك ڕابوورد بڕیاری کۆتایی دادگا ڕابگەیەنرێت، لەڕاستیدا سازادانی بەپەلەی دادگا تەنها بەقەراری حاجی ئاغاو محسن دەزانم کە لەتارانەوە هاتبونە شیراز دەلەرزیمو ترسو بیم سەراپای گرتبووم.

ماڵوێران خۆم ئەم هەواڵە بگاتە گوێی شەهرام چی دەکات؟

ئەمڕۆ تەواوی ئاژانسەکانی هەواڵ کۆتا بڕیاری دادگا دەگەینە بەردیدەی خوێنەرەکانیان سەرم هەڵبڕی بۆ ئاسمان، ڕاستیان وتوە تاکو دڵ ژان نەکات فرمێسك لەچاو دەرنایەت دووبارە بۆ چەندین جاری تر لەجێگەی تاوانباران ڕاوەستام، ئەمجارەیان نەدەگریام نەدەپاڕامەوە، چاوم نەبڕیبوویە دەمی دادوەری گشتیو قازی، سەرم داخستبوو هێواش هێواش ڕزاو نیازی خۆمم دەکرد.

لێکۆڵەر یەکەم کەس بوو بێدەنگیەکەی داداگای شکاند.

- ئێوە وتان هاوسەرت بەچاوێکی خراپو خیانەتەوە چەندین جار لەیلای ترساندوە ئایا ئەم دیاردەیە بەدروست وەردەگریت کەنیازو مەرامێکی خراپی هەبووبێت.

- بەڵێ.

- تۆیش حەسوودیت بردوە دروستە؟

- نەخێر، جەناب بەهیچ جۆرێك.

- حەسوودی تۆیش بۆتە هۆی ئەوەی بەوتەی خۆتان ئەو کچە بەتەنیا لای جەمشید بەجێبێڵیت.

- نا، ئەوە وتەی من نییە، هەرگیز حەسوودیم نەبووە.

- بەڵام تۆ نووسیوتە هاوسەرەکەت هەر لەیەکەم ڕۆژەوە بەمەرامێکی

خراپ لەیلای لەو ماڵەدا قبووڵ کردوەو تۆیش ئەو کچەت لەماڵ بەجێ هێشتوە بەوتەی خۆتان تۆڵەی ڕابردوو ستەمو چەوسانەوەی لێبکەیتەوە؟

– بەلاّم لەیلا هیچ کاتێک ئازاری دڵی منی نەداوە تاکو تۆڵەی لێبکەمەوە.

– ئەی تۆ ئەوەت تۆمار نەکردوە کەلەیلا نیاز وابووە ئێوە لەماڵو حاڵی خۆتان.......

– نەخێر من هیچ کاتێ شتی وام نەوتوە.

– تکایە لەسەر خۆ بدوێ.

– بەڵێ، لەیلا... لەیلا هەروەکو کچی خۆم، خۆشم ویستوە.

– تۆیش بەم هۆیەوە ویستوتە لەیلا بەشوو بدەیت.

– بەڵێ.

– کەواتە پێت باش بووە بەڕۆشتنی لەیلا دەبونە خاوەن ژیانێکی بەختەوەر.

– لەوانەیە، بەلاّم من لەخۆم زیاتر خەمی لەیلام بووە.

– من چیتر هیچ قسەیەکی ترم نییە.

چاوم بڕیبوویە هەنگاوەکانی پارێزەر کە بەرەو لای من دەهات، بۆ ساتێك هەستم کرد کەلەم جیهانە مەزنەدا تەنیام، من هەموو شتێکم لەدەست داوە، نەژیان، نەعەشق، نەمناڵ، تەنانەت ناوو شۆرەتێك، یەکەم جار نەبوو کە خەرمانی ڕەنجم بڵێسەی ئاگری تێبەرنەبێت.

– موەکیلەکەم بێتاوانە جەنابی قازی.

هەرچی وەکیلەکەم بۆ بێتاوانی من هەوڵیدەدا بێ سود بوو.

من وەکو نەمامی نەوەرس لەبەرامبەر زریانی بێ بەزەیی لەبنو بێخ دەهاتم هاوارێکی بێ تاوانی خۆمم کرد، هەمهەمەیەك لەدادگا بەرزبوویەوە کە چەند ساتێکی نەخایاند، بەدەنگی فەرماندارانەی قازی هەموو بێدەنگو

چاوەڕوان بون.

– تاوانبارە.

– نا خواگیان من بێتاوانم.

پارێزەر بەداخەوە دادگای بەجێهێشت، محسنو حاجی ئاغا ڕەخنەیان گرت بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو، جەمشید ئازادکراو تەواوی تاوانەکان کرانە گەردنی من.

هیچ ڕێگە چارەیەك بەمێشکمدا نەدەهات هەموو ڕێگەیەك بەرەو بن بەست دەچون جەمشیدم بانگ کرد پاڕامەوە وتم:

– ڕاستیەکە بڵێ، بڵێ کەمن...

بەڵام جەمشید بەپەرێشانیەوە دادگای بەجێهێشت قسەکانی منیش نیوە ناچڵ لەدڵمدا مایەوە لەخۆمدا نووقم بووم:

– بێدەنگ بەشاپەری، تۆ چۆن بەم لاوازییە توانای بەرگری کردنت هەیە، ئەو معجزە گەورەیە تەنها لەخوای پەروەردگار ئەوەشێتەوە، لەوانەیە ئەمەش یاری چارەنووس بێت، کەمێك بەخۆمدا هاتمەوە.

هەمان شەو لەیلا هاتە خەوم، محمدی بانگ دەکرد، خۆشحاڵ نەبوو بەڵام زەردەخەنەیەکی ماتەمی لەسەر لێو بوو بانگم کرد وتم بۆ کوێ دەچیت وتی:

– بۆلای عەشقەکەم عەشقی پاك کەلەوێ هیچ خواستێکی جەستەیی لەگۆڕێ نییە.

وتم:

– شکۆداری لەئاسمانو مەلەکوتدا دۆزیوتەوە.

لەخەو ڕاچەنیم، ئارەقێکی سارد لەنێو چەوانم نیشتبوو، ژیلا لەژور سەرم وەستابوو بانگی دەکردم.

– دەگریت شاپەری؟

- سەیرنیە ژیلا، گیانێکی پەشێو هەرگیز درۆ ناکات، دڵێکی شەیدا هەمیشە ترپەیەکی ڕاستەقینەی تێدا حەشاردراوە، منیان بەبکوژ ناوانبار کرد لەحاڵێکدا چۆن دەکرێ مرۆڤێك توانای ئازاردانی مێرولەیەکی نییە بتوانێ....

نا... نا.. ژیلا بەخوا بێتاوانی من شایانی سەلماندن بوو، نازانم بۆچی قازی بەوردی گوێی بۆ پارێزەرەکەم نەگرت هەرچەند لەدواین دیمانەی پارێزەرەکەمدا سەرنجمدا ئەنجامی پشکنینەکان لەقازانجی جەمشید بووە هیچ ئاسەوارێکی کەتنیان دەسنەکەوتووە.

ژیلا بەجۆرێکی دڵدانەوە وتی:

- گوێ مەدەرێ، گەر لەجێی من بوویتایە چیت دەکرد، قەت لەمنت پرسیوە چۆن دایکم کوشتوە بەڵام حەزدەکەم بزانی، مێردەکەی منیش بێ شەرەفێکی وەکو مێردەکەی تۆ بوو، حەیف لەم زیندانەدام ئەگینا بەو دەستانەی خۆم دەمخنکاند.

وتم: چۆن؟

وتی:

- کچە شەش مانگانەکەم برد بۆ نەخۆشخانە، کاتێ گەڕامەوە دەرگای حەوشە لەسەر پشت بوو، هەر کەپێڵاوەکانی دایکم بینیی خۆشحاڵ بووم بەمێواشی دەرگای ڕاڕەوەکم کردەوە کە دەنگی پێکەنینی دایکم.... هەڵبەت تەنها بەناو دایك بوو ئەگینا هیچ کاتێ باوەشی سۆزو موحەبەتی بۆ من و براکەم نەکردبۆوە من تەمەنم شەش ساڵان بوو لەباوکم جیابوویەوە شوی کردەوە بەپیاوێکی تر لەگەڵ ئەویشدا نەگونجاو شوی کرد بەپیاوی سێهەم و پیاوی سێهەمیش مردو بوو، بەبێوەژن کەوت، ئەو ڕۆژە کە گەڕامەوە بۆ ماڵ دنیا بەسەرمدا ڕووخا، باشتر وایە نەیگێڕمەوە خۆت تێبگەیت ڕووبەڕووی چ نمایشێك بوومەوە، بەهێنام لەدەستم دەرچوو ئاوێزانی

دایکم بووم، خۆی هەڵواسی بەدیواری حەوشەکەدا، من مەبەستم کوشتنی نەبوو، دوای کەوتم، گەڕایەوە قاچی لەسۆندەی ئاوەکە گیربوو کەوت سەری دای بەلێواری حەوزەکەدا دەسبەجێ وەکو سەگ تۆپی.

– مرد.

– بەڵێ، چویە دۆزەخ خۆم گەیاندە بنکەی پۆلیسو ماڵی براکەم کچەکەمیان بردە لای خۆیانو ئێستاش دەبینی لەزیندانام.

– ئەی مێردەکەت؟

– موعتادە، ئەو بێ شەرەفە هەڵهاتووە، هێشتا دەستگیر نەکراوە.

– چ حوکمێکی دادگات بۆ دەرچووە؟

ژیلا سەری خستە نێوان دەستەکانیو وتی:

– هەر حوکمێکم بۆ دەربچێت گرنگ نییە، من دایکم کوشت دەبێت سزاکەیشی بچێژم تەنهاو تەنها بیری کچەکەم دەکەم کە ئایندەی وەکو ئایندەی منی بەدبەخت دەبێت ئەگەر خێزانێکی باشم هەبووایە شوم نەدەکرد بەکەسانی نامەردی وەکو بەهنام خوێڕیو حەرامزادە؟.

وتم:

– لەوەی دایکت کوشتوە....

– ئەتەوێ بڵێی پەشیمان نیم، نەخێر نیم، دایکانی چەپەڵی وەکو دایکی من چاترە لەپەڕەکانی ڕۆژگاردا بسرێتەوە، گەر بڵێم خۆشحاڵم بڕوابکە، دایکێك هەموو تەمەنی بەدوای ڕابواردنەوە بوو بێت حەیفە لەگەڵ دایکانی فیداکارا بخرێنە تەرازویەك.

بەدەنگی پاسەوانی زیندانەکە ژیلا قسەکانی بڕیو وتی:

– بانگی تۆ ئەکەن شاپەری، هاتون بۆ دیدەنیت، خۆزگەم بەخۆت خۆزگە کەسێکیش دەهاتە دیدەنی من...!

– ئەی براکەت سەردانت ناکات؟

- هێندە سەرقاڵی کاروماندوێتی ژیانە داماوە ناپەرژێت.
هەستام بەرەو سەربازەکە ڕۆیشتم، دەرگای لێکردمەوە وتم:
- پارێزەرەکەم هاتوە؟
وتی:
- نازانم
لەوانەیە حاجی ئاغا یان موحسین هاتبێت، بەلاّم کاتێ چاوم بەشەهرام کەوت لەجێی خۆم وشکە بووم، پاڵم دا بەدیوارەکەوە تا بتوانم هاوسەنگی خۆم ڕابگرم نازانم چەندم پێ چوو بەلاّم هێشتا لەسەر خۆم نەبووم، هەڵمدا هەناسەکانم ئاسایی ببنەوە لەژێر لێوە وتم:
- شەهرام.
هەڵمدا بڕوا بەخۆم بکەم ئەوی دەیبینم ڕاستەقینەیە، خەو نابینم بۆ ساتێك خۆمم لەشاری ناباوەڕیدا ون کردبوو ناوی خۆمم بانگ دەکرد بەڵکو خۆم بدۆزمەوە. شاپەری؟ شاپەری بگەڕێوە، لەکوێیت شاپەری؟ شەهرام هاتووە، شەهرام.
چەند جارێك لەبەرخۆمەوە ناوی شەهرامم وتەوە تاکو نامۆی ناوەکەی لەزەینم دەرچێت، چوومە پێشتر، چاوم بڕیە چاوەکانی تەلەفۆنەکەم هەلگرت دنیا سارد نەبوو بەلاّم من زۆر بەتین دەلەرزیم ئەویش تەلەفۆنەکەی هەڵگرت دەستم دەلەرزی، چاوم لەچاوی بڕیبوو، نە ئەوردەمی هەڵدەهێنایەوە نەمنیش متەقم لێبڕابوو ئەترسام قسەیەك بکەم و لەوخەوە بێدار بمەوە.
- شاپەری!
دەنگی خۆی نەبوو، نەخەوتبووم، بێدارنەبووم، شەهرام بانگی کردم، وتم:
- بەڵێ...و فرمێسك ئەڵقەی بەست و یەکەمین تنۆکی تکا.

– تۆ لێرە چی دەکەیت؟
هەناسەیەکی قوڵ بوو یان ئاه ... نازانم توانای وەڵام دانەوەم نەبوو.
دووبارە وتی:
– شاپەری، خۆتیت؟ ئاه ... چۆن لەدەست چوویت؟
دەمو لێوم دەلەرزین هێزی بینینم لەدەست دابوو، تەنها سەیرم دەکرد بریا چرکەکان جووڵەیان نەدەکرد، بریا کات دەوەستا نیگای منیش دەوەستا، نیگای ئەو....تیرێك لەچاوەکانم هەڵچەقی کە گڕی ئاگری چاوەکانمی خامۆش کرد دووبارە لێوەکانی کرانەوە:
– شاپەری؟ ئەوە بۆچی قسەناکەیت، لەو کاتەوەی هەواڵم زانیوە ساتێك ئارامم نەگرتوە، تۆ چیت بەخۆت کردوە شاپەری؟ ئایا دەزانی سزای کوشتنی بەئەنقەست چییە؟ سزاکەی لەسێدارەدانە دەزانی شاپەری، مۆڵەت بۆتەماشکردنت ئێجگار کورتە. قسەبکە بزانم چییە...
– شەهرام!
هەردوو بێدەنگ بووین، بەدەنگی لەرزۆکەوە وتم:
– بڕوابکە، من بکوژنیم، سوێند بەخوای گەورە.
–بەسە، بەس گەر بڕیارە من بیبستم هیچ پێویستی بەسوێندخواردن نییە، بەڵام دەبێ یاسا گوێبیستی قسەکانی تۆ بێت یاسا بەڵگەی پێویستە کات لەڕۆشتنندایەو داوەریش دواکەوتن نازانێ، دەبێ حوکم دەرچێت دەزانی تێدەگەیت شاپەری.
بەدەم گریانەوە وتم:
– ئەی بۆ فریشتە ئەو داوەرییە دەمامك لەسەر ڕاستیەکان لانادات تاکە بکوژ بناسێت ئەوجا دووبارە بەچاوی نووقاو دان پێدانەکان ببیستێتو داوەریەکی عادیلانە ئەنجام بدات.
کات تەواوبوو.... محسین تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو بەپەلە تەلەفۆنەکەی

لەدەست شەهرام وەرگرت جگە لەهەواڵپرسی وتی:
- مۆڵەت دەدەیت بەبەردەوامی چیرۆکەکە بنووسم.
- تەنها فەرامۆشی مەکە بنوسیت، جارێکی تر شەهرام هاتە دیدەنیم، بنووسە تاکو خوێنەرەکانت چەمکو مانی عەشقی پاکو بێگەرد تێبگەن باوەڕبکەن عەشقی من ڕاستەقینە بوو لەیلا وتەنی: "هیچ تەمەنایەکی جەستەیی‌و هەواو هەوەس بازی نەبوو."

لەسەر داوای پاسەوانەکان دووبارە تەلەفۆنەکەم دانایەوە، هەردوو دەستی شەهرامم لەودیوی شوشەکەوە دەبینیی لەجووڵەی لێوەکانی تێدەگەیشتم ناوی من دەبات.

نکام کرد، پاڕامەوە جارێکی تر تەنها ساتێك تەلەفۆنەکە هەڵگرمەوە مۆڵەتیان پێدام.... پەیوەندییەکە بەسترا وتم:

- جەمشید پیلانێکی گڵاوی بۆ دارشتم، ئەو بکوژی سەرسەختە شەهرام قسەکانم بگەیەنە دەستەڵاتە باڵاکانو پەیوەندی بچڕا تەنها چاوم لەمەنگاوەکانی بوو بەرەو دواوە نەگەڕایەوە، دەستی بۆ هەڵتەکاندم.

چاوم هەربەدوایەوە بوو، فرمێسك بەچاومدا دەهاتە خوار، دەزانم خوای میهرەبان لافاوی فرمێسکەکانم دەبینێ، وەدەزانم لەئاسمانەوە دەنگی ئاهو ناڵەم دەبیستێ، هەر ئەو خودایەی شەهرامی پێدامو لێی وەرگرتمەوە ئەمڕۆش دووبارە... ئاه خوایە گیان خودا چیتر ئەمڕۆ هیچ ئارەزوویەکم نییە، سۆزو وەفاداری شەهرام دەتوانێ خاڵی کۆتای ژیانم بێت، من تینوی وەفایەك بووم ئەمڕۆ تێراو بووم، هەموو شتێکم بینیی، عەشقی ڕاستەقینە، گەڕامەوە بۆ شوێنی خۆم، ڕەنگو ڕووم ژیلای هێنایە سەرسوڕمان.

- شاپەری... بۆ پێم ناڵێی کێ هاتبوو بۆ لات، بەمشێوەیە گۆڕاویت؟

-گەوهەری دڵو گیانت... ئارەزووەکەی دڵت... مەیلو تەمەنای ناخت.. ئەوەی لێوان لێوی عەشقو شەیدایی بوو، ئەوەی شێتو دێوانەی

کردبوویت، ئەوەی پردی پەیوەندی نێوان تۆو ژیان بوو، ناوی چی بوو؟
شەهرام؟ باش پێکام؟
هیچم نەوت... وتی:
- بڕیار بوو تەنها لەکاتی دیتنی شەهرام چاوەکانت فرمێسک نەبینن، وایە؟
سەرێکم بۆ لەقاند:
- وایە.
-ئێستا ئەو هێمایە لەچاوتا هاوار دەکات دەنگی وەفای لێدێت.
- ژیلا تۆ ئەم وشەو ڕستانە لەکوێوە فێر بوویت؟
وتی:
- منیش عاشق بووم تەنها هەر عەشقە ئەم وشانە فێری مەعشوقەکەی دەکات، تەنها هەر عەشقە دەرونی مرۆڤ نەرم دەکات، عەشقە وانەی شاعیرانەی فێر دەکات منیش عاشق بووم بەلاّم عەشقەکەی من بێ سەرەنجام بوو، شکستی عەشق کردمیە شاعیر وەکو تۆ، وەکو.....
من لەگەڵ شکستدا جەنگیم ئەمڕۆش بردمەوە، ئەمڕۆ ئەتوانم سەمای وەنەوشە لەژێر نەسیمی بەهاردا بەرجەستە بکەم.
تۆیش درێژەی ئەم ڕستەیە ئەزانی ژیلا؟
وتی:
- کام عاشق درێژەی ئەم ڕستەیە نازانێ؟
نزیکەی هەفتەیەك ڕابوورد محسنو محمدو پارێزەرەکەم هاتن بۆ ...ەردانم دوایین دیدار، دوایین چاوپێکەوتن سۆراخی شەهرامم کرد.
- شەهرام لەکوێیە، بۆ لەگەڵتان نییە.
- بەداخەوە لەو ڕۆژەوە من بەهیچ جۆرێك هیچ هەواڵێکم لەشەهرام ...یە.

بەپارێزەرەکەم وت:

- بۆ بیستنی وەسیەتەکەم تەشریفت هێناوە؟ من هەفتەی ڕابردوو ئەوەی ئاواتم پێ دەخواست دیتم. هیچم نییە، هیچ ماڵو منداڵێکم نییە، هەرچیم هەبوو هەمووی جەمشید خۆش! تەنها ئاپارتمانێکم لەتاراندا هەیە ئەویش حەزدەکەم کرێکەی خەرجی منالانی بێ سەرپەرشت بکرێت بۆ ئەوەی وەکو لەیلا یان ژیلایان لێنەیەت، لەیلاو ژیلا سوتەمەنی دایکانو باوکانی موعتادن کە مادە بێ هۆشکەرەکانیان لەماڵو منداڵو ئایندەیان بەلاوە ئازیزترە، هیوادارم هەریەك هەوڵبدەین تاکو ژیلاکان بێدەنگو لەیلاکان بەبێ تاوان نەکوژرێن.

نیوە شەو بوو پیاسەم دەکرد، کۆتا شەوی ژیانم، بێدەنگ دەگریام دواین ساتەکان بەسەرچون، سات لەدوای سات مەرگ نزیکتر دەبوویەوە سەعات چواری بەیانی بوو نوێژی بەیانیم کرد، سەلامم دایەوە دەستەو دوعا ڕووم‌کردە ئاسمان، دەنگی پێی ئەو سەربازانە دەهاتە گوێم وەکو زەمین لەرزە دەدرا لەفەزای زیندانەکە.

بۆ دواین جار کڕنوشم بردو زەویم ماچ کرد ئامادەی ڕۆشتن بووم، بەکرانەوەی کیلۆنی دەرگاکە ژیلا لەخەو ڕاچەنی.

- چی بووە شاپەری... کارت بەکێیە... هێشتا ڕۆژ نەبۆتەوە.

- ژیلا گیان، بیرم نەبوو پێت بڵێم دوێنێ شەو کۆتا شەوم بوو، نەمدەویست لێت بشارمەوە بەڵام حەزیشم نەدەکرد خەوی تۆیش بزڕێنم، بمبوورە ئەگەر هیچم پێ نەوتبێت.

قوڕگم پڕ بوولەگریان، نەیدەهێشت لەوە زیاتر بدوێم، دەنگی گریانو زاری ژیلا هەموو بەندیەکانی تریشی لەخەو بێدار کردەوە هەموو هەستان، مقۆ مقۆ دروست بوو:

- شاپەرییە، شاپەری ئەیانەوێ شاپەری ببەن، هێواش کە شاپەری

هێواش ئارام بگرە هێشتا خۆر نەکەوتوە.

وەستام ماچیان کردم، داوای گەردن ئازادیان لێکردم، فرمێسکەکان هاتنە خوار، دوایین ڕستەم وتو هاتمە دەر.

- من بێ تاوان بووم، من بکوژ نەبووم، دەستەکانی من ئالودەی خوێن ڕشتن نین.

ورده ورده ساتەکان لەبەین دەچون، کۆتو پەیوەند هەنگاوەکانیان سست کردم، دەستیان لەدواوە بەستمەوە، ڕۆحم چەند بەنامۆیی دەیوست لەجەستەم جیا بێتەوە، کزە بایەکی ساردی پایز لەو بەرەبەیانەدا ترسو بیمی زیاتر دەکردم، سەیری دەوروبەری خۆمم دەکرد، تەنها سەربازو فەرماندەم دەبینی، لەدۆستو ئاشنا هیچ هەواڵێك نەبوو دەنگی خشپە خشپی نەعل بەزەویدا دەخشا دەنگی جریوە جریوی چۆلەکە باڵەکانی بیری منی بەرەو کام سەر زەمین دەبرد.

گەشتمە شوێنی قەنارە، هەموو ئەندامەکانی لەشم لەتاوتینی ترس دەلەرزین، سەربازێك پەتەکەی کردە گەردنم گرێکەی توند کرد، دەسرێکی ئامادەکرد تاکو چاوم ببەستێ.

بەئەسپایی وتم:

- حەزدەکەم ببینم ماڵئاوایی لەدنیا بکەم، لەدوایین بەرەبەیانی ژیانم هەنگاوێك یان ئەندازەی قاچێك لەگەڵ تەپڵەکەکەی ژێر پێمدا فاسیلەی ژیانو مەرگم بوو،

چاوم لەسەرهەنگێك بوو لێی پرسیم:

- هیچت هەیە بۆ وتن؟

بەهێمای نا... سەرێکم لەقاند.

دڵم بەپەلە لێی دەداو شایەتمانێکم هێناو سەرێکم هەڵبڕی بۆ ئاسمان.

سەیرکردنێك جۆرێکی ناباوەڕانە، سەیرکردنێکی چاوەڕوان نەکراو کورتە

نیگایەك كۆتاییەكەی شەهرام و موحسین و حاجی ئاغام بینیی،
پارێزەرەكەم هەموو پێكەوە بەرەو لای من دەهاتن.
فەرماندە فەرمانیدا لەسێدارەدانەكەم جێ بەجێ بكەن...!
بەترسێكەوە وتم:
- بەخوای گەورە من بكوژنیم.
لەدوورەوە شەهرام هاواری كرد:
- دەست هەلگرن، دوو سەرباز لەگەڵ شەهرامدا بەرەو سەرهەنگ چون
یەكێكیان كاغەزێكی دایە دەستی سەرهەنگ.
سەرسوڕمانێكی ئێجگار سەیر، ناباوەڕی زمانیان هێنامە گۆ: هاوار بكەم
- شەهرام گیان.... فریام كەوە بێتاوانم.
ئیتر نەمزانی چی ڕوویداوە، پەتەكە شل كراو لەگەردنم داكەندرا،
ابانگرتم كەمێك هاتمەوە سەرخۆ، جگەرەیەكم داگیرساندو سەیرێكی
ەملاو لای خۆمم كرد، من كێم؟
ئێرە كوێیە، ئێوە كێن، ژیلام ناسیەوە وتم:
- ژیلا گیان ئەوە تۆیت؟ من... منیان دەوێ... دەیانەوێ بەبێ تاوان
ەسێدارەم... نا... ژیلا گیان نا...
- ئارام بە... شاپەری، كەمێك پشووبدە، دان بەخۆتا بگرە.
ڕۆژی دواتر محمدو موحسین و حاجی ئاغا هاتن بۆ لام:
- جەمشید، جەمشید لەكوێیە؟
شەهرام وتی:
- لەدواین چركەكاندا دانی بەتاوانەكەیدا ناوە. بەوەی ئەو بكوژی
ەیلابووە.
محمد وتی:
- ئەو مارێكی كوشندەبوو كە كەوتە چنگی یاساو تۆیش ئەم ئازادیە

لەچاوی شەهرام بناسە، شەهرام بەهەوڵو تەقەلایەکی زۆر جەمشیدی گەیاندە مەرگی ڕیسوایی.

هێشتا قسەم نەکردبوو شەهرام وتی:

– تکایە بێدەنگ بن باشاپەری پشوویەك بدات سەرەداوی دۆزینەوەی لەیلا زۆرە.

– ئاسوودە بنوو شاپەری...

هەموو چونە دەرەوە منیش بەتەنیا مامەوە بێدەنگیو بێدەنگی.....

بۆ ڕۆژی دواتر بانگ کرامەوە.

– دەگریت شاپەری؟ منالّیت؟

– شەهرام گیان، منالّنیم، ئەمە ئەشکی عەقڵە ستایشو پێزانینە بۆ تۆ موحسین دەینووسی، ڕستە ڕستە ئەو ووشانەی لەنێوان منو شەهرامدا ئالّوگۆڕیان دەکرد، حاجی ئاغا تەسبیحەکەی دەسوڕاندو لەژێر لێوەوە دوعای دەکرد. لەتەنیشت شەهرامەوە ئەو ڕازی دلّمی دەگوتو منیش گوێبیستی بووم، باسی یادەوەریە شیرینەکانی دەکردو موحسن بەردەوام دەینووسی.

دەیوت:

– ئەمەوێ ئەمجارە دوور لەهەراو هوریای خەلّکی بژین.

وتم:

– من ماچی میحرابی پەرستگای تۆ دەکەم.

ئارەزووی دلّم، دلّی پەژموردەم جوان بوویەوە.

من لەخەونو خەیالّدا دەژیام بەلاّم ئێستا دور لەئەندێشەو باوەڕی ڕابردوو وتی:

– لەو ئاسۆیەی کە دەریاو ئاسمان لێك دەدات، لەوێ پەڵەیەك هەوری سپی شاهێدی جودا بونەوەی ئێمە بوو ڕەنگی خوێنی گرت، من ئەو کاتەی

ناوی تۆم هاتەوە بیر لەسەر ئەو پەڵە هەورە هاوارمکرد، بمگەیەنە بەشاپەری، دەزانی چی وت:

- پەیوەندی گیانم لەئاسماندا گرێ داوە، شاپەریش هەرتۆی دەوێ، من چەندین جار داوای مەرگم لەخوا کردوە، بەڵام هەمیشە دەنگێك دڵی خۆش دەکرمو دەیوت رۆژێك پێك شاد دەبینەوە.

وتم:

- بەبۆنی تۆ هەموو ئارەزووەکانمو هیواکانم، ئاواتە شاراوەکانم خەونەکانم دێتە دی.

وتی:

-تۆ تەکیەگای ئازادو ئارەزووەکانی منیت، فریشتەی ئاسمانە دوورە دەستەکانیت سەرلەنوێ ژیانم پێ دەدەیتەوە.

وتم:

-لەگەڵ هاوسەرەکەتدا چۆنی؟

وتی:

- پارساڵ لێم جیابوویەوە لەگەڵ دایكو باوکیدا چوو بۆ ئەمریکا.

بەمجۆرە شەپۆلەکانی چارەنووس جارێکی تر شەهرامی پێدامەوە، شەهرامێك دوێنێ وەکو هاوسەرێك ئەمڕۆش وەکو فریاد ڕەسێك بوو بۆ سەرفەرازیمو سەلماندنی بێ تاوانیم.

- شەهرام گیان ئازیزەکەم نازانم چۆن سوپاست بکەم؟

پێکەنیو وتی:

- منداڵێکی ساوا کەزمانی وتنی نییە چیدەکات تەنها نیگایەکی کەساس بۆ دایکی تەنیا نیگایەکی تۆیش بۆ من بەسە.

*******

دادگای من‌و جەمشید ڕێکخرا، ئەوانەی ئامادەبون نەفرەتیان لەخۆی‌و دایکی دەکرد وتم:

- نامەرد، چۆن دەستت چووە خوێنی ئەو بێتاوانە؟

موحسین وتی:

- بەچ شەرەف‌و ویژدانێکەوە ئەو تاوانەت کردە ئەستۆی هاوسەرەکەت ژنێك کەسەری لەسەر سەرینی تۆ بوو، ژنێك کە تەواوی نامەردیەکانی تۆی تا ئێستا قبووڵ کردوە، ئایا تۆ شیاوی ئەویت؟ ڕای دادگا ڕاگەیەندرا.

دایکی جەمشید دەپاڕایەوە کەمن تەلاق وەرنەگرم بەلام ئەو کاتەی قەڵەمم گرت بەدەستمەوە تاکو واژۆی بکەم وتم:

- من هەرلەیەکەم ساڵەوە بەڕاستی لەناخی دڵەوە تەلاقی جەمشیدم داوە هەر ئەو ڕۆژەی کەبەو شێوە دڕندانەیە.......

باشترە لەمەش زیاتر کەسایەتی‌و غرورم لەبەر جانەوەرێکی پۆخڵی وەکو کوڕەکەی تۆ وردنەکەم، ئەوەش بزانە تەلاقی ڕاستەقینەی خودا بۆ خۆی داوێتی ئەمڕۆش تەنها واژویەکی ماوە ئەم لاپەڕەیە ڕەش دەکات، بەندی دڵ لەئاسمانی دادوەریدا لێك دەبچڕێت هەر ئەو ئاسمانەی بەندی دڵی دوو کەسی پێکەوە گرێ داوەتەوە.

جەمشید شەرمەزارو پەشمان سەری داخستبوو، دایکی چیتر متەقی لێبڕابوو ئەتوت ڕستەکانی من قوفڵی لەدەمی ئەو داوە.

شەوبۆ بۆ ماوەیەکی کورت زەمەن لەجووڵە کەوت، لەئوتومبێلەکەی شەهرامدا دانیشتبووم، ئەتوت زەوی لەسوڕانەوە کەوتووە، تریفەی مانگە

ئەو هەموو جێگەیەکی تەنیبوو چەند ساتێك دوودڵی و بێدەنگی بەدەم
نوڵپی گریانەوە وتم:

- شەهرام، تۆ پێت وایە من بڕوابکەم.

- باوەڕ بەچی شاپەری؟

- بەبونی تۆ لەتەنیشتمدا؟

-هەڵبەت بەلای منیشەوە باوەڕکردن ئاسان نییەو بەلام قازانجیش
لەباوەڕکردندایەو چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە.

مانگە شەو ببینەوە، وتم:

- ئەتەوێ بڵێی عەشقی ئێمە وەکو جوانی ئاسمانە؟

-دەسەلاتی پەروەدگار لەهەموو شتێکدا یەکە شاپەری! بەیەککەیشتنی
من و تۆیش بالا دەستی پەروەردگارە، جوانی عەشق یەکسانە لەگەڵ
گەورەیی و نوردا بەلام بەو مەرجەی دووربێت لەخواستەکانی جەستە، دوور
لەهەراو هەوەس، عەشق تەنها عەشقی پاك و بێگەردە لەناخی ئاسماندا
خرول دەخوات.

ئەم ڕستەیەی وت و لەحاڵێکدا چاوی بڕیبوویە چاوەکانم بەبێدەنگی
نیگای دەکردم وتم:

- باشترە بەڕێکەوین.

دەنگی مۆسیقای ڕەسەنی ناو ئۆتۆمبیلەکە هێندەی دیکە دێوانەی
دەکردم، شەوێکی شاعیرانە شەهرام بێدەنگ و نوقمی بیرکردنەوە شۆفێری
دەکرد، کەگەیشتینە ئەسفەهان لەوێ شیرینی و کەمێك دیاری بۆ دۆست و
ئاشناکانی کڕی بەرەو تاران بەڕێ کەوتین.

- شەهرام!

سەیرێکی کردم و وتی:

- بەڵێ! شاپەری!

– نزیکەی دوومانگو نیوێکی تر ماوەی تەڵاقەکەم کۆتایی دێت.

شەهرام بزەیەکی کردو وتی:

– یەکەم مێردەکەت مەحکومە بەلەسێدارەدان، دووەم سێ مانگی تریش ماوەی تەڵاقەکەت تەواو نابێت هیچ کێشەیەك نییە، حاڵی حازر تۆ لەگەڵ خوشکی مندا هیچ جیاوازییەکەت نییە، ئەتوانی لەماڵی مندا بژیت ئەگەر ئاسودەیش نیت ئەتوانم ئاپارتمانێکت بەکرێ بۆ بگرم.

بەیانی زوو گەشتینە قوم نوێژی بەیانیمان لەوێ کرد بۆ بەرچایی کردنیش چووینە قاوەخانەیەك .

– لەبیری چیدایت شاپەری!

– لەبیری جەمشید، بەڕاست چۆن ناچار بوو دان بەتاوانەکەیدا بنێت.

–کاتێ موحسین هەواڵی پێدام چ کارەساتێکی دڵ تەزێنت بەسەردا هاتووە زۆر هەراسان بووم بەرەو شیراز بەڕێکەوتم، سەرەتا بڕوام نەدەکرد وامدەزانی ئەم نەخشەیە ئەو کێشاوێتی بۆ یەکتر بینینمان بەڵام کەگەیشتمە ئەسفەهانو ڕۆژنامەیەکم کڕی، هەواڵی مەرگی لەیلا بەدەستی تۆ لەیەکەم لاپەڕەدا نووسرابوو، لەوانەیە بڕوانەکەیت بەڵام کە هەواڵەکەم خوێندەوە بڕوام بەڕاستەقینەکردو هاوارمکرد، خەڵکی لەدەورم کۆبونەوە هەریەکەو قسەیەکیان دەکرد چیتر ڕۆح لەجەستەمدا ئارامی نەدەگرت، چاوەکانم کوێرو گوێیەکانم کەڕ، هەموو بیرەوەریەکانی کاتی دەستگیرانیمان هەمووی هاتەوە یادم، ڕووخساری تۆم دەهاتەوە پێش چاو، ئەو ڕووخسارە پاكو بێ تاوانە.

هەر کەلای تۆ ڕۆیشتم یەك ڕاست چوومە ماڵی جەمشید، باخەوانەکەیان دەرگای لێکردمەوە چەند ئۆتۆمبیلێك لەبەردەمی ماڵیاندا وەستابوو، میوانیان هەبوو، بەباخەوانەکەم وت جەمشیدم بۆ بانگ بکات.

کاتێ بۆ یەکەم جار چاوم پێی کەوت هەستێکی سەیر لەدەرونمدا

دروست بوو، لەخۆم و لەهاوڕێکانم ئەوانەی وەکو ئەو بوون ئەفرەتم دەکرد، مەست بوو، دەست و پێی خۆی لێك جودا نەدەکردەوە، هەڵیت و پڵینی دەوت لەباخەوانەکەی پرسی من کێم.

– چ وەلامێکت دایەوە، مەبەستم ئەوەیە چۆن خۆت ناساند؟

– ناچار بووم درۆ بکەم، وتم برای لەیلام.

جەمشید کاس بووبوو وتی:

– بەڵام لەیلا هیچ کەسێکی نییە، پاشان خولکی کردم بچمە ئەودەوە.

– ڕۆشتیت؟

– چارێکم نەبوو، دەبوو زیرەکانە نەخشەکەم بخەمە گەڕ، نازانم دەترسا یان.... بەهەرحاڵ منی وەکو هاوڕێیەکی خۆشەویستی بەمیوانەکان ناساند، لەبۆنی تریاك و مەی نەمدەتوانی توخنی بکەوم هەرجارەو بەبیانوویەك دووردەکەوتمەوە، دانم بەخۆمدا گرت میوانەکان بڕۆن دایکە عفریتەکەی بەردەوام جنێوی بەتۆ ئەداو خوێی ئەکردە زامی من بەجۆرێك باسی کوشتنەکەی بۆ کردم تەتوت سات بەسات خۆی بەشداری کردوە، بەخۆیی و دایکی تینویی خوێنەکەیان بووم، دەمزانی کوشتنی لەیلا دەستی تۆی تێدا نییە، ئەتوت خوێنەکەی بەدەستیانەوە دەبینم، تەنانەت جەمشید بەخەیاڵیدا نەدەهات من کۆنە ئاشنایەتیەکم لەگەڵ تۆدا هەبێت، بەردەوام جنێوی ئەداو تاوانەکەی خۆی ئەکردە ئەستۆی تۆ، دەیوت حەسودییەکی زۆری بەلەیلای داماو بردوە هەمیشە سوکایەتی پێکردوە.

سەدای ئاهەنگی باران لەودیوی پەنجەرەی قاوەخانەکەوە ئاهەنگێکی قەشەنگی سازکردبوو هەڵم لەپیاڵەکان بەرز دەبوویەوە، شەهرام جگەرەیەکی داگیرساند، دووکەڵێك لەدەمی شەهرامەوە دەرچوو تێکەڵی هەڵمی پیاڵەکان دەبوو، چ بێدەنگیەك دەرونمی دەبردە بەزمی شادیەوە، وتم:

– بڵێ، شەهرام، بەردەوامبە.

وتی:

-هەر ئەو شەوە جەمشیدم سواری ئۆتۆمبیلەکەم کرد، هەروەکو شێتو دێوانەیەك کە سەرئەنێت بەژوانێکەوە بەرەو دەشتو دەر بەڕێکەوتم، چەند جارێـك هـات بەمێـشکمدا بەکوشـتنی تۆڵـەی تـۆی لێبکەمـەوە، بـەلاّم دەسبەجێ گەیشتمە ئەو ئەنجامەی بەتۆپاندنی سەگێکی پیسی وەکو ئەو پەتی سێدارە لەملی تۆ توند ئەکرێت، دەبوو شتێکی دیکەم بکردایە، هەر جگەرەیەکم بەجگەرەتـەواو بووەکە دادەگیرساند جەمشید بەو خەیاڵەی خۆی گوایە مەرگی لەیلایە منی کردۆتە شێتو دیوانە بەردەوام هەوڵی دەدا تۆ ڕەشتر بکات لەبەرچاوم.

شـەهرام ئـاهێکی هەڵکێـشاو بەڕقـەوە دوکەڵەکـەی گـەرووی ڕەهـاکردو پاشان قومێکی لەچایەکەداو ئیشارەتێکی بۆ پیاڵەکەی بەردەمی من کرد:

– چایەکەت سارد بوویەوە، ماوەکەی لەڕێگە بۆت ئەگێڕمەوە، شاپەری بەڕاستی من شەرمەزاری تۆم هەرکە یەکەم هـەنگاوم هەڵگرتـە ژیانی تـۆوە تـۆم تووشـی نـابوتی ڕیـسوایی کـرد، ئێمـە چـەندین ئاسمـان زەوی لێـك دووربووین بەلاّم ئێستا بەیەك گەیشتینەوە.

جـوانترین ئاسـۆم لـەلێوەکانی شـەهرامەوە دەبینیـی، داوام لێکـرد پاشماوەی ڕووداوەکەم بۆ باس بکات وتی:

– گەشتینەچی؟

وتم:

– ئەو نامەردەت بردە دەشتێکەوە.

– بەڵێ، خەریك بوو گیـانی دەرئەچوو، بەیـەك ڕسـتە هەرچـی خـەیاڵو مەستیەکی هـەبوو هـەموویم لەکەللـەی دەرکـرد، کـاتێ زانـی مـن چـی تـۆم لـەجێی خۆیـدا وشـك بـوو پـێم وت گـوێبگرە شـاپەری هاوسـەری مـن بـوو، هاوسەری یاسایی من، من شەوانە بەدوای حەقیقەتدا وێڵـم تـاکو ئازیزەکـەم ڕزگار بکەم.

– جەمشید چ کاردانەوەیەکی نواند؟

شەمرام پێکەنیو وتی:

– گیانی هاتبوویە کونە لوتی، تاریکی دەشتو دەرەکەش ترسو لەرزەکەی چەند بەرامبەر کردبوو هەڵبەت با ئەوەشم لەیاد نەچێ ئەگەر محمدو موحسین نەبونایە هەرگیز دانی بەوەدا نەدەنا ئەوانیش بەهۆی ڕفاندنی نیماوە.

– ڕفاندن؟ نیما؟ کوڕەکەی جەمشید؟

– بەڵێ، کوڕەکەی هەڵبەت ئێمە مەبەستمان نەبوو ئازاری ئەو منداڵ بێ تاوانە بدەین، تەنها مەبەستمان ترساندنی جەمشید بوو، عەسری هەمان ڕۆژ موحسینو محمد بردبوویان بۆ جادەی شیرازو ئەسفەهان.

– جەمشید ئەیزانی؟

– چی بزانێ؟

– لەڕفاندنی کوڕەکەی؟

– نا... بەڵام کاتێ لەو دەشتەدا وەستاندم پرسی

– بۆ هاتوویت بۆ ئێرە.

وتم:

– حاڵی تۆ ئێرەی پێویستە، جەنابی جەمشید خان، ئێستا بڵێ بزانم لەیلات چۆن کوشت؟

لەسەرەتاوە نەدەچویە ژێری بەڵام چەند شەقو زللەیەکی حسابیم بۆ خستە گەڕ، دەسبەجێ کەوتە قسەکردن.

– واتە دانی نا بەتاوانەکەیدا؟

– نا... بەپێچەوانەوە نامەردە سوێندی ئەخوارد کە شاپەری لەیلای کوشتوە.

پاشان دەستو قاچەکانیم وەکو مەڕی قوربانی بەستەوە.

– ئەو هەیکەلە زەبەلاحە هیچ بەرگرییەکی لەخۆی نەدەکرد.

– کاتێ ترس زاڵبوو شێر دەکاتە مشك...!

بەدەستو قاچی بەستراوەوە بردمە ئەو گەراجەی کوڕەکەی لێبوو، داماوە کاتێ چاوی کەوت بەنیمای کوڕی بەدەستو قاچی بەستراوەوە هاواریکرد:

– ئەتانەوێ چی لەکوڕەکەم بکەن؟

موحسین بەدەنگێك وەڵامی دایەوە زەندەقی برد:

– من چ جامێك ئاو بخۆم چ سەری کوڕەکەت لەلەشی بکەمەوە، هەروەکو ئەوەی تۆ دەرهەقی لەیلا کردت، ببینە بزانە ئەم چەقۆ تیژە بۆ گەردنی کوڕەکەت.....

– بەسە، بەس شەهرام، چۆن ویژدانت قبووڵی کرد ئەو منداڵە داماوە بەو دەردە بەریت؟

– هیچ چارەیەك نەبوو شاپەری ئەو دوو پارێزەری زۆر لێزانی هەبوو دادگاش بڕیاری خۆی دەدات، تۆ نازانی خۆت لەچ حاڵێکدا بوویت، بۆ بیرت چۆتەوە تۆ ملت بەپەتەوە بوو.

شەهرام لەقەراخ جادەکە ڕاوەستاو بێدەنگ بوو، ئارەقەکەی نێو چەوانی سڕیو هەستم کرد حاڵی باش نییە، داوام لێکرد من شوفێری بکەم، سویچەکەی پێدامو لەتەنیشتمدا دانیشت.

وتم:

– باسەکە مەگۆڕەو چیتان لەنیما کرد؟

– نیگەران مەبە کاتێ نیما دەیقیژاند هاواری لەباوکی دەکرد، موحسین ەلێکی قۆستەوە چەقۆکەی لەنیما نزیك کردەوە، دەنگی هاوارو پاڕانەوەی اوکی زیاتر بوو، لەناخەوە ئەسوتام بەڵام کەبیرم لەڕووخساری تۆو جلو ەرگی زیندانەکەت دەکردەوە، ڕقم بڵێسەی دەبەستو سۆزو بەزەیم تێدا دەما.

– جەمشید کوڕەکەی هەڵبژاردو خاڵ بەخاڵ دانی نا بەهەموو کردەوەو

کارەساتەکانیدا نا.

گەیشتینە تاران لەبەردەرگای ماڵی باوکیدا وەستاینو دابەزیم بەرەو سندوقی ئۆتۆمبیلەکە چووم.

– مەگەر ئۆتۆمبیلەکە نابەیتە حەوشەکە؟

– نا... شەهرام گیان، جانتاکەم هەڵگرتو وتم:

– ئەمە ئەو ماڵەیە بەبێ تۆ دارو دیوارەکەی دڕایەتیان دەکردم، ناتوانم ئەو یادگارییە تاڵانە بێتەوە بەرچاوم واچاترە بڕۆم.

– بۆ کوێ؟ خۆتۆ شوێنێکت نییە؟

– ئەچم بۆ ماڵی ساناز، پێشتر سکرتێری خۆم بووە، نیگەران مەبە لەماوەیەکی کەمدا خانووەیەك بەکرێ دەگرم.

شەهرام کاس بوو وتی:

– باشە، با هیچ نەبێ خۆم بتگەیەنم.

سویچەکانم دایە دەستیو سواربووم.

– غروورت هەموو پیاوێك بەچۆکدا دێنێ، بەرد ئەکاتە ئاو ئەزانی؟

وتم:

– ئەو غرورەی کە تۆ باسی ئەکەیت سەرەنجام ڕۆژێك وردو خاش بوو، عەشقی تۆ وردو خاشی کرد ئەزانی؟

ئاهێکم کێشا وتم:

– ئەگەر بڕیارە داستانی عەشقێکی پاكو بێگەرد باشترین خەڵات وەربگرێت، ئەوا داستانی ئێمە یەکەم دەبوو دەزانی، هەر پاکیو بێگەردی ئەو عەشقە بوو ئێمەی بەیەکتر شاد کردەوە.

*******

بڕیار بوو شەهرام لەگەڵ موحسین عیادەیەکو ئاپارتمانێکم بۆ بەکرێ بگرن، هەر ئەو شەوە چوومە ماڵی ساناز، بریا هەر نەدەچووم.

لەدەرگای ماڵی سانازم دا دەستی کردە ملم وتی:

– هەواڵی ڕۆژنامەکان شێتیان کردم.

دەنگێك لەهەیوانەکەوە هات ئەوە کێیە ساناز.

ساناز وتی:

– میوانێکی ئازیزە باوەڕ ناکەیت، خانمی دکتۆر بفەرموو نازانی چەندە تاسەتم ئەکرد چومە ژورەوە لەجێی خۆم وشك بووم، عەلی هاوسەری ساناز بوو، عەلی هەمان ئەو سەربازەی کەلە "گچسر" ەوە تا ماڵی خاڵم بەدوامەوە بوو، ئەوەی دەیوت خۆشم دەوێیت ئەوەی دەیویست شوی پێبکەم، ئەوەی وەکو کرێچی بردمی بۆ ژێر زەمینەکەی ماڵی خۆیان ئەوەی لەزینداندا تەنها کەسێك بوو سەردانی ئەکردم.

– عەلی، تۆیت؟

– تۆ... شا... شاپەری...

– بەڵێ، شاپەری.

ساناز ماتو مەلول سەیری ئەکردین:

– چییە عەلی؟ چی بووە خانمی دکتۆر ئەڵێی یەکتر ئەناسن، پێکەو دەممان کردەوە من وتم:

– نا....

عەلی وتی:

- بەڵێ.

ساناز پرسی چی؟

من وتم:

- نا... لەکوێ یەکتر بناسین؟ پاشان لەگۆشەیەك دانیشتم، عەلی ویو کاس پرسی:

- ئەمە ئەو دکتۆرەیە کەپێشتر باست ئەکرد؟

ساناز وەڵامی دایەوە وتی:

- بەڵێ.

عەلی دووبارە پرسی:

- هەمان ئەو خانمی دکتۆرەی تۆ لەعیادەکەی سکرتێری بوویت؟

ساناز وەڵامی دایەوە وتی:

- بەڵێ.

عەلی بۆ جاری سێهەم پرسی:

- هەمان ئەو خانمی دکتۆرەی شووی کرد بەسەرۆکی نەخۆشخانەیەکی ...یراز؟

- بەڵێ

عەلی بۆ جاری چوارەم پرسی:

- هەمان ئەو خانمە دکتۆرەی هەواڵی بکوژیەکەی لەرۆژنامەدا وێندەوە شەوڕۆژی لێ تاڵ کردبووی؟

ساناز ئەمجارەیان بێزاربوو.

- بەڵێ، بەڵێ هەمووی شێتت کردم، بەڵێ هەمووی هەر ئەم خانمەیە، ...ستا چی بووە، بەڵام ئەوەت بیرچوو بیڵێی، ئەمە هەمان ئەو دکتۆرەیە بەئامۆژگاریەکانی قایلی کردم تاکو شووبکەم بەتۆ هەر جارێك گلەیم کرد کەتەمەنی تۆ چەن ساڵ لەمن زیاترە ئەو پەشیمانی دەکردمەوە

بەقسەجوانەکانی فێری کردم عەشق لەوجودمدا زیندو بکەمەوە.

عەلی وتی:

- خوایە گیان....و، بەبێزاریەوە لەژورەکە چویە دەر.

ساناز بەدوایدا ڕایکردو وتی:

- بۆ لێم ئەشاریتەوە، بۆ پێم نالێیت، بۆ وارەنگت تێك چووە، بۆ کوێ دەچیت؟

هەستام بۆ ئەوەی ژیانیان لێ تێك نەدەم.

وتم:

- ساناز گیان چاتر وایە من بڕۆم.

دنیا تاریك داهاتبوو کەخوا حافیزیم کرد، ساناز هەوڵێکی زۆری لەگەڵدام نەڕۆم بەڵام عەلی متەقی لەخۆی بڕیبوو، خوا حافیزیم کردو ڕۆیشتم، دەستم لەتەکسیەك ڕاگرتو سوار بووم، شۆفێرەکە پرسی:

- خانم پێت نەوتم بەرەو کوێ بڕۆم؟

نازانم چۆن هاتە سەرزمانم هەر لەخۆمەوە وتم:

- نیاوران.

لەبەردەرگای ماڵی شەهرام دابەزیم، لەوە دەچوو هەستم بەوە کردبێ تەنیا پەناگەی شەوی تەنیایمە، لەزەنگم دا، دەنگێ بەهێواشی پرسی؟

- کێیە؟

وتم:

- بەشەهرام بڵێ شاپەری هاتووە.

پرسی:

- شاپەری تۆیت؟

دەنگی دایکی مێردەکەمم ناسیەوە، دەرگاکە کرایەوە، گلۆپەکانی خەکە یەك پارچە ڕۆشن بون، دەنگی شەهرامم بیست، -وەرە بۆ ئێرە

شاپەری، وەرەو لە پلیکانەکانەوە بەرەو ڕوم هات:

گریمانەیەکی زۆر هاتنە گوڕێ، سەرەنجام ناچاربووم دڵنەوایی خۆم بکەم گەر هەر جێگەیەك بێت گرنگ ئەوەیە شەهرام خانە خوێیە، خاتر جەم بە تابەیانی پاڵی لێبدەمەوە.

– چۆن گەڕایتەوە، شاپەری؟

ویستم بلێم ساناز لەماڵ نەبوو بەڵام نەمدەتوانی تەنانەت یەك وشە چیە درۆ لەگەڵ شەهرام بکەم، هەرچیەك بوو ڕاستیەکەم بۆ گێڕایەوە، یادەوەرییەکانی ڕابردوو خاڵە حبیبو داخو کەسەری خاڵۆژنمو زیندانو هتد....

فرمێسك بەچاوەکانیدا قەتارەیان بەست، دایکی لەئاستمدا شەرمەزاربوو، هەوڵیدەدا ڕابردووم لەبەرچاو کاڵ بکاتەوە.

– بفەرموو شاپەری گیان، بەخوا بیستبووم بوویتە پزیشکی ئافرەتان، ئافەرین کچی خۆم.

شەهرام قسەکانی پێبڕیو وتی:

– تکایە زۆر لەسەری مەڕۆ، شاپەری ماندووە، با پشووی خۆی وەرگرێت ئەو شەوە تادەمەو بەیانی لەگەڵ شەهرامدا بووم لەسەیرکردنی تێر نەدەبووم ئەو قسەی دەکردو من زیاتر تامەزرۆ بووم، ئەتوانم بلێێ ماندوێتی چەند ساڵەم لەیەك شەودا حەوایەوە بەڕاستی من (شاپەری پەردە) موعجیزەی عەشقم لەو شەوەدا بەچاوی خۆم بینیی ڕۆژێکی دیکە. بەچاوی خۆم دیتەوە، شەهرامم لەپەنای خۆمدا بینیەوە، کەبێدار بوومەو سڵاوم لێکرد ئەو وتی:

– چی بووە شاپەری لەخەویشدا هەر دەگریت؟ مەگەر دوێنێ شە نەتوت من خۆشیو بەختەوەریم بۆ هێناویت مەگەر بەڵێنت نەدا لەگە شادی دەست لەملانو لەگەڵ ئەشك دوورە پەرێزی؟

- من؟ نەفرەت لەمن گەر قایل بم ئەمە دەریایە... خەونم بەتووە دەبینیی ئەترسم شەمرام، ئەترسم نەوەك بەیەك نەگەیەین.
-گەر خودا ویستی هەبێت دەگەین، خەیاڵی خراپ مەهێنە بەمێشکی خۆتدا، هەستە دایکم بەرچایی ئامادەکردوە.
- ئەم هەموو شەرمە بۆ کوێ ببەم؟
- باشترین جێگە لانەی دڵی منە، هەروا بەشەرمەوە تاکو یادەوەری لەشادییەوە تاکو غەم، ببێتە دڵەکەی من بەئەمانەتیان بسپێرە.

بەدەنگی دایکی هەردووکمان بێدەنگ بووین‌و هەستاین چوینە سەر مێزی نانخواردن بەدەسرێك ناوچەوانم وشك کردەوە تیکەیەك نانم هەڵگرت‌و.....

- بۆ ناخۆیت؟
- حەز دەکەم هەردەم کەلەلای تۆدا دادەنیشم یەکەمین لوقمە بەدەستەکانی خۆم بیکەم بەدەمتەوە هەرچەن تەمەنم بەکەڵکی ئەمجۆرە قسانە نایەت بەلاّم عەشق ئەو پێوانەیەی نییە.

ئەو ڕۆژە پێکەوە چوینە ماڵی حاجی ئاغاو موحسین سەرگەرمی نووسین بوو، دوایین ڕستەی پەیوەندی بەدانپێدانەکەی جەمیشدەوە هەبوو، سەیرێکی لاپەڕە نووسراوەکانم کرد وتم:

- باشتر نییە داستانەکە بەکۆتای بگەیەنیت؟

موحسین خەندەیەکی کردو وتی:

- کاتێ لەسەر سفرەی مارەکردنەکەت دانیشتیت‌و ( بەڵێت ) وت ئەکاتەش کلیلی (( شاپەری کەژاوە )) دەگەیەنمە کۆتای قبووڵ.

وتم:

قبووڵ، بەدەم پێکەنینەوە....

عیادەکەم بەکرێ گرت ئاپارتمانێکی بچووك دووبارە گەڕامەوە کاری نەخۆشخانەو گرێبەستم واژۆ کردو دەست بەکار بوومەوە، شەمرامیش

هەموو پێویستیەکانی بۆ دەستەبەر کردم، کەم کەم نەخۆشە دێرینەکانم سەردانیان دەکردمەوە.

ژیانێکی کامەرانو، هەر ئێوارەو لەشوێنێکی خۆشو سەردانی ئەو شوێنانەی یادەوەریمان لەگەڵیاندا هەبوو، سەردانێکی ماڵە کۆنەکەی باوکم کردو شەهرام بڕیاریدا ئەو شوێنە بکاتەوەو کۆشکێکی بچووکی قەشەنگی تێدا دروست بکات.

*******

سێ مانگو نیو ڕابوورد جارێکی تر سفرەی مارەبڕین ڕازاندرایەوە.

جێی سەرسوڕمانە کەنەتوانم باوەڕبکەم ئەتوت لەجیهانی خەون و خەیاڵدام کەجارێکی دیکە جلی بووکێنیم لەبەردایە، جارێکی تر شەهرام دەرگای ئاوەلاّ کرد تاکو پێ بنێمەوە کەژاوە، جارێکی تر ئەڵقەم لەپەنجەدا سوڕاند ئەمجارەیان ئەتوت بەسەر گەواڵە هەورەکانەوە بەسەر زەویدا دەفڕم، دەستی پەروەدگار کارێکی وایکرد هەموو میوانەکانی هێنابوویە سەرسوڕمان.

– شەهرام!

– گیانی شەهرام، بڵێ؟

لەدیوارە ئاوریشمەکانی ئەم کەژاوەیە زەندەقم دەچێ... من... من..

دەنگی خوێندنەوەی وتارەکە هەموولایەکی بێدەنگ کرد، دەستەکانم خستبوویە سەر قورئانەکەو لەدڵی خۆمدا دەموت:

– پەروەدگار بەزەیی تۆ بەئاواتی گەیاندم، من هەمیشە نیازمەندی دەرگاکەی تۆ بۆم.

– شاپەری هەست بەچی دەکەیت؟

وتم:

– نوقم بوویەك ڕزگار بونی تەنها بەموعجیزە دەبینیی، پشکوتنی خونچەی لێوەکانی شەهرامم لەسەر سفرەی مارەبڕین بینیی، ئەم شاپەرییە لەکوێیەو، شاپەرییە هەژدە ساڵانەکە لەکوێیە، کیژۆڵەیەکی لادێی چاكو خراپی خۆی نەدەزانی چەمو خەمی جادەکانی چارەنووسی نەدەزانی تامی

تاڵی‌و سوێری ژیانی نەچەشتبوو، بەڵام ئەم شاپەرییە ئەوەی نەیدبوو دیتی، ئەم چاوانە لەکوێ، ئەو چاوانەی تەنها بەکێو کوێستان ڕاهاتبون لەکوێ؟

لەتەنیشت شەهرامەوە وەستام بۆ بەڕێکردنی میوانەکان حەزمدەکرد وەك هەر بووکێکی تر باوکم ماچ بکەم خۆم لەئامێزی دایکمدا ببینمەوە دڵنەوایی خۆمم دەکرد مەگەر مناڵیت شاپەری؟

ئەمە جاری سێهەمە تارای سپی بووکێنی دەکەیتە سەرت، ئەم داب‌و نەریتە بۆ کچێکی ناسك‌و نازدارە نەك... بەڵام هەموو بووکێك ئەو حەزەی هەیە.

هەموو ڕۆیشتن من‌و شەهرام تاك‌و تەنیا ماینەوە، من خانمی ئەو کۆشکە بووم، شاژنی قەڵای عەشق، شاپەری کۆشکی ئارەزووەکان.

گڵۆپی هۆڵەکەم هەمووی خامۆش کرد ویستم خۆم بگۆڕم، شەهرام حەزیدەکرد تابەیانی بەو جلانەوە لەبەرامبەری دابنیشم‌و تاکو بتوانێ بڕوا بکات.

چووینە ژووری نووستن، گوێم لەبانگی بەیانی بوو، چاوەکانم سوور هەڵگەڕابون بۆ خەو.

– شاپەری..! هەستەو خۆت بگۆڕە، دەبێت هەردووکمان لەیەك کاتداو لەیەك شوێندا یەکەمین نوێژ لەژێر چەتری هاوبەشیماندا بخوێنین، ئارایشتەکەم شۆرد، دەست نوێژێکم گرت، پەروەدگار ئەم بەیەك گەیشتنەمان لێ پیرۆز بکە......

یەکەمین سۆمای خۆیکرد بەژووردا، لەتەنیشت شەهرامدا دانیشتم ساتەکانی ژیانم پڕبون لەخۆشی ڕوئیای شەوانە لەجیهانی ڕاستەقینەدا خۆی دەرخست.

*******

- شاپەری ئازیزەکەم دوو بلیتم کڕیوە بۆ سەردانی بەندەری کیش‌و مانگی هەنگوینیشمان بەخۆشترین بیرەوەری بەرینە سەر، ئامادەی سەفەر بووین‌و کاتژمێر هەشتی بەیانی ڕۆژی هەینی لەفڕۆکەخانە ئامادەبووین، سەفەری ئەمجارەمان جیاوازیتر لەوانیتر ئەمجارەیان تاڵی‌و ناخۆشی چاوەڕوانی نەدەکردین.

نزیکەی شەش مانگ تێپەڕی ئەو ڕۆژەی لەتاقیگەوە گەڕامەوە، دڵخۆش بووم، نەمدەزانی چۆن ئەو هەواڵە بدەمە شەهرام بڵێم بەم نزیکانە دەبیتە باوک، گەر بزانێ چەن خۆشحاڵ تر دەبێت، لەم چەند مانگەی دوایدا هەموو شەوێك دووبارەی دەکردەوە دواین ئاواتم ئەوەیە منالێکم لەتۆ هەبێت ناویبنێم ( شادی ).

پێکەنینم دەهات‌و وتم:

- تۆ چوزانی کچمان دەبێت؟

- دڵنیانیم بەڵام زۆر حەزدەکەم.

ئاواتەکەی هاتەدی، من دووگیان بووم، شەهرام لەبیستنی ئەم هەواڵە ئەوەندە خۆشحاڵ بوو کە هەر هەمان شەو میواندارییەکی گەورەی ڕێکخست گەورەترین‌و جوانترین خەڵاتی پێشکەش کردم‌و کردیە ملم.

هەموو شتێك بەئارەزووی من بوو.

ڕۆژێك لەبەر ئاوێنەکەدا وەستابووم، سەرگەرمی ئارایشت کردن بووم، زۆر پشتم ژانی دەکرد پەردەی پەنجەرەکەم لادا، بەئاسانی نەمدەتوانی شەهرام بەدی بکەم بەڵام دیاربوو دەرگای حەوشە نیوە کراوەبوو،

پەردەکەم دادایەوە ڕاکشام چاوێکم نوقاندو لەپڕ ڕاچڵەکیم شەهرامم بینیی.

– لەوە ناچێ بڕوابکەیت شاپەری، دەزانی کێ لەبەردەرگا وەستاوە؟

براکەی لەیلا، برا ون بووەکەی، ئەیەوێ چاوی بەتۆ بکەوێت، هەواڵی مەرگی خوشکەکەی لەڕۆژنامەدا خوێندۆتەوە، چۆتە دادگای شیرازو لەوێ ناونیشانی تۆیان داوەتێو پاشان چۆتە ماڵی ئەو....

ئێستا ئەیەوێ لەنزیکەوە چاوی بەتۆ بکەوێتو لەبارەی مەرگی خوشکەکەیەوە گفتوگۆت لەگەڵ بکات.

وتم بابێتە ژورەوە، لەیلا هەموو جارێك دەیوت براکەی هەر لەمناڵیەوە بەدەستی مەهدی ناوێك مردووە لەخاوەران لەچاڵی ناوە ئێستاش لەزیندوبونی براکەی لەیلا سەرم سوڕماوە.

هاتە هۆڵەکە کابرایەکی شێواو لەبۆنی گۆرەوییەکانی کاس بووم. دانیشت ڕووخسارێکی لاوازی هەبوو، کاتی جگەرەکێشان دەستی دەلەرزی، بەدیقەتەوە سەیرمکرد، لێوەکانی باریك لوتی شوێنەواری شکاوی پێوە دیاربوو هیچ شێوەیەکی لەخوشکەکەی نەدەچوو چاوی تێبڕیبووم پرسیم:

– خوشکەکەت نەیدەزانی تۆ ماویت ئەی تا ئێستا لەکوێ بوویت؟

وتی:

– بۆ من دەمزانی خوشکەکەم ماوە یان مردوە تا ئەو بزانێت؟

– دیارە هەواڵی مردنی لەیلات بیستوە؟

– هەڵبەتە ڕۆیشتم بکوژەکەشم بینیی، بڕیارە لەسێدارە بدرێ نامەردە، خوێڕییە،تەنانەت پێی نەوتم گۆڕەکەشی لەکوێیە، چومە لا پارێزەرەکەی ئێوە ناونیشانی دامێ.

غولام برینی لەیلای سەرلەنوێ کولاندمەوە، حەزمدەکرد پڕ بەدڵ بگر بەڵام شەهرام نەیهێشتو ئیشارەتی کردم بۆ نهۆمی سەرەوە بەغولامی خێزانەکەم حاڵەتی ئاسایی نییەو پێویستی بەپشودانە، هێندە سە

بەرزبووبوویەوە غولاّم سەرێکی داخستو وتی: بەڵێ ئاگادارم ئاغا گیان، چومە ژوری نوستنەکە بەلاّم هێشتا گوێم لەقسەکانی ئەوو شەهرام بوو دەیوت من لەبەندەر عەباسەوە هاتومو کەسیش لەتاراندا ناناسم.

شەهرام هاتە لامو پێی وتم حەزدەکەیت غولاّم لای خۆمان بێڵینەوەو کاروباری بازاڕمان بۆ بکات.

غولاّم دەست بەکاربوو هەموو ئیشو کارێکی بۆ دەکردین.

نۆ مانگ تێپەڕی، دایکی شەهرام دەسبەجێ هاتەوە بۆ تاران باوکی شەهرام چەندین سەرمەڕی ناردبوو دابوویانە دەست غولاّم خوشکەکەی هەمان شێوە لەوکاتەوەی لەماڵ دەردەچم وێنەی دەگرت تاکو هۆڵی نەشتەرگەری، یەکەم هەنگاوم نایە هۆڵی نەشتەرگەری گوێم لەشەهرام بوو بەئەسپایی بانگی دەکردم شاپەری، شاپەری گیان.

بەزۆر چاوم هەڵبڕی، شەهرامم بینیی لەژور سەرم وەستاوە.

– شەهرام! شەهرام!

چاوەڕوانی وەلاّمێك بووم لەپڕ منالێکم لەئامێزی خۆمدا هەست پێکرد بەدەنگێکی کپ دەگریا جارێکی تر ئاواتەکەی شەهرام هاتە دی ناومان نا "شادی".

شادیمان بردەوە بۆ ماڵ، چەندین سەر مەڕیان لەبەر پێماندا سەربڕی نوقڵو شیرینی بەخشرایەوە.

شەهرام چەندین جار بەرزی کردەوە ماچی کرد.

شەش مانگ تێپەڕی بەسەر تەمەنی شادیدا پزیشکی تایبەتمان بۆ گرت بۆ چاودێری ئێستا تۆ کێیت شاپەری، هەموو شتێکم بیرچوبوویەوە.

دەنگی ئۆتۆمبیلەکەی شەهرامو ڕوناکی گڵۆپەکانی جوڵەی زیاتر دەکردم، بەپەلە بەرەو پلیکانەکان ڕۆیشتم.

– خانم؟

ئاوڕێکم دایەوە غولامم بینیی لەدواوە وەستاوە.

– بۆ هێندە ئارەقت کردوە، ڕەنگت بۆ سوور هەلگەڕاوە، دەستەکانت دەلەرزن، بلێ چیت دەوێت.

دووبارە شەهرام هۆڕنێکی لێدایەوە پەلەم بوو چاوەڕێم نەکرد غولام بێتەگۆ، ڕازییە لەدواوە دانیشتبوو شادی لەسەر کۆشی بوو، غولام ڕایکردو دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی بۆ کردمەوە سواربووم، شەهرام ئیشارەتێکی بۆ دەرگای باخەکە کردو دەنگی مۆسیقا شادییەکەی زیاتر کردین، هیچ پەژارەیەکم لەم دنیا بەرینەدا شك نەدەبرد لەبیری شادیو کامەرانیو باشتر گوزەراندن، هەرجارەو زیاتر حەزم لەخشلو بابەتەکانی ڕازاندنەوەی خۆم دەکرد.

لەپڕ قیژەی ڕازییە لەگەل قیژەی تایەی ئۆتۆمبیلەکەدا تێکەل بون، تەنها کورتە نیگایەکم کرد ئۆتۆمبیلەکەم بینیی لەتەنیشتەوە سوڕی خوارد منیش هێندەم پێکرا قیژاندم.

ڕووداوی پێکدادانمان تووش بوو تازە هۆشم بەخۆمدا هاتبوویەوە، هاوارمکرد شەهرامم دەویست، بانگی شادیم دەکرد، تەنها پەرستارێکم لەلابوو.

– چۆنیت؟

– من لەکوێم، ئێرە کوێیە؟ کوا مێردەکەم؟ کچەکەم؟ شەهرام، شادی لەکوێن هیچ وەلامێکم نەبیست، دووبارە چاو نوقاندەوە.

جارێکی دیکە چاوم کردەوە، نەمدەزانی کات کەیە، نەمدەزانی چەند ڕۆژ ڕابردوە دکتۆرێك هاتبوویە لام، کەمێك باشتر بووبووم، بەدەنگێکی لەرزۆك وتم، ئێمە تووشی ڕوداوی پێکدادان بووین مێردەکەمو کچەکەم لەکوێن؟

دکتۆر هەلوێستەیەکی کرد.

– خوایە گیان! شەهرامو شادی چییان بەسەردا هاتووە وای خوا

نەکردە نەڵێن شەهرام......... شادی ..... ئاه... نانا... خوایە گیان کەڕبم.

بەڵام دکتۆر وتی:

- نیگەران مەبە شوکر بۆ خوا ساغو سەلامەتن.

دەمێك بوو وشەی شوکرم لەدەمی کەس نەبیستبوو.

دەستم برد بۆ سەرپۆشە سپیەکەی دکتۆر، تەکانێکی هێواشم لەخۆمدا:

- کچەکەم.... توخوا کچەکەم.

کاتێکم زانی غوڵام خۆی کرد بەژووردا شڵەژابوو.

- سڵاو خانمی دکتۆر چی بووە؟

بەرەو ئەو ژوورە چووم شادی تێدا کەوتبوو دەستی ڕاستیو سەری پێچرابوو، پەرستارێك شیری ئەدایە، بەدەست خۆم نەبوو لەناخەوە هاوارێکم کرد دەنگی لەناخمدا دەنگی دەدایەوە:

"ئازیزەکەی دایە چیت بەسەردا هاتووە".

دەستێکم بۆ ئاسمان بەرزکردەوە "پەروەدگار من بەندەیەکی بێ دەستەڵاتی تۆم دووبارە دەستی پاڕانەوە بۆ تۆ هەڵدەبڕم نائومێدم نەکەیت"...!

گەڕامەوە بۆ ماڵ زۆر ماندوو بووم بەرەو ژوری نووستنەکەم ڕۆیشتم گوێم لەدەنگی زەنگ بوو، غوڵام دەرگاکەی کردەوە ڕازیە بوو.

- ڕازیە گیان ئەوە بۆچی ئەشەلیت.

- خانم گیان کەمێك پشتم ژان ئەکات.

ڕازیە لەیلای دەهێنایەوە یادم، هەناسەیەکم هەڵکێشا کەوتمەوە یادی لەیلا بەهیچ جۆرێك نەمدەتوانی خۆم ڕازی بکەم ئەم گەنجە.... ئەو ساتە نەمدەتوانی چ لەقەبێك بۆ غوڵام دابنێم، بەڵام ئێستا کە دەنووسم بەو پەڕی بوێریەوە ئەتوانم بڵێم ئاژەڵێکی ناپاك دڕندە، نێوان ئەم ناپاكو ڕزخڵەو ئەو کچەبەسەزمانە هیچ لێك چونێك نەبوو ئەتوت لەگۆشتو

خوێنێك نین.

باوك‌و دایكی شه‌هرام هاتن، چه‌ن سه‌ر مه‌ڕیان كرده قوربانی.

– شاپه‌ری گیان بۆ خۆت ناگۆڕێت، ورده ورده میوانه‌كان زۆر ده‌بن.

شه‌هرام‌و شادی گه‌ڕانه‌وه، شادی تازه زمانی گرتبوو وشه‌ی بابه‌ی زوو زوو دووباره ده‌كرده‌وه گرتمه باوه‌ش هه‌ركه بۆنی به‌سینه‌مه‌وه‌كرد ده‌سبه‌جێ تامه‌زرۆی مه‌مك خواردن بوویه‌وه شه‌هرام وتی:

– چی له‌وه شیرنتره جگه‌ر گۆشه‌كه‌م له‌ئامێزی دایكتدا ده‌تبینم.

خه‌ونم به‌شادییه‌وه بینیی به‌شه‌هرامه‌وه له‌كۆشكێكی كه‌نار ده‌ریا سه‌دای شه‌پۆل‌و باڵنده‌كانی ده‌ریا ئارامی زیاتر ده‌كردم، له‌ناكاو زریانێك هه‌ڵیكرد شادیم بینیی به‌ره‌و ده‌ریا ده‌چوو هاوارمكرد قیژاندم شه‌هرام نه‌بوو، به‌هه‌ڵه‌داوان ڕامكرد به‌ره‌و جگه‌ر گۆشه‌كه‌م، هه‌رچۆنێك بوو خۆم پێگه‌یاند باوه‌شم پیاكرد شادی گیان....!

له‌خه‌و ڕاچڵه‌كیم، هه‌موو گیانم شه‌لاڵه‌ی ئاره‌ق بوو، چاوم كرده‌وه غولامم بینیی هه‌ناسه‌م سواربوو.

– غولام... غولام... تۆ لێره چی ئه‌كه‌یت، له‌ژووری من؟

غولام شالاوێكی بۆ هێنام، ترس سه‌راپامی ته‌نی، هه‌موو شتێك به‌خێرایی ڕوویدا ئه‌توت سوڕانی زه‌وی له‌جوڵه كه‌وتوه ده‌سته‌كانی غولام به‌جوڵه‌یه‌كی ئێكجار خێرا به‌ره‌و ده‌مم هات‌و ده‌نگم له‌گه‌رومدا تاسا، ده‌ستێكی تر فشاری له‌گه‌روم ده‌كرد، بۆ رزگاربون په‌له قاژێم بوو، چاوه‌كانی غولام خوێنیان تێزابوو، خه‌ریك بوو گیانم به‌ته‌واوی ده‌رئه‌چوو، ئاوا‌ین هه‌ناسه‌كانم كێشا كه ده‌ستی غولام له‌گه‌ردنم جیابونه‌وه به‌یه‌خه‌ی كراسه‌كه‌مه‌وه وه‌ستانه‌وه.

خودایه چۆن چاره‌نووسێك چاوه‌ڕوانمان ده‌كات.

خۆمم ڕازی كرد ئه‌مه غولام نییه‌و شه‌یتانه ئه‌یه‌وێت ئه‌تكم كات، هێنده

تاسابووم نەمدەتوانی بەهیچ جۆرێك هەناسەیەكی بەرزیش بدەم، نەك قسەكردن، مەرگم بەچاوی خۆم بینیی.

لەدواین ساتەكانی بێ هۆش بوندا دەستەكەی تری غولام لەلێوەكانم جیابونەوە، هەوڵی هەناسەدانم بوو دڵم بەپەلە لێی دەدا، توانای هاواركردنم نەبوو، بێ هۆش بەزەویدا كەوتم، كاتێ بەهۆش خۆمدا هاتمەوە لەنەخۆشخانە نەبووم، چاوم كردەوە شەهرامم بینیی، شەهرام دەتوت هێشتا لەگەرداوێكدایەو پەلەقاژە دەكات.

– شاپەری گیان بەهۆش هاتیتەوە... ئەرێ؟ بەهۆش هاتیتەوە؟ قسەبكە؟ بڵێ چی بووە بڵێ، شاپەری خەریكە شێت ئەبم، قسەكانی توندكردبوو هەرهێندەم پێكرا بڵێم غولام، غولام....

– قسەبكە بزانم غولام چی؟...

– خوایە گیان ناتوانم ناتوانم قسەبكەم.....

پاشان هەوڵیدا بەسەرخۆیدا زاڵ بێت پاشان پرسی:

– غولام چۆن هاتە ژوری نوستنەكەت؟

– شەهرام، غولام نەمتوانی بەردەوام بم دەستم كردە گریان.

دەرگای ژورەكە كرایەوە دووپۆلیس بەكەلەپچەوە خۆیان كرد بەژوردا، دووبارە لاڵ بووم، سەیرمكرد كەلەپچەیان كردە دەستی شەهرام.

– قسەبكە شاپەری بزانم چی بووە، تۆ دەبێت قسە بكەیت.

بەلام من دەمم بوو بوو بەتەڵەی تەقیوو، شەهرامیان بردە دەر لەپەنجەرەكەوە سەیرمكرد سواری ئۆتۆمبیلی ئاگاییان كرد، مەرگی خۆمم بەئاوات دەخواست.

دووبارە بێ هۆش بوومەوە بەلام كە چاوم كردەوە موحسین‌و حاجی ئاغا لەژوور سەرم دانیشتبون بەدەم گریانەوە وتم:

– شەهرامیان بۆ كوێ برد؟

موحسین سلاوێکی کرد وتی:

– خانم دکتۆر چی ڕوویداوە لێتان؟ ئازادبونی شەهرام تەنها پەیوەندی بەقسەکردنی تۆوە هەیە.

سەیرێکی حاجی ئاغام کرد شەرم دایگرتم.

– حاجی ئاغا ئەزانی چیم بەسەرهات ڕیسوابووم.

بەپاڕانەوەیەکەوە سەیرێکی موحسینم کرد وتم:

– توخوا بڵێن شەهرامیان بۆ کوێ برد.

وتی:

– هێشتا یاساش نازانێ غولام لەژوورەکەی تۆدا چی کردوە.

حاجی وتی:

– ڕاستیەکەی بڵێ شاپەری مافی خۆیەتی بزانێ.

– کام ڕاستەقینەیە حاجی ئاغا.

موحسین لەجیاتی باوکی وەلامی دایەوە:

– شەهرام غولامی بەسەختی برینداركردوە لەڕاستیدا غولا لەسەرەمەگدایەو هەرلەم نەخۆشخانەیەشە لەوانەیە نەژی کەواتە خۆ قسەبکە.

– بلێم چی.

– بڵێ لەژوورەکەی تۆ چی کردوە.

– مەبەستان ئەوەیە من لەگەڵ غولام....

من هیچ مەبەستێکم نییە خانمی دکتۆر بەلام پێویستە قسەبکەیت، ئێ لەتۆ دڵنیاین بەلام یاسا تۆ ناناسێتو پاش ئەوەش بۆ هاوسەرەک بیسەلمێنی کە تۆ پاكو بێگەردیت، دەزانی شەهرام تۆی لەچ حاڵێ دیتوە؟ دەزانی چی لەغولام کردوە؟

حاجی وتی:

- بابڕۆین بێ سودە.
- پەلەمەکەن، ڕۆشتن و ئاوڕیان نەدایەوە.

هەموو دنیا بەسەرمدا هەرەسی هێنا لەبەرخۆمەوە دەموت:

- ئاه... شاپەری چۆن لەئەوجی گەورەیی و شکۆمەندییەوە داڕمایت کاتێکم زانی دەنگی ئامبوولانس بەرزبوویەوە لەپەنجەرەکەوە سەیرمکرد لاشەیەکی خوێناوی منالێکیان داگرت، ڕازیەم ناسیەوە، شادی بوو، بەپەلە ڕامکرد، پۆلیسەکان ڕووی چەکەکانیان تێکردم، پەلامارم دان بچنە داوە منالەکەم منالەکەی خۆمم بەخوێنەوە بینیی بەرەو ڕاڕەوەکە ڕامکرد پۆلیسەکان پەرستارەکان بەدوامەوەن.

- چی ڕوویداوە، چ باسە؟
- شادی بوو شەلاڵی خوێن بوو، تەنها قیژەی من بوو هەموولایەکی هەراسان کردبوو گەشتمە سەری شادەماری بڕابوو، ڕەنگی شین هەڵگەڕابوو، دەمقیژاند بەچەپۆك لەخۆمم دەدا بەرەو ڕازییە شالاوم دەبرد یەخەیم دادڕی بەلام ئەو نەدەگریا دەیوت:
- کوشتیان شادی ئێمەیان کوشت.

پاسەوانەکان دەوریان گرتم خۆم دەکێشا بەداروبەردا لەخۆمم دەدا دەمقیژاند دنیا لەبەرچاوم تاریك بوو.

- شەهرام لەکوێیە
- لەزیندان.
- بۆچی؟
- غولامی کوشت.
- غولام مرد.
- هێشتا نا... بەلام ئومێدی ژیانی نییە.
- غولام لەکوێیە؟

- ژووری ژماره ١٦.

دەکڕووزامەوە، دەناڵێنم، گەنج و پیر گریانیان بە حاڵم دەهات دوای شادی ژیان بۆ من تاوانە، تەنها وەڵامێك قایلی دەکردم خۆم نەکوژم نەخۆشێك وتی:

- خۆت مەکوژە بژی بۆ ئەوەی تۆڵەی کچەکەت بکەیتەوە تۆڵەی خوێنی کچەکەت چەند جارێك ئەم ڕستەیەم وتوە خوێنی کچەکەم، خوێنی کچەکەم.

پاڕامەوە بمبەن بۆ لای غولام ئەو دەزانێ کێ کچەکەمی کوشتوە، بردمیان بۆ ژوورەکەی، هەموو گیانی پێچرابوو، تەنها چاوی دیاربوو، ئەو منی دەبینیی، بەڵام قسەی نەدەکرد.

- غولام قسەبکە تۆ دەزانی کێ کچەکەمی کوشتوە.

چەند جارێك بەئیشارەتی نازانم سەری لەقاند منیش تفێکم تێکردو گەڕامەوە دواوە، لەگەڵ دوو پاسەوان چووم بۆ لای شەهرام، هێندە زەردو لاواز بوو بوو نەدەناسرایەوە.

- شاپەری هاتی، شادی چۆنە؟

وتم:

- باشە.

وتی:

- بۆ دەگریت؟

- بۆ تۆ، ئازیزەکەم؟

- نەخێر وانیە، گەر ئازیزت بووایەم چۆن بیرت لە...

- نا... شەهرام هەرگیز سوێندت بۆ دەخۆم.

سەرێکی داخست بۆ ئەوەی فرمێسکەکەی نەبینم وتم:

- شەهرام!

وتی:

– بەڵێ!

وتم:

– ئەو گومانە نەخەیتە دڵتەوە کە...

وتی:

– بێ سوودە ڕۆژانی ژیانی من تەواو بوو، شاپەری وازم لێبێنە.

وتم:

– مەگەر تۆ چیت کردوە؟ هێشتا غولاّم زیندوە، هێشتا ئومێدی ژیانی هەیە، قسەدەکات، شوێنەواری برینەکانم لەدۆسیەکەدا نووسراوە، غولاّم تاوانبارە تۆ ئازاد دەبیت.

– نا... شاپەری چیتر ژیانی من هیچ مانایەکی نییە، منیش بۆیە بڕیارمدا هەرکە لەزیندان چومە دەر منیش کۆتایی بەژیانی خۆم بهێنم.

– شاپەری! شادی بێنن با ببینم نەوەك چیتر فرسەتی بینینم نەبێت.

– شەهرام! وتم غولاّم هێشتا زیندوە.

– مەگەر تۆ نازانی من چیم کردوە.

– نا... نازانم جگە لەبریندارکردنی غولاّم.

قسەکەی پێبڕیم:

– بەڵێ من... من نیمام کوشت.

بەسەرسوڕمانو ناباوەڕییەوە پرسیم:

– تۆ چیت کرد؟

– نیمام کوشت، کوڕەکەی جەمشید، غولاّم برای لەیلا نەبوو، شاپەری غولاّم نێردراوی جەمشید بوو، ئەو بۆ ڕیسواکردنی ئێمە هاتبوو.

– بڕوا ناکەم، مەگەر جەمشید لەزیندان نەبوو؟ مەگەر مەحکوم بەلەسێدارەدان نەبوو؟

- شاپەری ... شادی بێنە با بیبینم.

خۆم پێنەگیراو نەمتوانی فرمێسکەکانم پەنهان بکەم وتم:

- تۆ تۆڵەت لەجەمشید کردەوە کورەکەی ئەوت کوشت، ئەویش تۆڵەی خۆی کردەوە کچەکەی ئێمەی کوشت.

- تۆڵەی دووبارە... قسەبکە، شادی لەکوێیە؟

قیژاندم:

- شادی مردووە.

زیندانم بەجێهێشت، هەردوو چاوم بوویە گۆمی خوێن.

بردمیان بۆ لێکۆڵینەوە، نیگایەکی پڕ لەپرسیار:

- غولام چۆن هاتە ماڵی ئێوە؟

- دورو درێژە جەناب، تەواوی وردەکاریەکانم بۆ گێڕایەوە.

*******

نیوەڕۆ گەڕامەوە بۆ ماڵ ڕازیە لەژوورەکەی شادی بەدیار شتەکانیەوە دانیشتبوو هەرکە چاوم پێیکەوت، هێزی ئەژنۆم نەما.

ڕازیە بەدەم گریانەوە وتی:

— شادی خەوتبوو، خەریکی پاکردنەوەی خوێنەکانی غولام بووم بەسەر پلیکانەکەدا چۆڕابوو، لەدەرگا درا، کە ڕۆیشتم بیکەمەوە، گوێم لەقیژەی شادی بوو، وتم لەوانەیە لەخەو ڕاچەنی بێتو ترسابێت بەپەلە خۆم گەیاندە ژوورەکەی، نا... خانم ناتوانم بیلێم.چیم دی.

— تۆ بکوژەکەی شادیت بینیی.

— کاتێ گەشتم پەنجەرەکە کرابوویەوە لەوێوە دەرچوبوو.

— دەمو چاویت نەبینی.

— نا... خانم بەلام سەعاتێکی لیێ بەجێ مابوو.

ڕازیە جانتاکەی کردەوە سەعاتێکی پیاوانەی دەرهێنا، سەعات، سەعاتەکەی جەمشید بوو، هێشتا لەژوورەکەی شادییە دەرنەچو بووم ئاوڕێکم دایەوە سەیرێکی ڕازیەم کرد:

— لەوانەیە چیتر من نەگەڕێمەوە، بڵێ بەشەهرام، شاپەری ڕۆشت تاکو تۆڵەی تۆو شادی بسێنیتەوە، بڵێ بریا هەرگیز تۆڵەی جەمشیدت لەنیما نەدەسەندەوە.

ئەمەم وتو سواری ئۆتۆمبیلەکەم بووم، لەپڕ لەشوشەی ئۆتۆمبیلەکە بەئەسپای درا، موحسین بوو، شوشەکەم دادایەوە:

— بەم پەلە پەلە بۆکوێ دەڕۆیت؟

دەمزانی گەر بلێم دەچم بۆ شیراز ئەو بەهیچ جۆرێك نایەڵێت بۆیە وتم:
- دەچم بۆ دیتنی شەهرام.
ئەویش وتی:
- کەواتە منیش بەرە لەگەڵ خۆت.
وتم:
- هێشتا چیرۆکەکەت تەواو نەبووە.
وتی:
- ئەگەر بەتانەوە ئەپرسیت باشترە بزانیت ئەو چیرۆکە بەمارەبڕینی تۆ زەماوەندەکەتان هاتە کۆتای ئەوە ئێوە بون کە....
ئاهێکم کێشا:
- ئەوە ئێمە بووین کەنیعمەتەکانمان خستە پێناو نەفامیکانمان تاکو درێژە بەچیرۆکەکە بدەین.
- بەداخەوە، بەڕاستی بەداخەوەم شاپەری.
گەشتینە زیندان وتیان:
- شەهرام لەبەر بیستنی هەواڵی مەرگی کچەکەی باری دەرونی تێك چوە بردویانەتە نەخۆشخانە.
بەرەو نەخۆشخانە بەڕێ کەوتین چوینە لای شەهرام خەتبوو بەئەسپایی دەستێکم بەسەریدا هێنا لەپڕ ڕاچەنی بەپێکەنینەوە وتی:
- شاپەری هاتیت ئەی شادی کوا؟ دوایی بەدەنگی بەرز دەستی کردە گریان، کچەکەم کوا شاپەری نەموت بەبێ شادی نەیەیت بۆ لام.
موحسین خۆی پێ نەگیرا چویە دەر.
منیش بەدوایدا، خۆشیەکان مردن تەم و تاریکی هەموو جێگەیەکی تەنی، بەرەو ئۆتۆمبیلەکەم ڕۆیشتم باوکی شەهرامم بینیی بەدەم گریانەوە وتی شەهرام چی لێ بەسەرهاتووە شاپەری، موحسین هاتە ژێر باڵی، پیرەمێرد

کاتێ هەواڵی کوژرانی شادی بیستو کوڕو بووکەکەی چییان لێ بەسەر هاتووە خۆی پێنەگیراو کەوتە سەرزەوی.

هەر هەمان شەو تووشی سەکتەی دڵ هاتو لەنەخۆشخانە خرایە ژێر چاودێری، ڕۆژ بوویەوە فرمێسك لەچاوەکانمدا وشکی کرد، چوومە سەرمەزاری شادی ئەو ڕۆژە تائێوارەو بوو بەشەو شەویش تابەیانی خاكو خۆڵی مەزارەکەیم بەدەمو چاومدا کردو دەموت:

– ئازیزەکەی دایە، مەترسە دایە لێرەیە، نەترسی لەتەنیاییو تاریکی، من هەر لەلاتم تاقە گوڵی هەڵوەریوم هەر کەلاشە خوێناویەکەیم دەهاتەوە بەرچاو دەنگی هاوارم لەگۆڕستاندا دەزرنگایەوە.

ڕۆژبوویەوە توانای گەڕانەوەم نەبوو، خۆزگە هەر لێرە لەلای دەمامەوە، بەڵام نا... دەبێ تۆڵەی خوێنەکەی لەجەمشید بکەمەوە. بەڵام ئەو هەڵهاتبوو تەنها غوڵام شوێنەکەی دەزانی، چومە نەخۆشخانە بۆلای ئەو نامەردە وشەیەکی نەدرکاند شەهرامیش ناونیشانی دەزانی...

کاتژمێر دوی دوا نیوەڕۆ چوومە نەخۆشخانە بەشی دەروونی هەرکە یەکەم هەنگاوم بردە ژوورەوە شوێنەکەیم بەچۆڵی بینیی، نەخۆشێك کەتازە لەخەو هەستابوو بەدەنگێکی بەرز پێکەنیو وتی:

– دوێنێ شەو ڕۆیشت بۆلای کچەکەی.

وتم:

– تۆ تازە هاتویت؟

پێکەنییو وتی:

– تۆیش تازە هاتویت!

هەستام بڕۆم وتی:

– بۆ کوێ دەڕۆی خانم ئەو برادەرە دوێنێ شەو خۆی وتی ئەچم بۆ لای کچەکەم.

چوومە ژووری پزیشکەکانو پرسیارم کرد:

– جەنابی دکتۆر نەخۆشەکەی ئێمە دیار نییە؟

دکتۆری بەشەکە سەرگەرمی خوێندنەوە بوو پرسی:

– نەخۆشەکەتان ناوی چی بوو؟

وتم:

– شەهرام ڕادمنش.

دەسبەجێ هاوپێچەکەی داخستو چاویلکەکەی داگرتو سەیرێکی کردم:

– دکتۆر شەهرام ڕاومنش.

– بەڵێ.

– ببوورە خانم ڕادمنش... ئەو دوێنێ شەو...

– نا... توخوانامەوێ گوێم لێبێت.

بەرەو ژوورەکە بەپەلە ڕۆیشتم، دوایین ڕستەی لەمێشکمدا دووبارە دەبوویەوە.

– شادی بابەی دەوێت.

شتەکانیم کۆکردەوە نامەیەك کەوتە خوار: "ئەچم بۆلای کچەکەم... شاپەری کچەکەم بابەی دەوێت... کچەکەم لەتاریکی دەترسێ... شاپەری .. کچەکەم".

*******

بەهەشتی زەهرا قیامەت بوو بنەماڵەی شەهرام لەخۆیانیان دەدا مەزاریان گوڵ باران دەکرد من بینەرێکی کاول بونی ژیانم بووم، هەموو شوێنێك وێرانیو مەرگ فەرمانڕەوا بوو مۆمەکان کوژانەوە چونە تاریکی شەوەوە ئەستێرەکان ئاوابوون، چرای مەجلیسم ڕۆشت سەروەرم ڕۆیی.

ئەمڕۆ چوارشەمە دوێنێ کەلەسەر مەزاری شەهرام بووم سێ شەمە یەك شەو ڕۆژ یەکسانە بەسەدەیەك پیرو پەکەوتە بووم.

دانەی خاکم بەدوای جەمشیدا دەژمارد، لەکوچەیەکی بن بەست خانوەیەکی بچوکی بەکرێ گرتوو دووشەو ڕۆژ بەدوایەوە بووم، بەیانی ڕۆژی سێهەم بوو، لەسەر کۆڵانەکە چاوەڕوانم دەکرد سەعات هەشت لەماڵ دەرچوو، ئۆتۆمبیلەکەم خستەکار بێ ئەوەی بیر لەئەنجامەکەی بکەمەوە بەرەو ئەو بەخێرایی پێم لێدا هێندە بەخێرایی بەرەو ڕووی چوم تەنانەت نەیتوانی هەنگاوێك بنێت.

هەر کە تەرمەکەیم بینیی گەڕامەوەو بەرەو شەقامەکە ڕۆیشتمو یەکسەر دابەزیم کەس نەیدەناسیم بەئاسانی دەمتوانی ڕابکەم.

چیتر ژیان بۆ من هیچ مانایەکی نەبوو، مێشکی تەقیبوو بەرەو ئاپۆراکە گەڕامەوە ئامبۆلانس گەشتە سەر تەرمەکە هەڵیان گرتەوە، مقۆ مقۆ کەوتە ناو خەڵکی.

لەتەنیشت پۆلیسێکەوە وەستام بەئەسپایی وتم:

- من کوشتم.

سەرەتا وایزانی شێتم، بەڵام کەئیشارەتم بۆ ئۆتۆمبیلەکەم کرد کەمێك

بەخۆیدا هاتەوە بەسەرنجەوە گوێی لەقسەکانم گرت.

– کۆنە مێردەکەم بوو، من کوشتم ئێستاش چاوم ڕون کەخوێنی پڕاوی دەبینم کەمێك ئارامی بەخۆمەوە دەبینم.

پاشان دەستەکانم بۆ درێژ کردو وتم:

– ئەم دەستانە چاوەڕێی کەلەپچەی یاسا دەکەن.

ئەمڕۆش دەمەوێ کۆتا ڕستە بەموحسین بڵێم بۆ کۆتایی هێنانی یەکجاری چیرۆکەکەی هەرچی مابوو هەموویم بۆ گێڕایەوە ئەویش کۆتای پێ هێنا بە:

(( شاپەری ناو کەژاوە بەرەو شادی، شادی بەرەو گۆڕ ))